یادەوەری وپەند



# یادەوەری و پەند

نووسینی: عوسمان محمد ڕەشید

بابەت: ژیاننامە

نەخشاندن: کتێبخانەی گەشە

دیزاینی بەرگ: کتێبخانەی گەشە

لە بەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، ژمارە سپاردنی (1239) ی ساڵی (2014)ی پێدراوە..

کتێبخانەی گەشە بۆ چاپو بڵاو کردنەوە

سلێمانی  بازاڕی ئاوباریک بەرامبەر کاسۆ مۆڵ دوکانی 71

07508829086 07501214773

# یادەوەری و پەند

## بەرگی یەکەم

## ئەندازیار عوسمان

**خوای گەورە دەفەرموێت :**

فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ (176)..الأعراف

**چیرۆك وبەسەرهاتەکانیان بۆبگێڕەوەبەڵکو بیربکەنەوە..**

**بەڕاستی ژیان قوتابخانەیە بۆهەرکەسێك کەبیەوێت فێرببێت، لەم پەڕاوەدا یادەوەری وئەزموونی چەندکەسایەتیەکمان بۆهێناون بەهیوای ئەوەی سوودی لێوەرگرن بۆدونیاوقیامەتتان..**

## پێشەکی

سوپاس وستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهان و صەڵات و سەلامیش لەسەر پێشەواو مامۆستا وڕابەرمان (محمد)صلی الله علیه وسلم، ڕەحمەت وبەرەکەتیش داباریێ بۆ سەر گیانی یارو یاوەران و شوێنکەوتوان.

خوای گەورە دەفەرموێت :

فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ (176)..الأعراف

چیرۆك وبەسەرهاتەکانیان بۆبگێڕەوەبەڵکو بیربکەنەوە..

چیرۆك کاریگەری زۆری هەیە لەسەرخوێنەرو بیسەر بۆیە خوای کاربەجێ یەك لەسەر سێی قورئانی تەرخان کردووە بۆبەسەرهاتی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێێ و گەلەکانیان .

بەڕاستی ژیان قوتابخانەیە بۆهەرکەسێك کەبیەوێت فێرببێت، لەم پەڕاوەدا یادەوەری وئەزموونی چەندکەسایەتیەکمان بۆهێناون بەهیوای ئەوەی سوودی لێوەرگرن بۆدونیاوقیامەتتان..

## (1) یادەوەری دکتۆر فازیل سولەیمان

بانگخواز دکتۆری ئەندازیار فازیل سولەیمان لەچوار زنجیرە بەرنامەدا بەناوی (یادەوەری و پەند) باسی ئەزموونی خۆی دەکات لەبواری بانگەوازدا کە زیاتر لە 25 ساڵ کاری کردووە لەمیسرو ئەمەریکاو وڵاتانی دیکە، پێنج سەد جار زیاتر گەشتی کردووە بۆچل و پێنج وڵات بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی خوا لەرێی دەزگای پردەوە بۆ ناساندنی ئیسلام.

بانگخواز دکتۆری ئەندازیار فازیل سلێمان بەڕێوەبەری دەزگای پرد بۆ ناساندنی ئیسلام و مەشقی بانگخوازان دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی ئەلەکترۆنە لە زانکۆی عەین شەمس ساڵی 1988، وەماستەری هێناوە لەشەریعەی ئیسلامیدا لەزانکۆی ئیسلامی لەشاری بۆستن لەئەمەریکا.

لەم گەشتانەدا زۆر شت هاتوونەتە رێی کە مایەی پێکەنین یان گریان یان هەردوکیانن بەیەکەوە.بۆخۆی سوودمەند بووە لێیان وبوونەتە ئەزموونی ژیان بۆی و ئەم سندوقە رەشەش دەکاتەوە تا خوێنەران بەتایبەت بانگخوازانیش سوومەند بن لێی .

**دکتۆر فازیل ئاوا یادەوەریەکانی تۆماردەکات:**

**یەکەم:** حەزم دەکرد یارمەتی خەڵکی بدەم ، زۆرخۆشحاڵ دەبووم کەسێك خوامن بکاتە مایەی هیدایەتی.

باپیرم لەباوکمەوە وباپیرم لەدایکمەوە زۆرکاریگەریان بووە لەسەرم، وەپێیان وتووم کەدەچینەوە سەر عەبدوڵای کوڕی زوبەیرو ڕەنگە ئەوەش وای لێکردبم کە ستەمم قبوڵ نەبووە و دووجار بڕیاری گرتنم بۆ دەرچوو لەسەردەمیناموبارەك و دوای ئەویش.

جارێك تووشی لەخۆباییی بوونێك بووم خوا زوو پێی نواندم 15 پرسیارم لێکرا لەلایەن غەیرە موسڵمانەوە ،وەڵامی هیچیانم نەزانی، دیارە بەرەکەت و تەوفیق لەخواوەیە.

ئاواتم ئەوە بوو ببمە پزیشك ، بەڵام باوکم هەرچەند پزیشکیش بووحەزی نەدەکرد ئەو ڕێیە بگرم و دەیووت: تۆ باش ناخوێنی و پزیشکیش پێویستی بەخوێندنی زۆرە.

ئاوات و ئامانجی زۆرم هەیە هاتوونەتە دی ، بەڵام ئەم ئاواتەیانم نەهاتە دی هەرچەند دوعاشم زۆرکرد،خوای گەورە ئاواتەکەمی بۆ ڕاست کردمەوە و هەرخۆی دەزانێت چی باشە بۆمان.



که لەزانکۆ دەرچووم بوومە ئەندامی برایانی موسڵمان و فێری مانای خۆشەویستی وبرایەتیان کردم لەبەر خوا، هەرچەند کەچووم بۆ ئەمریکا دابڕام لێیان و کە گەڕاشمەوە بەهۆی ستەم و زوڵم و زۆری ناموبارەکەوە نەمتوانی کاربکەمەوە لەگەڵیان.

من بۆ ماوەی دەساڵ رۆژانە شەش سەعات پەڕاوەکانی شێخ قەرزاویم دەخوێندەوە ، هەر پرسیارێکیشم لادروست ببوایە هەر کەدەهاتەوە بۆ قاهیرە دەبووم بە ئەرك بۆی و وەڵامی پرسیارەکانمی دەدایەوە،هەروەها سەید قوتبیش هەرچەند شەهید بووە بەڵام بەردەوام لەگەڵیا دەژیم بەهۆی نووسینەکانیەوە. بەڕاستی من زۆر دەخوێنمەوە کە ئەوەش فەرمانی خوایە

(اقرأ باسم ربك الذى خلق )، بۆ ئەوەی تەواو شارەزابم بۆ گفتوگۆ لـەگەڵ بیٚ دین و گاورو جوولـەکەکاندا.

بە تێپەڕبوونی کات زیاتر هەست بەفەزڵ و هاوکاری خوادەکەم ، هەندیٚ شتم تووش بوو لـەمیسر بۆیە بڕیارم دا بچم بۆ ئەمریکا ،لـە دەزگا خێرخوازیە ئیسلامیەکاندا کارم کرد وهەموو ساڵێك بەنوێنەرایەتی ئەو دەزگایانە رۆژی دەو یانزەو دوانزەی سێبتەمبەر دەچووم بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ، سبحان الله رۆژی 11ی سێبتەمبەر 2001لـەگەڵ دووبرادەری تردا دەمانویست بچین بۆ (وال ستریت سێنتەر) نیوسەعات وەستاین تەکسیەك نەوەستا بۆمان،زۆر بێزاربووین، تومەز رەحمی خوابوو ، ئەگینا ئێمەش وەك ئەو خەڵکەی تر لـە تەقینەوەکاندا تیادەچووین .

دوای یانزەی سێبتەمبەر دەزگای پردم دامەزراند بۆ ناساندنی ئیسلام و پێگەیاندنی بانگخوازان و هاتمەوە میسر،هەرکاتێك هەنگاوێکم نابێت هەستم کردووە خوای گەورە یارمەتیم دەداو هەست بەبەرەکەت دەکەم لـەکارەکانمدا (من كان لله فقد كان الله له ).

لام سەیربوو چۆن کەسێك کۆچ دەکات بۆ دەرەوەی وڵات،کەچی کەبیرم لـەکۆچکردن کردەوە دوای 24 کاتژمێر لـە میسر دەرچووم بەرەو ئەمریکا، لـەئەمریکاش کارم کردو ماڵ و حاڵێکم دروست کرد ، هەندیٚ

شت روویدا به 24 کاتژمێر هەموویم بەجێهێشت،هەرکاتێك تووشی کێشەیەك بووبم و وتبێتم ئیتر تەواو تیاچووم ، خوای گەورە هاتووە بەهانامەوەو رزگارم بووە.

خوای گەورە داوامان لێدەکات کە پلان بۆ خۆمان دابنێین و کاربکەین بەو پەڕی توانامانەوە،بەڵام ئەبێ بزانین تەوفیقات لای خواوەیەو بڕیاری کۆتایی و سەرەنجامی شتەکان لای ئەوە،کەئەمەش تێگەیشتین بەبوون و نەبوونی هەر شتێك لە پلانەکانمان لە تایم دەرناچین و ورەمان ناڕووخێت ( لِكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ) الحديد23کە لەمەشدا مامۆستاو پێشەوامان پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) کە هەموو هەوڵێکی ئەداو تەوەکولی تەواویشی بەخوابوو،کە هەمووشمان خوامان بەسە دۆستمان بێت.

## دووەم :کرانەوەی دەرگای رۆزی!

کە زانکۆم تەواوکرد کۆمپانیام دانا وکۆمپیوتەرم دەفرۆشت لەوڵاتێکی عەرەبی پڕ لەفەسادا ، دەزگاکانی حکومەت بەئاشکرا داوای بەرتیلیان دەکرد، زۆر شوێنی تریش لەکۆمەڵگادا تووشی ئەو

دەردەبووبوون ، بۆچەند ساڵێك بەردەوام لەزەرەردا بووم چونکە بەرتیلم نەدەدا ، لەبازاڕیشدا ئاواناوم دەرکردبوو کۆمپانیاکەی حاجی فازیلی ریشدار بەرتیل نادەن .

لەپڕ فرۆشمان زیادی کردو تەندەری ملیۆن دۆلاریمان بۆ دەردەچوو ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەرتیل خۆرەکانی ناو دەزگاکانی میری بۆ لابردنی گومان لەسەرخۆیان وبۆخۆ بەپاك پیشاندان گوایە ئەوەتا لەگەڵ کۆمپانیاکەی ئێمەدا عەقدیان هەیە کە بەرتیل نادەن.

رۆژێك کارمەندێکم وتی: عەقدێك هەیە لای سەرۆك بەشێکە بەئاشکرا داوای پارەی کردووە با ئەگەر بۆیەکجاریش بێت بەرتیل بدەین و ئەو تەندەرە لەکیس نەدەین کە هەموو مەرج ومواسەفاتمان تیایە. منیش وتم :زۆر باشە سبەینێ ئەو سەرۆك بەشەم بۆبهێنەو وەرن بۆ نووسینگەکەم ، بۆسبەی سەرۆك بەشەکە هات و بەتەنها دانیشتین و وتم: جەنابت ناوت چی بوو ؟

وتی: دکتۆر فلانی کوڕی فلان سەرۆك بەشی فلانە زانکۆ .

**وتم :زۆر باشەبا بە بیٚ پەردە قسەبکەین بۆ ئەو تەندەرە چەندت دەویٚت ؟وتی: ئەوەندەم دەویٚت .منیش وتم: زۆرباشە سبەی وەڵامەکەمت پیٚدەگات .وتی: ئاخر با پارەکەم بۆ نەیەت بۆئەوی . وتم : زۆرباشە . بۆبەیانی قسەکانیم کە تۆمارم کردبوولە زەرفیٚکدا بۆم ناردەوە .**

**دوای ساڵیٚك بینیمەوە ویستم خۆمی لیٚلادەم کەچی ئەو هات و باوەشی پیاکردم و وتی: خوا تۆی بۆمن نارد کەتووشی حەرام نەبم ، ئەوە یەکەم جارم بوو ویستم وەك هاوەڵانم بکەومە بەرتیل وەرگرتن تامنیش سەیارەو خانووم هەبیٚت ، بەڵام ئەو تۆمارکردنەی تۆ دای چڵەکانم و وازم لەو کارە حەرامە هیٚنا.ئەمەش هەمووی بەڵگەیە کەرزق و رۆزی لەئاسمانەوەیەو کەی خوا ویستی دەرگای رۆزیت بۆدەکاتەوە لە شویٚنیٚکەوە کەهەرگیز بەخەیاڵتا نەهاتووە .(** وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا (2) وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا (3) الطلاق ).

**سێیەم:کاردانەوەی بێبەرنامە !**

هەقە دوای زیاتر لە 12 ساڵ بەسەر بلاۆکردنەوەی وێنەکانی دانیمارکدا هەڵوێستەیەك بکەین :

ساڵی 2006 وتارێکم دا لە دانیمارك نوێنەری شاژنی دانیمارك ونوێنەری سەرۆك وەزیران و کەسایەتی زۆر ئامادەبوون، کاریگەریەکی باشی هەبوو ، هەروەها خولمان کردەوە بۆ ئەو لاوە دانیمارکیانەی موسڵمان بووبوون تا مەشقیان پێبکەین لەسەر بانگەوازکردن .

بەداخەوە دوای دە رۆژێك رۆژنامەیەك وێنەکانی دژی سەرووەرمان بلاۆکردەوە ، 70٪ی دانیمارکیەکان پێیان ناخۆش بوو، هاوسۆزمان بوون ، ئەوەبوو کاردانەوەو تووڕەبوونی موسڵمانان موقاتەعەی کەلوپەلی دانیمارکی لێکەوتەوە گوایە تا داوای لێبووردن دەکەن ، ئەم کارە خراپ شکایەوە بەوەی کە دانیمارکیەکان گوناهیان چیە ئێمە مامەڵەیان لەگەڵ نەکەین ؟؟

ئەمەوای کرد موسڵمانان لەبەرەیەکدا بن و دانیمارکیەکانیش ببنە بەرەیەکی ترو هاوسۆزیان نەما ، ئنجا رۆژنامەکە وەزعەکەی قۆستەوە کەگوایە کار بۆئازادی رادەربڕین دەکاو لەهەموو ئەوروپادا وێنەکان جاری دیکە بلاۆکرانەوە وەك پشتگیری لەئازادی رادەربڕین .

دەکرا ئێمە رامانبگەیاندایە هەر کۆمپانیایەك ئیعلانات بکات لەو رۆژنامەیەدا ئێمە کەلوپەلەکانیان ناکڕین بەوە رۆژنامەکە ئیفلاسی دەکردوچۆکمان پێدادەدا.

لە ئەردەنیش موسڵمانانی تووڕە پەلاماری کارگەیەکی دانیمارکیان داو سوتانیان ، منیش نامەیەکم بۆخاوەنەکەی ناردو وتم: ئەوەی بەرامبەر تۆکراوە ناهەقیەو هەقە موسڵمانانی ئەردەن قەرەبووت بکەنەوە ، ئەگەرنەیان کردەوە هەموو موسڵمانانی دونیا بەرپرسن کە قەرەبووت بکەنەوە بەپێی فەرمایشتی خۆشەویست کەدەفەرموێت ( ذمة المسلمين واحدة يسعى بها أدناهم ..تاکۆتایی فەرموودەکە) ، وەمن وەك هەستکردن بەبەرپرسیارێتی وەك موسڵمانێك ئامادەم پێنج هەزار یۆرۆت بدەمێ بە دەمانگ بمدەرەوە .

ئەویش ئیمێڵێکی بۆناردم و سوپاسی کردم و وتی: بەڕاستی بەمشێوەیە دەتوانن دینەکەتان بڵاوبکەنەوە نەك بەکاردانەوەی بێبەرنامەو حەزیش دەکەم بزانی کەمن سێ ساڵە موسڵمان بووم ..

## چوارەم: پارەم دەدا گوێم لێبگرن!

لە بانگخوازی ئەمەریکی یوسف ئەستێس وچەند بەڕێزێکی دیکەوە فێری چۆنیەتی بانگەوازکردنی بیانیەکان بووم ، نامەم دەنارد بۆ زۆر رێکخراووکەسایەتی ئەمەریکی کەمن ئامادەم وتارتان بۆبدەم لەبارەی ئیسلامەوە ، بەداخەوە وەڵام نەبوو ، تارۆژێك نامەیەکم بۆهات لە پنتاگۆنەوە کەبچم بۆکۆمەڵێك ئەفسەریان وتار بدەم ، ئەمە یەکەمجاربوو بچمە شوێنی وا بۆیە قورس بوو ، لەماڵەوە مناڵەکانم کۆدەکردەوەو وتارم بۆدەدان تا زیاتر رابێم ، رۆژێك لە شەمەندەفەردا ئافرەتێك کتێبێکی بەدەستەوە بوو دەیخوێندەوە ، وتم: زەحمەت نەبێت : ئامادەییت تیایە 45 خولەکێك گوێم بۆبگریت وتارێکت بۆدەدەم .

وتی: نەخێر ، وتم : باشە ئەگەر سوودت وەرنەگرت لەوتارەکەم سەد دۆلارت پێدەدەم ، سەد دۆلارەکەشم خستە سەر مێزەکەی بەردەممان . وتی: باشە فەرموو، پاش ئەوەی 45 خولەك باسی ئیسلامم بۆکرد وتی: سوپاس سوودم وەرگرت و سەد دۆلارەکەشی وەرنەگرت ، جارێکیان لەفڕۆکەخانەش گەشتەکەمان دوو سەعات دواکەوت ، چوومە لای خێزانێك کە وەك من چاوەڕوان بوون وتم: گوێم بۆدەگرن وتارێکتان بۆبدەم وکاتەکەشتان لێبڕوات؟

دیاربوو ئامادەییان تیانەبوو ، وتم:ئەگەر سوودتان وەرنەگرت یەکی سەد دۆلارتان دەدەمێ ، قایل بوون ، سەعاتێ قسەم بۆکردن ، دواتر وتیان سوودمان وەرگرت و پارەکەیان وەرنەگرت .بەمشێوەیە مەشقم کرد، ئنجا کەچوومە پنتاگۆن سوپاس بۆخوا توانیم بەباشی پەیامەکەم بگەیەنم.

دوای 11ی سێپتەمبەر وەزعەکە گۆڕدراو لەهەموو لایەکەوە داوەتنامەم بۆدەهات و مەوعیدەکانم بۆ دوومانگ دائەنا. پێشتر کەهەفتەی یەك دووکەس موسڵمان دەبوون لەمزگەوتەکەمان ،

ژمارەکەبەهۆی رووداوی سێبتەمبەرەوە زیادی کردو رۆژی واهەبوو 4کەس موسڵمان دەبوون.

شایانی باسە ساڵی 2016 دکتۆر فازیل لەلایەن رێکخراوی بەریتانی بۆ ئیسهاماتی زانایان و بانگخوازان( بیسکا )وەك چالاكترین بانگخواز لەبەریتانیادا هەڵبژێردرا.

## پێنجەم :دوای چل ساڵ دابڕان !

لەعومرە هاتمەوە خزمێکم داوای ئاوی زەمزەمی لێکردم بۆباوکی کە تووشی شێرپەنجەی ئێسقان بوو بوو ، باوکی چل ساڵ بوو نوێژی وازلێهێنابوو ، چی پێیان دەوت ئەمڕۆ بەسبەینێی پێدەکردن.

کەئاوی زەمزەمەکەم بۆبرد کوپێکیان بۆ هێنا ویستی بیخواتەوە ، وتم : قوربان ئادابی ئاوخواردنەوەی زەمزەم وانابێت ،وتی: ئەی چی بکەم ؟

وتم: دەستنوێژ بشۆو دووڕکات نوێژبکەو( قل هو الله )و( قل یاأیها الکافرون) بخوێنە وئنجا بیخۆرەوەو دوعا بکە .هەستا لەسەر قسەکەی من چوو دەستنوێژ بشوا زۆر دڵم خۆش بوو ، ماڵ

ومناڵەکەی وتیان : ئەوە موجامەلی تۆی کرد دەچێتە ژوورەکەی خۆی و نوێژ ناکات ، کەچی کە هاتە دەرەوە هات لەهۆڵەکە لەبەردەمی ئێمەدا دوو رکاتەکە بکات .

وتم: قوربان گیان وا عەسرە تازە بانگی داوە فەرزەکە لەپێشترە ، باش بوو چوار ڕکاتی عەسری کردو ئنجا دووڕکاتی سوننەتیشی کرد بۆ زەمزەمەکە ، من ئەوەم دروست کرد خوالێم خۆش بێت ویستم نوێژی پێبکەم و ئاشتی بکەمەوە لەگەڵ خوادا . نوێژی ئێوارەو عیشا و بەیانی رۆژی داهاتووشی کردو ئنجا کەوتە حاڵەتی بێهۆشیەوەو پاش دە رۆژ مرد.

ئەمە زۆرمنی ترساندو وای کرد بەخۆمدا بچمەوە ، ئەم کەسە چل ساڵە لەخوا دوورە وخوامنی کرد بەهۆکاری خێربۆی و دوارۆژی تەمەنی تا ئاگای لەخۆی بوو چوار جار نویژی کردو ئاشت بۆوە لەگەڵ خوادا کە داواکارم لەخوا سۆزومیهری خۆی بەسەریا برِێژێت.لەبەرامبەر ئەم حاڵەتەشدا کەسانێك هەن چل ساڵ نوێژدەکەن و دوا رۆژەکانی تەمەنیان لێیان دەشێوێ و نوێژەکانیان ناکەن.کەئەوەش دابرانە لەخوا .

**شەشەم : لەفڕۆکە بەجێمام !**

سالّی 2006برادەرانی دانیمارك گەیاندمیان بۆ فڕۆکەخانە ، لەڕێ باسی ئەوەم بۆدەکردن کەمن سەردانی 45 دەولّەتم کردووەو زۆر وردم لە مەوعیدەکانماو هەمیشە ئیحتیات دەکەم و دووسەعات پێشتر دەچمە فڕۆکەخانەوهەرگیز لەفڕۆکە بەجێنەماوم .

ئەوەی سەیرە کەچووم تومەز گەشتەکەی من ترانزێتەو یەکسەر بۆقاهیرە نیە ،من بەهەڵە کاتی فڕینەکەم خوێندۆتەوەو کەچووم فڕۆکە بەجێی هێشتبووم ، تەلەفونم بۆ برادەران کردەوە بێنەوە بەدواما .کەئەمەش وانەیەکی قورس بوو بۆم کە هەموو ئەو شتانەم بەئازایەتی خۆم دانا کەلەراستیدا هەمووی تەوفیقی خوابووبۆم.

من وام کرد،من واهاتم و واچووم، من هەمیشە لە پێشەوەم ومن...هتد.

من ..من .. (الأنا) شەیتانی بەودەردەبرد کەبردی .

خۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم چوو بۆ ئاسمانەکان و شادبوو بە لیقای خوا ،کەچی قورئان پێی دەفەرموێت (سبحان الذي أسري بعبده

(تا خۆشی و خەڵکیش گشت بزانن بائەوگەشتەشی کردبێت هەروا لەمەقامی عەبدایەتیدا..

یان دەفەرموێت :(وَلَا تَقُولَنَّ لِشَيْءٍنِّي فَاعِلٌ ذلِكَ غَدًا (23) إِلَّا أَنْ يَشَاء اللَّهُ واذكُرْ رَبَّكَ إِذا نَسِيتَ وَقُلْ عَسَي أَنْ يَهْدِيَنِ رَبِّي لِأَقْرَبَ مِنْ هَذ رَشَدًا (24) الكهف ).

(وَلَئِنْ شِئْنَا لَنَذهَبَنَّ بِالَّذي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ ثمَّ لَا تَجِدُ لَكَ بِهِ عَلَيْنَا وَكِيلًا (86) إِلَّا رَحْمَةً مِنْ رَبِّكَ إِنَّ فَضلَهُ كَانَ عَلَيْكَ كَبِيرًا (87)الاسراء..
( فَإِذا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطانِ الرَّجِيمِ (98) إِنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطانٌ عَلَي الَّذينَ آمَنُوا وَعَلَي رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (99)النحل
(وماتوفيقى الا بالله ).

ئەم پەروەردە قورئانیە وای کرد لەخۆشەویستمان دروودی خوای لەسەرکە فەتحی مەککەی کرد ، ئەوپەڕی تەوازوعی پیشاندا بەوەی کەسەری دانەواندبوو بەجۆرێك خەریکبوو ناوچەوانی بدا لە زینی وڵاخەکەی..

## حەوتەم: توندڕەوی قۆناغێکە بەرەو بێدینی:

ساڵی 2006 پێش بڵاوکردنەوەی وێنەکانی رۆژنامە دانیمارکیێکە کۆنفرانسێکمان سازکرد بۆناساندنی ئیسلام ، کە ژمارەیەکی باش ئامادەبووبوون لەموسڵمانی دانیمارکی و کەسایەتیو نوێنەری شاژن و چەند وەزیرو پەرلەمانتارێك .لەوتارەکەمدا باسی ئەرکانی ئیسلام وئافرەت لەئیسلامدا و باسی جۆرەکانی جیهادم کردوجەختم کردە سەر ئەوەی ئیسلام دژی ئیرهابە هەرکەسێك بیکات وهەروەك چۆن هیرۆشیماو ناکازاکی ئیدانە دەکەین ئاواش 11ی سێپتەمبەر ئیدانە دەکەین .

لەم قسانەدا بووم پێنج گەنجی دانیمارکی موسڵمان هەستان کەیەکێکیان ریشدارێکی سپی پێستی تێکسمڕاوی دزداشە لەبەربوو، تفی تێکردم و وتی: تۆ مورتەدی ، پاسەوانی هۆڵەکە ویستیان بیکەنە دەرەوە نەمهێشت تا دانوستانی لەگەڵ بکەم .

وتم:بۆچی من مورتەدم ؟

وتی:چونکه تۆ لە قورئان لاتداوە کەئەفەرمویّت (وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُمْ بِهِ/النحل )، 11ی سێپتەمبەر کارێکی چاکەو تۆڵەسەندنە لەئەمەریکا .

منیش وتم : باشە لەبۆسنە صربەکان دەستدرێژیان کردە سەر ئافرەتان و منالّیان کوشت ، دەکریٚ ئیٚمەش وابکەینەوە بەناوی تۆلّەوە؟

وتی: نەخیٚر ئەوە زینایە!

وتم: جاخۆ کوشتنی بیٚتاوان لەوە خراپترە .

وتم: ئەی باشە کەی ڕەوایە تف لەموسڵمانێك بکەی ؟

وتی: ئەوە لەرێی خوادایە ! بەهەرحالّ تفێکی تری تێکردم و بەمورتەد مورتەد بەتوڕەیی کورسیان دەدا بەسەریەکدا وچوونە دەرەوە .

بەڕاستی توندڕەوی قۆناغێکە بەرەو بێدینی ، ئەو گەنجە دواتر لەلایەن موخابەراتەوە تەجنیدکراو پاشان لەدین وەرگەڕاو لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا ئەوەی راگەیاندو تەنانەت بۆ رازیکردنی موخابەرات

تابۆیان بسەلمێنێ لەدین وەرگەڕاوە مەشروبی خواردەوەو گۆشتی بەرازیشی خوارد.

بەڕاستی ئەوەی ئەورۆژە ئەوانی بدیایە کە دزداشەی سپیان لەبەردابوو بەحساب سوننەتەو منیش قاتم لەبەردابوو ،وە ئەوان ریشیان لەمن درێژتر بوو رەنگ بوو هەقی بدایە بەوان ، بەڵام دیارە هەرچی ریشی سووربوو هەمزاغا نیە.




خۆشەویستمان صلی اللہ علیه وسلم هەرزوو ئەوانەی پێناساندوین کە بەهاوەڵانی فەرموو: کەسانێك پەیدادەبن نوێژو تاعەتیان لەئێوە زیاترەو قورئانخوێنن ، بەڵام دینداری بەگەرویاندا نەچۆتە خوارەوە بۆناو دڵیان ولەدین دەردەچن هەروەك چۆن تیرلەکەوان دەردەچێت

،جا لێشێوان و لەدین لادان ئەوەندە خەتەرناکە حەزرەتی یوسف لێی دەترسێ ودوعا دەکات خوا بەموسڵمانیەتی بیباتەوە (توفني مسلما وألحقني بالصالحين )یوسف.



## هەشتەم :پلانێکی سەرکەوتوولە بانگەوازدا :

پاش بڵاوکردنەوەی وێنەکانی رۆژنامە دانیمارکێکە بڕیارمان دا کۆنفرانسێك سازبکەین وەك رێکخراوی پرد بۆناساندنی ئیسلام بۆ رۆژنامەوانە دانیمارکێکان وهەندێ لە سیاسەتمەداران ، بۆئەم کارە کەدەترسام سەرکەوتوونەبین لەبەر موقاتەعەی موسڵمانان بۆکەلوپەل و بەرهەمی دانیمارکی:

1- پرسیارم کرد چ کۆنفرانسێك سەرکەوتووبووە لەدانیمارك و بەشداری باش هەبووە ، وتیان :کۆنفرانسی بەهائیەکان ، لەسێ کەسم پرسی کەبەشداریان کردبوو، چی وای لێکردن بەشداری بکەن ، وتیان: داوەتنامەکەیان زۆر نایاب بوو.

بۆئەمە لەمیسر داوەتنامەیەکم دروست کرد کە سری دی بوو ، قتوویەك بوو کە دەکرایەوە شکۆلاتەیەك وداوەتنامەکەی تیابوو ، ناونیشانی کۆنفرانسەکەمان:ئازادی رادەربڕین لەئیسلامدا بێسنوورە . دیارە ئەم ناونیشانە سەرنج راکێش بوو بۆیان چونکە ئەوان جەختیان لەسەرئەوە دەکردەوە .

2- لە ژێرەوەی داوەتنامەکەش وتەیەکی یەکەم موسڵمانی دانیمارکیمان دانا کە ناوی کەنودهۆلمبۆ بوو،دیارە ئەو کەسایەتیە ناناسن ، سایتێکمان بۆی دروست کردو باسی ژیانەکەیمان کرد تا کەچوونە سەر ئەنتەرنێت زانیاریان دەست بکەوێت لەسەری .

3- لەسایتەکەدا باسمان کرد کە رۆژنامەوانی دانیمارکی کەنودهۆلۆمبۆ یەکەم موسڵمانەو لەرێی ئازادی دەربڕینیشدا شەهیدبوو .

ناوبراو وەك رۆژنامەنووسێك وێنەی ستەمی ئیتاڵیەکانی دەگرت کەچۆن رۆژی سی کەسیان لەشاری بەنغازی دەکوشت .ئنجا پەیوەندی بۆدروست بوو لەگەڵ عومەرموختاردا ونامەی دەبرد لە عومەرموختارەوە بۆ مەلیك سنۆسی کە دوورخرابۆوە بۆمیسر. کتێبێکی نووسی بەناوی بیابان دەسووتێ ویادەوەری گەشتەکەی تیا تۆمارکردلەساڵی 1902 تا 1931.

لە ئەردەن مۆسۆلینی بەکرێگیراوێکی ئەڵمانی ناردە لای تا ئیغرای بکا بەپارە کە وێنەی ئەو ئەفسەرە ئیتاڵیانە بڵاونەکاتەوە کە دیلبوون لای عومەر موختار ، ئەمیش قایل نەبوو ئەوەبوو کاتێك بەسەیارەیەکی شۆفرلێت لە مەغریبەوە دێت بەرەو لیبیاومیسر تا لەوێشەوە بگاتە حەج شەهیدیان کرد.

4- لەوتارەکەمدا وتم : ئێوەی رۆژنامەوان کەساڵی پار خەڵکتان هاندا دژی جۆرج بۆش کەسەردانی دانیمارکی کرد بە تاوانباری جەنگ ناوزەدتان کرد، چاوەڕێی ئەوەتان لێدەکەین هەمیشە لەبەرەی ستەملێکراواندابن .

5- دوای کۆنفرانسەکە هەڵسەگاندنمان کرد بۆکارەکەمان لەڕێی فۆرمێکەوە کەچەند پرسیارێکی لەخۆی گرتبوو : ئێمە داوەتنامەمان بۆ 277 کەس ناردبوو 135 رۆژامەوان و دە سیاسی و 35 موسڵمان ئامادەبوون ، کەرێژەیەکی باش بوو ، 55٪یان وتیان رامان گۆڕدرا بەوتارەکەو رێزمان هەیە بۆ محمد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئنجا شانازیان دەکرد بەو رۆژنامەوانە شەهیدەی دانیمارکەوەو بڕیاریان دا هەوڵبدەن بیناسێنن بەخەڵکی ..


## نۆیەم : گیانفیدایەکی رۆژئاوایی!

لەسەرەتای سەدەی بیستدا موسڵمانان لە دواکەوتوویی و پەرتەوازەییدا ئەژیان و ئیستعمار باڵی رەشی کێشابوو بەسەر وڵاتە ئیسلامیەکاندا ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کەسایەتی بەتوانای رۆژئاوایی روویان کردە ئیسلام .

رۆژنامەنووسی دانیمارکی کەنود هۆڵمبۆ یەکێ بوو لەوانە ،ناوبراو ساڵی 1902 لەدانیمارك لەدایکبووە لەخێزانێکی دەوڵەمەند،ساڵی

1914 جەنگی جیهانی یەکەم وای لێکرد بیرلەئاشتی و ئاسوودەیی بکاتەوە بۆ مرۆڤ و بۆئەمەش لەبیست ساڵیدا مەزهەبی کاسۆلێکی پەیڕەوکردوساڵێك لەدێرێکی فەڕەنسیدا مایەوەودیراسەی مەسیحیەتی کرد،ئنجا هاتە مەغریب بۆفێربوونی عەرەبی و،مامەڵەی رۆژانەی لەگەڵ موسڵماناندا وای لێکرد ساڵی 1924 موسڵمان ببێت و ناوی خۆی کرد بە ئەحمەد عەلی جزیری،نامەیەکی بۆدایك وباوکی نارد بۆ دانیمارك وتیایا باسی گەورەیی ئیسلامی بۆکردن و وتی( بڕوام وایە داهاتوو بۆ ئیسلامە،بەتایبەت لەباکوری ئەوروپاکەمرۆڤەکان دەگەڕێن بەدوای شتێکدا زیاتر بەختەوەریان بکات لە مەسیحیەت، جائیسلامە کەدەتوانێت بەتەواوەتی مرۆڤ بەختەوەر بکات ،پێچەوانەی هەمووئەوبیرەتازانەی لافی ئەوەلێدەدەن لە کۆمۆنیستی و بیرو بۆچوونەکانی دیکە) .

لەساڵی 1925 ەوە کەوتە گەڕان بۆ خستنە رووی ستەمی داگیرکەران و ساڵی 1927 زیاتر ناسرا بەوەی وێنەی قەشەیەکی بڵاوکردەوە کەلە ئەلبانیا ئیتاڵیەکان هەڵیانواسی بوو.




**لەساڵی 1930دا بەئوتومبیلەکەی گەشتی کرد لەمەغریبەوە بۆجەزائیر وتونس و لیبیاو پاشان بۆمیصروئەردەن و ،لەبیاباندا جیهادو موعاناتی موجاهیدینی لیبیای بینی ،وکتێبێکی نووسی بەناوی (مواجهة الصحراء) کەچاپ کرا لەئەمەریکاو فرۆشی زۆربوو ، پاشتر لە11ی ئۆکتۆبەری 1931 دا کەدەیویست لەعەقەبەی ئەردەنەوە**

بچێت بۆحەج لەرووداوێکی تەمومژاویدا دیارنەما وگومانەکان بەوئاڕاستەیەن کە موخابەراتی ئیتاڵی شەهیدیان کردبێت .

جابەڕاستی ئەوەی ئەم ئیسلامە بناسێت ئاوا ناسرەوێت و سەروماڵی دەکات بەقوربانی..



## دەیەم:خۆشی ستەم!

لەسەرداوای نەتەوە یەکگرتووەکان سواری فڕۆکەبووم بۆ وڵاتێکی نزیك لەقوتبی باکور ، لەکورسیەکی ناوەڕاست دانیشتبووم وئاپپادەکەم لە گیرفانی پشتی کورسیەکەی بەردەممدا دانا ، فڕۆکەکە هەستاو موزیفەیەك هات وتی: ئەوە بۆلەویا داتناوە ؟ وتم : پێویستم دەبێت .وتی: کوژاندوتەوە ؟

وتم: لەسەر سلیپ دامناوە بۆ ئەوەی هەموو مەلەفەکان دانەخات .

وتی:دایخە ،کردمەوەو دامخست .

وتی: بیخەرە ناوڕەفەی سەرەوە خستمە ناوڕەفەی سەرەوە .دواتر هاتەوە وتی:تەلەفونت پێیە ؟

وتم :بەڵێ .وتی:داخراوە ؟وتم: بەڵێ .

وتی:ئادەی بیکەرەوە ،کردمەوە پیشانم دا .

وتی: تۆ خۆشحاڵیت لەگەڵمان گەشت بکەیت ؟ وتم :بەڵێ .کاتێکم زانی کاپتنی فڕۆکەکە شتێکی دەوت تێی نەدەگەیشتم و

خەڵکەکەش سەیری منیان دەکرد ،بەوەی تەنیشتم وت: ئەوە باسی من دەکات ؟

وتی: بەڵێ‌لەبەرتۆ دەگەڕێتەوە فڕۆکەخانە زانیم شتێکم بۆ ڕێکدەخەن، بەوەی تەنیشتم وت: خۆتۆ شایەتی کەمن هیچی خراپم نەکردووە تکایە ژمارەی تەلەفونەکەتم بدەری‌ بۆشایەتی ، نەیدامی‌ ، بەیەك دوانێکی ئەولاشم وت: نەیاندامی‌ ..گەڕاینەوەو زۆر بەناشرینی دایان بەزاندم . چوومە نوسینگەی هێڵی گەشتەکە ، وتیان : بۆچی ئەچی بۆ ئەو وڵاتە ؟ وتم:بۆباسی ئیسلام و فۆبیا لەفلان زانکۆ لەسەر داوای نەتەوەیەکگرتووەکان.

وتیان:ببورە هەرکەس دابەزێنری‌ تا 24کاژێرنابێت سواری فڕۆکەی ئێمەببێتەوە .وتم:باشە پارەی بیتاقەکەم بدەنەوە ، پارەکەیان دامەوە ، منیش پەلەم بوو ، چوومە نووسینگەیەکی مونافیسیان ، بیتاقەیان نەدامی‌.وتم :بۆ؟ وتی:کابتنی فڕۆکەکە حەزناکات گەشت بکەی لەگەڵماندا .

تومەز نووسینگەی یەکەم ئاگاداریان کردوون کەمن دابەزێنراوم. گەڕامەوە نووسینگەی یەکەم : بزانم بۆوایان کردووە ، وتیان :ببورە

لەئینتەرنێتەوە تەئکیدمان کردووەکە تۆ بۆئەکارە دەچیت ، دەتوانیت بە گەشتی بەیانیمان گەشتەکەت بکەیت،گەشتەکەم کردو کەگەیشتم هەواڵەکە گەیشتبووە راگەیاندکاران وکەوتنە پرسیارکردن گوایە من هەڵچووم و باش مامەڵەم نەکردووە لە فڕۆکەکەدا .

بەهەرحاڵ ئەوەی بەرامبەرم کرا ستەمێکی گەورەبوو بەڵام هەستم بەخۆشیەکەی کرد چونکە هەستم کرد خوام لەگەڵە (ان الله مع الصابرين ) بەڵام ئەوەی زۆرناخۆش بوو ئازاری دام ئەوەبوو کە کەس ئامادەنەبوو شایەتیم بۆبدا لەکاتێکدا بەچاوی خۆیان ستەمەکەیان بینی .

## یانزەیەم: خەمی ئیسلامت بێت

کەجگەرگۆشەکەت تایەکی دەبێت بەدیاریەوە شەوناخەویت ، ئەوەندەی خەمی مناڵەکەتە خەمی ئیسلامت بێت بەسە ، لەکاتێکدا رەنگە رەنج بەخساربیت و مناڵەکەت پێنەزانێت و بێوەفاش دەرچێت

، ئەوەش کەبۆخوا دەیکەیت پاداشی بێئەندازی لـەسەروەردەگریت لـەدونیاو ژیانی نەبڕاوەی قیامەتدا.

لـەفڕۆکەدابووم لـەواشنتۆنەوە بۆ شارێکی تری سەر بەویلایەتی بەنسلفانیا تا وتارێك بدەم لـەزانکۆیەکی ئەویٚ ، ئەوەی تەنیشتم پیاوێکی سپی پێستی سپۆرت بوو، هەستم کرد بەنەوعێك سەیرم دەکات ، منیش ترسام لـەوەی کە پەنجە بنێت بە جەرەسداو بلێٚ من بەم کەسەی تەنیشتم مورتاح نیم کەئیسلامیەو دامبگرن ونەیەڵن سەفەرەکەم بکەم ، چونکە دوای 11ی سێپتەمبەر زۆرشتی وا روویدابوو. دەستم برد تەوقەم لـەگەڵ کرد وخۆم ناساندو وتم: دکتۆر فازیل سولـەیمان ئیمامم لـەواشنتۆن ودەچم بۆ وتاردان لـەفڵانە زانکۆ لـەبارەی ئیسلامەوە .

ئەویش خۆی ناساند کەئەندامی کۆنگریسی ئەمەریکیە .

وتم : حەزدەکەم ئامادەی وتارەکەم بیی ؟

وتی: کاتم کەمەو تەنها چوار رۆژم هەیە سەردانی خێزانەکەم دەکەم.بەڵام ئەوە کارتەکەم تۆ وەرە بۆلام لـەکۆنگریس وتارەکەم

بۆبده ، منیش هەرچەند لەخوام دەویست خۆم قورس کردو وتم: بزانم کاتێك دەدۆزمەوەو سەردانت دەکەم.

کەگەڕامەوە پەیوەندیم کرد بەسکرتێرەکەیەوە،وتی: بەخێربێیت دەرگای ئەندامی کۆنگریس هەمیشە کراوەیە بۆهاونیشتمانی، چەندت کات دەوێت ، پێنج خولەك دەخولەك .

وتم: نەخێر سەعاتێکم دەوێت ئەگەرکەمتر بێت نایەم ، بەهەرحاڵ سەعاتێکی دامێ وچووم باسی ئیسلامم بۆکرد.

کابرای کۆنگریس وتی : بەراستی 15ساڵە تۆ یەکەم کەسی وات لێکردم بۆ یەکەمجار هەست بەپەشیمانی بکەم لەوەی کەخەریك بوو منیش کارێکی نەشیاوی رەگەزپەرستی بکەم بەرامبەرت ولەفرۆکەکە داوابکەم بتکەنە خوارەوە لەسەرئەوەی موسڵمانیت ، باش بوو بەوخۆناساندنە فریای خۆت کەوتی، ئێمە بەردەوام دژی رەگەزپەرستین کەچی خۆم خەریك بوو تووشی ببم. جا بەڕاستی مرۆڤ دوژمنی ئەوەیە کەنایزانێت ، ئەوە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کەهەوڵبدەین پەیامەکەمان بەباشی بگەیەنین و ئەو تەمومژە برەوێنینەوە کە بۆ ئیسلام دروست کراوە.

## دوانزەیەم: گرنگی راگەیاندن:

لەرۆژانی سەرەتای یانزەی سێپتەمبەردا هاوسۆزیەکی زۆری ئەمەریکیەکانت دەبینی بۆموسڵمانان و تەنانەت ئافرەتانی ئەمەریکی واهەبوون لەچکیان دەدا بەسەریاناو ئامادەییان دەردەبڕی کەلەگەڵ ئافرەتە داپۆشراوەکانا بچنە بازاڕ تا کەس پەلاماریان نەدات، کەچی پاش مانگێك ئەو هاوسۆزیە نەك هەرکەمبۆوە بەڵکو دژایەتی موسڵمانان زۆرزیادبوو، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ راگەیاندنەکان کەکەوتنە ناساندنی موسڵمانان وەك تیرۆریست ، ئەوەبوو ئەوەی سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد زوو زوو وێنەی تالیبانی ناموبارەکی پیشان دەدا کە لە گۆڕەپانێکی یاریدا ئافرەتێك دەکوژن .ئەوەی رۆژنامەی دەخوێندەوە لە لاپەڕەی یەکەمدا ئەو وێنە نامرۆڤانەیەی تالیبانی دەبینی ، ئەوەی سواری پاص و شەمەندەفەردەبوو ئەو رۆژنامانەی بەدەست خەڵکەوە دەبینی کە ئەو دیمەنەی لەسەربوو .

رۆژنامەوانێکی بەریتانی وتی یەکێك لەپێنج کەسی موسڵمانی بەریتانیا (20٪)یان هاوسۆزی قاعیدەیە ، ئەمە وای کرد بۆبەیانی کەسێك لە

وێستگەی شەمەندەفەر پاڵ بنێ بە باڵاپۆشێکەوە تابکەوێت و ببێت بەژێر شەمەندەفەرەوە.



بەهەرحاڵ راگەیاندنەکان دەتوانن رەش بکەن بەسپی و بە پێچەوانەشەوە .کەئەمەش هێشتا موسڵمانان وەك پێویست کاریان بۆ نەکردووە .ئەگەرسەیری سیرە بکەین ، ئەو زەمانە هۆنراوە گرنگترین هۆکاری راگەیاندن بوو ، بۆیە خۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم بەحەسسانی دەفەرموو: هێرش بکەرە سەرقورەیش رۆحی قودس هاوکارتەو هێرشەکانی تۆ لە تیروشیر زیاتر کاریگەری هەیە لەسەر دڵی قورەیش.سورەتی شوعەراش بەزمانی سەردەم سوورەتی راگەیاندنە ، کەباسی کاریگەری زۆری شاعیران دەکات لەچاکەو لەخراپەدا .

## سیانزەیەم:زۆر بەختەوەرم

زۆر بەختەوەرم کە لەرێی دەزگای پردەوە خزمەت بە ئیسلام دەکەم و زنجیرەیە فیلمی کورتمان بەرهەم هێناوە بەناوی (تەمومژەکان دەڕەوێنەوە) کە بەشی یەکەم ناوی( ئیسلام بەکورتی ) یەو بەشی دووەمی بەناوی (جیهاد دژی تیرۆرە)کەسێ ساڵ کاری تیاکراو لەحەوت دەوڵەتدا وێنەی دیمەنەکانی گیراون.

هەروەها فیلمی (ئیسلام لە ئافرەتدا)،کە چۆن ناخی ئافرەت بەفیترەت ئیسلامی تیایە،ئەمەش بووە هۆی موسڵمانبوونی ئافرەتانێکی زۆر،بۆ نموونە ئافرەتێکی جوولەکە لە ئیسرائیلەوە پەیوەندی پێوەکردم و هاتە قاهیرەو موسڵمان بوو بەهۆی ئەو فیلمەوە،فیلمەکانیش بۆ سی زمانی دونیا وەرگێڕدراون.

ئەو فیلمەمان ناونا ئیسلام لەئافرەتدا لەبەرئەوەی لە ئامارەکانەوە بۆمان دەرکەوت کە زیاتر لە دوولەسەرسێی ئەو بیانیانەی موسڵمان دەبن ئافرەتن ، لەگەڵ ئەوهەموو دژایەتیەی کە لەراگەیاندنەکاندا دژی ئیسلام دەکرێت .

لەیانزە ولاّتدا چاوپێکەوتنمان کرد لەگەڵ دوانزە ئافرەتی بیانی کە موسڵمان بووبوون ، ئەوەی سەیرە هەموو باسیان لەوەدەکرد کە ئازادی لەئیسلامدا وای لێکردوون موسڵمان بن .

ئافرەتێکی بەلجیکی وتی: ئیسلام ئازادی داومەتیّ کە دەتوانم بچمە دەرەوە کاربکەم ودەشتوانم لەماڵەوە بم و مێردەکەم بەخێوم بکا.

وە لێکۆڵینەوەی دکتۆرە (سوزن فیسك )مان هێناوە کە دکتۆرەی نەخۆشی دەروونیە لەئەمەریکا ومامۆستای زانکۆیە دەڵێت: کاتێك پیاو سەیری ئافرەتی دانەپۆشراو دەکات لەلای دەبێت بە ئامرازێکی رابواردن وەك ئامرازە میکانیکیە ماددیەکانی دیکە.

## چواردەیەم: ئارامگرتن

پاداشتی چاکە هەیە یەك بەدە ، یەك بەحەوت سەد ، یەك بەسەدهەزار وەك نوێژی ناو حەرەم ، ئارامگرتنیش بێ ئەندازە پاداشتی هەیە(قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وأَرْض اللَّهِ واسِعَةٌ إِنَّمَا يُوفَّي الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ (10)

الزمر ).دکتۆر فازیل دەڵێت :من تەنگەتیلکەو چیکڵان بچووك بووم ، کە ئیحیا علوم دینی غەزالیم خوێندەوە هەوڵی خۆچاکردنم دا ، لە لوتکەی قەرەباڵغی جادەی رەمسیسدا لەقاهیرەکە بەسێ سەعات لێی دەرناچی سەیارەم دەردەکرد بۆئەوەی لەو قەرەباڵغیەدا فێری ئارامگرتن ببم.

لەئەمەریکا بەیانیەکی زوو پێش نوێژ چوومە فڕۆکەخانە تەنها چوار موسافیرهاتبوون ، دەمویست لەشارێکەوە بچمە شارێکی تر بۆ وتاری هەینی ، لەسەر چوار لاپەڕەیەك بە ئینگلیزی تێبینیم نووسیبوو لەگەڵ چەند ئایەتێك لەبارەی نوێژەوە ، چووم قاوەیەك بهێنم تاهاتمەوە وەرەقەکان دیارنەمان لەهەرکەسێکیشم پرسی کەس قسەی نەکرد ، دواتر لەسەرەکەدا کەچێکی پەساپۆرتەکە دەکرێتەوە، وەرەقەکانم بینی بەدەست ئاسایشێکی فڕۆکەخانەوە کە ئاسایشی دیکەشی لەگەڵ بوو.

وتم : ئەوە هی منە.

وتی: ئەزانم ، تووڕەمەبە کابتنەکەمان پێیخۆش نیە تۆ گەشت بکەی لەگەڵیا .

منیش وتم: خەمت نەبێت هەموو دونیا تووڕە بێت من تووڕەنابم . تومەز ترسابوون لەنووسینی ئایەتەکان بەعەرەبی و ترسابوون بەو رێگریە هەڵچم تا ئاسایشەکانی دیکە کۆنترۆڵم بکەن .

منیش وتم : ئاساییە بەڵام دەبێت سەعات 12 لەو شارە بم وتاری هەینیم هەیە ، بەهەرحاڵ بیتاقەی گەشتێکی تری فرۆکەیەکی دیکەیان بۆهێنام لەسەرحسابی خۆیان و لەکاتی پێویستا گەیشتم .

لەمەوە ئەوە تێگەیشتم کەخوا ئارامگری من تاقیدەکاتەوە ، کەدەبێ تا دواپلە ئارامگربم و ئەم ئایەتەش کەدەخوێنم (أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا يَآمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ (2) وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ (3)العنكبوت ) وائەزانم لەگەڵ منیەتی و بەم شێوەیەیە(أَحَسِبَ (فاضل سليمان) أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ، وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ)..

جائەوەی سەیرە ریکۆردەرێکی ئێم پی سری لەگیرفانما بوو بێ ئەوەی بزانم هەموو حیوارەکانی تۆمارکردبوو ، دام بەمحامیەکەم وتی: زۆرباشە ئەگەر تۆمارێك بەبێ مەبەست و ئاگالێبوونی هەردولابێت

مەحکەمە بەهەند وەری دەگرێت ، بردی و دواتر بینیمەوە وتی: بۆراستت نەکرد لەگەڵما ؟

وتم : چۆن ؟ وتی: تۆئەوپەڕی لەسەرخۆ بوویت ئەوە بەڵگەیە کەزانیوتە تۆماری دەکەیت ، دیاربوو بە عەقڵیا نەدەچوو کەمن توورەنابم، ناچار داواکەم کێشایە دواوەو وازم لێهێنا.

**پانزەیەم : لە ئۆغەندا:**

ساڵی 2009 لەئۆغەندا لەیاریگەیەك بەئامادەبوونی هەزاران کەسی مەسیحی و موسڵمان رووبەڕووی قەشەیەك بوومەوە کە لافی ئەوەی لێدەدا نەخۆش و نابینا چاك دەکاتەوە بەناوی مەسیحەوە، ئەوەبوو داوای لەئامادەبووان کرد  کەنابینایەك بابێت ، کەسێك هاتە سەر مەنەصەکەو وتی: من لەمناڵیەوە نابینام و ئەویش نوێژی خۆیانی بۆکردو خاچەکەی دەستی چەندجارێك بە روویدا بەرزکردەوە ، نابیناکە چاوی هەڵگلۆفت و هاواری کرد چاوم چاك بوو ، زۆر سوپاسی ئەوو مەسیحی کرد.

ئنجا داوای لەئامادەبووان کرد شەلێك ئامادەبوو ، ئەویش هەمانشتی لەگەڵ کرد و وای پیشاندا کە قاچی چاکبۆتەوە ، موسڵمانانیش هەموو چاویان لەسەرمن بوو ، بۆیە وتم: ئەمەی تۆ دەیکەیت گومانی تیایەو رەنگە ئەوکەسانە رێکەوتبی پێشتر لەگەڵیانداو سیناریۆ بیّ ، بۆیە من متمانەم بەخۆمە فەرموو تەرازوویەك بێنن بمکێشن ئەگەر راست دەکەیت پێنج کیلۆ وەزنم با دابەزێت ، ئەگەر توانیت ئەوەبکەیت کەئاسانترە لەنابیناو شەل و شتی تر ، پەیمان بێت خۆم و ئەو بیست و پێنج هەزار موسڵمانەی ئامادەبوون هەرهەموومان دەبینە گاور کەئەوەش دەستکەوتێکی مەزنە بۆتۆ .لەبەرامبەر ئەو تەحەدایەی مندا دەستەوسانبوو هیچی بۆنەکرا.

جا هەندێك دۆست و ناسیاو گلەییان کرد ، کەچۆن من وتوومە دەبمە گاور، منیش وتم :خوای گەورە بەخۆشەویستمانی فەرمووصلی الله علیە وسلم کە تەحەدای وەفدی گاورەکانی نەجران بکات ، کەئەگەردەتوانن بۆم بسەلمێنن کەخوا کوڕی هەیە من دەبمە یەکەم کەس کە دەیپەرستم (قُلْ إِنْ كَانَ لِلرَّحْمَنِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ (81)الزخرف ).

## شانزەیەم : خێری تیابوو!

ئافرەتێك بەناوی فیرۆنیكا لـەكالیفۆرنیاوەساڵی 2002 نامەیەكی بەئیمەیڵ بۆناردم كەتیایا نووسیبووی كە ئامادەی وتارێكم بووەو كۆمەڵێك پرسیاری هەیە ئەگەر وەڵامی بدەمەوە موسڵمان دەبێت .

منیش هەر لـەرێی ئیمەیڵەوە دەستم كرد بەوەڵامدانەوەی پرسیارەكانی و بە چوارسەعات پانزە پرسیاریم وەڵام دایەوە ، لـەوكاتەدا كچە بچوكەكەم قاچی لـەوایەری ئەنتەرنێتەكە گیراو ئەوەی نووسیبووم رۆیشت ، ئەوسا وەك ئێستا وایەرلێس نەبوو.

زۆرهەوڵمدا رەنجەكەم بەباچوو ، زۆرخەفەتم خوارد وكاتی نوێژی عیشا بوو چووم بۆنوێژ ئاگام لـەخۆم نەمابوو.

دوای نوێژهاتمەوە ویستم دەست پێبكەمەوە ، كاتم نەبوو بۆ بەیانیش سەفەرم لـەبەربوو . ویستم بخەوم ، خەوم لێنەكەوت ، هەستامەوە بە بیست خولـەك یەكەم پرسیارم وەڵامدایەوەو بۆم نارد و ئنجا نووستم . بۆ بەیانیش كەلـەنوێژهاتمەوە ئیمەیڵم كردەوە زۆر وەڵامەكەمی بەدڵ بوو داوای باقیەكەی دەكرد ،منیش وەڵامی پرسیارێكی ترم بۆنارد ،

پاشان لەچەند رۆژێکدا گەیشتە هەشت نۆ وەڵام وقەناعەتی کردوهەر بەئیمەیڵ موسڵمانبوو.

ئەمە بووبە وانەیەك بۆم  کە خەفەت نەخۆم لەوەی کە ڕوودەدات چونکە رەنگە خێری تیابێت ، ئنجا پلەبەندی پێویستە ئەگەر هەر پانزە پرسیارەکەم بناردایە رەنگبوو یەك دوانێکی بەدڵ نەبوایەو ئەوە ببووایە  بەرێگر بۆی بەلاَم کەیەك یەك وەلاَمم دایەوە وهەنگاو بەهەنگاو چووم لەگەڵیا زووتر قەناعەتی کرد .

## حەڤدەیەم : شەحنی باتری دڵ :

هەموو دەرمانێك بۆ ئەوەی کاری خۆی بکات دەبێت بەپێی رێنمایی پزیشك بەکاربهێنرێت.قورئانیش شیفایە بۆنەخۆشیەکانی دڵ و بەردەوام باتری دڵ شەحن دەکات و ناهێڵێت باتریەکەی بمرێت، بەلاَم دەبێت چۆن داوا دەکات ئاوا بەکاری بهێنین (وننزل من القرآن ماهو شفاء ورحمة للمؤمنين ) (خۆشەویستیش دەفەرموێت :خانەی وێرانە ئەودڵەی دوور لەقورئانە..).

لەخولی پەروەردەی ئیمانیدا لەقاهیرە بەشداربوویەك کەعیلاجی خەمۆکی دەخوارد،بەهۆی ئەوەی لەخولەکەدا واجیبمان بۆ دانابوون رۆژی سەعاتێك قورئان بەتەدەبوورەوە بخوێننەوە،هەستی بە ئاسوودەیی کردبوو،سەرەنجام وازی لەعیلاجەکان هێناوچاکبوو .

هاوەڵان دەئایەت دەئایەت قورئان فێردەبوون و تا تەدەبوریان نەکردایەو کاریان پێنەکردایە نەدەچوونە سەردەئایەتی تر .

## هەژدەیەم : وشکردنی سەرچاوەی دارایی:

دوای یانزەی سێپتەمبەر فشارێکی زۆرخرایە سەر رێکخراوە ئیسلامیەکان و هەوڵدرا سەرچاوەی داراییان وشك بکەن، گوایە هاوکاری تیرۆریان کردووە .من لەئەمەریکای باکورو ناوەڕاست رێکخراوم هەبوو ، راپۆرتێکی حەفتا لاپەڕەیم لە رێکخراوێکی دیکەوە دەستکەوت کردم بە جەدوەلێکی سێ لاپەڕەیی ، بۆم دەرکەوت کە سەدان لانەی منالّی بێباوك و قوتابخانە وئامادەکردنی بەربانگ وکاری خەیری پەکی کەوتووە، بەتایبەت لە ئەفغانستان و

ئاسیا، منیش داوای چەند نامەیەکی ئەو منالّە بێباوکانەم کردو ناردم بۆ بۆش وکۆلن پاول و وەزیری خیزانەی ئەمەریکی ، سوودی نەبوو .

دواتر داوام لە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد ئەوانیش هیچیان نەکرد، دەمووت : بێنازکردنی ئەومنالاّنە کارێگەری خراپی دەبێت و تیرۆر و رق بەرامبەر ئەمەریکاو رۆژئاوا زیاد دەکات.

کەهەولّەکانم هیچ سوودی نەبوو هاتمەوە لەمیسر رێکخراوی پردم دروست کرد بۆ ناساندنی ئیسلام و بلاّوکراوەی زۆرو سی دیمان ئامادەکرد لەبارەی ئیسلامەوەو هەولّماندا هەزاران نوسخە بگەیەنینە دەست مامۆستایان لەئەوروپاو ئەمەریکا ، ئەوەش پاش ئەوەی تێگەیشتم کەدەبێت کار لەسەرنەوەی نوێ بکەین و کار لەسەر ناساندنی ئیسلام بکەین بەتایبەت بۆ مامۆستایان و قوتابیان.

ئەوەش وێنەی چەند مامۆستایەکن کە بلاّوکراوەی ئێمەیان پێگەیشتووە.




## نۆزدەیەم : چێژی پەرستشەکان :

پەڕاوی ئیحیا علوم دینم دەخوێندەوە ، مامۆستاکەم زانی دەچم بۆ حەج ئەمری کردکە بەشی (مانا شاراوەکان لەحەجدا) بخوێنمەوە لە ئیحیادا ،منیش حەزم نەکرد خوێندنەوەی خۆم تێکبدەم و بازبدەم بۆ ئەو بەشە ، نەمخوێندەوەو لەدڵی خۆما وتم: جاخۆ مامۆستاشم لەگەڵە هەرچی کرد دەیکەمەوە .کاتێ چوین بۆحەج زۆرگەرم بوو ،زۆر قەرەباڵغ بوو بەڕاستی چێژم لێوەرنەگرت ، بەمامۆستاکەم وت: من رەنگە دووڕووبم وئەهلی ئەمە نەبم بۆیە چێژم لێوەرنەگرت .

ئەویش وتی: ئەو بەشەی پێم وتی خوێندتەوە ؟

وتم : نەوەڵاّ .

دواترکە گەڕاینەوە خوێندمەوەو ساڵی داهاتووش چوومەوە بۆحەج ، ئەمجارەش هەرچەند زۆرگەرم بوو ، پارەکانیشم لێدزرا و، خۆم بەپێوە نەدەگرت و تووشی نەخۆشی بووم ، بەلاّم زۆر چێژم لێوەرگرت ، نهێنیەکەشی ئەوەیە کە شێخ ئەبوحامیدی غەزالی دەڵێت : فەرزەکان هەموویان لەگەڵ عەقڵدا دێنەوەوحیکمەتیان تا رادەیەك دیارە ، لەنوێژا خشوع ولەزەکاتا پاکبوونەوەو پارەنەویستی و لەرۆژوودا خۆگرتنەوە لە شەهەوات و خۆبرسی کردن و...هتد، کەچی حەج زۆرلەحیکمەتەکانی نازانی ، بۆچی بەردێك ماچ دەکەی وبەردێکی دیکە رەجم دەکەیت ، بۆچی لەنێوان سەفاو مەروەدا دێیت و دەچی ، جا ئەگەر لەبەرئەوەیە هاجەرە خاتونی پیارۆیشتووە جا بۆ ئێمەش بەجێ پێی خۆشەویست و یاراندا نەڕۆین لەشاخی ئوحودا ؟ بۆ قژمان کورت بکەینەوە وبۆ لە موزدەلیفە بمێنینەوە ؟ بۆ ئەوەندەجار بەرد هەڵبدەین و تا دوایی؟..

مەسەلـەکە ئەوەیە حەج تەسلیم بوون وگوێڕایەڵی تەواوە بۆخوا لـەحیکمەتی بگەیت یان نا ، چەند تووشی زەحمەت بیت پاداشتت زیاترەو ئەبێ چێژی لێوەرگریت ، هەرچەند دیارە پاکبوونەوەیە لـەگوناهو بێجگە لـەوەش بەجیهاد حسابە بۆ ئافرەتان.

جا کە لـەئەمەریکا بووم بەرلـەوەی حاجیان بڕۆن ئەو (مانا شاراوانەم لـەحەجدا ) بۆ باس دەکردن تا چێژی لێببینن.کەحەج پەیڕەوکردنی فەرمانی خوایە لـەبەرئەوەی فەرمانی خوایەو هیچی تر .

شافیعیەکان لـەگەڵ لـەبەیکەکەدا ئەمەش دەڵێن کە تەئکیدە لـەسەر ئەوەی حەج پەرستشەوتەنها بۆ فەرمانبەری خوایەو زەحمەت و نارەحەتی زۆریشی تیایە (لـبيك حقا حقا تعبدا ورقا ).

## بیستەم : هەرچیت کرد بەچاکی بیکە ..

دکتۆر فازیل سولـەیمان دەڵێت:هەنگاو بەهەنگاو لـەکاری بچووکەوە دەست پێبکە،ڕێگەیەکی هەزار میل بەهەنگاوێك دەستپێدەکات ، باوکم کە پزیشك بوو لـە سانەویەوە پێی دەوتم: گرنگ نیە بەلامەوە

ببیتە دکتۆر یا ئەندازیار یا گوڵەبەڕۆژەفرۆش،گرنگ ئەوەیە هەرکارێکت کرد بەچاکی بیکەیت.

ئەوەش راستە مرۆڤ هەرچی بکات دەبێ لە هونەری بەبازاڕکردندا(فن التسويق)دا شارەزا بێت ، ئنجا گەورەترین دۆزینەوە شی بکەرەوە لە کۆمەڵێك ماددەی سەرەتایی و سادە پێکهاتووە.ئێمە کارەکانمان لە دەزگای پرد بۆناساندنی ئیسلام لەوتارێکەوە دەستی پێکرد ساڵی 2001 ، کەدواتر 3 فیلمان بەرهەمهێنا کە:

یەکەمیان : پێناسەیەکی کورتە بۆ ئیسلام کە بۆزیاتر لە 30 زمان وەرگێڕدراوە .

دووەمیان: جیهاد دژی تیرۆریزم ، وە سێیەم :ئیسلام لەئافرەتدا کە ئەمانیش بۆ نزیکەی 17 زمان وەرگێڕدراون.کەبە سەدان هەزاریان لێ بلاۆکراونەتەوە ، وەتوانیومانە خولی تایبەت بکەینەوە بۆ 19000کەس لە 25 ولاۆتدا.

**بیست و یەک :پەیمانێک :**

بانگخواز فازڵ سولەیمان دەڵێت:دکتۆر هیشامی هاوەڵم تەلەفونێکی بۆهات لەخزمێکیەوە : فریامان کەوە باوکمان دەمرێت !ئەویش چوو بۆ خەستەخانە بۆلای ، خزمەکەی بەپێوەبوو ئۆقرەی لێبڕابوو ، تومەز تووشی نەخۆشیە خراپەکەبووە،ئەم پیاوە خێروچاکەی هەبوو ، بەلاَم نوێژی نەدەکرد، کەپێیان دەوت نوێژبکە دەیووت : خوا پەکی لەنوێژی من نەکەوتووە.

دکتۆر پێی وت: بوەستە بادەستنوێژ بشۆم نوێژێك بکەین بەیەکەوە ،وتی: نا..نا ناتوانم چەند وەختە نەمکردووە چۆن بەم حاڵەوە تازە بیکەم، وتی: دەباشە پاڵ بکەوە ،وتی: ناتوانم سەرجێگاکە ئەڵێی پشکۆی لەسەرە ، وتی: دەباشە دانیشە لەسەر ئەو کورسیە ومن چیم کرد بیکەرەوە ،وتی: ئەویش هەروایە ، ئەمیش چەرچەفەکەی تەکاندو وتی: دەئەواتا هیچی لەسەرنیەو پاڵبکەوە ، پاڵکەوت وگیانی دەرچوو..سبحان اللە ئەم ئایەتەم بیرکەوتەوە(وَقَدْ كَانُوا يُدْعَوْنَ إِلَى السُّجُودِ وَهمْ سَالِمُونَ (43)القلم).

**خوا بەدیهێناوین و هەرچی نازونیعمەت هەیە پێی داوین و حەزدەکات بەهەشتی نەبڕاوەمان پێبدا ، بۆئەوە داوای لێکردوین یادی بکەین بەسێ ڕێگا: یەکەم:قورئان ، دووەم: ویردوزیکرەکان ، سێیەم :نوێژ** ﴿إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي (14)طه ﴾**کەئەمەش ئەو پەیمانەیە کە لەنێوان بەندەو خوادایە بەشکاندنی ئەو پەیمانە ماڵوێرانی دونیاو قیامەت دەبێت، بەڵام بۆ نوێژ قورسە بۆهەندێك ؟؟**

**دیارە ئیمانیان بە ڕۆژی دوایی ولیقای خوا لاوازە** ﴿وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى الْخَاشِعِينَ (45) الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُمْ مُلَاقُو رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَاجِعُونَ (46)البقرة ﴾.

**برا چرا کبریتی فرسەت تا لەدەستایە**

**شەوی یەڵدا لەپێشە ڕۆژی عومرت وەختە ئاوابێ ..**

**خۆزگەم بەوەی چراکەی دائەگیرسێنێت پێش داهاتنی شەوی ئەموستەچاوی قەبروقیامەت ،خۆزگەم بەوەی رووی دێت بمرێت و بگەڕێتەوە بەربارەگای خوا..**

## بیست ودوو : پاداشت !

ئەم دونیایە موڵکی خوایەو لەسەر مسقاڵە زەڕەچاکەو خراپە پاداشت دەداتەوە ، بۆیە دەبێت زۆر وریای خۆمان بین ،زەردەخەنەیەك کەم نیەو وشەیەکیش ڕەنگە ببێتەمایەی رزگاربوون یان تیاچوونی کەسێك.

بانگخواز ئەندازیار فازڵ سولەیمان دەڵێت : من هەڵەیەکم کردو باجەکەشیم بەقورسی دا ، خوای گەورە کەدەفەرموێت (وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُها فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُه عَلَى اللَّة إِنَّه لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (40)شوری)، لەتەمەنی 14 ساڵیمدا لەیانەیەك وەرزشم دەکرد ، لەگەڵ هاوەڵەکانمدا کاتێ براین بۆ یاری بۆ شارێکی تر لەرێگا زۆرگاڵتەمان بەکچێکی یاریزانی یانەکە کرد کە دەموچاوی زیپکەی زۆری پێوەبوو !خوا بەجۆرێك تۆڵەی لێکردمەوە کە زیاتر لە 35 ساڵ گیرۆدەی زیبکە بووم و هەرچەند باوکیشم دکتۆر بوو دەرمان نەما تاقینەکەمەوە ، ئەوە چەند ساڵێکی کەمە رزگارم بووە!

بۆیە وریابن گاڵتە بەکەس مەکەن( يَا أَيُّها الَّذِينَ آَمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ

عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ همُ الظَّالِمُونَ (11)الحجرات )، زۆرهەوالّی ئەو ئافرەتەم پرسی وزۆر گەڕام بەدوایدا بەداخەوە نەمبینیەوە تا داوای گەردن ئازادی لێبکەم، خوا لەهەمووومان خۆش بێت من زۆر پەشیمانم.

**زنجیرەی دووەم وسێیەمی یادەوەریەکانی دکتۆ فازیل سولەیمان:**

**یەکەم: بۆ رقتان لەئەمەریکایە؟**

بانگخواز فازیل سولەیمان دەڵێت:کەلەمیسرەوە چوومە ئەمەریکا نامەم دەنارد بۆزۆر زانکۆو دەزگا کە وتاریان بۆبدەم، لە 17ی سێپتەمبەر لەزانکۆی واشنتۆنەوە داوای وتارێکیان کرد، هەمووی شەش رۆژێك بوو کارەساتی یانزەی سێپتەمبەر روویدابوو ، وتارەکە بۆ بیست قوتابیەك بوو کە بەراودکاریان دەکرد بۆئایینەکان ، کەچی بە راگەیاندنی کاتی وتارەکە خەڵکانێکی زۆر لەمامۆستای زانکۆو

کەسایەتیەکان داوایان کردبوو بەشداری بکەن، بۆیە زانکۆ هۆڵێکی زۆرگەورەی ئامادەکرد، تووشی شۆك بووم لەبەرئەوەی:

1–ئەزموونی زۆرم نەبوو لەبانگەوازوقسەکردندا بۆئامادەبووی زۆر.

2–یەکەم وتاربوو لەبارەی ئیسلامەوە لەدوای یانزەی سێپتەمبەر.

3–من تازە کۆچم کردبوو بەماڵومناڵەوە بۆ ئەمەریکا دەمویست گرین کارتم بدەنێ و خوێندنەوەی خراپم بۆنەکەن.

4–هەموو راگەیاندنەکان هێرشی تیابوو بۆسەرئیسلام وزوو زوو ئەو دیمەنەیان پیشان دەدایەوە کەتالیبان ئافرەتێك دەکوژن لەگۆڕەپانێکی یاریدا وەك نموونەیەك بۆ وەحشیەتی موسڵمانان.

بیرم کردەوە کەسێك جنسیەی ئەمەریکی ببێت بۆئەوکارە باشە ، پەیوەندیم بەزۆر لە بانگخوازانەوە کرد کەس ئامادەنەبوو لەبری من بچێت ئەو وتارە بدات.دوو بژاردەم لەبەردەمدا بوو، یادەبوو بکشێمەوە دواوەو وتارەکە نەدەم، یان لەسەرخوا بچم وتارەکەبدەم چی دەبێت بابێت ، دڵم بەو فەرموودەیە خۆش بوو( گەورەی

شەهیدەکان حەمزەیەو کەسێکیش هەق بڵێ بەرامبەر دەسەلاْتدارێکی ستەمکارو شەهید ببێ).

ژمارەیەکی زۆر خەڵك ئامادەبوون ، بەخۆمم دەووت: زۆروکەم جیاوازی چیە ، چاو بنوقێنەو قسەی خۆت بکە،پاڕامەوە لەخوا دامەزراوم بکات و هەق بڵێم ، باسی ئەرکانی ئیمان و ئیسلامم کردو باسێکی ئافرەتم کرد لەئیسلامداو چوومە سەر باسی جیهاد کە لە ئەساسدا جیهاد تێکۆشانە دژی تیرۆرو تۆقاندن..تەواوبووم و وتم: کێ پرسیاری هەیە ؟ یەکەم پرسیار کەسێك هەستاو وتی:بۆ رقتان لێمانە؟ منیش لەسەرخۆ ئاوم خواردەوەو بیرم کردەوە چی وەلاْم بدەمەوە ، پشت بەخوا وتم: بۆ رقتان لێمانە پرسیارێکی زۆرجوان و بەجێیە ، هەقە هەموو ئەمەریکیەك ئەو پرسیارە بکات، بەلاْم منیش نازانم بۆ رقیان لەئەمەریکایە ، وەرن باپێکەوە بیربکەینەوە، ئەوە فەنزەویلا ، ئەوە پەنەما خۆشیان لەئەمەریکیەکان نایەت، ئایا لەبەرئەوەیە ئەمەریکا ولاْتێکی خۆشە، یان پێشکەوتووە؟ جا خۆ سویسرا خۆشترە بۆکەس رقی لێی نیە ، خۆ یابان پێشکەوتووە بۆکەس رقی لێی نیە ؟ من وادەزانم ئەمەریکا دەیەوێت رۆشنبیری وکەلتوری خۆی بسەپێنێ

بۆیە کاتێك ماکدۆناڵد ویستی لقی بکاتەوە لەئیتاڵیا هاولاّتیان دژیان وەستانەوە چونکە ئەوان واڕاهاتوون لە چێشتخانەدا دانیشن و بە ئیسراحەت نانیان بخۆن و حەزیان بەخواردنی خێرا نەبوو کە ئەمەریکیەکان راهاتبوون لەسەری .. ئنجا لەسەروو هەموویەوە ئەمەریکا لافی دیموکراتیەت لێدەداو کەچی پشتگیری دیکتاتۆرەکانی ولاّتانە کەگەلەکانیان دەچەوسێننەوە.. ئەمانەم وت دیارە هەق بوون هەموو هەستان و پێنج خولەك چەپڵەیان بۆلێدام..هەرچەند دوای ئەو وتارە تا چوارساڵ ونیو چاوم بەگرین کارت نەکەوت ، بەلاّم سوپاسی خوام کرد کەهەق و راستیم پێگەیاندن ، جا من لێرەدا پەندێکم وەرگرت کەدەبێ ئەوە بەخەڵك بڵێن کە پێویستیانە نەك ئەوەی کە حەزی پێدەکەن بیبیستن و بەدڵیانە.

## دووەم: هاتنەدی خەونەکانم

بانگخواز فازیل سولەیمان دەڵێت:لەبەرنامەیەکدا بۆ رەمەزان لەبارەی هاتنەدی خەونەکانم لەبەرئەوەی گوایە من کەسێکی سەرکەوتووم، کامێرەو رووناکی و هەمووشتیان ئامادەکرد لەنووسینگەکەم

لەدەزگای پرد بۆناساندنی ئیسلام ، پێشەکەشکارەکە وتی: پێمان خۆشە باسی ئەو خەون وئاوات و ئامانجانەمان بۆبکەی کەلەمناڵیدا هەت بوون و هاتوونەتە دی ، منیش وتم: لەمناڵیەوە ئێستاشی لەگەڵ بێت خەون وئاواتم ئەوەبوو کەببمە پزیشك و لەئازارو مەینەتیەکانی خەڵکی کەم بکەمەوە، بەتایبەت کەباوکیشم پزیشك بوو،بەلاّم بەداخەوە نەهاتە دی ودکتۆرام هێنا لە ئەندازیاریدا.

دەرهێنەر وتی: تۆمارکردن راگرن ، بەتوورەییەوە هاتە لام وتی: یانی چی خەون و ئاواتەکانت نەهاتوونەتە دی، ئەی بۆ پێیان نەوتووی بەرنامەکەی ئێمە باس لەئەزموونی ئەوکەسە سەرکەوتووانە دەکات کە خەون و ئاواتەکانیان هاتوونەتە دی؟

وتم: بەڵێ پێیان وتم،وتی: ئەی کەخەون و ئاواتەکانت نەهاتوونەتە دی بۆ ئەمەت پێکردین ؟وتم: ویستم پەیامێك بگەیەنم مەرج نیە سەرکەوتن بەندبێت بەهاتنە دی حەزوئاواتەکانمان، سەرکەوتن ئەوەیە لەوەی کەخوا پێی خۆشەو دەیهێنێتە رێت سەربکەویت ، بۆنموونە : حەزرەتی نوح سی جار ناوی لەقورئاندا هاتووە وئاوات حەزو خەونی ئەوەبوو گەلەکەی موسڵمان ببێت ،کەچی ئەوانەی بڕوایان پێهێنا

پاش رەنجی 950 ساڵ زۆرکەمبوون ،دەی لەگەڵ ئەوەشدا نوح سەلامی خوای لێبێت سەرکەوتووبوو ، یەکێکە لەپێنج ئولی عەزمەکەوبەندەیەکی سوپاسگوزار بوو(انەکان عبدا شکورا)، سوورەتێك بەناویەوەیەتی لەقورئانداو هەڵبژاردەو فەزڵدراوی خوا بوو بەسەر جیهاندا (إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى آَدَمَ وَنُوحًا وَآَلَ إِبْرَاهِيمَ وَآَلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ (33)آل عمران ) .

عەباسی کوڕی فیرناس ئاوات و خەونی فڕین بوو، کەوتە خوارەوەو دەست وقاچی شکا ، خۆ ئاواتەکەی نەهاتە دی بەڵام سەرکەوتووبوو ، ئەوەنیە ئێستا ئێمەی مرۆڤ بەسەرتاسەری دونیادا بەهۆی بیرۆکەکەی ئەوەوە گەشت دەکەین. دەرهێنەر قەناعەتی بۆدروست بوو بەقسەکانم و بەرنامەکەمان تۆمارکرد، هەرچەند بەداخەوە دوای هەفتەیەك کودەتا سەربازیەکە بوو لەمیسر، نازانم بەرنامە پەخش کرا یان نا..

جائەو پەندەی وەریدەگرین ئەوەیە وك پێشەوا بەننا دەڵێت : راستیەکانی ئەمڕۆ خەونەکانی دوێنێن ، خەونەکانی ئەمڕۆشمان راستیەکانی سبەینێن ، بۆیە بێهیوایی لەشیمەی موسڵمان نیە ، لاواز بەردەوام لاوازنابێت و بەهێزیش تاسەر بەهێزنابێت .

پێویسته هەمیشه خەون و خەیاڵ و ئامانجمان بۆ بەرەو پێشچوون بێت ، سەرکەوتنیش ئەوەنیه کەئەوەی دەمانەوێت بێته دی ، بەڵکو سەرکەوتن ئەوەیه که ئەوەی خوا دەیەوێت ئەوه بهێنینه دی، خێریش لەوەدایه کەخوا بۆمان هەڵدەبژێرێت..




## سێیەم:ملیۆنێک جونەیھ!!

بانگخواز دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت: ئەم بەسەرهاتەنیازم نەبوو بلاَوی بکەمەوە، بەلاَم کەبۆ دکتۆری بانگخواز ئەیاد قنێبی باسم کرد سوێندی دام که بلاَوی بکەمەوە تا خەڵکی سوودی لێوەربگرن .

سالّی 2005 لەئەمەریکا گەڕامەوە دەزگای پردم دامەزراند بۆناساندنی ئیسلام ، مانگانە پێویستمان بە دەهەزار جونەیھ بوو ، شەش هەزار بۆکرێی بیناکەو چوارهەزاریش بۆکارمەندێکی بەتوانای چالاك کەئێستا بۆتە دکتۆر لەئەمەریکا.

گەڕام بەولاّتە عەرەبیەکاندا دەزگایەك قایل بوومانگانە ئەو بڕە پارەیەمان بۆدابین بکات، منیش دەبوو دووسیّ مانگ جارێك سەردانی ئەو ولاّتەبکەم ولەئوتێل بمێنمەوەوراپۆرتی چالاکیەکانمانیان بدەمیّ . کەسێك لەو دەزگایە زۆر بیّ خێرو بەدفەڕبوو ، بانگی کردم وتی: تێبینیم کردووە تۆ لەو ئوتێلەی دادەبەزی داوای هیچ ناکەیت ، وتم:ئەریّ وەلاّ دەبەیەك ئاوچیە لەدەرەوە دەیکرِم بۆئەوەی پارە لەسەرتان نەکەوێت ،وتی: جا خۆئێمە پارەی تەواودەدەین وهەقی خۆتە خواردن و هەمووشت داوابکە، منیش ئیتر وام کرد، تومەزچالّی بۆهەڵکەندووم و لەکۆبوونەوەدا قائیمەکەی منی پیشانی ئامادەبووان دەدابۆئەوەی منی پێبشکێنیّ کەزیادە مەسرەف دەکەم.

ئەمە یانزەمانگێکی خایاند یەکەم رۆژی رەمەزان ئاگاداریان کردین کەئیتر هاوکاریمان ناکەن، ئەو هەواڵە وەك هەورەبرووسکە دای

لەتەوقی سەرم ، ساڵ ونیوێکە گەڕاومەتەوە لەئەمەریکاو بۆخۆم ناتوانم بچمە ژێرباری ئەو هەموو خەرجیەوە، نوێژی عەسرم کرد بۆئەو خۆبەخشانەی کاریان لەگەڵ دەکردین ، تومەز لەجیاتی چوار حەوت رکات نوێژم پێکردوون.

ئێوارەش لەماڵەوە کەچوومەوە میوانمان هەبوو لەداخی ئەوستەمەی لێم کرابوو ئاگام لەخۆم نەبوو ، کەنوێژی ئێوارەم کرد لەسوجدەدا ویستم دوعا لەوکەسەبکەم و وتم: اللهم اني اشهدك واشهد حملة عرشك وملائكتك وجميع خلقك ..ویستم بڵێم خۆت ئەزانی من ستەم لێکراوم وهەقم بسێنە لەوکابرایە، کەچی هات بەدڵما گۆڕیم و وتم:خوایە تۆ بەشایەت بە لێی خۆش بووم ولەدونیاوئاخیرەتدا هیچم لێی ناوێت.دوای نوێژەکە ئارامیم بۆهات .ئەو 24 کاتژمێرەی ئەو رۆژەی دواتر زۆرئاسوودەبووم، دەعوە دەعوەی خوایە بیەوێت بەردەوام دەبێت و نەشیەوێت بەردەوام نابێت ، دەبوایە لە پانزە رۆژدا ئەو پارەیە دابین بکەم، خوا شایەتە دوای ئەو بیست و چوار سەعاتە دوو دەوڵەمەندی میسری پەیوەندیان پێوەکردین یەکێکیان شەش سەدهەزار جونەیھ وئەوی دیکەیان چوارسەدهەزار جونەیھ

سپۆنسەریان کردین تائەو فیلمەی دەرمان کردبوو لە ولأتانی رۆژ ئاوا بلأوی بکەینەوە کەدەکاتە ملیۆنێك جونەیھ ، الله ئەکبەر ئەوە وانەیەك بوو بۆم وەك خوا بفەرمویێت تۆ کەریمی ئێمە کەریمترین ، تۆ لەوکەسەبوورایت ئێمەش وا ھەقمان بۆکردیتەوە لەکەمترین کاتدا وسوپاس بۆخوا وا چەندین ساڵە دەزگای پرد بۆناساندنی ئیسلام بەردەوامە لەخزمەتدا.

جائەوەی سەیرە ئێمە کەدەبوورین سوودمەند دەبین بەوەی کەئاسوودەیی دەروونمان دەست دەکەوێت، لەکاتێکدا خوای گەورە دەبوورێت و دەبەخشێت و ھیچیش لەموڵکی ئەو زیادوکەم ناکات(وَلَمَنْ صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ (43) الشورى ) ..

## چوارەم :راوێژکردن!!

ساڵی 2003 کەنیسەیەك لەنیوجەرسی لەئەمەریکا داوایان لێکردم وتاریان بۆبدەم ، بەمەرجێك باسەکەم لەسەر (نەخۆش و پیرو مردوو بێت )، لام سەیربوو ھیچ کەنیسەیەك کەجارێك وتارم بۆدابن

جارێکی تر بانگم ناکەنەوە ، باشە خێرە وائەمان داوادەکەن و باسەکەشیان دیاری کردووە.

من کەوتار دەدەم لەوشوێنانە عادەتەن باسی ئەرکانی ئیمان و ئیسلام و ئافرەت لەئیسلامداو بالاّ پۆشی و چەمکی جیهاد دەکەم .

دۆستێکم هەبوو نزیك لەوکەنیسەیە پێمووت هەواڵکم بۆ بپرسێ ،دوای 24 کاژێر پەیوەندی پێوەکردم و وتی: دراوسێیەکم هەیە هاتووچۆی کەنیسە دەکات دەعوەتم کردو لەمیانەی قسەدا تێگەیشتم کەجاری یەکەم وتارت بۆداون دوای دووسێ هەفتە دووکچ موسڵمانبوون و بووە بەکێشە لەگەڵ خانەوادەیانا، ئیتر سەرکۆنەی بەرپرسانی کەنیسەکە کراوە کە بۆچی کەسانی وەك تۆ بانگ دەکەن بۆ وتاردان ، گەنجەکانیش فشاریان لەسەردروست کردوون کەئەگەر ئەو بانگخوازە بانگ نەکەنەوە بۆوتار سەرناکەین بەکەنیسەدا..

ئەوەبوو لە مەبەستیان تێگەیشتم و زانیم بۆیە ئەو بابەتەیان هەڵبژاردووە تابمبەستنەوە وباسی ئیمان و ئیسلام نەکەم .

پرس و راویژم بەهەندێ لەدۆستانم کرد بەتایبەت دکتۆر تاریق ئەبو غەزالە کە پزیشکی دڵە لەئەمەریکاو بانگخوازە ، پلانێکمان دانا بۆ وتارەکەو چووم بۆ کەنیسە وتاربدەم، قەشەکە هاتە لام وتی: خۆدەزانی باسەکەمان چیە ؟ وتم: بەڵێ دەزانم لە بارەی نەخۆش و پیرو مردووەوەیە..وتی: زۆر باشە .

دەستم کرد بەوتارەکەم و وتم: لای ئێمە نەخۆش ئەرك و مافی هەیە ، مافەکەی ئەوەیە کەچارەسەر بکرێت (ئەی بەندەکانی خوا چارەسەروەرگرن هیچ نەخۆشیەك نیە خوا چارەسەرودەرمانی بۆدانەنابێت)، خواردنی بۆدابین بکرێت وەك خاتوو مەریەم کە حەزرەتی عیسای بوو پێی وترا ئەو قەدی خورمایە راوەشێنەو لەوخورمایەی دەکەوێتە خوارەوە بخۆ.

ئنجا باسی ئەوەم کرد کەئێمە بڕوامان بەخوایەکە کە پێغەمبەرانی ناردووەو پەیامی بەحەزرەتی جوبرائیلدا بۆناردوون و پێنج پێغەمبەری ئولی عەزم هەن کە ئەوەناوەکانیانە.

بەوەش ئەرکانی ئیمانم بۆباسکردن مایەوە قەزاو قەدەر وتم: نەخۆش کە زانی نەخۆشە نابێ ورەی بڕووخێت ، دەبێت بڕوای بەقەزاو

قەدەرهەبێت و ئەوەشم روون کردەوە ، پاشان وتم: نەخۆش ئەرکیشی لەسەرە کەدەبێت هەرچۆنێك دەتوانێت نوێژبکات ، بەوەش چوومە سەرباسی ئەرکانی ئیسلام..دیقەتم دا قەشەکە سوور هەڵگەڕابوو لەداخی قسەکانی من.

دوایوتارەکە کە رۆیشتمە لای سەیارەکەم قەشەکە هات بەدوامداو سوپاسی کردم .جا پەندەکە لێرەدا ئەوەیە بەهۆی بەرەکەتی راوێژکردنەوە من توانیم ئەوەی دەمەوێت بەجێی بگەیەنم ، بەداخەوە وا براوەتەمێشکمانەوە کەزانست و دونیا پێشکەوتووە بەهۆی فلأنە زاناو فلأنە زانا هەروەك ئەوەی کارێکی تاکەکەسی بێت ، وانیە ئەو پێشکەوتنانە بەرهەمی رەنجی کەسانێکی زۆرن کەتێکۆشاون ..قورئان بەئاشکرا جەخت ئەکاتە سەرئەو چەمکی راوێژەو دەفەرموێت(وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ–الشورى 38) (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ –159آل عمران).لەفەرموودەشدا هاتووە: لەگەڵ کۆمەڵدابن کە شەیتان لەیەکێکەوە نزیکەو لەدوانەوە دوورە ، هەرکەس ناوڕاستی بەهەشتی دەوێت بالەگەڵ کۆمەڵدا بێت..

**پێنجەم :دونیا هەمووی تاقیکردنەوەیە!!**

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت:دەوڵەمەندێکی میسری کۆچی دوایی کرد میراتێکی زۆری بۆمناڵەکانی بەجێهێشت ، پشتیان پێوەی نەیەشابوو هەموویان دا بەئاودا تەنها یەکێکیان نەبێت کە پارەکەی بەچاکی بەکارهێناو بازرگانیەکەی فراوان کرد لەمیسرو لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیاش کارگەی دامەزراند ، هاوسەرگیری کرد لەگەڵ کچی برادەرێکی باوکیا ، چەند ساڵ مناڵیان نەبوو ، پزیشکیش دەیووت هەردووکتان عەیبتان نیە ، وەرەم لەسەر رەحمی ژنەکەی دروست بوو بۆیان لابردو پزیشکەکان وتیان ئەو نەشتەرگەریە رێگرنیە لەمناڵ بوون ، مناڵی بلوریان تاقیکردەوە نەبوو ،پاشان دووجاری تر ئەو وەرەمانەی بۆدرووست بۆوەو لابرا ، پانزە ساڵ چاوەڕوان بوون ، کابرا حەزی دەکرد ئەو هەموو سەروەت و سامانەی بۆنەوەی خۆی بێت .

دواجار پزیشکێك پێی وتن :ئێوە هیچ کێشەیەکی مناڵ بوونتان نیە و تەنها ویستی خوایە ، بۆیە کارێکی خەیری بکەن وەك لانەیەکی مناڵی بێباوك بۆئەوەی بەبەرەکەتی ئەوە بتان بێت ، کابرا پیاهەڵشاخاو وتی:

**خوای چی و خێری چی ئەو سەروەت و سامانە بەرەنجی شان پەیامکردووەو خۆم و باوکیشم ماندووبووین لەپێناویدا. ئەوە بەدەست خوایە وانامداتیٚ.**

**گەشتیان کرد بۆمالیزیاو لەکۆشکێکی خۆیاندا مانەوە، پاش ماوەیەك ژنەکە پشکنینی کرد دەرکەوت سیٚ کۆرپەلەی کوڕ لەسکیدایە ، هاتنەوە میسرو چوونەوە لای هەمان پزیشك ئەویش وتی: بەڕاستی ئەم حاڵەتەی تۆ وەك موعجیزەیە.کابرا وتی: دکتۆر ئەوە نەپارەم خەرج کرد و نەهیچ وا سیٚ کوڕیشمان دەبێت ، وتی: دەی سوپاسی خوا بکە ، نەیکرد.**

**دووسیٚ هەفتەی نەبرد وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا تووشی داڕمانی ئابووری بوون وسۆهارتۆی سەرۆکی ئەندۆنیسیا دەستی لەکارکێشایەوە، ئەمیش تووشی زیانی گەورە بوو تەنانەت زۆر لە پڕۆژەکانی میسری فرۆشت بۆئەوەی قەرزەکانی دەرەوەی پڕبکاتەوە.**

**ژنەکەشی لەمانگی پێنجدا بوو پلەی گەرمی لەشی بەرزبۆوە بەهۆی کون بوونی ئەو کیسەی ئاوەی مناڵەکانی تیابوون ، بەپەلە بردیانە خەستەخانەی دەمەرداشی حکومی و ژنە برایە ژووری نەشتەرگەری**

و دکتۆر بەکابرای راگەیاند ، بۆسەلامەتی دایکەکە ئەبێت منالّەکان لەباربرێن و ئەگەرپێویستیش بکات ئەبیّ رەحمی لاببەین.

کابرا بەچۆکا هات و وتی: ئەی هاوار پانزەساڵە چاوەڕوانین ،زانی کەخوایە ئەوەی دابوویە لەماڵ سامان و منالّ لەماوەیەکی کەمدا هەمووی لێسەندەوە ، بۆیە رووی کردە ئاسمان و وتی: خوایە من ستەمم لەخۆم کرد..

بەڕاستی دونیا هەمووی تاقیکردنەوەیە بەبوون و نەبوون ، سوپاسگوزاری پێویستە بۆئەوەی نیعمەتەکانمان لەدەستمان نەچن ، بەسەرهاتی قارونەکان لێرەولەویّ دووبارەدەبنەوە و سەرەنجامیشیان تیاچوونە ، قورئان دەفەرمویێت(وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ (7)ابراهيم ).

**شەشەم:ئەوەیە بانگخوازی بلیمەت:**

بانگخواز فازیل سولەیمان دەڵێت: زستانی ساڵی 2009 لەزانکۆی ئۆکسفۆردەوە لەبەریتانیا بانگهێشت کرام بۆ بەشداری کردن

لەدیبەیتێکدا لەنێوان سێ هەڵگەڕاوە لەئیسلام و سێ موسڵماندا ، دیراسەی وەزعەکەم کرد:

1-عادەتەن ئێمە کەبانگهێشت دەکرێین هەموو خەرجیەکی گەشت و مانەوە لەسەر ئەو لایەنەیە کە داوەتنامەکەی ناردووە ، یەکێتی قوتابیانی موسڵمانیش پارەیان نەبوو ، بۆیە ناچار هەموو خەرجیەکان لەسەر ڕێکخراوەکەی خۆمان دەبوو.

2-شێوازی دیبەیتەکە وابوو کەهەر کەسێك تەنها دەخولەك قسەبکات و درێژیش ناکرێتەوەو کەسیش لەبەشداربووان ناتوانن کاتی خۆیان بدەن بەیەکتری.

3-لەدەخولەکدا هەریەك لەو مولحیدانە دەتوانن یەکی بیست گومان هەڵڕێژن لەسەر ئیسلام ، بۆوەڵامدانەوەی هەرگومانێکیش بیست خولەکمان ئەوێت لەبەرامبەردا.

4-دیبەیتەکە لە هۆڵێکی مێژوویی ئۆکسفۆردابوو کە ساڵی 1823 دروست کراوە واتە دووسەد ساڵێك لەمەوبەر.وەهەرلەسەرکلتوورە کۆنەکەی خۆیان مایك وبڵندگۆ بەکارناهێنن.

5–بەڕێوەبەری دیبەیتەکە لەبەردەمیا پەرداخێك هەیەو کات رادەگرێ ، هەرکە دەخولەکەکەتەواوبوو بەکەوچکێك ئەکێشێ بەپەرداخەکەدا.

6– زۆر لەبانگخوازان کەداوایان لێکرابوو لەبەرئەو وەزعەی باسم کرد بەشدارنەبوون.نەدەکرا بەشدارنەبم ، چونکە دیبەیتەکە بۆبەرگری بوو لەئیسلام کە بابەتەکەش ئەوەبوو: ئایا ئیسلام مەترسیە بۆسەر رۆژئاوا.

ئەوان ژەهری خۆیان رشت کەبەڵێ ئیسلام مەترسیە ، دوانەکەی ئێمەش وتیان :نەخێر مەترسی نیە ولەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە بۆی چوون بەتایبەت کەخۆیان بەریتانی بوون وموسڵمان بووبوون. سەرەهاتە سەرمن ، من لەشوێنی خۆم دانەنیشتم چوومە ئەوبەرەوە دوور لەبەڕێوەبەری دیبەیتەکە(کەئەوە لەنیزامیاندا ڕێپێدراوە)کەوتمە وەڵامی یەك گومان کە ئەویش جیهاد و تیرۆربوو ئەوەم روون کردەوە کە ئەو مولحیدانە بێئاگایی و نەزانی خەڵکی ئیستغلال دەکەن بۆئەوەی کە راستیەکان ئاوەژوو بکەنەوە.

ئنجا لەئەنتەرنێت زانیاریم لەسەر ئەو مولحیدانە کۆکردبۆوە ، یەکەمیان مامۆستایەکی زانکۆی قاهیرەبوو ڕێکخراوێکی درووست کردبوو بەناوی(عەرەب لەپێناوی ئیسرائیلدا) دووەم کچی لیوایەکی میسری بوو کە باوکی لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی بوو ، وەئیسرائیل لەرێی نامەی بۆمبڕێژکراوەوە شەهیدیان کردبوو، وە کەهاتبووە ئەمەریکا بۆئەوەی جنسیەی بدەنێ وتبووی باوکم تیرۆریستە ، جا ئەمەریکیەکان قبوڵیان نیە کەسێك بێ ئەمەك بێ وبێڕێزی بەرامبەر باوکی بکات، سێیەمیشیان کابرایەکی فەلەستینی بوو گوایە لە ڕێکخراوی رزگاری خوازبووەو بانکێکی لە بەیت لەحم تەقاندۆتەوەوئێستا تەوبەی کردووە ، سی ئێن ئێن یش پەیوەندی دەکەن بەوبانکەوە دەڵێت شتی وانەبووە، ئنجا لە چاوپیکەوتنێکی دیکەدا خۆی بەدرۆخستبۆوەو وتبووی: ویستوومە بیتەقێنمەوە مناڵی عەرەب لەوناوە بوون بۆیە نەمتەقاندۆتەوە .

ناچاربووم لە شەخسیەتی هەرسێکیان بدەم کەوتمە باسی ئەو شتانەیان ، بەوە فیلمم سوتاندن ، کەراپرسیان کرد 152 کەسیان دەنگیان بۆئێمەداو تەنها 48 کەس لایەنگیری ئەوانیان کرد، جا پەندەکەی ئەم

بەسەرهاتەمان ئەوەیە کە (لکل مقام مقال) هەرشوێنێك قسەی تایبەتی خۆی هەیە و ئەبێ هەڵسەنگاندن و خۆئامادەکردنی باشمان ببێت لەو کۆڕوکۆبوونەوانەدا..هەرچەندعادەتی من نیە بەرامبەر بشکێنم بەلاَم کەمی کاتەکە ناچاری کردم تا بێ ئەدەبیان بەرامبەر بەئیسلام نەکەن.

## حەوتەم:ئاساییە بێیتە دواوە:

دەساڵێك لەمەوبەر چووم بۆئەمستەردام لەهۆڵەندا بۆ کۆنفرانسێکی ئیسلامی ، لەچوونە ژوورەوەدا کەسێك کامێرەی لەگەڵ بوو خۆی ناساندکە حاخامێکی جوولەکەی مەسیحیە ، ویستی پرسیاربکات، وتم: ببورە ئێستا گونجاونیە وتارم هەیە دواتر لە ئوتێل لەخزمەتدا دەبم. برادەران کەزانیان وتیان:ئەوە کەسێکی دژ بەئیسلامەو باشتر وایە چاوپێکەوتنی لەگەڵ نەکەیت چونکە کلك وگوێی قسەکانت دەکات و بەخراپ بەکاری دەهێنێ ، وتم: جائێمەش تۆماری دەکەین ئەگەر شتی وای کرد نوسخەکەی خۆمان بلاَودەکەینەوەو فەزحی دەکەین.ئەوەبوو لەکاتی دیاریکراودا هات بەخۆی و کامێرەوە ، ئێمەش کامێرەمان دانا ، وتی: ئێوە تۆماری مەکەن من نوسخەتان

ئەدەمیٚ ،وتمان :شتی وانیە نەك دەستكاری بكەیت..پێی ناخۆش بوو ، دواتر ئێمە لـەیوتیوب ڤیدیۆكەمان دابەزاند و ، ئەو لـەداخا داینەبەزاند کەنەیتوانی دەستكاری بكات.

دوای ساڵێك شتێكی بلاٚوكردەوە كەسێك دانیشتووەو قورئانێكی لـەباوەشدایەو سەگ دێت دەمی لێئەدات. هەرلـەوماوەیەدا داوایان لێكردم بەشداربم لـەچادرگەی تازەموسڵمانبووەكانی هۆڵـەندا کەچووم هەمان كەس كەناوی(بینكۆك) بووهات و ویستی چاوپێكەوتنم لـەگەڵدا بكات ، منیش وتم: دوای تەواوبوونی چادرگەكە سەعات شەش من ئامادەم،دوای چەندرۆژ كەچادرگەكە تەواو بوو خۆی وستافی تۆماركردن هاتن ، دیاربوو رێیان دووربوو ، ئەیویست فلیمێك بەرهەم بهێنیٚ ئەوەی منیش بەشێك بوو لـەو كارەی ، كامێرەیان داناوئێمەش كامێرەی خۆمان دانا ، كەوتینە ئەوەی دەست پێبكات وتم: من پرسیارێكم هەیە ،وتی: فەرموو،وتم: فیلـمی ئەوسەگە كاری تۆیە ، وتی: بەڵیٚ ئێمە لـەهۆڵـەندا ئازادین و ئەوەش بۆئەوەی موسڵمانان بزانن قورئانەكەیان پیرۆزنیە..

منیش وتم: تۆبەوکارەت ئازاری من و ئامادەبووە موسڵمانەکانت داوە ئەگەرداوای لێبوردن نەکەیت چاوپێکەوتن ناکەم لەگەڵتا.

وتی: ئاخر چۆن و من پارەی زۆرم خەرج کردووە تاهاتووم، وتم: کەیفی خۆتە، نەیکرد چونکە دەیزانی تۆماری دەکەین و بلاّوی دەکەینەوە.ئنجا پێمووت: ئێمە خوا فەرمانی پێداوین لەهەرکوێ سوکایەتی بەئاینەکەمان بکرێت لەوێ دانانیشین ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا (140)النساء﴾ جا پەندەکە ئەوەیە هەرکات چاوپێکەوتنتان کرد بزانن ئەجینداو مەرامی بەرامبەر چیە لەو چاوپێکەوتنەدا ئەگەرخزمەت بوو بەئیسلام باشەو ئەگەر واش نەبوو ئاساییە بکشێنە دواوە.

## هەشتەم:جن چۆتە لاشەیەوە:

بانگخواز دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت:تەلەفونێکم بۆهات گوایە کچی برادەرێکمان جن چۆتەلاشەیەوەو ئەبێ هەموو بچین قورئانی بەسەردا بخوێنین ، وەلحاسڵ چووم و هەریەکەو قورئانێکمان گرت بەدەستمانەوەو قورئانمان خوێند، دواتر نوێژمان کرد بەجەماعەت لەدووەم رکاتەوە کچەکە کە لەدواوە لەگەڵ دایکی وخوشکەکەیدا نویژیان دەکرد لەگەڵمان ،کردی بەهاوارهاوارێك نەمانزانی چۆن نوێژەکەمان تەواوکرد، دوای نوێژ برایەك کەوتە قورئان خوێندن بەسەریاو بەحساب قسە لەگەڵ ئەو جنەدا دەکات چۆتە لەشیەوە، دەیووت: تۆ کێیت ؟

دەنگێکی گڕی پیاوانە لەکچەکەوە دەهات دەیووت:من جنێکی یەمەنم وموسڵمانم و ئەم کچەم خۆش دەوێت . برادەرەکە وتی: وەرە دەرەوە ئەگینا دەتسوتێنم ، دواتر کەوتە پیاکێشانی کچەکە بەحساب لەجنەکە دەدات ، ئەو داماوە شل کوت کرد، ئافرەتە مات بوو ، ئیتر نازانم بوورایەوە یان چی..هەموو بۆئەوەی نەجاتمان بێت ، وتمان:

پیرۆزبێت وادەرچوو هەرچەندقەناعەتیشمان نەبوو بەوەزعەکە.دواتر بردیانەلای پزیشکی دەروونی وسوپاس بۆخوا چاك بوو.

لەم بارەیەوە ساڵی 2002 لەمزگەوتی دار الهجرە لەئەمەریکاداوای وتاریێکیان لێکردم ،منیش وتم:ئێمە شتێکی کەم دەزانین لەبارەی جنەوەو ئیرادەیان هەیەو نابینرێن و...هتد.

ئەگەر شەرع حسابی بۆ ئەو حاڵەتە بکردایەوهەبوایە یەك تۆڵەسەندنەوەو قصاص جێبەجێ نەدەکرا ، تاوانبارو بکوژ لەدادگا دەیانووت: جەنابی دادوەر من بەدەست خۆم نەبووە و جن هاتۆتە لاشەمەوەو ئەو ئەم کارەی پێکردووم.

برادەرێکمان لەئەهلی مزگەوت پێشانگای ئوتومبیلی هەبوو ، رامسپاردبوو بۆ سەیارەیەکی باش ، دوای نوێژ بەیەکەوە چووینە پیشانگاکەی سەیارەیەکی کادیلاکی پاکی 1997 ی بۆپەیداکردبووم بەدڵم بوو کڕیم ، زۆر دڵم پێی خۆش بوو لێم دەخوڕی گوێم لەدەنگە هەناسە وەرگرتن و دانەوە بوو ، سەیری دواوەم کرد هیچ دیارنەبوو ، بەڕاستی ترسام ،وتم:بەخوا رەنگە ئەوە جن بێت هاتبن هەقم لێبکەنەوە، گەڕامەوە لای برادەرەکەم وتم: سەرت بهێنە

ژوورەوە گوێت لەو هەناسەدانەیە ؟ وتی: بەڵێ ، پێکەنی ودەستی نابەدوگمەیەکداونەما، وتی:سواری سەیارەی بەرزی کادیلاك بوویت و دەستت ناوە بەودوگمەیەدا ئەوە مەساج بۆکورسیەکەی دواتەوە دەکات، ئەوەش دەنگی مەساجی کوشنەکەیە..

پاش چەند ساڵێك هاتمەوە میسر پاسەوانی عیمارەکەمان ڕۆژێ شپرزبوو مۆڵەتی خواست وتم: چیە ؟ وتی: ژنەکەم جن چۆتە لەشیەوەو بەفەڕەنسی قسەدەکات، وتم: جا فەڕەنسی دەزانن تۆو ئەو وتی:نەوەڵا .. بەهەرحاڵ بردبوویەوە لای پزیشکێکی دەروونی بەدەنکێك حەبی بچووك چارەسەری کردبوو.

برادەرێکم لە کۆلێژی ئەندازیاری بوو نەیدەخوێند وحەزی پێی نەبوو ، دایکی دەیووت:کوڕەکەم جن چۆتە لاشەیەوە!!

جابەڕاستی ئەو حاڵەتانە هەن و زۆر هۆکار وادەکات بڵێین جنە ، بەڵام کێ دەڵێ وایە ؟ راستە قورئان بەرەکەتەو قورئان شیفایە ، بەڵام کێ دەڵێ پەیوەندی بەجننەوە هەیە؟هەروەك مەسەلەی بەچاوەوە بوون ، راستە هەیە بەڵام کێ دەتوانێت لەسەدا سەد بڵێت ئەو حاڵەتە جیننە یان بەچاوەوەبوونە؟؟

دكتۆر تاريق سوەيدان و ژمارەيەكی زۆری زانايانيش قەناعەتيان بەوەنيە جن بچێتە لاشەی مرۆڤەوە ، لەم لاشەوە كەسانێك هەن كاری لەسەردەكەن و هەندێكيش نانی پێپەيدادەكەن، يەكێك هەيە لەولاتی خۆمان دەڵێت :بۆخوا دەيكەم پارە وەرناگرم ، كەچی بۆی دەنووسێت لەدوكانی براكەی كيلۆيەك هەنگوين بكرێت بەحساب ئەسڵە وئەويش شيفايە ،رێك لەو كيلۆ هەنگوينە حەفتا هەزار قازانج دەكات،خوا نەيبرێت باشترين دكتۆريش هەقی عيادەكەی ئەوەندەنيە!!

منيش دەڵێم هەرچی بێت و هەرچۆنێك بێت ، خوێندنی قورئان و ويردەكان وەك شوراوقەلاّن كەبەئيزنی خوا دەمانپارێزن لەهەموو بەلاّيەكی ئەرزو ئاسمان باكەمتەرخەمی تيا نەكەين.

## نۆيەم: لەهەموودەرگاكان بدە!

دكتۆر فازيل سولەيمان دەڵێت : خۆشترين كاتەكانی ژيانم ئەوكاتە بوو كەلەمزگەوتی (دار الهجرە)بووم لە واشنتۆن ، لەمزگەوت لەليژنەی كۆكردنەوەی كۆمەك و هاوكاريدا بووم  هەرجارەو بۆشتێك ، ئيتر

هەرکەسەو بەپێی قەناعەت و گیرفانی خۆی بڕێك پارەی دەخستە سەر حسابی بانکیمان، ئەوەی بەلامەوە سەیربوو دکتۆر ئەحمەد قازی رەحمەتی بوو کەقوتابی پێشەوابەننابوو خوالێی خۆش بێت(وەسەرۆکی پەیمانگای الطب الإسلامي بوو لەئەمەریکاو ئەو توانی بیسەلمێنێت کە رەشکە بەرگری لەش زیاد دەکات).

دکتۆر هەموو جارێك دە دۆلاری دەبەخشی جاری واش هەبوو هەزار دۆلاری دەبەخشی ، رۆژێك لەدوای نوێژ لەو بارەیەوە لێم پرسی کە بۆ وادەکات، ئەویش وتی:لەپێشەوا بەنناوە فێربووم کەلەهەموو دەرگایەك بدەم، ئەگەر ئەوەی پارەی بۆکۆدەکەنەوە قەناعەتم پێی بێت هەزار دۆلار دەبەخشم ئەوانەش کە قەناعەتم پێیان نیە هەر چۆنێك بێت دە دۆلار دەبەخشم بۆئەوەی بەشم تیایانا هەبێت ئەگەر کەمیش بێت ، کێ ئەڵێ خوا بەوە لێم خۆش نابێت.

بەڕاستی ئەوە وانەیەکی مەزن بوو بۆمن ، ئێمە کە بڕوادارین بڕوامان بەغەیبە ، غەیبیش شتێکە لەسەروو عەقڵەوە ، جا مەرج نیە ئەوەی عەقڵمان پێمان دەڵێت سەد دەرسەد وابێت ، دەبێت وەك شافیعی بین خوالێی خۆش بێت کەدەیووت: رای من راستەو ئیحتیمالێکیش هەیە

هەڵە بێت ، رای بەرامبەرەکەشم هەڵەیەو ئیحتیمالێکیش هەیە راست بێت ، جا دکتۆر ئەحمەدقازی راستە بەعەقڵ مەزەنەی ئەو بەخشینە دەکات کەئەمەیان باشەو ئەوەیان کەمتر باشە ، باشە ئەگەر عەقڵی نەیپێکا، بۆئەمە شتێکی کەمی دەبەخشی بۆئەوەی لەهەموو دەرگایەکی خێربدات بۆقیامەتی....وێنەی دکتۆر ئەحمەد قازی



## دەیەم: دیکتاتۆرەکان:

دیکتاتۆرەکان کار لەسەر ئەوە دەکەن کە برا بەسەربراو باوك بەسەر ئەولادەوە بکەنە سیخورٍ ، هیتلەر ساڵی 1933 دەسەڵاتی گرتە دەست و ساڵی 1945 خۆی کوشت.هیتلەر وای لەئەڵەمانیەکان

کردبوو کەسیخوڕی بەسەریەکەوە بکەن و کەس متمانەی بەکەس نەبێت.

هیتلەر خەڵکانی زۆری لەپیرو پەکەوتەی گەلەکەی و جوولەکەو قەرەج و نەتەوەکانی تری بەغاز لەناوبرد،باشەچۆن توانی قەناعەت بە ملیۆنەها ئەڵمانی بکات کە ئەوەی دەیکات راستەو بەرگری لێبکەن؟

یەکەم :لەرێی راگەیاندنەوە کە رەش دەکەن بەسپی وسپیش بەڕەش .

دووەم: بەترساندن .

دیکتاتۆرەکان وادەکەن کەهەستی نەتەوایەتیو نیشتمان پەروەری بخرۆشێنن لای گەل و وایان تێبگەیەنن کە حاکمەکەیان یانی نیشتمان و تیاچوونی یانی تیاچوونی خاك و وڵات.کەئەمەش هەمان سیاسەتەکەی فیرعەونە ﴿قَالَ الْمَلَأُ مِنْ قَوْمِ فِرْعَوْنَ إِنَّ هَذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ ، يُرِيدُ أَنْ يُخْرِجَكُمْ مِنْ أَرْضِكُمْ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ (110)الأعراف﴾، ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِي أَقْتُلْ مُوسَى وَلْيَدْعُ رَبَّهُ إِنِّي أَخَافُ أَنْ يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَنْ يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ (26) غافر ﴾راگەیاندنەکانی فیرعەون دەیانووت: ئەی میللەتی

قارەمان و بەشەرەفی میسر ،واموسا دەیەوێت: خاکوئاووئاینتان بخاتە مەترسیەوە ، فەرمانتان بەچیە؟؟ئەمەش بۆئەوەی بڕیاری لەناوبردنی موساو بەنی ئیسرائیل ببێتە بڕیاری میللەت .

ئەڵمانیەکان وانەیان لەشکستەکەیان وەرگرت لەقۆناغەکانی خوێندنیاندا جەخت دەکەنە سەر ئەو هەڵانەی کە باووباپیریان کردوویانە تا دووبارە نەبنەوە و وازیان لە دێواندنی دەسەڵات و وگەوجاندنی میللەت هێناوە و میرکلی سەرەك وەزیرانیان زۆر سادەیەو چەندەها ساڵە بەجۆرێك جلەوە دەردەکەوێت ، لێیان پرسی بۆهەرئەو جلانە دەپۆشیت لەکاتێکدا ئافرەت حەزی بەجلی جوانە بەتایبەت دەسەڵاتداریش بێت، ئەویش وتی:من هاتووم خزمەت بەگەلەکەم بکەم ونەهاتووم نمایشکاری جل بم.بەوە ئێستا ئەڵەمانیا چوراەم ئابووری جیهانە.

لای خۆشمان هەمان تاس وحەمامەو پاش نزیکەی سی ساڵ گەندەڵی دەوترێت ئەمانە نەبن کوردوکوردستان ئاو دەیبات وبەغداوداعش وماعش دەمانخۆن ، پەرلەمانتارمان لێ پەیدا دەبێت بەدەمی خۆی دەڵێت چوار ساڵ هەررۆژەو بەپارەی میللەتی برسی بەرگێکی

پۆشیوەو هەرگیز جلی دووبارەی لەبەرنەکردووە!جا کەنابێت بڕوادار لەکونێکەوە دووجار ماربیگەزێ ،لای ئێمە نەك دووجار سەدان جاریش بیگەزێ زۆری ئەوخەڵکە عیبرەت وەرناگرێ.




**یانزەیەم :تکایە بەفەتواکەدا بچنەوە:**

بانگخواز فازیل سولەیمان دەڵێت:ساڵی 2014 فیلمێك لەلەندەن نمایش کرا لەسەر حەزرەتی نوح سەلامی خوای لێبێت کە هەندێ ناهەقی تیابوو بەرامبەر گەورەمان نوح ، کە رووەکی بووەو گوایە گۆشتی نەخواردووە ، کە بەخەنجەرێکەوە رادەکات بەداوی

بوكەكەیدا تا كۆرپەكەی كەیەك رۆژە لەدایكبووە بیكوژێت ... هتد.
ئەوە زۆر بێتاقەتی كردم ، دیارە پێشتر بەهەمان شێوە لەسەر حەزرەتی موسا سەلامی خوای لێبێت فیلم دەركراو ئنجا لەسەر خۆشەویستیشمان سەلامی خوایان لێبێت، كەئەوەش بووە هۆی ئەوەی موسڵمانان خۆپیشاندانی نارەزایەتی بكەن.مەسیحیەكان لەسەر حەزرەتی عیسا سەلامی خوای لێبێت فیلمیان بەرهەمهێنا وتوانیان خەڵكانێكی پێرابكێشن بەرەو مەسیحیەت هەرچەند ئەویش لەلای ئێمەی موسڵمان زۆری هەڵەی مێژوویی تیابوو.

پێش ئەوەی گلەیی لەوان بكەین دەبێ گلەیی لەخۆمان بكەین ،كوا درامای ئیسلامی ، ئنجا فەتوایەك درا لەسەر دەرنەخستنی هاوەڵان و پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت ، لەژێر رۆشنایی (سد الذرائع) واتە :رێگریكردن لەوەی شتێك بروات بەرەو حەرام، ئەوەش لەبەرئەوەی كە بەداخەوە زۆربەی ئەكتەرەكان پابەند نین بەئیسلامەوە وكە لێرە رۆڵی هاوەڵێك ببینن ، لای ئێمە وێنەكەیان لەمێشكا دەچەسپێت و دواتر لەرۆڵێكی نەشیاودا بیابینین كاریگەری خراپی دەبێت.

وردەوردە رۆڵی هاوەڵان بینرا وەك زنجیرەی حەزرەتی عومەر کەمن هەموویم تەماشا کرد بەراستی بەسوودبوو،بەڵام دەرنەخستنی خۆشەویستمان (صلی الله علیه وسلم) بۆنموونە:کە ئەبوبەکرو عەومەر ئەچنە لای وقسەی لەگەڵ دەکەن، دوایی دێنە دەرەوەو ئەڵێن: خەڵکینە پێغەمبەری خوا وای فەرموو، ئەمە راست نیە چونکە سەروەرمان راستەوخۆ ئەو قسانەی بۆهاوەڵان کردووە ئەوە راستیەکە ئەشێوینێت ، دیارە بۆدەرنەخستنی سەروەرمان دەرهێنەر ناچاربووە ئەوکارەبکات، من دەڵێم راستە نابێت سەروەرمان و پێغەمبەران کەس رۆڵی ئەوان ببینێت ، بەڵام لەبەر لایەنە مێژوویی و راستی مەشهەدەکە هەق وایە رێبدرێت دەرهێنەرەکان کەسێك پیشان بدەن قسەکان بکات و دەموچاوی دەرنەخرێت .

سەیرکەن چیرۆك چەندکاریگەری هەیە سەروەرمان(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی :خۆزگە حەزرەتی موساسەلامی خوای لێبێت ئارامی بگرتایە تا پیاوە ساڵحەکەچەند مەشهەدێکی تری پێشکەش بکردینایە دیارە بۆئەوەی زیاتر سوودی لێببینرێت.

بەراستی هەقە ئوممەتی ئیسلامی لـەسەرتاسەری جیهاندا درامای بەسوود بەرهەم بهێنن ، هەروەك چۆن مستەفا عەقاد ریسالـەو عومەرموختاری بەجوانترین شێوە بەرهەمهێنا کەبەداخەوە بەناهەق خوێنیان رشت ونەگەیشت بەوەدا کەئاواتەکەی بهێنێتەدیو فیلـمێکی مەزنیش لـەسەر سەلاحەدین بەرهەم بهێنێت.

## دوانزەیەم: نانی حەلاڵ

بانگخواز دکتۆر فازیل سولـەیمان دەڵێت: ساڵێکیان کەچووم بۆحەج زانایەك تەلـەفونی بۆکردم کەسەردانی بکەم، کەچووم کوڕێك لای دانیشتبوو ، وتی: باوکی ئەکوڕە دەچێت بۆحەج بەڵکو ئاگات لێی بێت و هاوکاری بکەیت ، کوڕەکەشی دێت بۆحەج بەلاّم ئەو بەرێگای وشکانیدا دێت نەك بەفڕۆکە. رۆژی سەفەرەکە هات و باوکی لـە فڕۆکە خانە پێناساندم ، کاتێك پەساپۆرتی تەسلیمکرد بۆ ئەوەی بیتاقەی تەیارەکە وەربگرین دامەوە دەستیوهەڵی گرت ، کەچووینە شوێنی لێدانی مۆری دەرچوون ئەفسەرەکە وتی: پەساپۆرتەکەت، بەمنی وت: ئەی نەمدا بەتۆ، وتم:ئەی نەمدایتەوە

،گەڕاین لەپێشی جانتاکەیدا دۆزیمانەوە.لەجەددەش هەمان بەزمی پێکردین، لە مەککە ئیحراممان بەستبوو هەرجانتامان دانا لەئوتێل چووین بۆتەواف،هەستم کرد شتی سەیر دەڵێت هاوار بۆ حوسەین (خوا لیی رازی بێت) دەبات..

لەشوققەیەکدا بووین ژوورێك پیرەکانی تیابوو ، ژووررێکیش گەنجەکان ، لەگەڵ پیرەکانی ئەو ژوورە راهات و دەچوون بۆنوێژ ، رۆژێك دوای دووسەعات هاتەوە تومەز ون بووەو بەهۆی باجەکەی ملیەوە پۆلیس هێنایەوە.

پێموت: بیٚ ئەوباجە نەچیتە دەرەوە ، رۆژێك هەرنەهاتەوە کەسەیردەکەم نە باجی بردووەو نەپارەو نەتاقمی دانەکەی ، پێنج رۆژ شوێن نەما بەدوایدا نەگەڕێم ، بەکورەکەیمان وت ئەویش هات و پاشان کورێکی تریشی هات بەماڵ ومناڵەوە کەلەسعودیە دائەنیشتن ئەوانیش کەوتنە گەڕان،تێر لۆمەیان کردم ،کەدۆزیمانەوە دەکیلۆی کەمکردبوو چونکە لەئاو زیاتر هیچی نەخواردبوو ، وتمان لەکویٚ بووی تومەز لەخۆیەوە سواری پاص بووە بەخەیاڵی قاهیرەوەوهیچیشی پێنەبوو بوو بیهێننەوە..

دیسان هەردوو کوڕەکەی چوون بەلای حەجەکەیانەوەو بەسەرمندا بەجێیان هێشت ، ئێ باشە ئەمە حەجی لەسەر نیە ، تووشی لەبیرچوونەوە دەبێت ، ئنجا نەمزانی بۆکوڕەکانی گوێیان پێنەدەدا..ناچار خۆم و ئەوانەی لەگەڵمانا بوون چاومان لێ غافڵ نەدەکرد، بەڕاستی حەجەکەی لێ تێکدام ، کەگەڕاینەوە لەفڕۆکەکەدا لێم پرسی :کاك حاجی جەنابت چ کارە بووی ؟

وتی: لەگەڵ فلأنەسەماکەردا کارم دەکرد..ئنجا تێگەیشتم کەتا بینەقاقای لەحەرامدا بووەونانی حەرامی دەرخواردی منالەکانی داوە، دیارە ئەوانیش ئاوادەبن بۆی..

جا نانی حەلأڵ مەسەلەیەکی زۆرگرنگە لەئیسلامدا بۆخۆمان و ماڵ ومناڵمان و سەروەرمان(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: حەلأڵ بخۆ دوعاکانت وەردەگیرێن و خوا دەست نانێت بەڕووتەوە.. قال صلی الله علیه وسلم (الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلى السَّماءِ، يا رَبِّ، يا رَبِّ، ومَطْعَمُهُ حَرامٌ، ومَشْرَبُهُ حَرامٌ، ومَلْبَسُهُ حَرامٌ، وغُذِيَ بالحَرامِ، فأنَّى يُسْتَجابُ لذلكَ) مسلم ...

**سیانزە : داردرا بەرۆحما..**

بانگخواز دکتۆر فازیل سولـەیمان دەڵێت: پێش یانزەی سێپتەمبەر نامەم دەنارد بۆکەنیسەو زانکۆو ڕێکخراوەکان کە ئەگەربیانەوێ وتاریان بۆبدەم، لـەسێ چوارمانگدا داوای وتارێکیان دەکرد ، بەڵام دوای یانزەی سێپتەمبەر داواکاریەکان بەجۆرێك زۆربوون، ڕۆژی واهەبوو سێ چوار وتارم دەدا بۆ ڕوون کردنەوەی ئیسلام ، ئەزموونێکی باشم بۆدرووست بوو ،وردە وردە دڵـم بەخۆم خۆش کرد ، تووشی جۆرێك لـەخۆبایی بوون بووم ، خۆمم لێ بوو بەشت ، خوای گەورەش ئاگای لـەدڵـەکانە داری دا بەرۆحما و وشیاری کردمەوە ، ڕۆژێك دەمویست بچم بۆزانکۆی ئەمەریکی وتاری ڕۆژی هەینی بدەم، دزداشەی سپیم لـەبەرکردبوو ئاوی چاوی دەبرد ، بۆنم لـەخۆم دابوو ، لـەمەصعەدەکەدا کەسێکم بینی دائەبەزی .

وتی: خەڵکی کوێیت ؟

وتم: بەهەشت ، وتی: گاڵتە دەکەیت ؟

وتم:نا بەراستمە باپیرە گەورەم و دایەگەورەم لەبەهەشت زەواجیان کردووە .وتی:دەی کەوایە منیش هەرخەڵکی ئەوێم، وتم:کەواتە من و تۆ براین ..خۆی ناساند کە مارێنزەو لە بەحریەی ئەمەریکی لەعێراق کاردەکات و بەئیجازە هاتۆتەوە،وتم ئەگەرکاتت هەبوو سەردانم بکە لە نووسینگەکەم لەخزمەتتا باسی ئیسلامت بۆبکەم، وتی: ئێستا کاتم هەیە ، لەگەڵما هات بۆ زانکۆی ئەمەریکی و لەسەیارەکەمدا هەندێ قسەمان کرد لەبارەی بۆش و جەنگی عێراق و ئەو شتانە ، وتارەکەم داو ئەویش لەدواوەی مزگەوتەکە گوێی دەگرت ، دوای نوێژەکە ئەو پرسیارانەی کردی زۆربەی لەبارەی نوێژەوە بوو ، وەڵامم دایەوە .

وتی:من یەك كێشەم هەیە لەموسڵمابووندا ناتوانم فێری عەرەبی ببم و نوێژ بەعەرەبی بکەم.

وتم: جائەوە ئاسانە ملیۆنەها کەس پێش تۆ فێربوون بەئاسانی ، هەمووی حەوت رستەی کورتە بە پانزەخولەك فێرت دەکەم، لەنووسینگەکەم شایەتمانی هێناو خۆی شت و ، کاتی نوێژی ئێوارەبوو

لەسەیارەکەمدا چی خەریکبووم لەگەڵی پانزە خولەك زیاتر یەك وشە فێرنەبوو ،دابەزین لەمزگەوت وتی: فێربووم ؟

وتم: نەوەڵا ، دوای نوێژ نەمدیەوە ..تووشی شۆك بووم زانیم ئەوە ئاگادارکردنەوەی خوابوو ، من خۆم لێبووبوو بەشت بەبێ ئەوەی بزانم تاچەند دەتوانیّو ئامادەیی هەیە وەمزانی دەتوانم فێری عەرەبی و فاتیحەی بکەم بەچارەکێك ، ئێ با بموتایە هەفتەیەك چی دەبوو؟

ئنجا خوا سەیری دڵ ونیەت دەکات، بەراستی تەوفیق لەخواوەیە ، ئەمە بۆم بوو بەدەرس کە جارێکی دیکە وانەزانم منم مایەی هیدایەت ، نا هیدایەت لەخواوەیەو دڵەکان ئەو دەیانگۆڕێت..

## چواردە: ئاریوسیەکان موسڵمانن:


دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت:ساڵی 2009 قەشەیەکی گەورەی قیبتیەکانی میسر وتی: موسڵمانان لەمیسر میوانن،ئەمە پەرچەکرداری زۆری بەدوای خۆیدا هێنا ، منیش وەك وەڵامێك بۆئەوە نامەی ماستەرەکەم تایبەت کرد بە باسی ئاریوسیەکان لەمیسر ودواتر چاپمان

کرد بەناوی ( ئەقباتەکان موسڵمان بوون پێش پێغەمبەر) ،ئەم کتێبەم پڕفرۆشترین کتێب بوو لەوساڵەدا لەپێشانگای کتێبی قاهیرە .بزنس مانێك سێ هەزارنووسخەی کڕیو  بە بێ بەرامبەر بەخشیەوە تا خەڵکی هوشیاربینەوەو باشتر لەراستیەکان بگەن.

ئاریوسیەکان کەشوێنکەوتەی زانای ئایینی مەسیحی ئاریۆس بوون ، دژی هاوەڵ دانان و سێ خوایی و لادانی مەسیحیەکان وەستانەوە ، تووشی سزاو ئازاری زۆربوون لەلایەن رۆمەکانەوە کە حاکمی میسربوون و کاسۆلێك بوون.ژمارەیەکی زۆریان لێ شەهید کردن و ئەو سەردەمە ناودەبرێت بەسەردەمی شەهیدەکان.

جا کەئیسلام هات ئەمانە پەیوەندیان هەبووە لەگەڵ سەرووەرمان و هاوەڵان و پاشان خولەفای راشیدیندا ، وەئەمانە کە خەڵکی میسرن بەویست و ئارەزووی خۆیان موسڵمانبوون وهاتنی ئیسلامیان پێخۆش بووە تالەستەمی رۆمەکان رزگاریان بێت.

ئەڵێن لەبەر جزیە موسڵمانبوون، ناوانیە ، ئەوەی موسڵمان دەبێت راستە جزیە نادات بەلام دەبێت زەکات بدات.




جائەوانەی کەبەراستی مەسیحی بوون وئیمانیان بە پێغەمبەریێتی حەزرەتی عیسا هێنابووسەلامی خوای لێبێت لەخەڵکی رەسەنی میسر هەر بەموسڵمان دادەنرێن ، کەواتە ئیسلامەتی هەبووە پێش هاتنی سەروەرمان (صلی الله علیه وسلم) لەمیسردا، جائەوانەش کاتێك لەتاو ستەمی رۆمە کاسۆلیکەکان باوەشیان بۆئیسلام کردەوە ، ئیتر بۆئەبێت ئیسلامەتی وموسڵمانان میوان بن لەمیسردا..بەداخەوە کاسۆلێکەکان دەسەلاتداربوون و یەکتاپەرستەکانیش چەوساوە ، بۆیە

مێژووی ئاریوسیەکان شێوێنراوە ، ئەگەر سەیری قورئان بکەین باسی مەسیحیە باشەکان دەکات کەئەوانەن باسمان کردن، باسی ئەوانەش دەکات کە بەناو مەسیحین و لەرێبازی حەزرەتی مەسیح و یەکتاپەرستی لایان داوە.

## پانزە : عەقڵ وپەیامی ئاسمان:

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت:خوای گەورە عەقڵی داوە بەمرۆڤ تابەکاری بهێنێ و بیری پێبکاتەوە و چل و نۆجار باسی عەقڵ کراوە لەقورئاندا،مرۆڤ بەهۆی بیرکردنەوەو عەقڵەوە گەیشتۆتە ئەو پێشکەوتنەی ئەمڕۆ ، خوای گەورە زیاد لەنیعمەتی عەقڵ رێنمایی خۆشی ناردووە بە هەزاران لەهەڵبژاردەکانی خۆیدا سەلامی خوایان لێبێت تا رێگا بۆعەقڵ و ژیری مرۆڤ رووناك بکەنەوە.

لەئیسلامدا ئەوەی هەوڵی فێربوون و گەیشتن بەراستیەکان بدات و(طالب العلم) بێت مەنزیلەی خۆی هەیەو ، ئەوەی ئیجتیهادیش بکات راست بوو دوو پاداشتی بۆهەیەو هەڵەشی کرد هەقی

هەوڵەکەی یەك پاداشتی بۆدەنووسرێت ،هەرلێرەشەوەیە کەزانایانمان لەبواری فیقهدا بۆچوونی جیاوازیان هەیەو هەموو هەوڵەکانیشیان بەرز دەنرخێندرێن.

ستیڤ هۆیکینگ زیرەکترین زانایە لەمێژوودا ئەوەبوو تووشی نەخۆشیەك بوو کە تەنها بەچاو دەیتوانی لەرێی کۆمپیوتەرێکی تایبەتەوە ئەوەی دەیەوێت بیگەیەنێت ، ناوبراو زانستی لاهەموو شتێك بوو ، بەلاَم زانست بەبێ پەیامی ئاسمان نەیتوانی بیگەیەنێتە مانا و ئامانج لەژیانی ئەم دونیایە ،لەچاوپێکەوتنێکدا لێیان پرسی تۆ بێباوەڕیت ؟وتی: رەنگە خوایەك هەبێت بەلاَم زانست دەتوانێت تەفسیری هەمووشتێکمان بۆبکات ، لەبارەی تەندروستیەوە لێیان پرسی، وتی:پزیشکەکان دووساڵیان بۆداناوم..کەچی خوا پیشانی دا کەزانست پەی بەهەموو شتێك نابات ودەساڵ دوای ئەو قسەیە ژیا.

ئەم زانایە هەڵوێستێکی جوانیشی هەبوو ،زانکۆیەکی ئیسرائیلی ویستی خەلاَتی بکات ، ئەویش قایل نەبوو بچێت وەری بگرێت چونکە ئەوان داگیرکەرن.

**شانزە:پەروەردەی ئەرێنی بەبێ ئامۆژگاری وسزا دان:**

ساڵی 2008 بانگكرام بۆ ئێوارە خوانێك لـەماڵێكی دەوڵـەمەند لـە قاهیرە ، سەرنجم دا فلیپینی زۆری لیبوو ، وتم: ئەمانە چی دەكەن لێرە ، خاوەن ماڵ وتی: ئەوە هەرماڵـەو لـەگەڵ خۆیا فلیپینیەكەشیان هێناوە ، ئەوە من كوڕو كچێكم هەیە یەكی فلیپینیەكم بۆداناون تا هەموو پێداویستیەكانیان بۆدابین بكەن..

وتم:بەڕێزتان لـەسەر پەروەردە دەخوێنیتەوە؟

وتی: بەڵێ .

وتم : پێم باشە كتێبی (ئاوا عەلی تەنتاوی باپیرم پەروەردەی كردین) بخوێنیتەوە كەكچەزایەكی شێخ عەلی نووسیوویەتی.

ئەو كتێبە لـەماڵی برادەرێكم لـەئەمەریكا دەستم كەوت وخوێندمەوە زۆرسوودم لێبینی وتێگەیشتم كەئێمە دەبێت دایك وباوكەكان پێش منالـەكانیان بەباشی پەروەردەبكەین.

بۆنموونە: شێخ عەلی نەوەکانی لەدەوری خۆی کۆدەکردەوەو قەڵەم وکاغەزێکی دەگرت بەدەستیەوە و دەیووت: منالّینە پێم بلّێن : بەچی باپیرەتان بێتاقەت دەبن ، کەموکوڕیەکانی خۆم پێبلّێن باچاکی بکەم، ئیتر بەپێی عەقڵی خۆیان هەریەکەو شتێکی دەووت وئەمیش بەڕوویەکی خۆشەوە دەینووسین.ئەمە وایلێکردن کە گەورە بوون رەخنەیان قبوڵ بێ، وەبگەڕێن بەدوای کەموکوڕیاندا تاچاکی بکەن، خۆدیارە کەسیش بەندەی بێ عەیب نیە.

شێخ عەلی شیرینیەکی دەهێناو ئەیکرد بەچەند بەشی وەك یەکەوەو دانەیەکیشی بەگەورەیی ئەهێشتەوە، ئنجا ئەیووت: هەرکەسەو دانیەك هەڵبگرێت ، ئەوەی دەستی ببردایە بۆ گەورەکە بەچاو تێی دەگەیاند کەنابێ و هەڵەیە تا فێرببێ کەنابێ خۆی جیابکاتەوە ، رەوشتێکی جوانە .

ساڵێکیان لەحەج لەخێمەیەکدا هەشت کەس بووین تەنها من گەنج بووم ، هەمووی لەسەر فەرشەکە راکشابوون ، ئیسفنجێکیان لەخێمەیەکەوە بۆهێناین زیادبوو ، سەیرم کرد کەس لەسەری نەخەوت، وتم: بۆکەس لەسەری ناخەوێ ؟

یەکێکیان وتی: کەس حەزناکات خۆی جیاکاتەوە.

ئنجاکەمیوەو شت بهاتایەو هەریەکەو بەشی خۆی هەڵگرتایە دانەیەك کەئەمایەوە نەوەکانی ناویان نابوو (دانەی پیرۆز) هەریەکەیانی واپەروەردەکردبوو کەدەستی بۆنەبات تا یەکێ لەبراوخوشکەکانی بیخۆن ، بەمەش فێری خۆنەویستی دەکردن، جا پەروەردەی ئەرێنی بەبێ ئامۆژگاری سزادان وایە و، بەشێوازی کرداری دەبێت پەروەردە بکەیت ، وە بەها باڵاکانیان لاخۆشەویست بکەیت.

بۆدەرۆژ ماڵی براکەم سەردانیان کردین لەئەمەریکا، رۆژێك کچە بچووکەکەیان (نانا) بەگریان هات گوایە فوئادی برای کێشاویەتی بەسەریا ، منیش بەفرسەتم زانی و وتم: فوئاد وەرە ، بۆ پیاتا کێشاوە ؟ وتی: نەمزانی.وتم: ئێمە لەئیسلامدا (قصاص)مان هەیە ، جا سەرتی بۆدانەوێنە، تا هەقی خۆی بکاتەوە بێ زیادوکەم، یان لێتببورێت کەئەوەش خوا پێی خۆشەوپاداشتی نانا ئەداتەوە لەسەر لێبووردنەکەی.فوئاد سەری بۆدانەواندو ناناش چووە پێشەوە وتی:من لێی دەبوورم لەبەرخوا..ئەمە وانەیەکی کرداری بوو تابزانن ئێمە خاوەنی شەریعەتێکین و لەهەمووشتێکدا بۆی دەگەڕێینەوە.

سەروەرمان مامۆستا بوو بۆتەواوکردن و چەسپاندنی بەها باڵاکان هاتبوو.بەو هەموو سەرقاڵیەیەوەکچەزاکانی دەخستە سەرپشتی و بەژوورەکەدا دەیگێڕان و دەیفەرموو: حوشترەکەتان حوشتری چاکە.

بەرهەمی پەروەردەکەی شێخ عەلی تەنتاوی ئەوەبوو بەنانی کچی لەئەڵمانیا لەگەڵ شێخ عیصام عەتتاری مێردیا بووپیاوکوژەکانی حافزئەسەد شەهیدیان کردو،ئەوەش بەیانی کچی لەهەشتا ساڵیدا دکتۆرای هێناوە.



## حەڤدە: یاری بەعەقڵی میللەت:

دەسەڵاتداران هەرلەکۆنەوە بەوە ماونەتەوە کە بەهۆکارەکانی سەردەمی خۆیان میللەت تەفرە بدەن و مێشکیان داشۆرن و یاری بەعەقڵیان بکەن، کاتی خۆی فیرعەون زۆرزان و لێزان بووە کە بۆتەفرەدانی میسریەکان فەرمانیدا بەهامان کە بینایەکی بەرز بەرزی بۆدروست بکات (کەدیارە چەند ساڵێکی دەوێت)و ئەم بچێ لەوبەرزیەوە سەیربکات بزانێ خواکەی موسای لێیە ، مەعلومە بەشێکی زۆری میللەتەکەی بەوە خەڵەتان.

لەسەردەمی سەروەرماندا شاعیرەکان ئەو رۆڵەیان دەبینی و سوورەتی شوعەراش باس لە شاعیری باش و خراپ دەکات کە دەتوانن رۆڵی گەورە ببینن لە ئاڕاستەکردنی میللەتدا.

لەسەردەمی نوێشدا هۆکارەکانی تەفرەدانو سەرقاڵکردنی جەماوەر بەشتی لاوەکیەوە زۆرن تا مەسەلە چارەنووس سازو گرنگەکانیان بیرببەنەوە ، لەهەموویان گرنگتریش راگەیاندنەکانە،دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت: ساڵی 2007 بانگکرام بۆجەزائیر بۆکۆنفرانسێکی ئیسلامی ، هەردەمووت میسریم ، تەکسی کەمی لێدەسەنم و خاوەن دوکان خاتری دەگرتم.

لە تەسفیاتی کاسی جیهانی تۆپی پێدا میسرو جەزائیر بەریەك کەوتن ، ڕاگەیاندنەکان هەرایەکیان نایەوە ، کە حوسنی ناموبارەك وکوڕەکەشی هاتنە سەرخەت وگوایە قەبوڵ ناکەن کەس دەستدرێژی بکاتە سەرمیسریەکان و لای جەزائیریەکانیش بەهەمان شێوە لێدوانی توند دەدرا..ئەمە لەبەرژەوەندی دەسەلاّتدارانە تا هەژاری و بێکاری و تالاّنکردنی سەروەت و سامانی میللەت لەبیربەرنەوەو خەڵکی سەرقاڵ بکەن بەکاسی جیهانی و دژایەتی جەزائیریەکان و شتانی بێکەڵکی دیکەوە. بەتایبەت لەمیسردا کە زیاتر لەیەك ملیۆن کەس لەسەرقەبران لای گۆڕی مردوانەوە ژیان بەسەردەبەن لەژێرکەپرو خێمەدا.



جەزائیریش بەهەمان شێوە تووشی بۆتەفلیقەیەك بوون دانی گرتبوو بەکورسی دەسەلاّتدا بەجۆرێك لەسەر کورسی کەمئەندامان هاتو چۆی دەکرد و تلّپی تەڕی تیانەمابوودەیانبەستەوە بەکورسیەکەیەوە تانەکەوێتە خوارەوە، لەم سالأنەی دواییدا بەفشاری جەماوەرو خۆپیشاندان لایاندا .

## هەژدە: فەزڵی دایک وباوک:

یەکێك لە گەورەییەکانی ئیسلام ئەوەیە کەگرنگی دەدات بە پەیوەندی خزمایەتی وریزی گەورەو میهرەبانی بەرامبەر بچووك،بەتایبەت دایك وباوك کە خوای گەورە داوامان لێدەکات دوای سوپاسگوزاری بۆخۆی سوپاسگوزاری دایکو باوك بین وپاش پەرستن و یەکتاپەرستی بۆخۆی داوامان لێدەکات ئیحسان و چاکە بکەین لەگەڵ دایکو باوکدا.

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت :ساڵی 1996 لەگەڵ دایکم و پوورەکانمدا (خوشکی دایکم)چووین بۆحەج، رۆژی عەرەفە کەخەڵکی دەچن بەرەو میناو لەوێشەوە بۆ عەرەفە ، لە مینا پیرێژنێکی میسریم بینی ون بووبوو لەکوڕو بووکەکەی ، پرسیاری قافڵەو خێمەکەیم لێکرد هیچی نەدەزانی ، زۆرگەڕاین سوودی نەبوو ، بردمە شوێنی ونبووەکان، یەك سەربازی لێبوو ، وتم: بزانم

کەس ناوی ئەمی نەداوە ، کەس نەیدابوو ، بۆئەوەی عەرەفەکەی نەفەوتیٚ لەگەڵ خۆماندا بردمان، پاش عەرەفە چوینە موزدەلیفەو ئنجا هاتینەوە مینا ، بەردەوام سەردانی شوێنی ونبووەکانم دەکرد بەڵکو کوڕەکەی ناوی دابێت ، کەچی نەبوو ، لەجیاتی ئەو بەردەکانم بۆهاویشت و ئنجا تەوافی ئیفازەشمان پێکرد، خەمم لێهاتبوو چونکە ئێمە دەچووینەوە دوای تەواوکردنی مەراسیمی حەج بۆمەدینە ، دوارۆژی مینا پاش ئەو هەموو گەڕانە پیرەژنەکە کوڕەکەی بینیەوە و هاواری بۆکردو چووین بەرەو رووی کەچی لەگەڵ ئەو هەموو پەرۆشیەی دایکەکە کوڕەکە باکی نەبوو ، هەرنەیپرسی لەکویٚ بووی و لەکویٚ نەبووی، بەڕاستی زۆر سەرسام بووم لە بێوەفایی و بێباکی ئەو کوڕە بەرامبەر دایکی ، لەکویٚ ؟ لەکاتی حەجدا ، باشە ئەو نەگبەتە چی لەحەج و لە ئیسلام حاڵی بووە؟ لەکاتێکدا کەسێك هاتە خزمەت سەروەرمان(صلی الله علیه وسلم) کە بەکۆڵ تەوافی بەدایکی کردبووکەئایا هەقی دایکی داوەتەوە، سەروەرمان صلی الله علیه وسلم فەرمووی: هەقی یەك ژانیشت نەداوەتەوە لەوژانانەی کەلەکاتی مناڵ بووندا بوویەتی.

یەکێکی تر هات وتی:ئەمەویٚ بێم بۆجیهاد ،فەرمووی دایکت ماوە؟وتی: بەڵیٚ ، فەرمووی بڕۆ بکەوە بەسەرقاچیدا بەهەشت والەویٚ ..

## نۆزده: تێگەیشتنی راست لەئیسلام

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت: لەبیست ساڵی رابردوودا وەك دەزگای پردەکان بۆ ناساندنی ئیسلام زۆرکارمان لەسەر وەڵامدانەوەی ئیلحاد کردووە ،جارێك کەلەوڵاتێکی کەنداو بووم وتیان :گەنجێك ئەڵێ هەڵگەڕاوەتەوە لەئیسلام ، وتم: بابیبینم ،کەهات تێگەیشتم ئەم گەنجە دایکی و خاڵی توندن و فشاری زۆریان لەسەری دروست کردووە ، ئەوەش وای کردووە بڵێ من ئیسلامم ناوێ ، زۆربەی ئەوانەی قسەمان لەگەڵ کردوون یان خۆیان یان کەسوکاریان توندڕەون وسەقەت لەدین تێگەیشتوون ، ئەمەش بەهۆی چیەوە پەیدا دەبێت؟ بەلای منەوە یەکەم: تێگەیشتنی حەرفی و رووکەش لەدەقەکانی ئاین ، لەکاتێکدا دەبێ ئێمە لە (مقاصد) ی شتەکان تێبگەین .

دووەم: حوکم دان بەسەردینداری خەڵکدا هەروەك ئەوەی قازی بن و هەقی حوکمدانیان هەبێت.

بۆنموونە : ناحەزان دەڵێن :چۆن خۆر کەئاوا دەبێت سوژدە دەبات لەژێر عەرشی خوادا..ئەمە بە رووکەش وهەروا تێی ناگەین ، خۆر چەند جووڵەی هەیە ؟ خۆر وباقی بەدیهێنراوەکانی تر نەك هەرخۆیان ،سێبەرەکانیشیان سوژدە بۆخوا دەبەن و تەسبیحاتی خوا دەکەن،چۆن ؟ تەنها خوا خۆی دەزانێت

**وهەرخۆی دەفەرموێ ئێوە لە تەسبیحاتیان حالّی نابن** ( وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَالُهُمْ بِالْغُدُوِّ وَالْآَصَالِ (15) **الرعد** ).( تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا (44)الإسراء ).

**دیارەمرۆڤ زانستیێکی کەمی پێدراوە**( وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا (85) الإسراء ).**مرۆڤ لەم شتانەی ناوبوونەوەر رەنگە لەسەدا پێنج کەمتر بزانێت، ئەمە شتە ماددیەکان ، جاوەرە ئەوشتانەی کەئێمە هەرگیز پەی پێنابەین وەك عەرش و کورسی و قەڵەم و قەدەرو ...هتد.حەزرەتی عومەر ئەگەر شتێك هەبووایە تێی نەگەیشتنایە دەیووت: واز لەم شتانە بێنن تا خوا رێ دەدا بەعەقڵەکان کە بیدۆزنەوە ..لەوسەردەمەوە چی شتی نەزانراو هەبووە کە وردەوردە بەئیزنی خوا دۆزراونەتەوە .**

**زۆرلەزاناکانیش دان بەو راستیەدا دەنێن کەجۆرێك ئیلهام یان خەو هۆکار بووە بۆ ئەوشتانەی دۆزیوویانەتەوە . دیارە ئەوانەش لەخواوەن بۆ پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤ.**

## بیست : بێباوەڕی

دکتۆر فازیل سولـەیمان دەڵێت: ئێمە لـەدەزگای پردەکان بۆ ناساندنی ئیسلام ، هەوڵمانداوە لـەرووی ئیلـحادا بوەستینەوەو لێکۆڵینەوە لـەبارەی هۆکارەکانیەوە بکەین ،کەسانێك بێباوەڕی رۆژئاوایی دەخوێننەوە لـەبارەی ئاینەکانەوەو بەتایبەت لـەبارەی مەسیحیەتەوە، بێگومان پرسیارگەلێکیان لادروست دەبێت بەتایبەت لـەعەقیدەدا ، ئنجا کە قەشەکان وەڵامیان پێنیە بۆیان ، ئەوانە روودەکەنە بێ دینی ، کەچی لای ئێمە کەسێك هیچی نەخوێندۆتەوە یان یەك دوو کتێبێکی خوێندۆتەوە ، ئەڵێ :باوەڕم بەهیچ نیە..کچێك گوایە لـەوبابەتەیە ، قسەم لـەگەڵ کرد و وتم : حاڵت چۆنە؟

وتی: لـەلایەنی رۆحیەوە زۆرباشم ورۆحیەتم بەرزە،داماوە نەیدەزانی کە رۆحیش بەرجەستە نیەوغەیبە ،دەی کەبڕوای بەرۆح وغەیب هەبوو ئیلـحادی چی؟

هەیە بەرامبەر بە رۆژئاوا بەشەوارە کەوتووەو بەبریق و باق و پێشکەوتنی ماددی ئەوان سەرسام بووەو واش ئەزانێ ئەوان بەوازهێنان لـەدین پێشکەوتووون، کەدیارە وانیە ، دینەکەی ئەوان دەستکاری کراوەو عەقڵی سەلیم قبوڵی ناکات و کاتی خۆی دژی هەموو پێشکەوتنێك بووەو زانایان دەچەوسێنرانەوە لـەلایەن کەنیسەوە ، حاڵی ئەوان و دینەکەیان جیاوازە لـەئێمە


، بۆیە بەڕاستی هەقە لاوانی ئێمە یان هەرکەس گومانێکی هەیە بخوێنێتەوە ، بەتایبەت کتێبی (گفتوگۆیەك لەگەڵ هاوەڵە بێباوەڕەکەمدا) دکتۆر مستەفا مەحموود، (قصة الإيمان)شێخ نديم الجسر..کەدیارە بەزمانی عەرەبی کتێب لەوبارەیەوە زۆرن و بەکوردیش بەدەیان کتێب لەوبارەیەوە نووسراون کە بیانوو بۆکەس ناهێڵنەوە و هەمووان ئەتوانن رێی راست بدۆزنەوە..

## بیست و یەک:ژیانی هاوەڵان :

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت: باپیرم کەناوی ئەحمەد دەمرداش تونی بوو لەلیژنەی ئۆلۆمپی میسریدا بوو، کەچوو بۆ خولی ئۆلۆمپی لەیۆغۆسلافیا منی لەگەڵ خۆیدا برد وبیست و پێنج رۆژمان پێچوو ، ئەوسا تەمەنم سیانزە ساڵ بوو ، دووکتێبی بۆهێنام تالەو گەشتەدا بیخوێنمەوە ،کەئەو دووکتێبە زۆرکاریگەربوون و ژیانمیان گۆڕی ، یەکێکیان لەبارەی عەبدولڵای کوڕی زوبەیرەوە بوو کە بە 33 پشت دەگەینەوە بەو ، باپیرم شانازی دەکرد بەو زاتەوە کە دژی حوکمی پشتاوپشت وەستایەوەو دەیویست کەهەڵبژاردن بۆ خەلافەت بەشورابێت ، تا ئەوەبوو لەلایەن حەجاجەوە شەهیدکراو جولانەوەکەیان سەرکوت کرا ، حەجاج بەخاتوو ئەسمائی دایکی عەبدولڵای

وت: ئەڵێی چی لەبارەی مردنی کوڕەکەتەوە؟ ئەویش وتی: تۆ دنیات لەو تاڵ کرد ئەویش ئاخیرەتی لێ تاڵ کردیت.

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر کەشەهید بوو کوڕەکەی بەناوی عەباد لەترسی دەسەڵات هاتە صەعیدی میسرو بەوەش باوو باپیرم دەچنەوە سەرئەو زاتە. باپیریشم هەمان رۆحیەتی بەرەنگاربوونەوەی هەبوو بەرامبەر ئینگلیزو تەنانەت فیشەك سەریشی بریندارکردبوو لەخۆپیشانداندا.ئەوەش وێنەی باپیرم



## بیست و دوو:شەرتی مزگەوت:

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت:ساڵی 2001 لەزانکۆی ئەمەریکی لەواشنتۆن دی سی بوومە پێشنویژی یەکێتی قوتابیە موسڵمانەکان ،کە خوشکێك سەرۆکیان بوو. لەمزگەوتەکەدا پەردەیەك دادرابۆوە تا ئافرەتان بەئیسراحەت نوێژبکەن، من وتم: پەردەکە بائەوەندە بەرزبێت کەلەکاتی وەستاندا چاویان لە ریزی پێش خۆیان بێت تائەگەر هەڵەیەك بوو لەئیمامەوە ئاگاداربن ، پێیان سەیربوو ، وتم: لەسەردەمی سەروەرماندا (صلی الله علیه وسلم)ئافرەتان لەدواوە نوێژیان دەکرد وپەردەشیان نەدەگێڕا.

لەئەورووپا مزگەوتی زۆرباش هەن و شوێنی پیاوان و ئافرەتان زۆرچاکە ، بەلاّم لەسەدابیست وپێنجی مزگەوتەکان لەدەم دەرگاکانیان نووسراوە تەنها بۆ پیاوانەو شوێنی ئافرەتانمان نیە ، ئەمەش وایکرد ئافرەتان مزگەوتێکی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن.

ئنجا هەلاّیەکیش نراوەتەوە بۆمزگەوتی تێکەڵی ئافرەت و پیاوو تەنانەت پێشنوێژەکەش ئافرەت بێت.ئەمانە زۆری رەنگە کاردانەوەی

هەندێ هەڵسوکەوتی سەقەتی هەندێ موسڵمان بێت ..من ئەو مزگەوتانەی کەڕێ بەنوێژی ئافرەتان نادەن ناوم ناوە مزگەوتی بیدعەو بانگیشم بکەن بۆ وتاردان ناچم ، پرسیارم لەشێخ محمد دەدو کرد لەم بارەیەوە ئەویش وتی: شەرتی مزگەوت ئەوەیە دەرگای والاّ بێ بۆهەمووکەس و جیاوازی نەکات، جائەوانە نەك مزگەوتی بیدعە بگرە هەرمزگەوتن نین..سەروەرمان (صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ ئەوەدا کەفەرموویەتی باشترە بۆئافرەتان کەلەماڵەکانیان نوێژبکەن، فەرمانیشی داوە کەرێگری نەکەن لەچوونی ئافرەتان بۆمزگەوت..

## بیست وسێ :خوا تەوبەکارانی خۆش دەوێت:

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت:ساڵی نەوەدەکان لەحەج بووین ئێوارەی عەرەفە سواری پاص بووین بێین بەرەو موزدەلیفە ، نیوسەعات چاوەڕێمان کرد سایەق دیارنەبوو ، تومەز سویچی پاصەکەی ون کردووە ، تا نوێژی عیشا بەو تاریکیە گەڕاین سویچ دیارنەبوو ، کابرای سایەق تکاورجای لەکەسێك دەکرد (کەئەیناسی پێشتر سەیارەی زۆری دزیبوو لەمیسر هاتبوو تەوبە بکات) کەپاصەکەی بۆچەتاڵ بکات و بیخاتە ئیش، ئەویش ئەی وت:ئەستەمە جارێکی

تر ئەوەبکەم ،من تەوبەم کردووە، بەهەرحاڵ قەناعەتمان پێکرد کەئەمجارە بۆخێرەو وەك جارەکانی ترنیە ، بەچەندخولەکێ پاصەکەی خستە ئیش ، بەڵام هەردەگریا ، هەستم کرد حاجیەکان بەچاوێکی نەوعێك سەیری دەکەن، هەموو رابردوویان بۆدەخوێنەوە....

ساڵی 2010 بانگخواز موعاز عەلیان پەیوەندی پێوەکردم و ڤێدیۆیەکی بۆناردم کە روبا قەعوار لەبەرنامەیەکدا وەرگەڕاوە لەئیسلام و لەچکەکەی لابردووە.. سەیری ڤیدیۆکەم کرد هیچ هێرشی تیانەبوو بۆسەر ئیسلام تەنها قسەی لەسەر موسڵمانان دەکرد.روبا قەعوار قوتابیەکی زانکۆبوو مەسیحی بوو باوك ودایکی وکەس وکاری هەموو بۆمەسیحیەت کاریان دەکرد، کەموسڵمانبوو شووی بەموسڵمانێك کرد بەداخەوە زۆرخراپ بوو لەگەڵیاو جیابوونەوە وئەوە وای لێکرد لەبەرنامەیەکدا لەگەڵ قەشەیەکی دوژمنی ئیسلامدا لەچکەکەی لابرد.(یەکەم قەشەکە بەهۆی ئەوەی پارەی یارمەتی کەکۆکرابۆوە بۆمەسیحیەکان چوار ڤیەلای پێکڕیبوو لەئەمەریکا و دزیەکەی ئاشکرابوو وەرەقەی بەوە سوتابوو کەدواتر باسی دەکەم بەناوی یەکەم دوژمنی سەرسەختی ئیسلام لەم سەردەمەدا). مایەوە خۆی دەمزانی ئەوەی بەقەناعەتەوە نەکردووەو تەنها کاردانەوەیە.

وتم: پەیوەندیتان باش بێت لەگەڵیدا دەگەڕێتەوە بۆئیسلام ، هەرچەند دایکو باوکی خستیانە کۆلێژی لاهوت بەحسابی خۆیان دژی ئیسلام بەکاری بهێنن.

قسەکەی من دەرچوو پاش دەمانگ روبا قەعوار لەچکی کردەوەو موسڵمانبۆوە. دایکی لەماڵەوە دەری کردو ئەو داماوە سێ ڕۆژ لەسەرجادە دەمایەوە شوێنێ نەبوو بۆی بچێت. ئێمە وەك دەزگای پردەکان بۆناساندنی ئیسلام هاوکاریمان کردوو من بوومە وەلی ئەمری و دامانەوە بەشوو بەبرایەکی باش پاش کودەتاکەی میسر چوونەوە ئەمەریکاو وتاردەدات و خزمەت دەکات، پەڕاوێکیشی نووسیوە حەوت سەد لاپەڕەیە لەسەر مژدەدانی مەسیحیەکان کەسەرچاوەیەکی باشە لەو باسەدا..




ئەوەی جێی داخە هەندێ خوشك وبرا خراپ مامەڵەیان دەکرد ورقەبەرایەتی ئەوەیان دەکرد کەبۆ پەشیمان بووبۆوە، ئاخر باشە ئەم وا تەوبەی کردۆتەوەو خواش تەوبەکارانی خۆش دەوێت، کاتی خۆی لەپێش رێکەوتنی حودەیبیە

عەبدولڵای کوڕی سەعدی کوڕی سەرح هاتەمەدینەو موسڵمانبوو ، دواتر گەڕایەوە مەککەو هەڵگەڕایەوە لەئیسلام ، برای شیری حەزرەتی عوسمان بوو لەفەتحی مەککەدا ئەمانی بۆوەرگرت لەپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و جارێکی تر بەیعەی دایەوە بەسەروەرمان.

دەی ئەم جەنگاوەرە مایەوە هەتا دوای شەهیدبوونی حەزرەتی عوسمان و زۆر جەنگا بۆئیسلام لەجەنگی (ذات الصواری)دا رۆمەکانی تێکشکاندو لەنوێژی بەیانیدا گیانی سپارد کەخۆی دوعای کردبوو ئاوا بمرێت. جا عەبدولاَ دوای موسڵمابوونەوەکەی خزمەتێکی گەورەی بەئیسلام کرد ورۆڵی باشی هەبوو لەجەنگەکانی ئەفەریقادا.. مەبەستەکەم ئەوەیە تەوبەکارن خوا هەمووشتێکیان بۆ دەسڕێتەوە کەچی ئێمە واناکەین و رابردووی ئەوانە لەبەرچاومانە کە بەڕاستی ئەوە نابێت..

## بیست و چوار: شاجوانی دەوێت:

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت: لەساڵی 2005 تا 20013 لە دەزگای پردەکان بۆ ناساندنی ئیسلام ، مامەڵەی رۆژانەم هەبوو لەگەڵ لاوانی خۆبەخشدا لەهەردوو رەگەزەکەو ، کاری زۆرگەورەمان کرد ، نۆزدە هەزارکەسمان مەشق پێکرد لە بیست و پێنج ولاَتدا کەهەزارانیان لەمیسردا

بوون، سێ فیلمان بەرهەمهێنا بۆناساندنی ئیسلام ، لەم کارەمدا ئەوەی ئازاری دەدام ئەوەبوو زۆر لە کچانمان دەگەیشتنە سی ساڵ و نەدەچوونە ماڵ وحاڵی خۆیان، ئەوانەش وەك کچی خۆم تەماشام دەکردن و زۆر خەفەتم لێدەخواردن. هۆکارەکان دیارە باری ئابووری و قورسی تێچووی ژنهێنان و ..هتد. بەڵام خاڵێکی تریش هەیە کەدەبێت لەسەری بوەستین ..گەنجێکی تەمەن 29 ساڵ هاتە لام ، ریشێکی جوانی هەبوو ، قاچی خستە سەرقاچ و وتی: من مووچەیەکی باشم هەیە و شوقەو سەیارەم هەیەو ئەمەوێ هاوسەرێکی باشم بۆ بدۆزیتەوە.

وتم: باشە دەتەوێ چۆن بێت ؟

وتی: رۆشنبیربێت ، خواناس وداپۆشراو بێت و، زۆرزۆرزۆرزۆر جوان بێت ، وتم: باشە بۆ رۆشنبیری و دینداریەکە چوارجار زۆری لەگەڵ نەبوو ، جوانیەکەی زۆر زۆر زۆر زۆر جوان بێت ؟ وتم: دیارە تۆ فلانە ئەکتەرت دەوێت بەداپۆشراوی ، وتی: بەڵێ ،وتم: جالەکوێ بۆت بهێنین ؟ برام ئەوانە یەکی سی نەشتەرگەری جوانکاریان کردووەو بتەوێ نوسخەی (ئۆریجنەڵی) ببینی کەئەسڵی خۆی بێت دەبێت بچی سەیری دایکی بکەیت ، ئەوە هەموو جەستەی فووی تێکراوەو سلیکۆنە، لەسەرکورسیەك دانیشێت بزمارێکی پێوەبێت هەرمەپرسە چی لێدێت.

بەڕاستی کۆمەڵگا شێواوەو زەوقی خەڵکیش خراپ بووە ، ئەو تێکەڵاوی و رووت و قوتیە وئەو هەموو دراماو ڤیدیۆکلیپە وای کردووە گەنجی ئەم سەردەمە بە جوان رازی نەبێت و چاوی لەسەر زۆر زۆر زۆر زۆر جوان بێت ، لەکاتێکدا جوانی رێژەییە و چەند پێوەری هەیەو تەنها سەروسیما مەرج نیە.

بەڕاستی دەبێ بیرمەندو دڵسۆزانی میللەت کار لەسەرئەمە بکەن و هەوڵبدەن قەیرەیی چارەسەربکەن و ئنجا هەموو تەوبە بکەین و بگەڕێینەوە لای خوا تاسەرفراز بین لەدونیاو قیامەتدا (وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (31)النور).



## بیست و پێنج:پەروەردەی هەڵەوبێباوەڕی

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت:کوڕێکی پانزەساڵان باوك ودایکی هێنایان بۆلام هەندێ پرسیاری عەقائیدی هەبوو ملی دەنا بەرەو بێباوەڕی ، وەك ئەوەی خوا بۆ پرسی پێنەکردووم منی دروست کردووە ، هەستم کرد بینیومە تومەز ساڵێك لەوەو بەریش هاتبوو هەمان پرسیاری هەبوو وەلامان دابۆوە.

لێم پرسی لەقوتابخانە چۆنی ، دیاربوو باش نەبوو ، جا بەهۆی نەخوێندن و فشاری تاقیکردنەوەکانی ئالأبوویە ئەوەی کەخوا بۆدرووستی کردووەو لەژیان بێزار بوو.

بەدایك و باوکیم وت: ئێوە واتان پەروەردەنەکردووە بەرپرسیارێتی هەڵبگرێ ، وەختی خۆی کەمناڵ بووە سەری داوە بەمێزێکدا ئێوە پێتان نەووتووە ئاگات لەخۆت بێت و جارێکی تر سەرت نەدەی بەمێزەکەدا بەڵکو واتان بردۆتەمێشکیەوە کەخەتای مێزەکەیەو یەك دوو چەپۆکیشتان بەمێزەکەدا دابوو بۆی.

لەکاتێکدا قورئان زۆر کار لەسەرئەوەدەکات کەمرۆڤ خۆی بەرپرسیارە لەکارەکانی و ئەوەی تووشی دەبێت لەچاکەو خراپە بەرهەمی دەستی خۆیەتی (وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ (30)الشورى ).هەروەها کاتێك ئادەم وحەوا سەلامی خوایان لێبێت هەڵەیان کرد دانیان بەهەڵەکەی خۆیاندا ناو نەیانخستە گەردنی کەس (قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنْفُسَنَا وَإِنْ لَمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ (23)الأعراف ).

کچێك هاتەلامان لەدین بێزاربوو بۆمان دەرکەوت کەمناڵبووە دایکی لەبەرچاوی ئاخ و ئۆفی بووە لەدەست بالاٚ پۆشی و خوایە ئەمەچیەو بەم گەرمایە وا پڕووکام ، ئیٚ دیارە ئەم جۆرەقسانە کاریگەری نەرێنی درووست دەکەن لەسەر کچەکەی.

یان کوڕێك هاتە لامان دینداری لێبووبوو بە دێوەزمە ئەوەش بەهۆی ئەوەی باوکی لەرەمەزانانەدا دادوبێدادی بووە لەدەست رۆژوو ، ئەمەچیەو خوا بۆ فەرزی کردووە ، دەبا هەرنوێژ بووایە نەك پێنج جار بەڵکو بیست جارو لەم جۆرە قسانە..

پەروەردەی منالْ زۆرگرنگی پێدراوە لەئیسلامدا، دایك و باوك دەبیٚ سەرمەشقێکی جوان بن بۆیان وتەنانەت ئەگەر بانگیان بکەن بەناوی ئەوەی شتێکیان دەدەنیٚ و نەیاندەنیٚ درۆیەکیان بۆدەنووسرێت، ئەمەش بۆئەوەی منالّەکە درۆی بەلاوەئاسان نەبێت(کلکم راع وکلکم مسئول عن رعیته)..

گەنجیٚ قورئانیشی لەبەربوو ، دیارە هیچی وای لیٚ حالّی نەبووبوو تەنها لەبەرکردن بوو ،بووبووە مەسیحی ،لێمان پرسی چۆنە بوویتە مەسیحی ؟

وتی: من خراپ حالّی کرابووم لەمەسیحیەکان و کاتێك لەزانکۆ بوونە برادەرم و چوومە کەنیسەو پەڕاویان دامیٚ دلّم چوو بەلایاندا..بەڕاستی ئێمە فیلمێکمان بەرهەمهێناوە لەسەر خەلّەتاندنی مژدەدەران کە ئەوەی سەیری بکات دەیپارێزێت لە پیلان و چاووڕاویان . ئەمە بۆ لەسەدا نەوەدوحەوتی خەلّکی باشە بەلاّم لەسەدا سیٚ ئەمێنێتەوە کەئەوانە بەدوای راستیدا ناگەڕێن و کێشەی دەروونیان هەیەو کەوتوونەتە پەرچە کردارەوە ، بۆنموونە پیاوێك لەداخی ژنەکەی بووبووە مەسیحی کەژنەکەی (خولعی) کردبوو وە

جیابووبۆوە لێی لەمەحکەمە، یان ژنێك کەزانیبووی دەساڵە بەدزیەوە مێردەکەی هاوسەرگیری کردووە  لەداخی ئەوە بووبووە مەسیحی.

هەروەها لایەنە ئیسلامیەکان دەبێ لەپەروەردەیاندا ئاگاداربن و ئەندامانیان باش پەروەردە بکەن بەجۆرێك کە هەموو شتێکیان بۆخوا ولەبەررەزامەندی ئەوبێت و دەبێ لەحەقیقەتی ململانێی هەق وناهەق حاڵی بکرێن تابتوانن تاسەربەردەوام بن وکۆڵنەدەن لەنیوەی رێگادا..

## بیست و شەش :گەشەپێدانی مرۆیی:

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت : بەشداریم کرد لە خولێکی گەشەپێدانی مرۆییدا بەناوی خوێندنەوەی وێنەیی ، گوایە سەیری هەر لاپەڕەیەك دەکەیت و دەیخوێنیتەوە بەخێرایی با وێنەکەی لەبەرچاوت بێت بۆئەوەی لەبیرت نەچێتەوە ، گوایە پێشەوا شافیعی کەسەیری پەڕاوێکی کردووە دەستی خستۆتە سەر لاپەڕەکەی بەرامبەری بۆ ئەوەی لەبەرچاوی تێکەڵ نەبێت وگوایە یەکسەر هاتۆتە بەری ، من بڕواناکەم ئەوە راست بێت وئەوزاتە شتی وای نەوتووە لەبارەی

خۆیەوە ، لەکۆتایی خولەکەدا داوامان لێکرا هەرکەسەو پەڕاوێك بهێنین و بەخێرایی سەیری بکەین گوایە دوایی ئەوەی سەیرمان کردووە بیرمان دەکەوێتەوە.

کتێبێکی ژمێریاریم هێناو بەخێرایی سەیرم کردو ئێستاو ئەوساش هیچم بەهیچ نەکرد لەگەڵیا ونەهیچی لێ حاڵی بووم و نەهیچیشم بیرکەوتەوە، بەلای منەوە هەندێ لەو خولانەو ئەو بیرووبۆچوونانە هی بوزییەکان و میللەتانی دیکەن بەئێمەی دەفرۆشنەوەو ،بەداخەوە هەندێکی پارەکێشانەوەو ئیستغلال کردنی خەڵکیە بۆنموونە خول دەکەنەوە گوایە لەرێی ئیمزای کەسێکەوە دەزانی کەسایەتی چۆنە..

## بیست و حەوت : بێ سەلیقەیی:

دکتۆر فازیل دەڵێت:کە کۆلێژی ئەندازیاریم تەواوکرد وەکیلی کۆمپانیایەکی ئەمەریکی بووم لەمیسرکۆمپیوتەرمان دەفرۆشت، نوێنەری کۆمپانیاکە هات و سەردانی وەزارەتێکمان کردکە کۆمپیوتەرمان پێفرۆشتبوون تابزانین کاڵاکەمان چەند سوودی

لێدەبینرێت، مەوعیدمان وەرگرت ئافرەتێكی ئەندازیاری وەزارەت ببینین كە لێپرسراوی بەشی ئەو ئامێرانە بوو ، جارێ هەر لە رێوە دوای نیو سەعات هات، ئنجا لەكاتی كۆبوونەوەكەدا تەلەفونی بۆدەهات و وەڵامی دەدایەوەو پێدەكەنی دیاربوو تەلەفونی شەخصی بوون، ئنجا نوێنەری كۆمپانیاكە پرسیاری كرد كەئایا كۆمپیوتەرەكانمان باش كاردەكەن، لەوەڵاما وتی: اللهم صل علی محمد..نەمزانی چۆن وەریبگێڕم ، ئاخر باشە كەی ئەوە شوێنی سەڵاواتەوكەی ئەوە وەڵامە.. هەرچۆنێك بێت وتم: دەڵێت باش كاردەكەن.

دواتر كە رۆیشتین پرسیاری ئەوەیان لێكردمەوە ، چونكە هەستیان كرد وەڵامەكەی ئاسایی نەبوو .

منیش وتم: ئەوە سەڵاواتی دا گوایا باشە ، وتیان : ئەی ئەگەرخراپ بووایە دەیووت چی؟

وتم: دەیووت: لاحول ولا قوە الا باللە..

## بیست وهەشت : شەهیدی

دکتۆر دەڵێت:ساڵی 2018 رۆژنامەنووس جەمال خاشقچی بابەتێکی بلاْوکردبۆوە لە واشنتۆن پۆستدا بۆی ناردم ، بابەتەکە رەخنەی توند بوو لەسیاسەتی ئەمەریکی لەرۆژهەلاْتی ناوەڕاستدا، من بۆخۆم لەئەمەریکا ژیاوم راستە هەندێك ئازادی هەیە بۆخۆیان بەلاْم کاتێك ئێمە رەخنەیان لێبگرین ئەمانخەنە لیستی تیرۆرەوە.

زۆر سەرسام بووم بەیروبۆچوون و ئازایەتیەکەی بەتایبەت کەئەو حکومەتی ستەمکاری سعودیش بەدوایەوەبوون ، دەستخۆشیم لێکردو وتم: خوا لەگەڵ شاعیرەکانی پێغەمبەردا (صلی اللّٰه علیه وسلم) حەشرت بکات ، لەگەڵ حەسانی کوڕی سابیت و عەبدولاْی کوڕی رەواحە کەلەموئتەدا شەهیدبوو،وتی: ئامین ئامین ، دووجار هەستم کرد لەدڵەوە دەیلێت ، سبحان اللّٰه دوای سێ هەفتە ئەوەبوو زۆر نامەردانە پیلانیان بۆداناو لە باڵوێزخانەی سعودیە لەتورکیا شەهیدیان کرد بەناهەق (کەشەهیدکردنەکەشی بووە مایەی رسوابوونی ستەمکارانی سعودیە لەسەرتاسەری دونیادا).

راسته هەموو مردنێك قەرزارین و دەبێ ئەمڕۆ بێت یان سبەی بمرین ، مردنیش یەکجارە ، دەبا بۆخوا بێت ، من سی ساڵە پسپۆڕم لە وەڵامی گوماندا و لاوان رادەهێنین بۆوەڵامدانەوەی گومان ، کەچی هەرچیم دەکرد لەوە نەدەگەیشتم کەکەسێك حەفتا ساڵ خواپەرستی دەکات ، لەقیامەتا رادەگیرێو حساب و کیتابی لەگەڵ دەکرێت ، کەچی شەهیدێك لەیەکەم دڵۆپی خوێنیەوە خوا لەهەموو گوناهێکی خۆش دەبێت (تەنها هەقی خەڵك لەسەری دەمێنێت )..

لە مەیدانی رابیعە و شوێنەکانی تر چەندکەسی دۆست و ناسیاوم بەناهەق شەهید کران ، ویستم حەجیان بۆ بکەم، بۆئەمە لەکەس وکاریانم دەپرسی رەحمەتی حەجی کردووە، یەکێ لەوانە باوکی وتی: ئێمە لەوڵاتێکی کەنداو بووین بەحساب بچێ بۆحەج شتێك روویدا ئیتر نازانم چووبوو یان نا، لەمەوە تێگەیشتم ئەوانەی شەهید دەبن تایبەتمەندیەکیان هەیە لای خوا کەئێمە پەی پێ نابەین بۆیە شەهیدی دەکات بەنسیبیان ، ئەوانە کەم دوون، باسی خۆیان وچاکەکانیان ناکەن، ئەوەتا باسی حەجەکەی بۆباوکی نەکردووە ، دەی من کەچووم بۆحەج هەرچی دەناسم بۆم باسکردووە.



**شەهید زیندووەو بەردەوام کاریگەری هەیە لەسەر ورە بەرزکردنەوەی خەڵکی کەنەبەردبن و بەرامبەر بەستەمکاران بووەستنەوەو قسەی هەق بکەن.**( وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ (169) آل عمران ).

**بیست و نۆ: ئاسوودەیی رۆحی:**

دکتۆر دەڵێت:ئەوانەی دوورلەخوان ژیانێکی تەنگ وتاریان هەیەو قیامەتیش بەکوێری حەشردەکرێن( وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى (124)مریم )

ساڵی 2009 جۆن رەیس تەمەنی 35 ساڵ بوو ، خاوەنی دوومناڵ بوو ، بەو گەنجیە خاوەنی 46 ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بوو ،سەیارەی گرانبەهای وەك رۆز رایسی هەبوو کە زۆرکەس خەوی پێوەدەبینی ، بۆشەوی سەری ساڵ هاوەڵەکانی داوەت کردو باشترین شێفی هێنا خواردن دروست بکاو پاش هاتنەوەی خۆی و هاوەڵانی لەڕاو فیشەکێکی نا بەسەری خۆیەو خۆی کوشت ..

ساڵی 2010 هەر لەبەریتانیا پۆل کاسل ملیۆنەر بوو ، وەرزشی پۆلۆی دەکرد کەبەسواری ئەسپەوە دەکرێت ، ئەمیش لەشەقامی ئۆکسفۆرد خۆی هەڵدایە بەر شەمەندەفەرو خۆی کوشت..باشە ئەمانە بەرووکەش لەخێرو خۆشی و رابواردنان ئەی بۆ کۆتایی بەژیانی خۆیان دێنن ؟ دیارە لەژیان بێزارن و دەیانەوێت بەچەند

چرکەیەك کۆتایی بەخۆیان بهێنن بەحساب ئیتر پشوو دەدەن و رزگاریان دەبێت لـەناخۆشی..سبحان الله سزای ئەوانەش ئەوەیە کەهەرگیزنابێت پشووبدەن و بەردەوام زیندوودەکرێنەوەو خۆیان دەکوژنەوە..

دەڵێن مەملـەکەتێك هێرش دەکاتە سەرمەملـەکەتێکی تر وداگیری دەکات ، کچی پاشای مەملـەکەتە شکستخواردۆکە تانەکەوێتە دەست دوژمن رادەکات و، بۆئەوەی رزگاری بێت شوودەکات بەجووتیارێك ، بەڵام هەمیشە خەمباربووە،جووتیارەکەش هۆکارەکەی نازانێت دەچێت چی بەرووبووم و خواردن و میوە هەیە بۆی دێنێت وسوودی نابێت ، تا ئافرەتەکە دەڵێت: بەلای تۆوە ئەوانە مایەی ئاسوودەیین ، لای من نەخێر ، من فێری کۆشك و تەلاروباخی جوان ومۆسیقاو ئۆپێراو مەجلیسی زانایان ودانایانم..کەئەوانەش خۆشی رۆحین و خۆشی ماددی نین.




METROPOLITAN

خوای گەورە کە (العدل)ە وهەموو داد پەروەری لای ئەوە ،خۆشی و ئاسوودەیی نەخستۆتە شتی ماددیەوە ، چونکە زۆربەی خەڵکی ناتوانن بەدەستی بهێنن ، خۆشی و بەختەوەری خستۆتە شتێکەوە کە لەدڵدایەو هەموو کەسێك دەتوانێت بەئاسانی بەدەستی بهێنێت ، ئەویش پەیوەندیە بەخواوەو یادکردنیەتی (الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ **(28)** الرعد ).

**سی : ئەوانەی مەحرومن لە (یا رب):**

دکتۆر دەڵێت:ساڵی کۆتایی حەفتاکان تەمەنم چواردەساڵێك دەبوو سەردەمی ئەنوەر سادات ، لەمیانەی بەرنامەی گۆڕینەوەی قوتابیان لەهاویندا لەئەڵمانیاوە من و موحەمەد زەینی برادەرم داوەت کراین ، ئێمە پێشتر قوتابی ئەوانمان لەماڵەوە دەعوەت کردبوو.

لەماڵێکی ئەڵمانی بووین کە دایك و باوکێك بوون و کوڕێکیان هەبوو ، رۆژێك لێم پرسین :ئێوە موسڵمانن وا نەخاچ ونەوێنەی خاتوو مەریەم ونە ئەستێرەی داوود لەماڵتاندا نیە ؟

وتی:نەخێر ئێمە دینمان نیە ، تووشی شۆك بووم یەكەمجاربوو ئەوە ببیستم كەسانێ ئاینیان نەبێ .شەوێ لەژوورەكەی تیادەخەوتین بەهاوەڵەكەم وت:باشە ئەمانەدینیان نیە ناترسی دزیمان لێبكەن یان بمانكوژن ؟

وتی: مەترسە نیازی شتی وایان هەبووایە هەرزوو دەیان كرد، گلۆپمان كوژانەوە بخەوین من هەرئەمدیوئەودیوم دەكردو هەرخەیاڵم لای ئەوەبوو دەرگا بكرێتەوەو بێنە سەرمان ..ئەوەندەم زانی پیاوی ماڵەكە دەرگاكەی كردەوەو وتی:ببورن بچنە خوارەوە ئەوە پۆلیس هاتوون ژوورەكە دەپشكنن، چوینە خوارەوە وچاوەڕێمان كرد ، دانیشتبووین ژنەكە دەیكیشا بەسنگیاو دەگریا چۆن گریانێك، پاشان خۆی و كوڕەكەیان بە كەلەبچە كراوی برد، دوایی تێگەیشتین كوڕەكەیان خەریكی تلیاكە..

ئەوەی سەرنجم دا ئەوژنە لەوحاڵەتە ناهەموارەیدا وەك ئێمە نەبوو هاوار بۆخوا بەرێ و بڵێ (یارب).كە ئیمانی ئێمە ڕووناكیەكمان دەداتێ لەوسەری تونێلەكەداو بێهیوانابین.

لەتەمەنی حەڤدە ساڵیشدا لەگەڵ برادەرانمدا جارێکی دیکە چووینەوەئەڵمانیاو دانیشتبووین نوکتەو قسەی خۆشمان دەگێڕایەوەو پێدەکەنین ، چەند لاوێکی ئەڵمانی هاتن بۆلامان : یەکێکیان وتی: ئەوە چۆنە پێدەکەنن و شەراب لەسەرمێزەکەتان نیە ؟..

لەم وڵاتانە فەرمانبەرێك پاش دەوام دەچێتە ریستۆرانتێك دووسەعاتێك خۆی مەست دەکات تاشەو بتوانێت بخەوێت ، کەئەمەش راکردنە لە ژیان، ئەوان هەندێکیان بەهۆی خەمۆکیەوە خۆیان دەکوژن و بەرگەی بەرزونزمی ژیان ناگرن و مەحرومن لەهانا بردن بۆئەو خوایەی کەهەموو شت لای ئەوەو بەدەست ئەوە .( أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَءِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ (62)النمل ).

سی ویەک : چارەسەرلای خۆمانە :

دکتۆر دەڵێت: ئافرەتێك بەناوی مەریەم تەلەفونی بۆکردم ، گوایە تووشی حاڵەتێکی دەروونی بووە ماوەیەك دینداریەکی توند دەکاو

ماوەیەکیش تائەوپەڕی ساردبوونەوە سارد دەبێتەوەو تەنانەت لەچکەکەشی لادەبات ، منیش وتم:

یەکەم : لەهاوەڵەکانت دووربکەوەرەوە ئەگەر مولتەزیمیش بن .

دووەم: سەردانی فلاّنە دکتۆرەی دەروونی بکە.

سێیەم :گوێبگرە لەو زنجیرە وتارەم کەلەبارەی هاوسەنگی پەروەردەییەوە لە یوتیوب دامناوەو، پێشمووت کتێبی (توازن تربوی) مەجدی هیلالی بخوێنەوە.

دوای دووساڵ نامەی بۆناردم و خۆی ناساند و وتی: هەرچەند سەرباقی حاڵی خۆم تووشی جیابوونەوەش بووم لەدەزگیرانەکەم ، تەنها سێ مانگ لەسەر چارەسەری پزیشك و دەرمانی هێورکەرەوە بەردەوام بووم، بەڕاستی دەستمدایە قورئان و لەگەڵیا ژیام ،خوا بە بەرەکەتی پەیامەکانی قورئان رزگاری کردم وئێستا دەروونم ئارامە.

بەڵێ قورئان شیفایە (وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآَنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلَّا خَسَارًا (82)الإسراء).

ئافرەتێك لەفەرەنسا لە تاوەری هەوربڕەكاندا دەژی ، دیمەنی دەرەوە لەو شوقەیەیەوە زۆر دڵرفێنە ،ساڵانە لەئاهەنگی شەوی سەری ساڵدا سەیری ئەو یارییە ئاگرینانەی دەكرد كەئاسمانی رووناك دەكردەوە ، ساڵێكیان بڕیاری دا لەو سەعاتەی كۆتایی ساڵدا پەردەكانی دابداتەوەو خواپەرستی بكات، كاتێك نوێژی دەكرد رووناكی وزرمەی یارییەكان دڵی دەبرد بۆیە بەخۆی وت: چی تیایە خێرا نوێژەكەت تەواو بكەو لەكیس خۆتی مەدە ساڵی جارێكە..دەڵێ لەم خەیاڵانەدابووم گەیشتمە ئەم ئایەتە(قُلِ اللَّهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ (91)الأنعام)..لەزیاتر لەشەش هەزارئایەتی قورئان ئەمەم خوێند وزانیم پەیامی خوایە بۆم و دڵی دامەزراوكردم كە لەسەر خواپەرستیەكەم بەردەوام بم.

جا ئازیزانم ئێمە نەخۆشین ، بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین ، تینووین بەدوای ئاودا وێڵین ، برسین خواخوای پارووێك نانمانە ، لەكاتێكدا قورئان وا لەبەردەستمانەو رۆحەوشیفایە بۆدەروون وجەستەی بێگیانمان (وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِنْ أَمْرِنَا_الشورى52 ).

## سی ودوو :ئالوودەبوونی یاری :

دکتۆر دەڵێت:ژنێك لە بەریتانیاوە تەلەفونی بۆکردم کە کوڕە تەمەن 13 ساڵەکەی جنێوی زۆری پێداوە لەسەر ئەوەی کەپێی وتووە وەرەخوارەوە لەژوورەکەت و لەگەڵمانا نانەکەت بخۆ..

منیش وتم: کوڕەکەت هاوەڵی کێ دەکات؟

وتی: ماوەیەك لەمەوبەر هاوەڵێکی هەبوو ئێستا کەس هاوەڵی نیە ، کە خزمانیش سەردەدەن حەزناکات منداڵەکانیان بهێنن ،پاش ئەوەی لەحاڵەتەکەی تێگەیشتم وتم: کوڕەکەی تۆ ئالوودەی یاری کردن بووە ، ئەو ورۆژانە 16 سەعات یاری بکات ئاسایی نیە ، رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئالوودەبوون بەیاریکردنی ئۆن لاینەوە ی داناوە بەنەخۆشی عەقڵی وخراپترین ئالوودەبوون ، وتم: باشە نەیکوشتووی، ئەوەتا لەکۆریا کوڕێك کەبیست شەوو رۆژ لەیاری کردن بەردەوام بووە دایکی خۆی کوشت ، ئەم ئالوودەبوونە گەورەکانیشی گرتۆتەوە ، پێش دە پانزە ساڵێك کەسواری میترۆو پاص دەبووم لە

بەریتانیا هەمووان کتێبیان بەدەستەوە بوو دەیانخوێدەوە ، کەچی ئێستا هەمووی سەرقاڵی مۆبایلەکەیتی و زۆربەیان یاریدەکەن..

جابۆیە ئەگەر ئیکس بۆکس یان هەرياریيەکی ترتان بۆمناڵتان کڕی بەحساب بۆ ئەوەی رەفیق کەم نەبن ، مەرجیان لەسەر دانێن کەرۆژانە ئەوپەڕی سەعاتێك یاری پێبکەن ، ئەگینا مناڵەکانتان خەوو خۆراکیان دەبێت بەیاری کردن وپاشان تووشی قەڵەوی یان لاوازی ، هەروەها کەنارگیری و جۆرەها نەخۆشی تر دەبن ..هەق وایە رۆژانە کاتێك بدەن بەمناڵەکانتان وبەیەکەوە دابنیشن وبە قسەو پێکەنین هاوەڵییان بکەن و شتی بەسوودیان بەناڕاستەوخۆ پێبڵێن بەشێوەیەك کە هەست نەکەن کە ئامۆژگاریان دەکەن .





**سی و سیٚ:ئیمانی ئەوانەی باوکیان لەدەستداوە :**

دکتۆر دەڵێت: دکتۆر پۆل فیتز لەکتێبەکەیدا بەناوی عەقیدەی ئەوانەی باوکیان نیە کە کراوە بەعەرەبی بەناوی (نەفسیەتی ئیلحاد) باسی پەیوەندی ئیلحاد دەکات بەنەمانی باوکەوە ،نموونە دێنێتەوە لەسەرئەوانەی کەباوکیان لاوازبوون لەبەر چاویان، یان باوکیان بەندکراون ومەحرومن لێیان، یان باوکیان لەدەستداوە وبەبێباوکی گەورەبوون ..

دکتۆر پۆل باسی تۆمس هۆپز دەکات کە باوکی قەشە بووەو رای کردووەو ماڵ و حاڵی بەجهێشتووەو لەناوچەیەکی دیکە لەگەڵ ئافرەتێکدا بەبیٚ هاوسەرگیری کردن ژیاوە ، ئەمە کاریگەری نەرێنی

لەسەری درووستدەکات و بەرەو ئیلحاد دەچێت و قسە بەقەشەکان و کەنیسە دەڵێت .

فردریك نیتشە ، فەیلەسوفێکی ئەڵمانیە لەچوارساڵیدا باوکی دەمرێت ، ئەمەش بەرەو ئیلحادی دەبات و ئەڵێ خوامرد، هەروەها فیکرەی سوپەرمانی داهێنا کەبەئاسماندا دەفڕێ وچی دەوێت دەیکات کەبەمەش دەیویست ئەوبۆشاییەی لەدەروونیدا دروست بووە لەبەر بێباوکی بەسوپەرمان پڕی بکاتەوە.

فرۆید کەزانایەکی نەمساوی بواری دەروون ناسیە ئەمیش کاریگەری باوکێکی لاوازی لەسەربوو کە جوولەکەبوو ،وە لاوازبوو بەرامبەر بەوانەی گاڵتەیان پێدەکردلەسەر جوولەکایەتیەو سێ ژنی هەبوو منالێ زۆری خستبۆوە، فرۆید دەڵێت : هیچ شتێك بەهێندەی ئەوە بلاۆنیە کە لاوێك ئیمانی بەخوا نامێنێت کاتێك لەمناڵیدا ئیمانی بەباوکی نامێنێت.

ئەوەی سەیرە ئانا فرۆید کەکچێتی دەڵێت: ئەوانەی پەڕاوەکانی باوکم یان ئەوەی لەبارەیەوە نووسراوە دەخوێننەوە لەباوکم تێناگەن، چونکە دیوێکی دیکەی باوکم هەیە کەئەویش ئەو نامانەیە کە


بۆخێزانەکەی ناردوویەتی کە ئەم دەستەواژانە بەکاردێنێت: ئەگەر ڕۆژێك لەئاسمان بەیەك گەیشتین ، بەیارمەتی خوا ، بەئیزنی خوا، لەنویژە نهێنیەکانمدا ..لەوەدەچێت ئەوەی وتوویەتی شتێك بێت و ئەوەش کە لەناخیدا بووبێت شتێکی دیکە، ئەگینا ئاسمانی چی و یارمەتی وئیزنی خوای چی ؟؟

کارل مارکس بیرمەندی یەکەمی شیوعیەت ، باووباپیری لەهەردوو سەری باوکی ودایکیەوە حاخامی جوولەکە بوون، باوکی لەترسی چەوساندنەوەو بەرژەوەندی بووە مەسیحی ،ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر دروست کرد کەبووەمولحیدو دەیووت :دین تلیاکی گەلانە.

(بەندەش کەسەیری ژیاننامەی مەریوان هەڵەبجەیم لەبەرنامەی شەقامدا کرد وادەزانم نەمانی باوکی ونەبوونی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەری کەدایکی بەم دووگیان بووە ، باوکی بەناهەق ساڵی 1963 کوژراوە لەگەڵ ئەوانەی کە لەیاریگای سلێمانی گوللەباران کران).

ئێمەش وەك دەزگای پرد کار لەسەرئەوە دەکەین لەخولەکانماندا بۆپاراستی لاوانی بێباوك لەئیلحاد لەتەمەنی هەشت تا چواردە ساڵی

، لەپانزە ساڵیشەوە بۆ بیست و پێنج ساڵی ، وەهەروەها بۆ وتاربێژومامۆستایان بەئینگلیزی و عەرەبی ، کە نموونەی سەرووەرمان پێشکەش دەکەین کەهەرچەند باوك ودایکی نەبووە بووە رەحمەت بۆهەموو جیهانیان.هەروەها زۆر زانای دیکەی ئیسلام وغەیری ئیسلامیش کە هەرچەند بێباوك بوون بەڵام بێباوکیەکە نەبۆتە هۆی بێباوەڕیان .



هەروەها وەك چارەسەر بۆئەوانەی باوكیان ئالوودەبوون بە مەی و مادده بیهۆشكەرەكانەوە ، یان باوكێكی توندوتیژیان هەیە ، یان لەبەندیخانەدان ، یان لاوازن وگرنگی نادەن ، یان مردوون ، كە دەبێت خاڵ یان مام ، یان باپیر یان هەر مامۆستایەكی تر هەوڵبدەن ئەو بۆشاییە بۆئەو منالأنە پڕبكەنەوە تا بەلاڕێدا نەڕۆن بكەونە سەر راستەڕێی ئیمان وباوەڕ..

## سی و چوار:پلەبەندی نهێنی سەركەوتنە :

دكتۆر دەڵێت:بنەماڵەی دایكم وەرزشەوان بوون ،باوكی دایكم دەمرداش تونی بە ئوستورەی وەرزشی عەرەب دادەنراو دووخاڵم لەئۆڵۆمپایاتی 1968 لەكەنەدا بەشداریان كرد، زیاتریش وەرزشی مەلەیان دەكرد، باوكم پزیشك بوو گرنگی بەوەرزش نەدەدا ، تا جارێك چووین بۆ سەر دەریای سوورو شەپۆلێك هات باوكم دەستی من و براكەمی گرتبوو ، خەڵك هەموو شپرزەبوون ، خاڵەكانم وئەوانەی مەلەیان دەزانی خۆیان دەدا بەدەم شەپۆلەكەوە بۆ رزگاركردنی ژن و منالّ وئەوانەی مەلەیان نەدەزانی ، بەداخەوە

کچێکی هەشت نۆ ساڵ لەئاوەکەدا خنکاو پاش دووسەعاتێك تەرمەکەی دۆزرایەوە.. بۆبەیانی باوکم چوو لەیانەیەك من و براکەمی دانا تا فێری مەلەببین .

ئەوەی مەشقی پیدەکردین هەندێ وەرزشی سویدی پێدەکردین پێش مەلەکە بەتایبەت یاری بەهێزکردنی ماسولکەکانی سك ، منیش نەمدەتوانی لەدووجارزیاتر بیکەم مامۆستاکەمان سەری دەکردەسەرم ودەنگی بەرزدەکردەوە کەبۆناتوانم بیکەم.

ناچار بۆدووهەفتە بەجیا مەشقم کرد وئنجا هاتمەوە بەمامۆستاکەم وت وەك لەبەرچاوی هاوەلانم دەنگت بەرزکردەوە دەی فەرموو بۆم بژمێرە ، کەوتمە وەرزشی سك بەجۆرێك ئەوەندەم کرد مامۆستاکە وتی:بەسە نەك تووشی شتێك ببیت ..پەندەکە لێرەدایە من کەنەمدەتوانی سێ جار لەسەر یەك ئەو وەرزشە بکەم بەپلەبەندی ومەشق کردنی دووهەفتە ئامادەبووم سەدان جار بیکەم ..جا بەرێزینە سەروەرمان دەفەرموێت: ئەوەی لەسەفەردا پێ بنێ لەولاخەکەی بەوپەڕی خێرایی بڕوات زووپەکی دەکەوێ وناگاتە شوێنی مەبەست و ولاخەکەشی لەدەست دەدات.

خاتووعائیشەی دایکمان دەڵێت: سەرەتا خوای گەورە باسی بەهەشت و دۆزەخی بۆکردن لەوسورەتانەی سەرەتا دابەزین ،کەخەڵکی بڕوایان دامەزرا ئنجا باسی حەلاڵ وحەرامی بۆکردن ، ئەگەر سەرەتا باش پەروەردەی نەکردنایە لەسەر بیروباوەڕێکی پتەو وبیفەرموایە مەی مەخۆنەوەو زینا مەکەن نەیاندەتوانی جێبەجێی بکەن.

قورئان سیانزە ساڵ لەمەککە هاوەڵانی لەسەر عەقیدە پەروەردەکردو لەمەدینە باسی حەلاڵ وحەرامی بۆکردن، تەنانەت ڕۆژوو بەسێ قۆناغ فەرزکرا ، یەکەمجار سێ ڕۆژ لەمانگێکدا بەرۆژوو دەبوون لەگەڵ عاشورادا ، دواتر فەرمووی ئەوەی بەرۆژوو بێت باشترە بۆی و ئەوەش دەتوانێ و بەرۆژوو نابێت با خواردن بدات بەهەژارێك ،دوای ساڵێك بەیەکجاری فەرزکرا..

کەعومەری کوڕی عەبدول عەزیز بووە خەلیفە کوڕەکەی هاتەلای و داوای لەباوکی کرد کە خێرابکات لەتەتبیقی ئیسلامدا ئەویش وتی:کوڕم دەترسم پلەبەندی نەکەم لە تەتبیقی ئیسلامداوخەڵکی بەیەکجار هەڵگەڕێنەوە ، کوڕی خۆم خوا دووجار زەمی مەیی کرد سێیەم جار حەرامی کرد..

**جا بەڕاستی کەتۆ بەپەیژەیەك یان قادرمەیەكدا سەردەكەوی باشتر وایە پلەپلە سەركەوی، ئەمەش بۆهەموولایەنەكانی ژیان تەواوە، ئەوەش ئەو حیكمەتەیە كەدەبێت رەچاوی بكەین لەدەعوەدا:**

﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ (125)النحل﴾.

**سی و پێنج:تاماركەی ئیسلاموفوبیامان دروست كرد :**

**دكتۆر دەڵێت:لەپێش بیست و پێنج ساڵەوە ئێمەو لایەنە ئیسلامیەكانی دیكە زاراوەی ئیسلاموفوبیامان داهێنا بۆئەو دژایەتیەی رۆژئاوا دەیكات بەرامبەر ئیسلام ، ئەوە بۆخۆی ماركەیە وەك ماركە جیهانیەكانی (كۆكا كۆلا ) یان (دژایەتی سامی :كەمەبەست لێی دژایەتی جوولەكەیە وە بەیاسا هەركەس شت لەسەرجوولەكە بڵاوبكاتەوە دەیخەنە خانەی دژایەتی جوولەكەوەو سزا دەدرێت).**

لەزۆر لەکۆنفرانسەکاندا کە دەزگای پرد بۆناساندنی ئیسلام ڕێکی دەخست ڕۆژئاواییەکان داوایان لێدەکرین زاراوەی (ئیسلاموفوبیا) بەکارنەهێنین و لەجیاتی ئەوە دوژمنایەتی ئیسلام یان موسڵمانان یان دوژمنایەتی و ڕقلێبوونی بیانی بەکاربهێنین ،هەندێ لەوتاربێژان لایان ئاسایی بوو هەندێکی دیکەیان نەخێر ، کەبیرمان لێکردەوە ئێمە ئەم زاراوەیەمان داناوە بەراستی نابێت وازی لێبهێنین ، بەراستی ئەوان زۆر بەوردی دیراسەی ئێمەدەکەن و ئاگایان لێمانە ، بۆنموونە مزگەوتی ڕۆژهەلاتی لەندەن ئیعلانێکی کرد بۆدوو خولی من کە شەممەو یەکشەممە دەبێت لەدووهەفتە لەدوای یەکدا ، کە یەکەمیان لەبارەی چۆن ئیسلام پێشکەش بکەین بەوەی کە موسڵمان نیەو دووەمیشیان وەڵامدانەوەی هەندێ گومان ..پرۆفیسۆری زانکۆیەکی ئیتاڵی ئیمێڵێکی بۆناردم کە ڕێبدەم قوتابیەکیان بەشدار بێت لەو دوو خولەدا.ڕۆژی دەستپێکردن ئافرەتێك هات بەشداری کردو دووهەفتە لەلەندەن مایەوە ، کەتەواوبووین لێم پرسی خولەکەچۆن بوو؟ وتی:باش بوو ، وتم: وەڵامی گومانەکان تاچەند قەناعەتی لادروست کردی ؟وتی: لەسەدا هەشتا.

وتم: ئەی بۆ بەشداربووی ؟

وتی: هەرچی تۆ بلاّوی دەکەیتەوە ئێمە موتابەعەی دەکەین .

سەرم سورِما کەسێکی وەك من کەئەوسا هێشتا نەناسرابووم چۆن ئاوا موتابەعەم ئەکرێت کەچی ئەڵێم و چی ناڵێم ، بۆم دەرکەوت کەئەوان بەوردی موتابەعەی بانگخوازانمان ئەکەن هەرچی ئەکەن لەدژمان بەبەرنامە ئەیکەن .

سایەقێکی نەگبەت بەسەیارەکەی شەوی رەمەزان دای لەنوێژخوێنان کەلەتەراویح تەواو بووبوون لەبەریتانیا ، چەندکەسی کوشت و چەندیشی بریندارکرد ، موسڵمانان شوێنی کەوتن توانیان بیگرن ، باش باش کوتایان ، خەریك بوو بیکوژن ئیمامی مزگەوتەکە کەمیسریەو ناوی محمد محمود ە کابرای لەژێردەستیان دەرهێنا تاپۆلیس گەیشت و دوایی دادگایی کراو 44 ساڵ حوکم درا ..

دوایی راگەیاندنی غەربی کە رووداوەکەیان بلاّوکردەوە ئیمامەکەیان بە (ئیمامی پاڵەوان )ناوزەد کرد ، ئەمە لەکاتێکدا تیرۆریستێکی پیاوکوژی سپی پێستی بیانی رزگارکردووەو زۆرجار تیرۆریستەکانی

ئەوان پاساویان بۆدەهێننەوە کەکێشەی دەروونیان هەیە ، جا ئەگەر موسڵمانێك ئەو کارەی بکردایەو ئەم رزگاری بکردایە ئەوسا راگەیاندنەکان ئەمیشیان دەخستە خانەی تیرۆرەوەو وێنەیەکی دیکەیان دەخستە بەرچاو، بەهەرحاڵ ئەوان زۆر بەلێزانانە کار لەسەر ناشرینکردنی ئیسلام موسڵمانان دەکەن ،هەقوایە ئێمەش بەهۆکارەکانی سەردەم و بەشێوازی سەردەمیانەو بەهەمان ئەوچەکانەی ئەوان بەکاری دێنن رووبەڕوویان ببینەوەوکاردانەوەی حساب بۆنەکراودادمان ناداوبەرهەمی نابێت.وێنەی شێخ محمد محمود



سی وشەش:فیلمی فیتنە :بەشی یەکەم:

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت:پێش یانزەی سێپتەمبەر دژایەتی موسڵمان دەکرا لە رۆژئاوا و وێنەیان ناشرین دەکرا لە راگەیاندنەکاندا ، بەڵام دوای یانزەی سێپتەمبەر شێوازەکەیان گۆڕی بەدژایەتی ئیسلام کەدینی تیرۆرو تۆقاندنەو موسڵمانان بۆخۆیان باشن تادووربن لەقورئان و لەئیسلام کە سەرچاوەی بیری ترساندن وتۆقاندنە.

ئەم شێوازەیان ترسناکتربوو چونکە باسی ئەفکارەو هێرشی تیانیە بۆسەرکەس بەوەش لەیاسادا ناتوانی هیچ بکەی بەرامبەریان گوایە ئازادی رادەربڕین بەیاسا پارێزراوە.ئنجا لەم خیتابەیاندا هەموو موسڵمانێکی پابەند بەدینەکەیەوە کە ریشی هەبێت و پەرستشەکان بکات یان ئافرەتێك بالآپۆش بێ یەکسەر مۆری تیرۆر دەنێن بەناچەوانیا گوایە پابەندی ئیسلامەو ئیسلامیش یانی تیرۆرو تۆقاندن.

لە3-9ی 2006 فیلمی فیتنەلەهۆڵەندا بەرهەمهات لە مانگی 3ی 2008 لە نێت بڵاویان کردەوە ، ئەم فیلمە سەرۆکی حیزبی

(لەپێناوی ئازادیدا) خیرت فیلدرز بەرهەمی هێنا کەتاسەرئێسقان دژی ئیسلام بوو ، فیلمەکە 15 خولەکە وێنەی کاریکاتێری پێغەمبەرمان پیشان دەدات(صلی الله علیه وسلم) کە فتیلەی بۆمبێك بە عەمامەکەیەوەیە ، ئنجا فڕۆکەکان پیشان دەدات لە 11ی سێپتەمبەردا کەخۆیان دەکێشن بەتاوەرەکانداو هاوارو خۆهەڵدانە خوارەوەی خەڵکی و هەرەسهێنانی تاوەرەکان ، بەدەم ئەوانەوە سودەیس ئایەتی(وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآَخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ (60) الأنفال )دەخوێنێت وژێرنووسی ئینگلیزی و هۆڵەندی بۆکراوە.ئنجا کیژۆڵەیەکی سێ ساڵان پیشان دەدات کەنیوە لەچکێکی بەسەرەوەیەو پرسیاری لێدەکەن کێ دوژمنتە ؟ دەڵێت :جوولەکە چونکە قورئان وا دەفەرموێت.

ئنجا گەنجێکی مەغریبی دێنن کەدەڵێت:هەرچەند بەیاسای هۆڵەندی ڕێدراوە بە شزوزی جنسی و خیانەتی هاوسەرگیری بەڵام من ناچم

بەلای ئەوانەدا ، ئەمەش گوایە ئەوەتا موسڵمانان ناتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ کۆمەڵگادا ..

بانگکرام بۆکۆنفرانسێك لەسەر ئیسلام بەشێکی بریتی بوو لەرووبەڕوو بوونەوەیەك لەگەڵ بەرهەمهێنی فیلمەکە کە بەداخەوە نەهات ، منیش قسەکانی خۆمم کرد بەرامبەر کورسیەکەی هەروەك ئەوەی کە دانیشتبێ بەرامبەرم و وەڵامی گومانەکانم دایەوەو وتم: خۆئامادەکردنی موسڵمانان وخۆپڕچەك کردنیان بۆ بەرقەراربوونی ئاشتیەو بۆئەوەیەدوژمن نەیەتە سەریان .تەنانەت کۆلێژی باڵای ئەرکانی ئەمەریکی کەچەند جارێك وتارم بۆداون مەدالیایەکیان پێشکەش کردوم دروشمەکەیان لەسەرمەدالیاکەئەوەیە : ئەوەی ئاشتی ئەوێ دەبێ ئامادەی جەنگ بێت.راستە ئایاتمان هەیە باسی جەنگ دەکات بەڵام ئەوانە لەسیاقی خۆیاندا خوێندنەوەیان بۆدەکرێت..

ئنجا وتم: باشە لای ئێوە هاوڵاتی چاك وگونجاو ئەوەیە کە شازبێت و خیانەتی هاوسەرگیری بکات ، دیاربوو ئەوەش بەلای زۆر لەهۆڵندیەکانەوە راست نیە وئەوەش وەڵام بوو بۆیان کەبا ئەو لاوە

مەغریبیە ئەوانە نەکات مانای وانیە لەگەڵ کۆمەڵگادا ناتوانیت هەڵکات.(وێنەی پەرلەمانتار خیرت فیلدرز):




**فیلمی فیتنە :بەشی دووەم:**

دکتۆر دەڵێت:هەرئەو سیاسەتمەدارە (خیرت فیلدرز) کەفیلمی فیتنەی بەرهەمهێنا ،ساڵی 20018 پێشبڕکێیەکی راگەیاند بۆوێنەی کاریکاتێری نوێ لەسەرخۆشەویستمان (صلى الله عليه وسلم)، وەسێ خەڵاتی دانا بۆ یەکەم دەهەزار یۆرۆو بۆئەوانی دیکەش کەمتر،

ئنجا ویستی لەهۆڵێکی گەورەی پەرلەمانی هۆڵەندا تابلۆکان نمایش بکاو خەڵات دابەش بکات.. بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەمە ئێمە سی و سێ برگەی ڤیدیۆیمان ئامادەکرد کەهەریەکەی خولەکێك بوو لەبارەی خۆشەویستمانەوە (صلی الله علیه وسلم) کەچۆن دەم بەزەردەخەبووەو لەگەڵ خێزان ومناڵدا چۆن بووەو ناساندنێکی باشمان بۆکردو وەرمانگێڕا بۆ28 زمانی دونیا .ئەم بەرهەمەشمان لەژێر ناوی ( رقت نەبێت فێربە ) بلاْوکردەوە..

ئەوەبوو لەپاکستانەوە هەڕەشەیانکرد کەئەگەر ئەوپێشبڕکێیە بکرێت سەربازە هۆڵەندیەکان دەکوژن ، باش بوو ئەو پێشبڕکێیە نەکرا ، ئنجا بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە بووە هۆی موسڵمانبوونی دوو ئەندام پەرلەمانی هۆڵەندی کەیەکەمیان ( یۆرام ڤان کلافرن ) بوولەساڵی 2018 کەحەوت ساڵ دژایەتی ئیسلامی کردو ویستی ببێتە بەربەست لەرێی بلاْوبوونەوەی ئیسلامدا،دووەمیشیان ( ئارنود ڤان دورن)ساڵی 2012، کەموسڵمان بوو لەبەردەم ئارامگای سەروەردا لەعومرەدا زۆرگریاو داوای لێبووردنی کردو پاشان حەجی کردو ئنجا حیزبێکی ئیسلامیشی دامەزراند بۆسەرخستنی ئیسلام لەهۆڵەندا.

بۆیەمن ئەڵێم خەمی ئیسلامتان نەبێت خوا سەری دەخات ، تەنها خەمی ئەوەتان بێت کە کارێك بۆئەم ئیسلامە بکەن ، هەرگیز لاتەریك و دوورە پەرێزمەبن هەروەك ئاولای دابن چونکە خۆتان مەحروم دەبن لەشەرەفی بەرگری کردن لەئیسلام..






**سی وحەوت:تەوفیقی خوا:**

دکتۆر دەڵێت:ساڵی 2005 یان 2006 بوو بانگکرام بۆ وتاردان لە ئێوارەخوانێك لەشاری شیفلْد لەبەریتانیا کە قوتابخانەیەکی مەسیحی رێکیان دەخست ، پێیان وتم: ئاهەنگێکی رەسمیەو دەبێت قاتێکی رەنگ تۆخ وکراسی سوور لەبەربکەیت و بۆینباخ ببەستیت و شیك پۆش بیت ، کاتەکەی هەستیاربوو ، چەند ساڵێك بەسەر 11ی سێپتەمبەردا تێپەڕیبوو ، هەروەها هێشتا خەڵکی تەقینەوەکانی لەندەنیان بیرنەچووبۆوە کە پەنجا کەس کوژران و حەوت سەدیش بریندار بوون.

راگەیاندنەکان بەردەوام کاریان لەسەر ناشرینکردنی ئیسلام دەکرد. ئەو رێکخراوە ئیسلامیەی بانگهێشتی کردبووم بۆئەوەی سەد جونەیهێکیان بۆبگەڕێتەوە بیتاقەی فڕۆکەی راستەوخۆیان بۆنەبڕیبووم لەمیسرەوە بۆ بەریتانیا کەرۆژێ پێشتر بگەم و ماندوویەتیم دەربچێت ، بلیتی گەشتێکیان بۆبڕیبووم لەجیاتی بە چوارسەعاتێك بگەم بە دەسەعات گەیشتم ، لەفڕۆکەخانەیەکی قوبرس ترانزێت بووم پێنج سەعات چاوەڕێم کرد ، ئنجاگەشتەکە بۆفڕۆکەخانەیەکی بەریتانیا

بووكه سێ كاتژمێر زیاتر به تەكسی دەگەیشتمه شاری شیفڵد ، هەرچۆنێك بێت بۆ ئێواره هیلاك وماندوو گەیشتمه ئاهەنگەكه، بەڵام ئەوەی جێی داخ بوو جانتاكەم لەفڕۆكەخانەی قوبروس بارنەكرابوو ، قاتەكەشم لەوێدابوو ، برادەران قاتێكی تەسك و تروسكیان بۆهێنام زۆرنابووت دەردەكەوتم، چاریش نەبوو بەوپەلەپەله هیچ نەدەكرا، تەقدیمیان كردم چوومه سەرمەنەصه هەموو سەرسام بوون بەناڕێكو پێكی جلەكانم، منیش وێنەیەكی خۆم پیشان دان لەمالیزیا بەو قاتەی كه بەتەمابووم لەبەری بكەم .

وتم: بەداخەوه بەتەمابووم بەوقاتەوه بێم لەفڕۆكەخانه جانتاكەم دواكەوت ، بۆیه ئەوەی دەیەوێت سەیری قاتەكەم بكات ئەوەتا لەسەر شاشەكه بیبینن، ئەوەش دەیەوێت گوێ لەخۆم بگرێت من دكتۆر فازیل سولەیمانم بەڕێوەبەری دەزگای پرد بۆناساندنی ئیسلام ، ئیتر بوو بەچەپڵەو وتارەكەم پێشكەش كرد ، كەرێبدرێت قوتابیان باسی ئیسلامیان بۆبكرێت تا رۆشنبیریان زیاد بێت لەبارەی موسڵمانانەوه كەئەوەش سوودی هەیەو بۆ یەكتر ناسین و پێكەوه

ژیان ، وتارەکەم بەتەوفیقی خوا زۆر سەرکەوتووبو ، 800قوتابیان هێنا گروپ گروپ وتارم بۆدەدان لەبارەی ناسینی ئیسلامەوە..

هەروەك چۆن داهێنەری گڵۆپ کە 999 هەوڵی شکستی هێناو سەری هەزارەمین هەوڵی سەرکەوت وتی: من 999ڕێگا فێربووم کە گڵۆپی پێدرووست نەکرا ،منیش دەڵێم لەم ماندووبوون و نارەحەتیانەوە فێربووم : کەباجلوبەرگیشت وەك پێویست نەبێت تەوفیق لای خوایە ، ئنجا بڕیارم دا متمانە بەکەسانێك نەکەم کەنایانناسم کارم بۆبکەن و بگەڕێن بەدوای هەرزانترین بلیتدا، خۆم بلیتی رۆژێ پێشتری مەوعیدەکە دەکڕم و ئەوانەی بانگهێشتیان کردووم پارەکەی بدەن.



بەڕاستی زیرەکی بەتەنها بەس نیە کاتێك نەتوانین باش بیربکەینەوە ، وەك ئەوە وایە سەیارەیەکی باشت پێبێت وباش نەزانی لێی بخوڕێت، جاباسەیارەکە زۆرباشیش بێت ناشێتی سایەقەکە بەوەرگەڕانی دەدات.

## سی وهەشت:تێگەیشتن لەبەخشین ونەبەخشینی خوا:

دکتۆر دەڵێت:گەنجێك هات بۆلام لەئۆفیسی دەزگای پرد لەقاهیرە وتی:من ئەندازیارم و شوققەوسەیارەی خۆم هەیەو دەوڵەمەندم دەمەوێت ئافرەتێکم بۆبدۆزیتەوە بەلاّم یەك خاڵ هەیە کەبیزانی ئەویش ئەوەیە کەمن مناڵم نابێت..منیش داواکەیم بەلاوە سەیربوو،کێ شوو بەکەسێك دەکات مناڵی نەبێت ، تەنانەت ژمارەی مۆبایلەکەیم لەسەر وەرەقەیەك نووسی وسەرمێزەکەشم ئەوەندە قەرەباڵغە هەرنەمزانی چی لێهات ..

بەقەدەری خوا چەندکاژێرێکی پێچوو تەلەفونێکم لەدۆستێکەوە بۆهات لە ئیتاڵیاوە کە دۆستێکی پێنج کچی هەیەو هیچیان شوویان

نەكردووەو زۆر لـەخەمیاندایەوبچووكەكەشی كە نۆزدە ساڵە تووشی نەخۆشیەك بووەو منالّدانی لابراوە ..

وتم:زۆرباشە دوایی تەلـەفونم بۆبكەرەوە ، گەڕام بەدوای ئەو وەرەقەیەی ژمارەی تەلـەفونەكەم تیانووسیبوو ، ئەملا ئەولا زۆرماندووبووم تادۆزیمەوە تەلـەفونم بۆكردو بۆم باسكرد ، چووە ئیتالّیاو كچەی خواست ، پێكەوە ماستەرو دكتۆرایان خوێندو خەریكی بانگەوازن و زۆر بەختەوەرن ،بەردەوام پەیوەندیمان هەیەو پێموتن :منالّێكی بێباوك بەخێو بكەن خێری دونیاوقیامەتە بۆتان.. بیرم كردەوە باشە ئەو كچە بچووكەیان ئەو نەخۆشیە دەرگای بۆكردەوەو لـەگەڵ ئەم برادەرەی میسردا بەختەوەربوو ، ئەمەش ئەوەیە كە ئیبن عەتای سكەندەری لـەحیكمەتەكانیدا دەڵێت:ئەگەر خوا رزقی دایت لـەمەنعی خوا تێبگەیت ئەوسا مەنع دەبێتە بەخشش لـەلات.

سەیربكەن حەزرەتی یوسف چی بەسەرهات ، پیلانی براكانی بۆ كوشتن یان دوورخستنەوەی ، ئنجا چوونە ناوبیرو ئنجا بوونە كۆیلـەو خزمەتكار لـەماڵی عەزیزی میسرداو پاشان تۆمەتباركردن وچوونە ناو

بەندیخانە بۆچەند ساڵێك ، دوای ئەوە بوو بە عەزیزی میسر لەکاتێکدا ئەم غەریبێك بوو ، میسریش وەك ئەمەریکای ئەمڕۆ (أم الدنیا) بوو.

ئنجا ئەوەتا ئەفەرموێت (وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُمْ مِنَ الْبَدْوِ مِنْ بَعْدِ أَنْ نَزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِمَا يَشَاءُ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (100) یوسف )واته :خوا چاکەی لەگەڵ من کرد کەمنی لەبەندیخانە رزگارکردوئێوەی هێنا بۆئێرە پاش ئەوەی شەیتان نێوانی من و براکانمی تێکدا، بەڕاستی خوا ئەگەر ویستی شتێك بکات هۆکارەکانی بۆدەڕەخسێنێت(لطیف)ە ،ئەگەر بەلای مرۆڤەوە ئەستەمیش بێت ئەوشتە، بەڕاستی خوا زاناوکارسازودانایە.

ژیان هەمووی تاقیکردنەوەیە ، ئەوەتا سەرروەرمان (صلی الله علیه وسلم)حەوت مناڵی هەبوو مەرگی شەشیانی بینی ، سێ کوڕ هەربەمناڵی و سێ کچ پاشئەوەی دابوونی بەشوو مناڵیشیان هەبوو ، تەنیا فاتیمەی بۆمایەوە وکەوتە دوای خۆی.. ئەمەبێجگە لەمەرگی باوك ودایك ومام و باپیرو خاتوو خەدیجە ، دەی بەهەموو

نارەحەتیەکانی ژیانەوە ورەی بەرنەداوهەمیشە سوپاسگوزاربوو دەیفەرموو (الحمد لله علی کل حال سوی الکفر والضلال) .

سی ونۆ:بالاّپۆشانی نویّ :

دکتۆر دەڵێت:ساڵی 1979 لەتاو ستەمی حافزئەسەد پیاوێکی سووری کۆچ دەکات بۆ لۆس ئەنجلۆسی ئەمەریکا ، ژنەکەی وچوارمناڵەکەشی بەدوایدا کۆچ دەکەن، لەفڕۆکەخانەی نیۆیۆرك داوای لابرنی لەچکەکەیان لێدەکەن تاوێنەیان بگرن بۆ گرین کارتەکەیان ، دایکەکە لای دەبات و وێنەی بۆدەگرن ، هالەی کچیان کە 17 ساڵ بوو چی تکاورجایان لێکرد لەچکەکەی لانەبرد ، دوای سیّ سەعات بەلەچکەوە وێنەکەیان گرت بەلاّم فڕۆکەکەیان لەدەست چوو ناچار پێنج بلیتی تریان بڕی تا بتوانن لەنیۆیۆرکەوە بچنە شیکاگۆو لەوێشەوە بچنە لۆس ئەنجلۆس ، بەو دواکەوتنە خوا پاراستنی کە فڕۆکەکەی دەبوایە گەشتیان پێبکردایە کەوتە خوارەوەو هەموو سەرنشینەکانی مردن ..ئێستا هالە عەتیق ماوەو شووی کردووە ومناڵی هەیەو حافزی قورئانیشە .

ساڵی 2018 کچێکی بیست و شەش ساڵ پەیوەندی پێوەکردم لەئەمەریکاوە کەباوکی میسریەو دایکیشی ئەمەریکیە تا ئیسلامی پێبناسێنم ، منیش پرسیاری ئاینم لێکرد وتی: خێزانەکەیان دوورە دینن ، منیش فیلمێکی خۆمانم بۆنارد بەناوی(ئیسلام بەکورتی) کەبە 31 زمان دۆبلاجکراوە وهەزاران کەس بەهۆیەوە موسڵمان بوون، دوای ئەوە پرسیاری لەسەر ئافرەت هەبوو لەئیسلامدا فیلمی (ئیسلام لەئافرەت)دام بۆنارد کە لە12 وڵاتدا تۆمارمان کردووەو باڵا پۆشە بیانیەکان باس لەمامەڵەی جوانی ئیسلام دەکەن لەگەڵ ئافرەتدا .
پاشان پرسیاری لەبارەی تیرۆرەوە کرد منیش فیلمی (جیهاد دژی ئیرهاب)م بۆنارد کە دەکەسایەتی قسەی تیادەکەن کە پسپۆڕن لە یاسای نێودەوڵەتی و بوارەکانی دیکەدا و پێنجیان موسڵمان و دوانیان جوولەکە بوون ، کەئەوەش لەحەوت وڵات تۆمارمان کردووە ودەیسەلمێنێت ئیسلام تیرۆروتۆقاندنی نیەو بگرە جیهاد دەکات دژی ئیرهاب، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە ئەو ئافرەتە ئەمەریکیە لەدوای یەك هەفتە ببێتە باڵا پۆش ، بەڕاستی باڵاپۆشەکانی رۆژئاوا ئازان وسوورن لەسەر باڵاپۆشی هەرچەند دژایەتیش دەکرێن و بەناهەق پەلامار دەدرێن ، بەڕاستی من خۆم بەشەرمەزار دەزانم کەئەوان ئاوا

خزمەت دەکەن و منیش کەمتەرخەمیەکم هەبێ بۆ سەرخستنی ئەم ئایینە ....وێنەی هالە بەگەنجی و بەپیری :





چل : ژینگە پارێزی :

دکتۆر دەڵێت:جیلی ئێمە پەنجاو شەستەکان باوك ودایکمان ئەو دیندارە نەبوون کە قسەو کرداریان زۆرجیاوازبێت بۆیە ئیلحادیش کەم بوو ، بەلاّم ئەم جیلەی ئێستا جیاوازەو ئیلحاد زۆرە چونکە منالّی چاوکراوە هەیە کەرۆشنبیرییەکی ئەم سەردەمەی هەیەو باوك ودایکی ئەبینێت دیندارن بەلاّم کرداریان وەك پێویست نیە ، منالّ کاتێك بەچاکی پێدەگات کە گەورەکان ببینێت دینداریەکەیان

رووکەش نەبێت ، ئەوەی تۆ بەبچوکی دەزانی رەنگە لای ئەو گەورە بێت ، بۆیە سەرووەرمان صلی الله علیه وسلم جەختی کردۆتە سەرئەوەی کەمناڵ نابێت درۆی لەگەڵ بکرێت ،هەروەها هەرچی لەم بوونەوەرەدایە نوێژو تەسبیحاتێکی هەیە کە ئێمە تێی ناگەین ، خۆشەویستمان گرنگی بەگیانلەبەران و ژینگە دەدا وەك واجبێکی ئیمانی ، ئەگەر ئەو زاتە پایەبەرزە لەم سەردەمەدا بژیایەکەژینگە وێران دەبێت بەهۆی بەکارهێنانی پلاستیکەوە بەکاری نەدەهێنا ،کە ساڵی 2018 دەڵێن 380 ملیۆن تەن بەرهەم هاتووەو تەنها لەسەدا نۆی دووبارە بەکارهاتۆتەوەولەسەدا یانزەشی لەناوبراوە ، کەواتە لەسەدا هەشتای ژینگەی پیس کردووە کە بەنزیکی 400 ساڵێك ئنجا شی دەبێتەوە .

جاکاتێك مناڵەکەت لەقوتابخانە ئەو زانستەی وەرگرتووە لەبارەی ژینگەوە کە نایلۆن چ زیانێکی هەیە بۆ گیانلەبەران و خاك وئاو وە تۆش دەبینێت گوێ بەژینگەنادەیت ئەو چاوی تیژەو بیری سافە وشتێکی لادروست دەبێت کەزیان بەپەروەردەکەی دەگەیەنێت.

مەبەستەکەئەوەیە ئەم ئایینە پیرۆزە گرنگی بەهەموولایەنەکانی ژیان داوە ئەگەربمانەوێت نموونەیەکی بەرزو بالاّ بین دەبێت چاکترو باشتر ئیسلامەتی لەژیانماندا رەنگ بداتەوە..

**چل ویەک: خولی تایبەت :**

دکتۆر دەڵێت:پاش بیست ساڵ ئەزموون لە بانگەوازدا زۆر لەهۆکارەکانی ئیلحاد کۆبوونەوە لامان کە هەوڵبدەین لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەدا چارەسەریان بۆدابنێین ، من لام وایە کەدەبێت هەروەك چۆن دژی ئاوڵەو هەندێ نەخۆشی دیکەکوتان هەیە ، ئێمەش پێویستە منالْ و تازەپێگەیشتوەکانمان بە ڤاکسینی دژە ئیلحاد بکوتین تا لەبیرو هۆشیاندا بەرگری درووست ببێت .

بۆئەوە دوو خولمان راگەیاند بەبرێك پارەی کەم ئۆن لاین بۆ تەمەنی (8–13) ساڵ ، هەروەها لەتەمەنی (14–25) ساڵ . بۆ خولی یەکەم منالێکی 12 ساڵم هێنا بەناوی ئەحمەد کە لەبەریتانیا دەژیاو ئەوەی من دەموویست ئەو دەیووت ، ئەمەش لەبەرئەوەی هاوتەمەنەکانی

لەدەمی ئەوەوە باشتر وەریدەگرن ، بۆخولی دووەمیش خۆم قسەم بۆدەکردن.

لەهەمان کاتدا خولێکمان بۆدایکوباوکانیان کردەوە تا ئەوانیش بەرچاو ڕۆشن بن ، چونکە دەبێت ئێمەوەك دەزگایەك ودایك وباوکان لەماڵەوەو مامۆستاکان لەقوتابخانە هاوکاری یەك بین لەو کارەدا ، ئەگینا وەك ئەوسیٚ کەسەمان لێدێت کەپێکەوە کاریان دەکرد ، یەکەمیان زەوی هەڵدەکەندو دووەمیان بۆری رادەکێشاو سێیەمیان پڕی دەکردەوە ، ناکرێت یەکەمیان زەویەکە هەڵبکەنێت و دووەم لەویٚ نەبێت و سێیەم پڕی بکاتەوە ئاخر رەنج بەخەسار دەبن و هیچ بەهیچ ناکەن.ناوی خولەکەشمان نا( دوای یارییەکە) .

لەخولەکەدا پسپۆڕی دەروونیمان لەگەڵدابوو راوێژمان پێدەکردن .

مەسەلەیەکی دیکە گرنگە ئێمە نابیٚ بە لاوان بڵێین نوێژو رۆژوو پەرستشەکانتان بکەن هیچ کێشەیەکتان نامێنیٚ، بەڵکو ئەبیٚ بۆئەوە پەرستش بکەن کەهەقی خوایە لەسەریان ، جاخوا بەفەزڵی خۆی چیان بۆدەکات لەئارامی وبەختەوەری ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە ، ئەبیٚ ئێمە بەرچاورۆشنیان بکەین کەژیان تاقیکردنەوەیەو بەڵاو

موسیبەت بەردەوام یەخەمان پێدەگرن ، تاباشتر خۆیانی بۆئامادەبکەن و لەحەقیقەتی ژیانی دونیا تێبگەن..




## چل ودوو: هاوەڵان مەعصوم نەبوون :

دکتۆر دەڵێت:بۆئەوانەی دەیانەوێت گومان دروست بکەن وباسی خیلافات و ئاژاوەو پشێوی زەمانی هاوەڵان دەکەن دەڵێم :هاوەڵان کەس نەیووتووە مەعصومن ، دیارە ئیجتیهادیان کردووەو هەندێکی ئاساییە وەك پێویست نەبووبێت ، خیلافات هەبووەو جەنگ و کوشتاریش لەنێوان موسڵماناندابووە ، هەرچەند زانایان وەك قازی

ئیبن العربی لەکتێبی (العواصم من القواصم) و پێشەوا تەبەرانی لە (مواقف الصحابة من الفتنة) وزۆر زانای سەردەمیش بەئینسافەوە باسی ئەو ڕووداوانەیان کردووە، بەڵام دیسان ئەوە بەڵگەیەکی ڕاستیّتی ئەم پەیامەیە کە لەسەردەمی خۆشەویستدا(صلی الله علیه وسلم) هاوەڵان لەوپەڕی تەبایی و خۆشەویستیدابوون ، کەس گومانی بۆئەوە نەچووە دوارۆژ فیتنەو ئاشووب بەرپادەبێت ، ئیتر هۆکارەکانی هەرچیەك بێت.

خۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم بەو زانستەی خوا ئاگاداری کردووە پێیان دەفەرموێت : فیتنە دەبینم لەکوچەوکۆڵانەکانتانا وەك باران دادەکات ، یان لەسەرشاخی ئوحود دەبێت لەگەڵ ئەبوبەکرو عومەروعوسمان خوالێیان ڕازی بێت وشاخەکە لەرزینێکی دەبێت ، دەفەرموێت: ئوحود ئارام بە پێغەمبەرێك و سدیقێك و دووشەهیدت لەسەرووەستاوە، ئەوەبوو ئەو دوانەیان شەهیدبوون، یان حەزرەتی عومەر لەحوزەیفەی یەمان دەپرسێت خوا لێیان ڕازی بێت کە نهێنی پارێزی ڕەسول الله بوو (صلی الله علیه وسلم) لەبارەی ئەو ئاشووبەی کەوەك شەپۆلی دەریا شەپۆل دەدات ، ئەویش پێی دەڵێت

لەنێوان تۆو ئەو ئاشوبەدا دەرگایەك هەیە کەشکا ئەوسا دەستپێدەکات،کەدیارەئەوەش سەروەرمان باسی کردبوو، وەبەشەهید بوونی عومەر ئەو دەرگایە شکاو فیتنەو ئاشووب دەستی پێکرد.

جا خۆشەویستمان لەخواوە ئاگادارکرابوو کەئەوشتانە روودەدەن ئەویش بەئەمانەتەوە بەهاوەڵانی گەیاندو هەموئەوانەش روویان دا کە بەڵگەی پێغەمبەرایەتی خۆشەویستمانە .

## چل وسیٚ: دوودڵ و ڕاڕانابم :

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت:دوای یانزەی سێپتەمبەر لەئۆغەندەوە پەیوەندیان پێوەکردین کە فریامان بکەون هەرچیمان بینا کردووە بەچەند ساڵ بانگەوازکردن واخەریکە لەدەستی دەدەین ، بەهۆی ئەوەی کە پارەو هاوکاری لەڕێی بانکەکانەوە تەحویل ناکرێت بۆمان و پرۆژەکانی سەرپەرشتیاری منالاٚن وخوێندنیان راوەستاوە ، ئنجا مژدەدانی کەنیسەکان زۆرگەرمەو بودجەی زەبەلاحیان لەبەردەستایە و خەڵکەکەش هەژارن وشوێنیان دەکەون .

بۆنموونە لەئەمەریکا دووەم گەورە کەنیسە بۆکاری مژدەدانی دەرەوەی ئەمەریکا مانگی چل وسێ ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووە .

ئێمەش وەك دەزگای پرد بۆناساندنی ئیسلام بەرنامەمان دانا کە بچین بەدەمیانەوە ، نزیکەی دەهەزار دۆلارمان پێویست بوو بۆئەوەی یاریگایەکی گەورە بەکرێ بگرین و مونازەرەیەك رێك بخەین لەگەڵ یانزە قەشەدا ، بۆدابینکردنی ئەو بڕەپارەیەش چووم بۆ دەزگایەکی ئیسلامی لەوڵاتێکی کەنداو،سێ رۆژ گفتوگۆم کرد لەبارەی کارەکەوە لەگەڵ سێ بەرپرسیاندا کرد، لەکاتێکدا ئەو بڕەپارەیە بۆئەوان هیچ نەبوو چونکە چالاکی وایان هەبوو یەك ملیۆن دۆلاریان بۆخەرج کردووەوهیچ سوودێکی واشی نەبووە .

پاش ئەوەی رێکەوتین کەئەو پارەیەمان بدەنێ وئێمەش وێنەو ڤیدیۆکەیان بۆبنێرینەوە ، ئەو رۆژەی کەویستم بچم بۆ ئۆغەندا لەفڕۆکەخانەبووم ئیمەیلێکیان بۆناردم کەجارێ کارەکە بوەستێنن ، هاتمەوە نووسینگەکەم پەیوەندیم پێوەکردن کەهۆکارەکەیم پێبلێن سوودی نەبوو ، دوایی تێگەیشتم کەهەروا راڕان وبەئاسانی کاریان

لەبەرناڕوات ، منیش بڕیارم دا کارەکەبکەم، بۆئەوە کەوتمە خول کردنەوە بەپارەیەکی کەم و بەبەشداربوانیشم دەووت ئەم پارەیەی ئێوە ئیشێکی ئاوای پێدەکەین لەئۆغەندا .سوپاس بۆخوا کارەکەمان جەموجۆربوو لەئۆغەندا یاریگایەکمان گرت و یانزە قەشەمان بانگهێشت کردو خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوەو حیوارێکی جوانمان لەگەڵ کردن، سەرەنجام قەشەیەکیان لەگەڵ هاوسەرەکەیدا موسڵمانبوون و کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەرخەڵکی.

پاشان دەیان لاومان مەشق پێکرد لەسەرچۆنیەتی گەیاندنی ئیسلام وسوپاس بۆخوا سیانزەساڵە بەردەوامین و زەویەکمان کڕی کە شەش هەزاروپێنج سەد مەتردوجایەو مزگەوت و پەیمانگاوشوێنی مانەوەی تازەموسڵمانەکانمان تیادروست کردووە .ئنجا مینحەدەدەین بە قوتابی بێنەلامان لە دەزگای پرد بمێننەوەلەمیسرو فێری عەرەبی ودەعوەکردنیان دەکەین لەماوەی دەمانگدا ، سوپاس بۆخوا ئەوانەی ئێمە پەروەردەمان کردوون یەکێکیان بووە بەحاکمی شارێکی ئۆغەنداو دوانیان بوونەتە دوو بانگخوازی زۆرچالاك ..ئەمانەم هەمووی بۆئەوەوت:هەرگیز دوودڵ و ڕاڕانیم لەکاری بانگەوازدا

وهەمیشە پشت دەبەستم بەوخوایەی بەدەسەڵاتە بەسەر هەمووشتێکدا (وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا (3)الأحزاب).

## چل وچوار: بڵاوبوونەوەی ئیسلام :

دکتۆر دەڵێت:لەساڵانی پەنجاوشەستەکاندا لەئەمەریکاو ئەوروپا بەدوای خواردنی حەڵاڵدا بگەڕایتایە دەبوایە بچوویتایەتە لای سوپەرمارکێتی جوولەکەکان و (کۆشێر)ت داوا بکردایە کەوەك خواردنی خۆمان حسابی حەڵاڵ وحەرامی بۆکراوە ، یان ئەوەندە مزگەوت کەم بوو جاری واهەبوو سەدوبیست کیلۆمەتر دەڕۆیشتی تابگەیتە مزگەوتێك نوێژی هەینی تیا بکەیت ، لەساڵانی حەفتاوە تائەمڕۆ ژمارەی مزگەوتەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادبوون وخواردنی حەڵاڵیش بەئاسانی دەستدەکەوێت ، کێ ئیسلامی ئاوا بڵاوکردەوە لەئەمەریکاو ئەوروپادا؟ بەهۆی ستەمی دەسەڵاتی جەمال عبدالناصرو قەزافی و حافزئەسەدەوە کەبەهەزارانیان کوشت و بەهەزارانیان بەندکرد لاوانی ئیسلامخواز کۆچیان کرد بۆدەرەوەی وڵات ، جالەبەرئەوەی باش پەروەردەکرابوون ودەیانزانی کەبانگەوازکردن

ئەركی سەرشانیانە بەدەم ئیش وكاریانەوە توانیان وەزعەكە بگۆڕن و خەڵكانێكی زۆری ئەو وڵاتانەش موسڵمان بكەن.من كەبیرلەو گەنجانە دەكەمەوە هاوەڵانی ئەشكەوتم بیردەكەوێتەوە كەقورئان لەبارەیانەوە ئەفەرموێت (إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ آَمَنُوا بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى ، وَرَبَطْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا فَقَالُوا رَبُّنَا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَنْ نَدْعُوَ مِنْ دُونِهِ إِلَهًا لَقَدْ قُلْنَا إِذًا شَطَطًا (14)الكهف).

حەزرەتی یوسف سلاوی خوای لێبێت بەندكرا بەناهەق كەچی لەناو بەندیخانەشدا بانگەوازی دەكرد ، لێبووردنی بۆدەرچوو قایل نەبوو بێتە دەرەوە تادووبارە لێكۆڵینەوە لەقەزیەكەی نەكرێت ، لەبەرئەوەی سومعەی بانگخواز گرنگەلەكارەكەیدا ، ئەوەبوو دووبارە لێكۆڵینەوە لەئافرەتەكان و ژنی عەزیز كراو پاش ئەوەی دانیان نا بەڕاستیەكاندا ئنجا حەزرەتی یوسف بەسەربەرزی وداوێپاكی هاتە دەرەوە تا ببێتە عەزیزی میسر.

خۆشەویستیشمان صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: ئومەتی من وەك باران وان نازانرێت ئەوەڵی خێرە یان دواییەكەی .ئەمەش ئیرادەی خوایە دەیانەوێت ئیسلام بەفوو بكوژێننەوە وخوای گەورەش زیاتر

بره‌وی پێده‌دا له‌سه‌رتاسه‌ری دونیاداوچیرۆك و به‌سه‌رهاتی هیدایه‌تی وا ده‌بیستیت سه‌رسام ده‌بیت له‌گه‌وره‌یی وده‌سه‌ڵاتی خواو هیدایه‌ته‌که‌ی که هه‌رخۆی (الهادی) یه.

## چل وپێنج: دژایه‌تی سوننه‌ت :

دکتۆر ده‌ڵێت:له‌م سی ساڵه‌ی دواییدا به‌به‌رنامه هێرش ده‌کرێته سه‌رسوننه‌ت و حکومات هه‌ن به‌هه‌موو توانایانه‌وه له‌پشت ئه‌و کاره‌وه‌ن، ئه‌وانه‌ی هێرش ده‌که‌نه سه‌ر ئه‌بوهوره‌یره مه‌به‌ست ئه‌بوهوره‌یره خۆی نیه ،مه‌به‌ست لێدانه له‌سوننه‌تی سه‌روه‌رمان صلی الله علیه وسلم ، لێدانی سوونه‌تیش لێدانه له‌شه‌ریعه‌ت ، هه‌رکاتێکیش شه‌ریعه‌تمان نه‌ما هه‌موو ئه‌و شتانه ده‌گۆڕێن که‌له‌شه‌رییعه‌ته‌وه وه‌رگیراون که‌ئه‌وه‌ش ئاواتی ناحه‌زانه.

ئێمه‌ی موسڵمان به‌فه‌رمانی خوا پێغه‌مبه‌ر صلی الله علیه وسلم سه‌رمه‌شقه بۆمان له‌هه‌موو شتێکدا (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآَخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا (21) الأحزاب ).

سوننەت هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە لەباری درێژی و پانی و قوڵی ، بەباری درێژی لەپێش لەدایکبوون و دوای لەدایکبوون و مناڵی و لاوی وپیری سوننەت ڕێنمایی هەیە ، بەباری پانی سوننەت ڕێنمایی هەیە لەسەر پەیوەندیەکانی مرۆڤ لەگەڵ دەورووبەرو مامەڵەکردن لەگەڵ ژیاندا ، بەباری قوڵیش سوننەت ڕێپیشاندەرە بۆگرنگیدان بەرۆح وبەجەستە ، بەچۆنیەتی پەرستشەکان ، سوننە نەبێت نازانین چۆن نوێژبکەین چۆن بەرۆژوو بین و چۆن زەکات بدەین و چۆن حەج بکەین ، پەیوەندیمان چۆن بێت لەگەڵ خوادا تا ڕەزامەندی بەدەستبهێنین .ئەگەر قورئان خۆر بێت ئەوا سوننەت ئەستێرەیەکە بەدەوریا دەسوڕێتەوەو لێکدانابڕێن ،بەفەرمانی خوا دەبێ هەرچی سەروەرمان دەیفەرموێت فەرمانبەری بکەین (وَمَا آَتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا–الحشر 7 ).

دەڵێن ئەبوهورەیرە کەدرەنگ موسڵمان بووە چۆن شەش هەزار فەرموودەی گێڕاوەتەوە ، ئەوانە بێئاگان لەوەی کەئەبوهورەیرە چوارساڵ ودوومانگ بەردەوام لەخزمەت خۆشەویستماندا بووە ، ئامادەی نزیکەی دووسەد وتاری هەینی بووە ، ئنجا ئەو فەرموودە ڕاستانەی لەوەوە ریوایەت کراون (935) فەرموودەن، کە لەسەدا

هەشتاو پێنجیان هاوەڵانی تریش ریوایەتیان کردوون.تەنها سەدودە فەرموودەمان هەیە کەتەنها ئەبوهورەیرە ریوایەتی کردوون.

حەزدەکەم کتێبی (کیف وصل الینا هذا الدین –نووسینی علاء عبدالحمید ) بخوێننەوە ، تابزانن ئەم ئایینە چۆن بەئێمەگەیشتووە کەسانێك هەبوون هەموو تەمەنی خۆیان بەخت کردووە لەپێناو گەیاندنی ئەم دینەدا ، لای هەندێ لەزانایان زانستی فەرموودە نەوەدوسێ زانستە.

هێرشێکی زۆر دەکرێتە سەر پێشەوا بوخاری کەکتێبەکەی راسترین کتێبە دوای قورئان ، کەدووبارەی لێ لابەیت چوارهەزار فەرموودەیە کە لەسەدان هەزار فەرموودە هەڵیبژاردوون و بۆهەریەکەیان دوو رکات نوێژی کردووە ، ئاخر کەی رەوایە ئەگەر پانزە یان بیست فەرموودەی تێنەگەین یان قسەی لەسەربێت هەمووی وەلا بنرێت ، کەئەو رێژەیە لە چاو هەموو فەرموودەکاندا ئەکاتە لەسەدا نیو ، واتە لەسەدا نەوەدو نۆونیوی تەواوە .جا ئەو لەسەدانیوەش کاری زانایانە شەن وکەوی بکەن، ئای ناحەزان چیان کرد لەسەر باڵی مێش کەیەکێکیان نەخۆشی پێوەیەو یەکێکیانیش دەرمانەکەیەتی.ئەوەبوو

لەکوەیت لـەلایەن زانیانەوە ئەو راستیەیان سەلماند، ئنجا ئەم فەرموودەیە بۆکاتێك وتراوە کەسێك لـەبیابانێکدا یان لـەشوێنێکدا بێت کەتەنها ئەو ئاوە یان ئەو خواردنەی پێبێت و میشی تێبکەوێ ونەتوانێ فڕێی بدات بۆئەوەی نەخۆش نەکەوێت ئەوە چارەسەرەکەیتی کەئەوەش بەڵگەی پێغەمبەرایەتی ئەو زاتەیە نەك بەپێچەوانەوە..

هەروەها کە ڕەشکە سوودی هەیە بۆبەرگری لـەنەخۆشی تا دکتۆر ئەحمەد قازی بەرەحمەت بێت لـەئەمەریکا ئەوەی سەلماند، هەروەها کەمرۆڤ لـەخانەکانی کلێنچکەوە دروست بووەو ئەو خانانە هیچیان لێنایەو لـەوەش دروست دەبێتەوە ئەوەبوو ساڵی 1935 زانایەکی ئەڵمانی سەلماندیو خەلاّتی نۆبڵی لـەسەر وەرگرت .. مەبەستەکە ئەوەیە کەزانست ڕەنگە لـەداهاتوودا هەندێ بابەتی فەرموودەمان بۆپشت راست بکاتەوە ..

## چل وشەش: دژایەتی نیقاب :

دکتۆر دەڵێت: ساڵی 2018 ئافرەتێکی کەناڵێکی بەریتانی پەیوەندی پێوەکردم و وتی: ریپۆرتاژێکمان هەیە لەسەر نیقاب دەتوانی بەشداربیت ؟ وتم: بەڵێ ،وتی: رای جەنابت چیە لەسەرنیقاب ؟

وتم: فەرز نیە..مەوعیدێکمان داناو هاتن ، پرسیاری کرد رای ئیسلام چیە لەسەرنیقاب ؟

وتم: مەسئەلەیەکی خیلافیەو هەندێ زانا دەڵێن فەرزەو هەندێ دەڵێن فەرزنیە،وتی: تۆ ئەوسا وات نەووت. وتم: بەڵێ ئەوسامن رای خۆمم پێووتی بەلاَم ئەمە رای زانایانە.

وتی: دەکرێ بەریتانیا رێگری بکات لەنیقاب؟

وتم:دەتوانێ کاتێك واز لەپرەنسیبەکانی دیموکراتی بهێنێ و ببێتە ولاَتێکی دیکتاتۆری.

وتی: تۆ وانابینی کەنیقاب نامۆیە بە رۆشنبیری وکلتوری ئەورووپی ، وتم:نەخێر ، لاپتۆپەکەم هێناو هەندێ لەقتەی ئەو فیلمەم نیشان دا

کەدەرمان کردووە بەناوی ئیسلام لەئافرەتدا ، پیشانم دا کە ئافرەتانی دەسەلاّتدارو دەستڕۆشتووی ئەورووپا لە سەردەمانی پێشوودا دەموچاویشیان داپۆشیوە لەبێگانە.

ئەوەتا لەساڵی 1956دا کە ئیمبراتۆری نەمسا دەمرێت هاوسەرەکەی و ئەمیراتەکان لەرێوڕەسمی ناشتنیدا رەشپۆشن و دەموچاویشیان داپۆشیوە.

لەسەرەتای ئیسلامیشدا هاوسەرەکانی سەروەرمان صلی اللّٰه علیه وسلم رووی‌خۆیان دەرنەئەخست و تەنانەت هەندێ ئافرەتی تریش هەروابوون، ئەوەتا حەزرەتی عومەرخوالێی رازی بێت سەردانی حەفصەی کچی ئەکات ئافرەتێکی لائەبێت ناینایسێتەوە چونکە رووی خۆی دەرنەخستبوو ، وتی:ئەوە کێیە؟وتی: ئەوە ئەسمائی کچی عومەیسە.

ئەو دەیویست من دژی نیقاب قسەبکەم منیش نەمکرد چونکە هەڵمەتێکی بەرفراوان هەیە بۆسەر نیقاب و کەئەوەیان بۆچووە سەر ئنجا سەرپۆشیش یاساغ دەکەن وەك لەفەڕەنساو بەلجیکا یاساغیان کردووە ، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ رێگری لەمزگەوت و منارە وەك

لەسویسرا هەیە .لەکاتێکدا ئاینەکانی دیکە ئازادن و بەکەیفی خۆیان منارە بۆپەرستگاکانیان دروست دەکەن.

ئەوروپا بۆوادەکات ؟ ئەمە ریشەیەکی مێژوویی هەیە ، ئەوروپا فێرە کەمەئاینیەکان دەچەوسێنێتەوە تا کۆچیان پێدەکات ، کۆمەڵەی ئەریۆسیەکان کە بڕوایان بەیەکتاپەرستیەو مەسیحین وئیسحاق نیوتن یەکێ بووە لەوانەو هەروەها زانای دۆزەرەوەی ئۆکسجین جۆزێفیش هەرلەوان بوو، ئەوەندەیان فشارخستنەسەر تاکۆچیان پێکردن بەرەو ئەمەریکا، لەساڵی 1662دا نزیکەی شەش هەزاریان لەبەریتانیا لێکوشتن ، کەچوونە ئەمەریکا کەنیسەیەکی تایبەت بەخۆیان هەبوو بەناوی کەنیسەی یەکتاپەرستەکان، دواتر چوارسەرۆکی ئەمەریکی لەمان بوو کەسەرۆکایەتی ئەمەریکایان کرد وەك:جۆن ئادەم و پاشان کوڕەکەی کەشەشەم سەرۆکی ئەمەریکابوو.

جوولەکەش کەمینەیەك بوون لەئەوروپا ستەمیان لێکردن تاناچاریان کردن بچنە ئەمەریکاوفەلەستین وولاتانی دیکە .بەداخەوە کەسانێکی بەناوعەلمانی لەولاتە ئیسلامیەکان پشتگیری ئەوهەڵمەتانە دەکەن دژی بالاپۆشی .

**چلو حەوت :ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام: یەکەم**

کەسەیری بەڵێن وپەیمانەکانی قورئان دەکەین و سەیری ژیاننامەی سەروەرمان ئەکەین صلى الله علیه وسلم زیاتر یەقینمان دائەمەزرێت ، ئەوەتا خوای باڵادەست لەقورئاندا بەڵێنی پاراستن و سەرخستنی سەروەری داوە ، دەی ئەو هەموو هەوڵانەی درا بۆ لەباربردنی ئیسلام وتیرۆرکردنی خۆشەویست هەموویان پووچ دەرچوون ، دەهەزار چەکدار هاتنە سەرمەدینە ئیتر ئەوە ئەوپەڕی هێزبوو بتوانرێت کۆبکرێتەوە لەوسەردەمەدا ، ئنجا جوولەکەش کەهاوپەیمانبوون لەناوخۆی مەدینەدا پەیمانەکەیان شکاند ، کەچی خوای باڵادەست کەکەس وەك ئەو خاوەن بەڵێن و پەیمان نیە ، نەك بەجەنگ بەڵکو هەر بەڕەشەباو سەربازی نەبینراووترس ئەو سوپابێشومارەی لە ماوەیەکی کەمدا ریسوا کرد وناچاربوون بگەڕێنەوە وئیتر نەیانتوانی بێنەوە سەرمەدینەو ناچاربوون سوڵحی حودەیبیە بکەن ..

باشە سەلمانی فارسی قەدەری خوانەبێت بۆسەرخستنی ئەم دینە بۆبەکۆیلەیی دێتە مەدینەو موسڵمان ئەبێت و تەگبیری هەڵکەندنی چاڵ ئەکات تاکافرەکان نەتوانن بێنە ناوەوە ، کەئەوەش پلانی

**سەربازی فارس بوو ، وەبۆئەو رۆژە نامۆبوو ..باشە قەدەری خوانەبێت بۆسەرخستنی ئەم دینە، نوعەیمی کوڕی مەسعودی غەتەفانی چۆن بەدزیەوە دێت موسڵمان ئەبێت و تەفرەقە ئەخاتە نێوان قورەیش و جوولەکەوە کە کەسێکی متمانەداربوو لای هەردوولایان ، جا کە قورئان ئەو رووداوانەی تۆمارکردووە لەسوورەتی ئەحزابدا وئەیخوێنینەوە سەرسام ئەبیت لە گەورەیی ئەم پەیامەو سەرخستنی لەلایەن ئەو زاتەی کەناردوویەتی ، تکاتان لێدەکەم تەفسیری ئەو سوورەتە بخوێننەوە من زۆر سوودم لێبینیوە تازیاتر یەقینتان دامەزراوبێت ..**

**ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام: دووەم :**


**وتمان پاراستن و سەرخستن و گەیاندنی پەیام هەتا قیامەت خوای گەورە خۆی دەیکات، تەنها ئەوەی داوایە لەبڕواداران کەهەوڵی خۆیان بدەن**(إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (9)**الحجر** (فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ (94) إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ (95) **الحجر ).تۆ ئەی پەیامبەر پەیامەکەت راگەیەنەو ئێمە چاری دوژمنان و ناحەزان و گاڵتەکەران دەکەین .**

**یان دەفەرمویّت** ﴿إِلَّا تَنْصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (40) التوبة﴾ **ئەگەر ئێوە ئەو سەروەرە سەرنەخەن ،خوا سەری خستووەو پەك لـەكەس نەكەوتووە ، ئەوەتا لـە كاتی كۆچدا سەری خست كەخۆی ئەبوبەكری هاوەڵی بوولـەئەشكەوتەكەدا وناحەزان نەیانبینین .خوا باڵادەست و دانایە و هەقو راستی و كەلامی خۆی سەرخست و ناهەقی وپەیامی كافرانی ریسواكرد.**

**لـەوهەموو نارەحەتیەی كە خۆشەویستی تیابوو ، كەخۆی و هاوەڵانی لـەمەككە بەكافران و لـەدەرەوەی مەككەش بەدوو ئیمبراتۆریەتی مەزنی سەردەم كە فارس و رۆم بوون دەورە درابوون ،بەو حاڵـەشەوە كەبەبیری كەسدا نەدەهات خوا مژدەی زۆری و ئاوی كەوسەرو تیاچوونی ناحەزانی ئەداتێ ، لـەوسەردەمەوە هەتا قیامەت** ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ (1) فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ (2) إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ (3) ﴾**.هەژارەكەی كوردزمان ئاوا مانای**

**کردووە:وەناوخودا کە دەهندەو دلۆڤانە، ئێمە زۆر شتمان دا بەتۆ ، ساتۆ بۆ پەروەرندەی خۆت نوێژو قوربانی بکە، ئەوی لێت بەناتۆرەیە ، بۆخۆی وەجاخی کۆرەیە ..**

**دەی ئەوە لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆش ئەوانەی لەلوتکەی دوژمنایەتی کردندان یان ئەبنە پەپولەی باڵ سوتاوی خزمەت نووری موحەممەد یان خوا ریسوایان دەکات ودوابڕاوو وەجاخ کوێر دەبن ،نموونەش کابرای بەناوهەڵەبجەیی کەعەلمانیەکان لە رۆژنامەیەکدا بەمەریوانی تەزویرچی ناوی ئەبەن ، یەکەم ئەو کتێبەی بەحساب خۆی نووسیوویەتی هی خۆی نیەو سیامەند ستوودەی فارس لەئەمەریکا نووسیوویەتی، ئنجا شەهادەی قوتابخانەی تەزویر کردبوو ، ئنجا خزمەتی هینابۆوە کە ئەویش هەرتەزویر بوو..ئازیزانم کەسانی تەزویر چی چیان پێدەکرێت بەرامبەر (صادق الأمين) ێك کەخواو هەموو بوونەوەر شایەتی بۆدەدەن**(وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَسْتَ مُرْسَلًا قُلْ كَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِنْدَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ (43) الرعد ).( هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا (28) مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ...الفتح)..



## ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام: سێیەم

قەشە زەکەریا بوترس ساڵی 1934 لەمیسر لەدایکبووەو پاش ئەوەی لەچەندکەنیسە کاری کردووە لەمیسردا ساڵی 1992 چۆتە ئوسترالیاو پاشان چووە بەریتانیاو پاشان چووە ئەمەریکا ، گۆڤاری (وۆرڵد )خەلاّتی دایناڵی ساڵی دایە لەسەر بەرنامەی (حوار الحق).ساڵی 2008 رۆژنامەی (الانسان الجدید)یش بەدوژمنی یەکەمی ئیسلامی ناوزەدکرد لەم سەردەمەدا.

لەساڵی 2003 ەوە ناسرا بەهۆی بەرنامە تەبشیریەکەیەوە لەکەناڵی (الحياه)، ساڵی 2010 بەرنامەکەی راگیرا بۆخۆی ساڵی 2011کەناڵی (الفادی) دامەزراند.

ناوبراو لیسانسی هەیە لەمێژوودا و درۆزانێکی لێهاتوو بوو . ڕاستی و درۆی بەشێوەیەك تێکەڵ دەکردو سیناریۆی بۆ دادەڕشت کە مرۆڤی دەخستە گێژاوەوە . شارەزای زۆر شت نەبوویتایە بەهەڵەیدا دەبردی . ئەیزانی لە کوێدا زیادو کەمی بۆ ڕووداوو ئەحداسە مێژووییەکان دادەڕشت ، دڵی ناحەزانی دینی خۆش کرد، تەنانەت هەندێ دەوڵەمەندی مەسیحی پارەی زۆریان بەکەناڵەکە دەبەخشی بۆ بەردەوام بوونی لەلێدانی ئیسلامدا.

لەوتارێکیدا باسی نەسەبی مەسیح ئەکات سەلامی خوای لێبێت کە لەئینجیلدا هاتووە کەسێ ئافرەت لەنەسەبی مەسیحدا زیناکەر بوون ، لەکاتێکدا مەسیح نەسەبی نیە چونکەخوا بەموعجیزە لەمەریەمی داوێن پاکداهینایە بوون ، هەروەك ئادەم وحەوا سەلامی خوایان لێبێت کەئەوانیش نەسەبیان نیە و بەموعجیزە خولقاون.

جا قەشە زەکەریا دەڵێت: ئەوەزۆر ئاساییە کەنەسەبی ئەوانەی تیابێت چونکە ئەوهاتووە تا ئەوانەو مرۆڤایەتی لەتاوان رزگار بکات..ئنجا درۆیەکی شاخدارئەکات و دەڵێت (حاشا لەسەرووەرمان )گوایە کوڕی باوکی خۆی نیەو دایکی لەیەکێکی تر بوویەتی ، جا ئەم بوختانەی لوتکەی بێ ئەدەبی بوو کەکردی بەرامبەر ئەوزاتەی کەخوا هەموو نەسەبی ئەوی بەپاکی راگرتبوو.کەدوایی دێمە سەردرێژەی ئەو باسەو ریسوابوونەکەی کەخوا ویکلیکسی بۆ تاین کرد ،ئەو ماڵەیویکلیکس ئاوابێت هیچ قازانجێکیان نەبووبێت ئەوەنەبێت بەسمانە لەئاشکراکردنی نهێنیەکان...

## ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام: چوارەم

دکتۆرفازیل سولەیمان بەرپرسی دەزگای پرد بۆناساندنی ئیسلام دەڵێت: لەساڵی 2019دا کۆمێنتێکم بۆهات لەفەیس بوک لە ئافرەتێکەوە کەنوسیبووی بەهۆی ڤیدیۆیەکی تۆوە موسڵمان بووم و بەبنەچە مەسیحی عێراقیم ودەیان ساڵە لەئەڵمانیا دەژیم لەگەڵ باوك ودایکم ، باوکم بەپەرۆشەوە سەیری وتارەکانی قەشە زەکەریا بوتروسی دەکرد، باوکم زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە قەشە زەکەریا

لەبەرنامەکەیدا وتبووی :موحەممەد کوڕی عەبدولاڵنیەو دایکی داوێن پاك نەبووە ، زۆرم پێناخۆش بوو ،جیاوازی بیروڕاو عەقیدە بۆبگاتە تۆمەت بەخشینەوە ، هەرکەس شتێکی هەیە بابەئەدەبەوە بیڵێ ، ئاخۆ حەزرەتی عیساسەلامی خوای لەسەر زیندوو بوایە بەشتی وا قایل ئەبوو ؟بێگومان نەخێر، ئەمە وای لێکردم ئەوشەوە نەخەوم و بگەڕێم بەدوای ئەڵقەی بەرنامەکەی قەشە زەکەریادا ، لەگەڕانمدا وتارێکی تۆم بینی لەیوتیوب کەوەڵامی ئەو تۆمەتانەی ناوبراو دەدەیتەوە ، پاش ئەوەی گوێم لەبەرنامەکەی تۆو ئەویشگرت هەرئەوشەوە بڕیارم دا موسڵمان بم.

ئەو ئەڵقەیەی ئەو خوشکە باسی دەکات یەکەم وتاری تۆمارکراوم بوو بۆیوتیوب کەوەڵامی ئەو قەشەیەم دایەوە ، لەوتارەکەمدا پاش ئەوەی وەڵامی گومانەکانیم دایەوەوبەڵگەکان و راستیەکانم خستنە ڕوو ، ئنجا هەوڵمدا کار لەسەر هەست و سۆزی بینەر بکەم ، تابتوانێت بڕیاربدات و بێت بەرەو ئیسلام ، وتم:ئێوە قایل دەبن بەوەی کە تۆمەت بۆئەو کەسە هەڵبەسترێ کە لەوپەڕاوەی هێناویەتی 36 جار ناوی خاتوو مەریەمی بردووەو سورەتێکیشی بەناوی ئەوەوە

ناونراوە،لەکاتێکدا ناوی ژنی فیرعەون وشاژنی سەبەء نەهاتووە، هەروەها ناوی  هاوسەرەکانی خۆشەویست و کچەکانی لەقورئاندا نەهاتوون .

قورئان کەدوای نزیکەی شەش سەدە لە لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح هاتووە داوێنپاکی خاتوو مەریەم دەسەلمێنیٚ لەسەروو حەوت ئاسمانەوە بەوەی کەباسی حەزرەتی عیسا دەکات کە تەمەنی یەك رۆژبوو بەموعجیزەیەکی خوایی کەوتە قسەو پاکێتی دایکی سەلماند . ئەمە لەکاتێکدا ئەم بەسەرهاتە لە ئینجیلدا نەهاتووە ، جا کەقەشە زەکەریا دەڵێت : ئێمە پێویستمان بە قورئان نیە پاکێتی مەریەممان بۆ بەیان بکات، ئەڵێم :ئەی باشە بەچی دەیسەلمێنن ، جا خۆئەوان هەرچی خراپە بە پێغەمبەران و پەروەردگاریان وتووە لەوتەورات وئینجیلەی کەدەستیان تێوەرداوە..

## ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام: پێنجەم

پێگەی ویکلیکس کەساڵی 2006 دامەزرا بەسەدان هەزار بەڵگەنامەی نهێنی حکومات و کەسایەتیەکانی بڵاوکردەوە،

دامەزرێنەرەکەی جولیان ئەساج بوو ، پاش ئەوەی شکاتی زۆری لێکرا مافی پەنابەرێتی وەرگرت لە 2012 لە سەفارەتی ئیکوادۆر وتیایا مایەوە تا بەریتانیا دەستگیری کرد لە 2019 دا ، هەندێك تۆمەتباری دەکەن بەوەی رووسیای لەپشتە، ئەویش دەڵێت هەر لەسەرەتاوە بەڵگەنامەم لەسەر پۆتین بلاوکردەوە ، هەرچی بێت هەرایەکی گەورەی لەدونیادا ناوەتەوە ویەکێ لەو کارە باشانەی کردی ئاشکراکردنی بەڵگەنامەیەك بوو کە پاش ئەوەی قەشە زەکەریا بوترس لەگەڵ پارێزەرەکەی(هانی صوبحی) نێوانیان تێکدەچێت و پارێزەرەکەی بەنامەیەك هەڕەشەی لێدەکات کە ئەگەر باسی بکات هەمووئەو دزیانەی کەشف دەکات کەلە بەخشین وکۆمەکی خەڵکی مەسیحی بۆکەناڵی (الحیاه) هاتبوولەساڵی 2007 تا 2010 ، کەپێی بۆتە خاوەنی زیاتر لەدوانزە ملیۆن دۆلار وچەند ڤیەللای پێکرِیوەو بۆئەوەی ئاشکراش نەبێت سیانیان کەبەناوی خۆی و هاوسەرەکەیەوەیەتی خستوویەتیە سەر کەسێکی نزیکی بەناوی (سەمیر عەبدول مەلیك) ..

ئنجا ئەو عەقدی کڕین وفرۆشتنانەش وەك هەموو کڕین و فرۆشتنێکی ترلـەئەمەریکا دەتوانی لـەئەنتەرنێت وەری بگریت و بلاۆودەکرێتەوە ، ئەوەش کەدەیسەلمێنیٚ ئەو ڤیەلـلایانە هەرهی خوێەتی ساڵی 2010و2011 هەرخۆی باجەکانی داون ..

سەروەرمان صلی الله علیه وسلـم بەشایەتی دۆست ودوژمنی راستگۆو دەستپاکی ئەرزو ئاسمان بووە ، ئەوانەی تانەوتەشەری لێدەدەن زۆرنابات ریسوادەبن و دەردەکەوێت کەدزوگەندەڵ و سووکن ، راستە ئەگەر خوا بەحیلـمی خۆی ماوەیەك مۆڵـەتیان بدات ئاخری بەقەدەری خۆی کەسانێکیان بۆتاین دەکات بیانکات بەپەند، ئاخر باشە زەکەریا بوترس کەبەیەکەم دوژمنی ئیسلام دانراوەو زۆرشارەزابوو لـەمێژووداو زۆر درۆزانێکی عەجایب بوو ، پیاوی ئاینی مەسیحی بوو بەحساب دەبێت دونیای نەوێت ، کەچی ئەویش و زۆری دیکەی وەك ئەو خۆیان بۆناگیریٚ لـەبەرامبەر پارەو هەواوئارەزوو ئافرەتدا..باشە چۆن ئەو بەڵـگەنامەیەی کەوتە بەردەستی ویکلیکس وئابڕووی چوو؟؟

دیاره هەر پلان و تەدبیری خوایەو ناحەزانی سەروەرمان ریسوا دەکات ﴿وَقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ وَعِنْدَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ (46) فَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِ رُسُلَهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ (47)ابراهیم ﴾.واتە: پیلانیان گێڕاو پیلانەکانیان لای خوا ئاشکرایە، هەرچەند پیلانیان شاخ لـەبن دێنێ ، وا مەزانە خوا پەیمانی خۆی ناباتە سەر بۆ نێردراوەکانی ، خوا دەسەڵاتداروتۆڵـەسێنە...

## ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام: شەشەم

قەدەری خوا وابوو کە دەوڵـەمەندێکی مەسیحی میسری ساڵی 2010 بە قەشە زەکەریا بوتروس دەڵێت کە بڕێکی زۆر پارەی ناردووە بۆ بەرنامەکەی ،بەوەش ناکۆکی بۆدروست دەبێت لـەگەڵ کەناڵی حەیاتدا کەگوایە لـەوهەموو پارانە بۆکەمیان داوە بەو، کەناڵـەکەش دەڵێت:تۆ مانگانە نەوەد هەزاردۆلار وەردەگریت.ئەویش دەیووت :نا ساڵانە ئەوەندە وەردەگرم..

**بەڵام دیارە مانگی نۆدەفتەردۆلار دەستکەوتی بووە ئەگینا چۆن لەماوەی سێ ساڵدا لە 2007 تا 2010 ئەبووە خاوەنی نزیکەی دوانزە ملیۆن دۆلار ..**

**قەشە زەکەریا لەلایەکی ترەوە راپۆرتی هەڵەی دەدا بەحکومەتی ئەمەریکی گوایە دەستکەوتی مانگانەی سێ هەزار دۆلارە بۆئەوەی باجی دەستکەوتەکەی نەدات..خواردنی پارە بەناهەق لەلایەن پیاوانی ئاینی مەسیحیەوە هەرزوو قورئان تۆماری کردووە وبڕوادارانی لێئاگادارکردۆتەوەکەدەفەرموێت** ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ...34 التوبة ﴾.

**جا نوری چاومان صلی الله علیه وسلم هەرچی دەستدەکەوت دەیبەخشی و میراتەکەی تەنها پەیامەکەی بوو وەك پێغەمبەرانی دیکە سەلامی خوایان لێبێت ، هەروەها ئەوەندە دەستپاك بوو تەنانەت کافرانی مەککە نەختینەیان لای ئەو دادەنا ، کەکۆچی کرد بۆمەدینە پێشەوا عەلی لەجێی خۆی دانا تا ئەماناتەکان بداتەوە بەخاوەنەکانیان. بەڕاستی لوتکەی بێ ئینسافیەو بەدێتیە زماندرێژی بکرێت بەرامبەر**

ئەوزاتە کەخوا خۆی قبوڵی ناکاو نەفرەت دەکات لەوانەی کەئازاری ئەو زاتە دەدەن لەدونیاو ئاخیرەتدا(إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآَخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُهِينًا (57)الأحزاب).

ئنجا لەسوورەتی کەوسەردا پەڵێنی دەدا تێ کەنا حەزانی هەمیشە ریسوادەبن ، کەئەواتە ئێمە پاش زیاتر لەچواردە سەدە ری سوابوونی قەشە زەکەریا بوترسمان بینی ..( بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ ، فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ ،إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ ).

## 48-بەرەنگاربوونەوەی بەرەلاّیی

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت:شۆرِ شێکی جنسی بەرپابووە کە لەسەرتاسەری دونیاداخەڵکێکی زۆری ئالودەکردووە ، کاتێك مرۆڤ شتێك دەخوات یاشتێك دەکات بەهۆی مێشکیەوە ئا سوودەییەکی بۆدروست دەبێت وبەردەوام دەبێت لە ئەنجامی دەردا نی ماددەی دۆپامینەوە ..

گەنجێکیان هێنا بۆلام ساڵی 2019هەر چەند نوێژیشی دەکرد ئالودەبوو بوو بەو سایتە خراپانەوە ، دەیویست وازبهێنێ و نەیدەتوانی ، ئەمەش وای لێکرد بیرلەخۆکوشتن بکاتەوە ، ئەوەبوو دانیشتم لەگەڵیداوزۆر کارم لەسەرکرد کە ئیرادەی بەهێزبکەم وزرگاری بێت.

خۆشبەختانە گروپی (الواعی) هەیە لە ئەسکەندەریەو سایتیان هەیە و کاربۆ بەرەنگاربوونەوەی بەرەلاّیی دەکەن ولە هەوڵی هۆشیارکردنەوەو چارەسەرکردنی ئالوودەبوونی لاوانن بە سایتە خراپەکانەوە کەزۆر لەتلیاك خراپترە.

ساڵی 1953 پیاوێك لەئەمەریکا بەناوی هیوهنفر گۆڤاری پلای بۆی دەرکردکەوێنەی نەشیاوی ئافرەتانی تیابلاّودەکردەوەو سامانێکی باشی بەهۆیەوە دەستکەوت کەتەنها کۆشکەکەی بایی 54 ملیۆن دۆلاربوو ، لەتەمەنی 91 ساڵیدامرد، ناوبراودەیووت: سەرکەوتووبووم لەوەدا کە گۆڤارەکەم جێی کتێبی پیرۆز بگرێتەوە.(بەومانایەی کەجنسی لەجێی دین داناوە)..

تێبینی :لەم ماوەیەدا لەچاوپێکەوتنێکدا کاك بروا  جەزا بەرێوە بەری ( ئۆن لاین گارد)لەسلێمانی  وتی:  کە بۆپارا ستی لاوان لەو سایتە خراپانە ، تەنها ئەوەت لە سەرە پەیوە ندیان پێوەبکەیت  لەرێی تەلەفونەوەو ئەوانیش بە سەیارەی خۆ یان کارمە ندیان دەنێرن  تا وابکەن ئەنتەرنێتەکانتان ئەوشتە خراپانە نەهێنێ وخۆتان ومالٌومنالٌتان پارێزراوبن ، کەبەراستی ئەوە کارێکی مەزنە لای خواو خەلٌکی خوا.

## 49-من و جەماعەتی ئەحمەدی:

بانگخوازدکتۆر فازیل سولەیمان دەلٌێت:فیلمی خەلٌەتاندنی مژدەدانمان دەرکرد کاریگەری باشی هەبوو لەسەدا نەوەدو حەوتی ئەوانەی پێیان خەلٌەتابوون وبووبوونە مەسیحی گەرا نەوە ، دەمووی ست لە سەر شیعەبنووسم ، کەسایەتیەك پێیوتم: ئەی بۆلەسەر ئەحمەدیەکان شتێك ناکەیت .

ئەحمەدیەکان دوای کەسێك کەوتوون لەهیند بەناوی  میرزا  غولام ئەحمەدکەئیدیعای ئەوەی دەکرد مەهدی ومەسیحە، ئەوەبوو ئینگلیز

که هیندی داگیرکردبوو پشتگیری زۆری لێکرد چونکه مو سڵمانانی سارد دەکردەوە لەجیهاد دژی ئینگلیز، زانا یانی ئیسلام ئەوانیان بەلەدین دەرچوو داناو سعودیە ناهێڵێت بچن بۆحەج .

بەریتانیا بەدیوانی خەلافەتی ئەحمەدی دادەنرێت ومزگەوتێکیان هەیە بەناوی بەیت الفتوح وچالاکیان زۆرەو کەناڵی ئاسمانیشیان هەیە ، لەمیسرو وڵاتە ئیسلامیەکانی دیکەشدا دەیانەوێ پەل بهاون، تەنانەت کاتێك من لەمەیدانی تەحریر بووم کاتی شۆڕشەکە یەکێکیان منی بانگ دەکردبۆ ناو ئەو جەماعەتە.

سەرقاڵی تۆمارکردنی خولی ئیمانی بووم بەزمانی ئینگلیزی ، وتەبێژی ئەحمەدیەکان لە ئەمەریکاوە پەیوەندی پێوەکردم کە پیاچوونەوە بکەم بۆکتێبێکیان گوایە لەبارەی وەڵامدانەوەی گومانەوەیە لەسەرئیسلام. پیاچوومەوەو تێبینی خۆمم دایە.

ئەمانە لەپاکستان رێگری زۆریان لێدەکەن وئەوانیش سوودیان لەوە وەرگرتووەو خۆیان وەك ستەم لێکراووقوربانی نیشان دەدەن تا سۆزی خەڵکی بەلای خۆیاندا راکێشن ، ئنجا کارلەسەرئەوە دەکەن

کەموسڵمانان کافریان دەکەن ، کەداعشیش پەیدابوو دیسان کاریان لـەسەرئەوە دەکرد کە خۆیان راستن و ئەوانی دیکە هەموو تەکفیرین.

وتە بێژەکەیان هاتە لـەندەن و دەعوەتم کردو داوای کتێبم لێ کرد ، پێنج کتێبی دا مێ خوێند مەوە ودەیوی ست بە شێخێکیانم بنا سێنێ فەلـەستینی بوو لـەبەریتانیا دادەنیشت ناوی هانی تاهیر بوو لـە ساڵی 1999 ەوە بووبووە ئەحمەدی و نزی کەی هەزاروتاری هەبوو لـە کەناڵـەکەیاندا .

دوای پێنج مانگ وتەبێژە کەیان هاتەوە بەریتانیا م نیش دە عوەتم کردەوەو وتم: کتێبەکانم خوێندەوە وگەیشتمە ئەوەی میرزا نەمەهدیەو نەمەسیح ،وتی: ئەوە ئاساییەو تۆئازادی ،وتم:باشە کەسێك بڕوای بە میرزانەبێت حوکمی چیە؟وتی: خۆت دەزانیت ئەوەی بڕوای بەگشت پێغەمبەران نەبێت کافرە ،وتم:کەواتە ئێوەش خەڵك تەکفیردە کەن، ئەوەمان لـەسەربڵاوکردنەوە .

پاش ماوەیەك ڤیدیۆیەکم بینی شێخ هانی تاهیر وازی لێهێناون، چوومە لای و هەمووی بۆ روون کردە مەوە کەپێش چەند ساڵێك

هاو سۆزیەکی بووەبۆ یان و شوێنیان کەوتووە ، پا شان داوای لێکردوون کە نووسینەکانی میرزا گەوهەرن بۆ لەزمانی ئۆردووەوە نایانکەن بەعەرەبی ، ئەوەبوو پاش پێداگریەکی زۆری ئەم کردبوویان بە عەرەبیودابوویان بەم پیاو چێتەوە ، پاش خوێند نەوەی بۆی دەرکەوتبوو کە ئەوەی ئەو وتوویەتی جیاوازە لەوەی ئەمان دەی لێن لەزۆر شتدا، پا شان سەدان پێ شبینی کردووە زۆر بەی زۆری پێچەوانەکەی هاتونەتە دی .(وێنەی هانی تاهیر)



ئنجا میرزا لەدواساڵەکانی تەمەنیدا موباهەلەی کردبوو لەگەڵ شێخ سەنائوالـلەدا کە خوا درۆزن لەناوبات ، لەماوەی ساڵێك دا

کوڕوکوڕەزای میرزامردن و میرزاش بە نەخۆشی کولێرا مردو شێخ سەنائواللە ش چل ویەك ساڵ دوای ئەوژیا وخز مەتی دینی کردو چەندەها پەڕاوی بلاّوکردەوە.

## 50–خشوع :

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت: وتارێکی شێخ عەلی تەنتاوی زۆر کاری تێکردم بەناوی دووڕکات نوێژ ، شێخ عەلی ئەوئایەتەدێنێت کە نوێژ قور سە مە گەر لە سەرئەوانەی خا شیعن ( وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى الْخَاشِعِينَ (45)البقرة)بەراستی هەروا یە نوێژەکانت بگۆڕەو هەوڵ بدە بەخشوعەوە ئەنجامی بدەی پەیوە ندیت لەگەڵ خوادا دەگۆڕێت و بەوەش ژیانیشت دەگۆڕێت.

نوێژ بۆنزیکبوونەوەیە لەخوا (وا سجد وا قترب) ، نوێژئەوە ندەت بۆدەنوسرێت کەتێی گەی شتبی ، ئە گەر بتوانی ناودڵی ریزێ کی نوێژخوێنان بخوێنیتەوە دەبینی کە هەریەکەو دڵی لای شتێکەوکەمیان هەیەبەتەواوی دڵی لای نوێژەکەی بێت..

جا خشوع لەنوێژدا دەبێت هەوڵی بۆبدرێت وکاری بۆبکر ێت ، تا نوێژەکانمان لە (ارحنا منه) ببێت بە(ارحنا بها)..کە ئەوەش لەوتاری (روح الصلاة)دا باسم کردووە.

## ز نجیرەی چوارەمی یادەوەری و پە ندی دکتۆر فاز یل سولەیمان :

### 1-پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی :

دکتۆر فازیل دەڵێت:چۆن داگیرکاری و کاولکاری داگیر کەرانیان ناوناوە (ئیستیعمار) کەخۆی (ئیستخراب)ەوچۆن ( مەی) یان ناوە مەشروباتی رۆحی ،ئاوەهاش شەبەکەی تەوا صولی ئیجتیماعی(تۆڕی کۆمەڵا یەتی ئەن تەرنێت) لەڕا ستیدا بۆپ چڕانی پەیوەند یە کۆمەڵایەتیەکا نە، بۆنموونەکورە کەت سەری بە سەرمۆبایلەکەیدا شۆڕکردۆتەوەوجیهانێکی خەیاڵی هە یە کە دوورە لەو واقیعەی تیادەژی پێی بڵێ نەنکت نەخۆشە رەنگە سەرهەڵبڕێ و سەیرێکت بکات ، بەڵام باکی پێی نیەو هەردەڵێی لەگەڵ ئەویشت نیە ، جاران

کەمیوان دەهات دەمانپرسی منالّەکانیشیان دێن ، پێمانخۆش بوو بێن ، ئێستا خواخوایانە منالّی خز مان نه یەن و سەرقالّی ئایپادو یاری وهاوەلاّنی عالەمەکەی خۆیان بن.

جاران پرسەوسەرەخۆشی گەرموگوڕبوو ، سەردان هەبوو ، ئێ ستا کۆمێنتێکی بۆدەنووسیّ (انا لله وانا الیه راجعون) وتەواو.

ئنجا ئەو تۆڕی کۆمەلاّیەتیە هێلّی سووری بۆداناوی بۆنموو نه با سی ستەمی هیند بەرامبەرموسلّمانان و ئیسرائیل بەرامبەر فەلەستین و چین بەرامبەر ئیگۆرەکان و لەم بابەتە بلاّوبکەیتەوە چەندرۆژێك سزات دەدەن پەیجەکەت دادەخەن، ئیتر ئەمەبێج گه لەوەی کە شارەزایان دەڵێن هەموو زانیارییەکانی تۆ لەبەردەستیانایەو هەرچی پێب کەن تۆ دەسەلاّتت نیە..

راستە پەیوەندی کردن ئاسان بووە بەلاّم چەند بۆ چاکە بەکاردێت دەئەوەندە بۆخراپەبەکاردێت و زۆرخێزانی لەبەریەك هەلّوەشاندووەو بەسەدان ملیۆن کەسی ئالوودەی مالّپەڕەخراپەکان و یاری کردن کردووە .

ئەمە بێجگە لەوەی کەئەوانەی هاوەڵتن و لایك وکۆمێ نت دە کەن وەك خۆت بیردەکە نەوەو بەجۆرێك لەجۆرەکان لەو عالە مە خەیاڵیەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە وادەکەن شتەکان باش نەبینی ، بۆنموونە موسڵمانانی بەریتانیا دەنگ یان دا بەحیزبی عو مال ساڵی 2019 و وایان دەزا نی دەردە چێ کە چی خوێندنەوە کەیان بۆ واقیعەکە نەپێکاو حیزبی موحافیزین بەهاوکاری ئەمەریکاو ئی سرائیل و هیند دەرچوون.ئەم خراپ خوێندنەوە یە بە شێکی زۆری بەهۆی مەعلوما تەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە یە کەدوورە لەوەی لەواقیعداهەیە..

## 2-متمانەتان بێت بەخوا :

ئەوەی کەخوا بۆ ناردوین پێوی ستە لە سەرمان ب ڵێین بی ستمان و بەگوێمان کرد ،حیکمەتی بزانین یان نا ، هەرچەند چەندیش ب توانین بەدوای حیک مەتیا دە گەڕێین کەبێگومان هەموو شەریعەت لەبەرژەوەندی مرۆڤدایە.بۆنموونە:

دەستدرێژی جنسی کێشەیەکی گەورەیە کەولاٌتان بەگشتی و ئەورووپا بەتایبەتی دووچاری بووە ، ئەوەی سەیری فیلمی خراپ دە کا ئەوە لەخەیاڵێکدا دەژی کەدەیەوێت ئەوەی لەنەف سیدا درو ست بووە لەسەر ئافرەتێك تاقیبکاتەوە.

دکتۆرلاری نەصار لوبنانییەو ساڵی 1993 لەچارە سەری ئی سقاندا پسپۆڕی هێناوچارە سەری وەرز شەوانەکانی دە کرد، 265 کەس داوای یاسایی لە سەرتۆمارکرد کەتە مەنیان شەش ساڵ و بەرەو ژووربوو ، یەکێ لەوانە کە لێی بێدەنگ نەبوو وە سەرتوێژەکەی شکاند و مەسەلەکەی ئاشکراکرد پارێزەرێکی وەرزشەوانبوو ساڵی 2016 سەرەنجام دادگا سەدوحەفتاوپێنج ساڵ حوکمی دا.

ئنجا هاشتاگێك بلاٌوکرایەوە بەناوی ( هەروەها منیش–me too ) کەهەرچی تووشی ئەو کارەبوو بوو قسەی خۆی بکات ، بە مەش بەرهەمهێنی بەناوبانگی فیلم هارفی وانستاین شکاتی لێکراو بەندکرا، پەرلەمانتاری بەریتانی هەبوو خۆی کوشت ، مامۆستای زانکۆ هەبوو ئەوانیش یابەندکران یان خۆیان کوشت ووەرەقەی زۆر کەس سوتا، تەنانەت بەڕێوەبەری گەورەکۆمپانیاکانی واڵ ستریت کارەکانیان

لەدەست چوو ، هەیانبوو گرێبەستی گەورەی کرد یوو کۆمپانیا کە بەتەمابوو سەدملیۆن دۆلاری بەشی خۆی بداتێ کە ئابروو یان چوو نەیاندانێ ..


ئەمە بەبارەکەی تری شدا ئی ستیغلال کرا ، بۆنموو نە کۆمپانیا یەك بۆئەوەی ئەو پارە یە نەدات ، یەك دوو مل یۆنێکی دەدا بە یەك ودووفەرمانبەری ئافرەت تا بەدرۆشکات بکەن لەوکەسەی کەدەبێ ئەو برە پارە زۆرەی بدرێتێ بەوەش وەرە قەیان دە سووتاندو دووملیۆنیان دابێ نەوەدوهەشت ملیۆن دۆلاریان بۆدەگەڕایەوە..

هاتن چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن، کۆمپانیا گەورەکانی والْ ستریت بڕیاریان دەرکرد تێکەڵاوی پیاوو ئافرەت کەم بکە نەوە ، بەهیچ جۆر ێك خەلوە و تەنهایی درو ست نەبێتو ئافرەتێك وپیاو ێك لەژوورێکدا نەبن بەتەنها، تەنانەت جلو بەرگی ورووژێ نەرو رووت قەدەغەکرا ، ئنجا ئەگەر کارمەندێکی پیاوو ئافرەتیان نارد بۆکار ێك لەفڕۆکەدا نابێت لای یەکەوە بن ، دەب ێت دووژووری ج یا ب گرن لەئوتێلدا ، بەکورتی هەرچی ئیسلام بۆخۆپارێزی دای ناوە ئەوانیش پاش بیرکردنەوەی زۆر ناچاربوون وابکەن.

جارێك پێش پانزەساڵێك لەمانشستەر داوام لێكرا با سی شەریعەت بۆكۆمەڵێكی نامو سڵمان بـ كەم، وا یان دەزا نی تەنها (قـ صاص) شەریعەتەو هەموی كورت دەكرایەوە لەدەست برێ نی دزدا ،م نیش باسی یاساكانی ئابووری ئی سلامی ومامە ڵەی حەلاڵم بۆكردن كەئەگەر ئەوروپا رەچاوی ئەوەی بكردا یە لە 2008 دا تووشی هەرەسهێنانی ئابووری نەدەبوو،وە 20 مل یۆن كەس كارەكان یان لەدەست نەدەدا..

خوای گەورە دەفەرموێت (قُلْ أَأَنْتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللَّهُ–البقرة 140 ) (إِنَّ هَذَا الْقُرْآَنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ0الإسراء 9 ) .

جامنیش بەندەی خوا ئەندازیار عوسمان دەڵێم هەركەس بەرنامە یەكی چاكتری لا یە لەئی سلام فەرموو بابیهێن ێت (ئێوەبا شتر دەزا نن یاخوا؟؟؟).. ئەوەش وێنەی تەعلیماتی كۆمپان یای بۆلمبیرگ لەواڵ ستریت بۆئەوەی رێگرن لەو دیاردەیەو(هەروەها م نیش ) دوو بارە نەبێتەوە..




## 3-پاراستنی منالآن لەبێباوەڕی :

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت:ساڵی 2019 سایتی ڕێکخراوی پرد بۆناساندنی ئیسلام هاککراو وێنەیەکی کاریکاتۆریان بۆمن دانابوو ، وە بەدەجال وەسفیان کردبووم وئنجا هەر 15خولەکێك وێنەی خراپیان بلآودەکردەوە ، سوپاس بۆخوا سایتەکەمان لەدەستی هاککەر دەرهێنایەوەو ، تێگەیشتم کە ئێمە بەکارەکانمان فشارمان لەسەر بێباوەڕەکان دروست کردووە بۆیە پەنایان بۆئەو کارە نامرۆڤانەیە بردبوو.

ئێمە لەگەڵ کەسانی پسپۆڕی بواری دەروونی و پەروەردەیی کۆبووینەوەو پلانمان دانا کەلەرێی یارییەوە منالأن پەروەردەبکەین ، بۆئەمەش لەخولێکدا کەسەدمناڵ بەشداریان کردبوو کوڕێکی میسری زۆرزیرەکمان هەڵبژارد کەناوی ئەحمەدبوو وەتەمەنی 11 ساڵێك دەبوو،یارییەکە بەناوی(دوای یاری) بوو ، ئنجا یاری دووەممان بەرهەمهێنا بەناوی کیسەڵەکان رزگاربکە کە ئەحمەدو کوڕێکی دیکە بەناوی یوسف رۆڵی تیادەبینن .

ئەم یاریانە چوار قوتابخانەی گەورەی ئیسلامی لەئەمەریکاوهۆنگ کۆنگ ولوبنان خستیانە بەرنامەیانەوە.


شيخ دجال #فاضل_سليمان يريد ان يسترزق ع ضهر السوريين: حملة تحصين أبناء #اللاجئين_السوريين في #أوروبا من خطر #الإلحاد

Posted on June 12, 2019 by

نشر الشيخ الدجال فاضل سليمان على صفحة بالفيسبوك ما يلي:

حملة تحصين ابناء اللاجئين السوريين في اوروبا من خطر الإلحاد
الإخوة الأحباب اللاجئون من اي جنسية يمكنكم الحصول على دورة الوقاية من الإلحاد لأطفالكم و شبابكم من ٨-١٨ سنة عن طريق الرابط

بەڕاستی ئێمە دەتوانین منالانمان بەشێوەیەك پەروەردەبکەین ،بەپێی توانای تێگەیشتنیان زانیاریان بدەینێ کەلەداهاتوودا پیانبارێزێت لەبێباوەڕی..





4–بالاٚپۆشی لەفەرەنسا :

ساڵی 2003 یاسای قەدەغەی بالاٚپۆشی لەفەرەنسا دەرچوو ، سارکۆزی کەهێشتا نەبووبووە سەرۆك کۆماری فەرەنسا سەردانی ئەزهەری کردولەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا شێخی ئەزهەر دکتۆر محمد سەید تەنتاوی کەپیاوی دەسەلاٚت بوو سێ جار وتی: فەرەنسا هەقی خۆیەتی رێگری لەبالاٚپۆشی بکات.

لەوڤیدیۆیەی بلاٚوکرایەوە دیمەنی مامۆستایەکم بینی دەستی رادەوەشاند بەرامبەر شێخی ئەزهەرو بەرپەرچی دەدایەوە، ئیتر هەرچەند نەمزانی چی دەڵێت ، بەلاٚم دیاربوو نارەزایی دەربڕیبوو.

کەساڵی 2004 لەئەمەریکاهاتمەوە بەپرسیارئەو کەسەم دۆزیەوە کەناوی دکتۆر عبدالصبور مەرزوق بوو ، چوومە خزمەتی و دەستیم ماچ کرد هەرچەند دەستی راپسکان و خەریك بوو نەهێڵێت، وتم: نەزرم کردووە دەستت ماچ بکەم کە بەرزت کردەوەبەرووی شێخی ئەزهەردا.

ئنجا باسی چالاکیەکانی خۆمم بۆکردو ئەویش پێی باش بوو کە کەسانێکم پێبناسێنێت ، ئەوەبوو مەوعیدێکی بۆدانام وچووم دووکەسی قات لەبەربوون، باسی چالاکییەکانی خۆمم بۆکردن ، ئەوانیش کەدیاربوو سەربەدەزگایەکی باڵای حکومەت بوون داوایان لێکردم کە هاوکاریانبم لەکاتی هاتنی شاندی باڵای وڵاتان ، تا هەندێ بیروبۆچوونیان بۆراست بکەمەوە لەبارەی ئیسلامەوە لەکاتی پێویستدا..

هەوڵەکانی من بەری گرت ، شاندی وڵاتێکی ئەورووپی هاتن هیچی لەفەڕەنسا کەمتر نەبوو ، بەتەمابوون ئەوانیش یاسایەك لەپەرلەمانەوە تێپەڕێنن بۆقەدەغەکردنی باڵاپۆشی ،منیش پێموتن :حیجاب لای ئێمە فەرمانێکی خواییە بۆسەتری عەورات ، قەدەغەی نەکەن باشترە تاموسڵمانان هاوکارودۆستی حکومەتەکەتان بن نەك بەپێچەوانەوە ، ئەوەش کەفەڕەنسا کردوویەتی هەڵەیەو بزانە چۆن شەقامیان گرِدەگرێت ، ئەوەبوو پاش ماوەیەك پشێوی وخۆپیشاندان لەدەوروبەری فەڕەنسا دەستی پێکردو سەدوبیست ئەفسەری پۆلیس کوژران و خەڵکانێکی

زۆریش کوژران وبریندداربوون و نزیکەی دووسەد ملیۆن یۆرۆ زیانیان پێگەیشت.

ئەوەبوو شاندێکیان هاتنەوە کەبزانن چۆن من ئەوپێشبینیەم کردووەو هاتە دی ، کەئەوان دەیانووت لەبەربێکاریە، کەلەراستیشدا تەنها لەبەربێکاری نەبوو..

گرنگ ئەوەبوو قسەکانی من بوونە مایەی خێرو ئەو یاسای قەدەغەیە لەو ولاتە سەری نەگرت و منیش چوومە لای دکتۆر عبدالصبور کەنەخۆش بوو مژدەم دایەو زۆری پێخۆش بوو دوعای خێری بۆکردم.

## 5–لۆبی هاوڕەگەزبازان :

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت: لۆبیەکی بەهێزلەرۆژئاوا پشتگیری لەهاوڕەگەزبازان دەکات و هەرچی دەنگ بەرزبکاتەوە بەرامبەریان تێکی دەشکێنن، بیرمەندی کەنەدی گۆردەن بیترسۆن کاتێك لەرێیاندا وەستا لەکارەکەی دەریان کردو ناویان زڕاند بەجۆرێك خەریك بوو خۆی بکوژێت ، ئنجا لەشارێکی کەنەدی

کارگەیشتۆتە ئەوەی کەساڵی مانگێك ئالأی ئەو شازانە لـەگەڵ ئالأی کەنەدادا بەرزدەکرێتەوە.


لـەئەمەریکا قەشەیەك ئالأکەیانی سوتاندبوو پانزەساڵ حوکم درا کە ئەوەش پێچەوانەی ئەوئازادی بیروباوەڕەیە کەخۆیان بانگەشەی بۆدەکەن.

هەروەها نووسەرێکی ئەمەریکی کە چارەسەری ئەو حاڵـەتەی دەکرد بەناوی ریچارد کۆهن، وەپەڕاوێکی نووسیوە و بۆتەمایەی چارەسەرکردنی خەڵکێکی زۆر دژایەتی کراو کتێبەکەی کەساڵی 2000 دەرکرد لـە ئەمازۆن نایەڵن دابەزێت و رێگری دەکرێت لـەبلأوبوونەوەی.

ئنجا کاری زۆر بۆئاسایی کردنەوەی شازییەتی دەکرێت ، بۆنموونە پیاوێك بەبەرگی ئافرەتانەوە دەچێتە باخچەیەکی منالأن و ئەوەیان تیادەچێنن کە دواتردەتوانن بڕیاربدەن رەگەزیان چیەو حەزیان بەچ رەگەزێکە.ئنجا لـەرێی رێکخراوەنێودەوڵـەتیەکانیشەوە فشاردەخەنە سەر دەوڵـەتان کەکارئاسانی بۆئەو شازانە بکەن و بەیاسا مافیان بۆدابین بکەن..کەئەوەش شتێکی نەشیاوو نەگونجاوەو سرووشت و

فیترەت پەسەندی ناکات ومایەی خەشم و قینی خوایەو گەلی حەزرەتی لوطي لەبەرئەوە لەناوبردو شارەکەیانی ژێرەوژوورکرد..

وێنەی ریچارد کۆهێن وکتێبکەی..






6–ئافرەتێکی ئیسرائیلی چۆن موسڵمان بوو:

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت: ساڵی 2005 تازەگەڕابوومەوە لەئەمەریکاولەسەروبەندی کردنەوەی ئۆفیسێکدا بووم بۆ دەزگای پرد بۆناساندنی ئیسلام ،مورشیدێکی گەشتیاری پەیوەندی پێوەکردم و وتی:ئافرەتێکی گەشتیاری ئیسرائیلی پرسیاری هەیە

لەبارەی ئیسلامەوە ،منیش وتم:بفەرموون بۆماڵەوە من لەخزمەتیام بۆ وەڵامی پرسیارەکانی ، کاتێك هاتن وتم : سەرەتا سەعاتێك بنەماکانی ئیسلامت بۆباس دەکەم تابەرچاوڕوون بی و دوایی وەڵامی پرسیارەکانت دەدەمەوە ، خەریك بوو دەست پێبکەم قوتابیەکی زانکۆی فەلەستینی پەیوەندی کردو وتی: ئافرەتێکی پورتوغالیم لەگەڵدایەو پرسیاری هەیەو نزیکین لەماڵتانەوە دەتوانین بێین ، وتم:زۆرباشە زوو وەرن یەکێکی تریشی لێرەیە بۆهەمان مەبەست هاتووە.

کەهاتن پاش وتارەکەم، بە ئیسرائیلیەکەم وت: پرسیارت هەیە ، بێدەنگ بوو ، پورتوغالیەکە وتی:من پرسیارێکم هەیە ،وەڵامم دایەوەو بەئیسرائیلیەکەم وت: پرسیارت هەیە قسەی نەکرد، پورتوغالیەکە وتی:من پرسیارم هەیە ، وەڵامم دایەوە ، بەڕاستی من زیاتر ئیسرائیلیەکەم مەبەست بوو موسڵمان بێت، کەچی پورتوغالیەکە وتی:من دەمەوێ موسڵمان بم، شایەتمانمان فێرکرد، بەئیسرائیلیەکەم وت: ئەی تۆ موسڵمان نابیت ؟

وتی:کاتم پێویستە بیری لێبکەمەوە،منیش وتم: تۆ ئازادیت کەی ویستت لەخزمەتتاین ، پورتوغالیەکە وتی:دەکرێت پێنج خولەك بەجێمان بێڵن ؟لام سەیربوو ،من و مورشیدەکەو قوتابیەکە چووینە ژوورەکەی دیکەو پاش چەند خولەکێك هاتنە ژوورەکەی ئێمەو ئیسرائیلیەکە وتی: ئێستا ئامادەم موسڵمان ببم،ئەویش شایەتمانی هێنا..سبحان الله سەرم سوڕما لەو ئافرەتە پورتوغالیەکە هەرئیمانی هێنا خوا ئەوخێرەی کرد بەنسیب و بووە مایەی هیدایەتی ئیسرائیلیەکە.دوای ماوەیەك ئیسرائیلیەکە کەناوی جۆستین بوو ئیمەیلێکی نارد لەخوارووی ئەفەریقاوەو وتی: ناوی خۆم کردووە بەیاسەمین و نەمتوانی لەئیسرائیل دانیشم چونکە وام هەست دەکرد دارودیواری ماڵەکە پێمدەڵێن:ئەمە ماڵی تۆنیە ماڵی کەسانێکە دەربەدەرکراون ..

جابەڕاستی مورشیدە گەشتیارییەکان دەتوانن رۆڵی باش ببینن بۆناساندنی ئیسلام لای ملیۆنەها گەشتیار، هەرچەند بەداخەوە لەنەزانینەوە بێت یان بەئەنقەست زیان دەگەیەنن و وێنەیەکی جوانی ئیسلام پیشان نادەن، بۆئەمەش خولی زۆرمان کردەوە

بۆمورشیدەکان و فێرمان کردن چۆن ئیسلام بناسێنن ، کەبەداخەوە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکانمان مەبەستیان نیە ئیسلام بڵاوبێتەوەوبگرە رێگریش دەکەن ئەگینا دەمانتوانی ئیسلام بناسێنین بەچاکی هەر لەرێی گەشتیارەکانەوە..

7-یەکخستنی ئایینەکان:

دکتۆر فازیل دەڵێت: ساڵی 2003 ئیمامی بەرپرسی قوتابیە موسڵمانەکانی زانکۆی واشنتۆن دی سی بووم لەئەمەریکا، پەیوەندیم پێوەکراو وتیان :ئێمە جوڵانەوەیەکی گەورەین بۆیەکخستنی ئایینەکان و دەمانەوێت سەردانت بکەین ، وتم: فەرموون، ئەوەبوو دووئەمەریکی سوورو سپی و ئافرەتێکی هیندی هاتن و وتیان: زۆربوونی ئایینەکان بۆتە مایەی ململانێ و شەڕوئاژاوەو ئێمەش دەمانەوێت لەهەردینێك شتێکی باش وەرگرین و خەڵکی لەسەرئەوە کۆببنەوە. تۆ رات چیە؟

وتم: من هاوڕام لەگەڵتاندا بەلاَم زۆری ئاینەکان وجیاوازیان تەنها یەك هۆکارە بۆناکۆکی وشەڕوئاژاوەو هەمووی نیە .

مولحیدەکانی چین و رووسیاش کەدینیان نیە شەڕوململانێ و کوشتاری زۆریان کردووە..پێشتر زانیاریم هەبوو بۆئەم کارەیان و دیراسەم کردبوو دەمزانی یەك حاخامی جوولەکەو یەك بانگخوازیان لەگەڵ نیە ، چونکە هەرچی بڕواتە ناویان وەرەقەی دەسووتێ ، جولاَنەوەیەکی گوماناوین ودەستی لەپشتەوەیە.

راستە لۆردات و وەزیرو خەڵکانێکی زۆریان لەگەڵە بەلاَم من بەوان نەدەخەڵەتام و من تەنها ویستم هەقیان بۆروون بکەمەوە سابەڵکو سوودێکی ببێت .

وتم:ئەوەی ئێوە دەیکەن پێش چوارسەد ساڵ گرونۆناك لەهیندستان تاقیکردەوەو هەندێ شتی لەئیسلام وەرگرت و هەندێکیشی لە هیندۆسی وەرگرت و دینێکی تازەی دروست کرد بەناوی سیخ و ئەمانیش شەڕوململانێ کوشتاری زۆریان لەدەست قەوماو لەجیاتی چاکی بکات خراپی کرد.(شایانی باسە گورۆنۆناك ساڵی 1539 مردووە).

بۆنایەن من ڕێگایەکی باشترتان پێبڵێم ، باش گوێیان بۆگرتبووم، وتم: ئێوەکەهاتن وتم: چا دەخۆن یاقاوە؟ وابوو یان نا؟

وتیان :وابوو ،وتم:چونکە ڕەنگە هەریەکەتان یەکێ لەو دوانەی بوێت ، کەچی بەبێ پرسیارکردن هەریەکەو پەرداخێك ئاوم لەبەردەمدا دانان ، دەزانن بۆ؟ ئاو نەتامی هەیەو نەبۆنی و هەیەو نەڕەنگی هەیەو لای هەمووان قبوڵەو دەخورێتەوە.

بەهەمان شێوەش ئێمە ئەبێ بگەڕێین کام دینە وەك ئاوە خەڵکی بۆئەوە بانگ بکەین، کێ هات باشەو کێ نەهات ئازادە گرنگ ئەوەیە کەدینێکمان زیاد نەکردووە.

ئنجا دەبێت ئەودینەی هەڵیدەبژێرین ڕەنگی شوێنێکی نەگرتبێ وەك هیندۆسی کەهی هیندە، ڕەنگی کەسێکی نەگرتبێ وەك مەسیحیەت کەبەناوی حەزرەتی مەسیحەوەیەو بوزی بەناوی بوزاوەیەویەهودی کەبەناوی یەهوزاوەناونراوە .

ئەوەی کەدەتوانێت بەشەرییەت کۆبکاتەوە دینێکە کەهەموو پێغەمبەران بۆئەوە بانگیان کردووە کە تەسلیمبوونە بەخواو

ئیسلامی پێدەڵێن ، بەم قسانەم تووشی شۆك بوون، وتیان : بیری لێدەکەینەوە،وتم: بیرلەچی دەکەنەوە هەق روون وئاشکرایە و زیرەکی ناوێت تەنها ئازایەتی دەوێت کە بڕیاربدەن(ان الدین عند الله الاسلام) ،وتیان دواتر پەیوەندیت پێوە دەکەینەوە ، ئەوە حەڤدەساڵ زیاترە سەریان نراوەتەوەو وەڵامیان نەبوو ، گرنگ ئەوەیە من پەیامی خوام پێگەیاندن..



## (2)لەیادەوەریەکانی پرۆفیسۆر محسن عبدالحمید

پرۆفیسۆر محسن عبدالحمید ساڵی 1937 لەقەلای دێرینی کەرکوك لەدایکبووە ، بەڕێزیان دەڵێ:باوکم مەلا عبدالحمید زانایەکی گەورە بوو ئەو زەمانە مووچەی 3 دیناربوو لەکاتێکدا مامۆستای سەرەتایی مووچەی 12 دیناربوو ، کەباوکیشم مرد من تەمەنم 4 ساڵان بوو خانەنشینیان نەداینێ ، تا خێرخوا بۆمان تێکەوتن لە ئەوقافەوە شتێکمان بۆ ببڕنەوە، بەو جۆرە دژایەتی دین دەکرا ، ساڵی 1945 نیزام الدین ی کاکم کە لەیەکەم ئوسرەی ئیخوانی بەغدا بوو ، لە سولەیمانی دامەزراو سەردانی شێخ محمدی خاڵمان کرد ، شێخ خراپ لە بەننا حاڵی بووبوو ، ئێمەش نامیلکەکانی بەنامان بۆ برد کە خوێندیەوە تەواو رای گۆڕا بەرامبەر بەنناو دوای دوو هەفتە کەچووینەوە بۆلای دەستی خستەسەر سەری و وتی: براینە من چیم بەخۆم کرد ستەمم لە ئەولیایەکی خوا کرد، من پەشیمانم خوا لێم خۆش بێت .مامۆستا خاڵ کە ناوی بەننای دەبرد فرمێسك دەزایە چاوی.

له شەستەکاندا کە  تەفسیرەکەی نووسی دەیزانی دکتۆراکەم لە تەفسیردایە وحەزی کرد سەیری بکەم بۆی ،کەسەیرم کرد زانیم ئاگای لە (فی ظلال ) نیە، منیش تەفسیرێکی ( فی ظلال )م بۆ برد بەدیاری.

کە تەفسیرەکەی خوێندەوە وتی: سوودم لێوەرگرتووە بۆ تەفسیرەکەم، من چیم وەلاّمی خوا بدایەتەوە کە بیفەرمووایە چۆن تەفسیردەکەیت و (فی ظلال )ت نەخوێندۆتەوە .

مامۆستا خالّ نامیلکەی (الی الشباب)ی بەننا دەدات بە شێخ ئەحمەدی برای بیخوێنێتەوە کە وێنەیەکی بەنناش لە بەرگەکەیدابوو، پاش ماوەیەك لە شێخ ئەحمەدی پرسی نامیلکەکە چۆن بوو؟ وتی: هیچی وا نەبوو ! وتی: بیّ عەقلّ تەنها وێنەکەی کافیە!!

سالّی 1975 دکتۆرە نەسرین محمد فەخری کەسەرۆك بەشی ئەدەبی کوردی بوو لە کۆلێژی پەروەردەی بەغدا داوای لێکردم کە وانەی تەفسیری کوردی بە قوتابیەکان بلّێم ، کە چوومە پۆلەوە سی قوتابی بوون ، وتم : هاتووم تەفسیرتان پێبلّێم پێکەنینیان دەهات بەوەزعەکە،

پاش هەشت وانە یەکێکیان هەستا وتی: ببوورە مامۆستا رێم دەدەیت یەك خولـەك بەناوی خۆم و قوتابیەکانەوە قسە بکەم ؟

وتم: فەرموو کوڕی خۆم.

وتی: ئێمە سەرەتا زۆر بێئەدەب بووین بەرامبەرت ، بەڕاستی بۆمان دەرکەت کە ئەو ئیسلامەی تۆ باسی دەکەیت ئەوەنیە کەئێمە بیستومانە ، بەڕاستی هەندێ مامۆستای نەشارەزا دینیان لـەبەرچاوی ئێمە خستووە.سوپاس بۆخوا تا نیوەی ساڵ زۆربەیان کەوتنە نوێژکردن و ئافرەتەکانیش جلی پۆشتەیان لـەبەردەکرد.

## دووسەردەم:

دکتۆر دەڵێت: لـە پەنجاکاندا کە دەچووم بۆ وتاری هەینی لـەمزگەوتی گەورەی سولـەیمانی مامۆستایەکی پیر دەچووە سەر مینبەرو دەستی دەلـەرزی و بەزمانی عەرەبی وتارێکی کتێبی (ابن نباتە) ی دەخوێندەوە کە چل وتاری تیابوو بۆ هەموو ساڵەکەو نوێژخوێنانیش کە زۆربەیان کاسب بوون هیچ تێنەدەگەیشتن و

خەویان لێدەکەوت .کەوتارەکان هی پێش زیاتر لە شەش سەدەن (نووسەری ئەم وتارانە ساڵی 1287ی زاینی لەدایك بووەو لە قاهیرەو ساڵی 1366 زایینی کۆچی دوایی کردووە) .

لەمانگی 12 ی ساڵی 2011 کەچوومە کۆنفرانسی بەرگری لەقورئان سەدان لاوی خوێنگەرمم بینی ئامادەبووبوون ، بیری زەمانی زووم کەوتەوە چاوم پڕبوو لەئاو. هەروەها کەچووم بۆ نوێژی هەینی بۆ مزگەوتی حاجی ئەحمەد لەسولەیمانی زۆردڵم کرایەوە کەئەو هەموو گەنجەم بینی و وتاربێژەکەش بەتواناوشارەزابوو.



**خۆڕاگری دکتۆر موحسین : بەشی یەکەم:**

بەڕاستی لەژیاننامەی دکتۆر موحسینەوە خۆڕاگرییەکی بێوێنە دەبینیت لەوڵاتی عێراقدا کە ئەو هەموو گۆڕانکاری و کودەتایە هەبووە. بەڕاستی بەوەفابوو بۆ ئەو پەیمانەی دابووی بەبانگەوازی وەسەتیەتی برایان ، پیاوێك وەك چیاکانی کوردوستان خۆڕاگربوو ،بەڕاستی خەمی گەیاندنی پەیامی خوای بوو، بەپلەکانی ڕێکخستنی برایاندا سەرکەوت تاگەیشتە سەرۆکی حیزبی ئیسلامی عێراقی وبووە ئەندامی مەجلیسی حوکم.

دکتۆر لەزەمانی بەعسدا گیرا لەکاتی ئاشکرابوونی ڕێکخستنی نهێنی براینداو بە هەوڵوکۆششی برایانی دەرەوە سەددام لێبووردنی بۆدەرکردن (لەژیاننامەی عەقید وەلیدا دێمەوە سەر ئەم باسە)، لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئەفسەرێکی بەعس جنێوی داو بێئەدەبی کرد بەرامبەر پێشەوا بەننا، ئەویش پێی وت :دەتوانی هەرچی بەمن بڵێی بیڵێی کە بەندکراوم لەلاتان ، بەڵام قسە بەوەلیەکی ئەم سەردەمە بڵێی خوا بەڵایەکت بەسەردا دێنێت، ئیتر فزەی نەکرد، کەبەربوون پاش چەندرۆژێك هاتەماڵیان و وتی: قسەکەت ڕاست دەرچوو

تۆمەتی بەرتیلیان دایە پاڵم وزۆر ئەشکەنجەیان دام و فەسڵیشیان کردم ،ئەویش پێی وت: تەوبە بکە خوا میهرەبانە..

لەسعودیە دەبێت بۆچارەسەری نەخۆشی شێرپەنجەی هاوسەری و چارەسەری نەخۆشی ئوسەیدی کوڕی ساڵی 2006 ، پاشان کەلەکۆبوونەوەی ڕێکەوتنی لایەنە عێراقیەکان دەبێت 27 ڕەمەزان ، سوهەیی کوڕی تەلەفونی بۆدەکات کە یاسری کوڕی کەجێگری سەرۆکی وەقفی سونی بوو لەبەغدا لەلایان مێلیشیا شیعەکانەوە رفێندراوە ، ئەو هەواڵە جەرگبڕە وەك بروسکە لێیی داو چی هەوڵداو داوای لەسەرانی شیعە کرد کوڕەکەی رزگاربکەن نەیانکرد ، هەرچەند سێ دەفتەردۆلاریشیان سەرانە لێسەندن تائێستاش کەس نازانێ چیان لێکردووە.

دکتۆر مەقبول نەبوو لای توندڕەوانی شیعەو سوننەو بۆهەلێك دەگەڕان لەناوی بەرن  بۆیە بەیەکجاری هاتەوە کوردوستان (هەرچەندخۆی پێشتر حەزی دەکرد بگەڕێتەوەو لەکوردوستان خزمەت بکات).

## خۆڕاگری دکتۆرموحسین :بەشی دووەم:

دوای رووخانی رژێمی بەعس لەلایەن ئەمەریکاوە ، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو واقیعەدا ئاسان نەبوو ، دکتۆر موحسین وەك کەسایەتیەکی سیاسی هەمیشە دەیووت:ئەمەریکا داگیرکارە ، دووبژاردەیان لەبەردەمدا بوو بەرگری یان بەشداری سیاسی ، لەبەر بەرژەوەندی عێراق بژاردەی دووەم هەڵدەبژێرن ، جائەوەی دەستی لەئاودایە وەك ئەوەنیە کەدەستی لەئاگردایە ، بۆیە لەناوەو لەدەرەوە زۆر رەخنەی توندیان لەو ئیجتیهادەی حیزبی ئیسلامی گرت ، ساڵی 2008 دکتۆر عبدالکریم زێدان کاتێك لەصەنعاوە دەچێتە شاری ریاز ودەزانێت دکتۆر موحسینیش لەوێیە داوادەکات سەردانی بکات پاش دووسەعات روون کردنەوە ئنجا دکتۆر زێدان دەڵێت:منیش لەوێ بوومایە هەمان بژاردەم دەبوو.

ئەمەریکیەکان پێش نوێژی بەیانی دایان بەسەر ماڵەکەیداو زۆر بەناشرینی رەفتاریان لەگەڵ کردو بردیان پێنج سەعات تەحقیقیان لەگەڵدا کردو ، پاشان کەبەریان دا وتیان :گوایە بەهەڵە گرتوویانە..

**قاعیده:**

د. موحسین دەڵێت: چەند ساڵێك لەمەوبەر کچەکەم تەلەفونی بۆ کردم کە قاعیدە لەبەغدا بەدوایدا دەگەڕێن ، بۆ ئەوەی بیگرن و بەهۆی ئەویشەوە من خۆم تەسلیمیان بکەم بمکوژن ، منیش وتم : زوو بچن بۆ ئەردەن ، ئەوەبوو چوون و لەئەردەنیشەوە زەمانی دکتۆر بەرهەم هاتنە هەولێرو لەزانکۆ مێردەکەی بووە مامۆستا .

**ئەزموونێکی دوعای دکتۆر موحسین :**

دکتۆر دەڵێت : بەهاری ساڵی 1985 کۆنفرانسێکی فیکری هەبوو لەکۆلیژی زانست لە شاری ریبات لەمەغریب ، بەناوی (ئایدۆلۆجیا بەرەو کوێ) ئەو دکتۆرانەی قسەیان دەکرد مارکسی بوون، سێ هەزار قوتابی و رۆشنبیر ئامادەبوون، زۆر سەرم دەیەشا قوتابیەکانم زۆر تکایان لێکردم بەشداری بکەم، بەشداریم کردو لەدوای بابەتەکانیان کەباسی فیکری ئیسلامی تیانەبوو دەستم بەرزکردەوەو وتم: ئێوە مەغریبین رێ بدەن بەمن وەك مەشریقیەك قسەبکەم، بەزۆر

بەشداریم کردو پێمووتن : ئێوە باسی ئیسلامتان نەکرد،ئێوە وەك ئەورووپیەك قسەدەکەن ،هەروەك ئەوەی ئەم وڵاتە ئیسلامی نەبێت و کێشەو ململانێی کەنیسەو زانستتان هەبێت ، وەڵامێکی باشم دانەوە دڵی دۆستی خۆش کردو ناحەزانیشی خەمبارکرد، بۆ رۆژی دوایش هەندێ رۆژنامە قسەکانی منیان بڵاوکردەوە ، جا لەگەڵ ئەوەدا زۆر سەرم دەیەشا خوا سەریەشەکەی لەسەر هەڵگرتم.

جارێکی دیکەش لەشاری وەجدە هەزاران کەس لەهۆڵی شارەوانی ئامادەبوون وتاریان بۆبدەم زۆر سەرم دەیەشا و نەدەکرا دوابخرێت ، زۆر پاڕامەوە لەخوا ، دووسەعاتم پێچوو بۆ باسەکەو پرسیارو وەڵام خوا بەفەزڵ وکەرەمی خۆی سەریەشەکەی لەسەر هەڵگرتم ، لەم ئەزموونانەوە تێگەیشتم کەهەرکات بەندەیەك ئاتاج و پێویستی وکەمتوانایی خۆی بۆخوا دەربڕێت و داوای تەوفیقی لێبکات بەدڵنیاییەوە تەوفیقی دەدات..

**سەیری ئەم قەدەرەی دکتۆرموحسین بکەن:**

**دکتۆر موحسین دەڵێ :ساڵی 1970 لەقاهیرە بووم بۆخوێندنی دکتۆرا ، لەکۆنفرانسی لوتکەی عەرەبیدا دەمەقاڵێیەك لەنێوان سەرۆك کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکرو سەرۆکی میسر جەمال عبدالناصر روویدا لەسەرئەوەی کەمیسر قایل بوو بوو بەپرۆژەی رۆجەرزی ئەمەریکی بۆچارەسەری کێشەی فەلەستین و عێراق پێی باش نەبوو.**

**لەرۆژنامەکاندا هەواڵێك بڵاوبۆوە گوایە عێراق شەست میسری ناردۆتەوەو لەسنووری کوەیت وەزعیان خراپە دوایش دەرکەوت راست نەبووە هەواڵەکە، حکومەتی میسریش بڕیاردەدات شەست عێراقی بنێرێتەوە ،پەنجاو هەشت بەعسیان دەستدەکەوێ و بۆ تەواوکردنی شەستەکە من وبرادەرێکی تریان گرت کە دەشیانزانی ئیخوانین.**

**حاڵمان زۆرخراپ بوو لە بەندیخانەی ئەوستەمکارانەدا ، لەسەر دیوارەکان یادەوەری ئەو بەندکراوە فەلەستینیانەمان دەخوێندەوە کە**

چیان بەسەرهێناون لەبەندکردنەکەیاندا ،رۆژێك هەندێکمان نامەیەکی پاڕانەوەیان بۆ جەمال عبدالناصر نووسیبوو ، کەزۆرقسەیان بەبەعس وتبوو ، داوایان لەمن کرد ئیمزای بکەم ،نەمکرد ودڕانیشم ،وتم: سبەی دەچنەوە عێراق چی وەڵامی حکومەت دەدەنەوە.

وتیان: ئەی چۆن رزگارمان بێت ؟وتم: مان دەگرین لەخواردن، ئیتر کەزانیان بەڕاستمانەو مانمان گرتووە نەوەك یەکێمان بمرێت ناردیانینەوە بۆعێراق و من چوومەوە زانکۆ بۆ وانەوتنەوە کەماستەرم هەبوو.

عەبدولناصر خوا لەناوی بردو سادات هات، بەقەدەری خوا گوێم لەڕادیۆ دەگرت رێم کەوت لەوتاری سادات کە بەبۆنەی هاتنە سەرحوکم دەیووت: هەق بۆهەموو خاوەن هەقێك دەگێڕمەوە . یەکسەرنامەیەکم بۆسادات نووسی و وتم: تۆ لەوتارەکەتدا وات وتووە ، منیش هەقم خوراوەو دەمەوێت هەقەکەم بۆبگێڕیتەوەو بەبرادەرێکدا ناردم بۆمیسر تا بەپۆستەدا بیگەیەنێتە دەست سادات ، دوای کەمتر لەمانگێك لەلایەن راویژکاری رۆشنبیری میسرەوە لەبەغدا ئاگادارکرام کە سادات رەزامەندی داوە بگەڕێمەوە

بۆخوێندنی دکتۆراکەم، ئەوەبوو سوپاس بۆخوا خۆم و خێزانم چووینەوە قاهیرە ودکتۆراکەم تەواوکرد..

## یادەوەری دکتۆرموحسین لەفەڕەنسا:

دکتۆر دەڵێت: سی ساڵێك لەمەوبەر یەکێتی گشتی ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی ئەوروپا دەعوەتیان کردم بۆ فەڕەنسا بۆکۆنفرانسێك ، پاش کۆنفرانسەکەلە بنکەی ئیسلامی شاری بۆردو وتارێکم دا کە خەڵکێکی زۆر ئامادەبووبوون ، دووماموستای زانکۆش کەیەکێکیان ماموستای مێژوو بوو ئەوی دیکەیان فەلسەفە ، لەکاتی وتارەکەدا دیقەتم دا کە ناوی خواو پێغەمبەرم دەبرد ئەسرین لەچاویان دێتەخوارێ، لەدوای وتارەکە لێم پرسین بەچی موسڵمان بوون، یەکێکیان وتی:شەن وکەوی هەموو ئایینەکان و فەلسەفەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوام کرد تەنها ئەوکاتە دڵم ئاوی خواردەوە کەقورئانم خوێندەوە ، ئەوی دیکەشیان هەمان شتی دووبارەکردەوەو زیاد لەوە وتیشی : نەفسی ونبووی خۆمم لە قورئاندا دۆزیەوە.

بەڕاستی لێکۆڵینەوەی ئایینەکان و گەڕان بەدوای ڕاستیدا دیاردەیەکە لای زانایان و ڕۆشنبیرانی رۆژئاوایی ، ئەوەتە وێنەکێشی گەورەی فەڕەنسی (ئیتین دینیە )پاش ئەوەی دیراسەی ژیانی سەروەرمانی کرد صلی الله علیه وسلم کتێبێکی نایابی نووسی بەناوی ( موحەممەد نێرراوی خوایە) هەروەها بیرمەندی ئینگلیزی خواجە کەمالەدین پەڕاوێکی نووسی بەناوی ( موحەممەدنموونەی بەرزی ناو پێغەمبەران) .

زانای بەناوبانگی کەنەدیش کیس مۆر پاش دیراسەی ئایەتەکانی بواری کۆرپەلە موسڵمان بوو وە وتی: ئەوەی لەقورئاندا هاتووە لەخواوەیە چونکە تا سەدساڵ لەمەوبەریش هیچی وانەزانراوە لەبارەی کۆرپەلەی ناوسکی ئافرەتەوە کەقورئان ئاوا بەوردی باسی قۆناغەکانی دەکات.

جا کاتێك موسڵمانان ویستیان مزگەوتێك لە شاری بۆردو درووست بکەن عومەدەی شار هەرچەند جوولەکەش بوو مۆڵەتی پێدان ، خەڵکەکەش کە لەو ناوچەیەدابوون وجوولەکە بوون نارازی بوون مزگەوت دروست بکرێت، کەمزگەوتەکە تەواوبوو ، موسڵمانان لەکاتی نوێژی هەینیدا هێمنی ناوچەکەیان دەپاراست و ئنجا کە

رەمەزان هات هەرماڵەو هەندێ خواردنی خۆشیان بۆناردن ، کەئەمەش کاریگەری دروست کرد لەسەریان وزۆر سەرسام بوون بە هەڵسوکەوت و رەوشتی بەرزی موسڵمانان. ئەوەش وێنەی (ئیتیان دینیە):



**دکتۆر موحسین لەیەمەن ولەکەلار:**

دکتۆر لە25ی 4ی 2000لەسەر بانگهێشتی زانکۆی ئیمان چوو بۆ یەمەن ولەسەر کەسایەتی ئافرەتی موسڵمان وتارێکی بۆبەشی خوشکان دا ، پاشان چەند وتاری گشتی وتایبەتی دا لەسەر عەقیدەو تەفسیروفیکری ئیسلامی ،دکتۆردەڵێت: زۆربەی قوتابیانی زانکۆ لە

برایان بوون ، هەندێکیش بەناوسەلەفی توندڕەویان تیابوو کە ئاسوودە نەبوون بەهەندێ لەقسەکانم، تەنانەت کە خواحافیزیم کرد لەزانکۆ لاوێکی بەناوسەلەفی کەڕیشێکی زۆری هێشتبۆوە هاتە بەردەمم پێی وتم: جەنابی دکتۆر تائێستا نەمانزانی عەقیدەکەت چیە، (دەیویست بزانێت سەلەفیم ،ئەشعەریم، موعتەزیلەم..هتد).منیش وتم: کوڕی خۆم دووهەفتەیە وتارتان بۆدەدەم ، تائێستا نەتزانیوە من جوولەکەم! قسەکە گەیشتەوە سەرۆکایەتی زانکۆو زۆر سەرکۆنەی قوتابیەکەیان کردبوو وە باسی منیان بۆکردبوو ، ئیتر چەندگەڕابوو بەدواما پۆزش بێنێتەوە بۆقسەکانی ، منی دەست نەکەوت چونکە گەڕابوومەوە بۆ بەغدا.

جا مەوقیفێکی دیکە هەیە خۆم ئاگادارم ، ساڵی 2017 ئینستتیوتی بانگخوازان لەگەڵ ئەوقافی گەرمیاندا تەنسیقیان کردبوو کە لەئوتێل لەندەن ئای لەکەلار جەنابی دکتۆر موحسین وتارێك بۆئامادەبووان بدات، دکتۆری رۆح سووکی لەش سووکی خاکی لەگەڵ مامۆستا شێرزادا لە هەولێرەوە هاتنە کەلار بەبێ ئەوەی بەو تەمەنەوە گوێ بەدووری رێگاو ماندووبوون بدات ..

جەنابی دکتۆر باسی فیقهی مەقاصیدی کرد کەچەند زەروورە بۆ تێگەیشتن لەئیسلام ،ئامادەبووان زۆربەیان خۆمانەبوون و سوودیان وەرگرت بەلاّم مەدخەلی تیابوو دەمەدەمێی دەکرد لەگەلّ دکتۆردا ، دکتۆریش کەکەسایەتیەکی جیهانیە وبەڕاستی زانایە زۆرجوان وەلاّمی دانەوەو دەمکوتی کردن..

ئیشەکەوابووکەمنیش بابەتێکم هەبێت لەسەر ئەوەی کە باکارێك بکەین بۆئەم دینەو چەند نموونەیەکی شێوازی دەعوەم بۆباسکردن بەداتاشۆ لەجیهاندا ، بۆلّەبۆلّ وناڕەزاییان دەستی پێکرد گوایە بیانزانیایە وایە نەدەهاتن وئەمانە ئیخوانن هاتوون قسەدەکەن بەهەرحالّ لەسەرخێر کۆتایی هات ..

جەنابی دکتۆردەلّێت: ئەم بەناوسەلەفیانە بەهەندیّ راوبۆچوونی زانایانەوە گرتوویانەو لێیان بووە بەدین ، هەرلەبەرئەوەش بوو کتێبی (تفسیر آيات الصفات بين المثبتةوالمؤولة)م نووسی روونم کردۆتەوە کە هەردوو قوتابخانەی تەئویل کردنی ئەسمائو سیفات و تەئویل نەکردنی لەزەمانی هاوەلاّنەوە هەیەو ئاساییەو پەیوەندی بەسەلەف وخەلەفەوەنیە..

## دكتۆر موحسين ودكتۆرفازيل عەباس حەسەب:

دكتۆر موحسين دەڵێت :ساڵی 1976 لەكۆنگرەی جیهانی فیقهی ئیسلامی لەشاری ریاز لەسعودیە بەشداریم كرد وەك نوێنەری زانكۆی بەغدا ، بابەتێكم پێشكەش كرد بەناوی (تێبینیەكان لەبارەی دیراساتە ئابوورییە ئیسلامیەكانی سەردەمی نویَ )، لەكۆتایی كۆنفرانسەكە سەردانی مەككەو مەدینەمان كرد ، لەمەدینە رەوزەیان بۆ چۆڵكردین ، عومەر فاروقیم لەتەنیشتەوە بوو كەمامۆستا بوو لەزانكۆی شیكاگۆ وئەمەریكی بوو موسڵمان بووبوو ، قورئانی دەخوێندو بەكوڵ دەگریاو عەرەبیەكی فوسحای باش فێربووبوو ، لەدڵی خۆمداوتم:ئەگەرقورئان بگەیشتایە بەبیرمەندەكانی رۆژئاوا بەچاكی وەك ئەم بیرمەندە موسڵمان دەبوون چونكە ئیسلام ئاینی فیترەتە.

كەگەڕامەوە بەغدا ئەوەی لە كۆنفرانسەكە پێشكەشم كرد بڵاوم كردەوە بەناوی (نظرات فی الإقتصاد الإسلامی)و دانەیەكم پێشكەشی دكتۆری هاوەڵم فازیل عەباس حەسەب كرد كە مامۆستا بوو لەكۆلێژی ئابووری زانكۆی بەغداو سەرۆكی بنكەی دیراساتی

ئابووری و ئیداری بوو، ئەم دکتۆرە لەتەمەنی لاویدا مارکسی بوو لەناو نامەکانی مارکس دا نامەیەکی دۆزیەوە کەبۆ ئەنجلزای هاوەڵی ناردبووی لەزانکۆی بۆدابست ،نامەکە لە دوارۆژەکانی تەمەنیدا نووسیوویەتی ومارکسیەکان دیزەبەدەرخۆنەی دەکەن، ئەم نامەیە وای لێدەکات دیراسەی ئیسلام بکات و وازلەمارکسیەت بێنێت ، مارکس لەنامەکەیدا بۆهاوەڵەکەی دەڵێت:نیزامێکی ئابووریم دۆزیوەتەوە کەجیاوازە لەنیزامی سەرمایەداری ونیزامی شیوعی کەئەوەش نیزامی ئابووری ئیسلامیە .دکتۆر فازیل عەباس حەسەب کەلە زانکۆی هەنگاریا دەیخوێند ئەم نامەیە دەبێتە مایەی هیدایەتی.

جابەڕاستی ئەوەی بەبێ دەمارگیری عەودالی دۆزینەوەی راستی بێت ئیسلام ئەوەندە بەرزوپیرۆزە کێشی دەکات بۆلای خۆی ..

**مەنهەجی دکتۆر موحسین:**

ناوبراودەڵێت: ساڵی 1981 و 1983 و1984 و 1985 بانگهێشتیان دەکردم بۆکۆلێژی شەریعە لەزانکۆی ئیمام بن سعود ی

ئیسلامی لـەشاری ریاز بۆ وتاردان لـەبەشی دیراسات عولـیا ،من لـەو وتارانەمدا رێنمایی قوتابیەکانم دەکر بۆمەنهەجێکی گشتگیری وەسەتی لـەتێگەیشتنی عەقیدەو شەریعەو ژیارو هەڵسوکەوتدا ، وەهانم دەدان نەوەستن لـەسەر مەنهەجی ئوحادی لـەتێگەیشتنی عەقیدەدا کەناویان ناوە مەنهەجی سەلـەف و زانکۆکانی سعودیە پەیڕەوی دەکەن و پەیڕەی بۆچوونی مەزهەبی ئیمام ئەحمەد دەکەن و مەنهەجی صۆفیەت بەچاك وخراپیەوە رەتدەکەنەوە.ئەو مەنهەجەی ئەوان دەمارگیری و داخراوی لـەکەسایەتی زانستیاندا دروستدەکات، بەرامبەرەکانیشیان بە سەرگەردان و بیدعەچی و فاسق ناوزەد دەکەن.

بۆنموونە کەدوای وتارەکانم ئێواران دەچووین بۆنوێژ بۆ موجامەلـەش بەمنیان نەدەووت پێشنوێژی بکەم ، گەنجێك لـەخۆیان دەبووە پێشنوێژ، یەکێکیان وتی:دەزانی مامۆستا بۆتۆ ناخەنە پێشەوە؟ تۆ ریشت نیەو بەفاسقت دەزانن ، وتم: سبحان اللّٰه جا کە فاسقم بۆچی ئامادەی وانەکانم دەبن.

زانایان هەندێکیان ریش هێشتنەوە بەسونەتێکی دینی دەزانن و هەندێکیان بەسوونەتێکی خولـوقی دەزانن ، ئەوەی ناوێت کەسی

پێبکەیتە فاسق ، زانای ناودار شێخ عەبدولاّ جەدیع پەڕاوێکی نایابی لەوبارەیەو نووسیوە وهەموو بەڵگەکانی خستۆتە ڕوو بەناوی (حكم اللحية في الفقة الإسلامی)و بەسوننەتی دادەنێ.

## مارکسیەت لەمەغریب :

دکتۆر موحسین دەڵێت: ساڵی 1982 زانکۆی بەغدا ناردمی بۆ مەغریب ، لەکۆلێژی ئاداب زانکۆی مەکناس وانەم دەوتەوە ، هەستم کرد مارکسیەت زۆر بلاّوبۆتەوە بەهۆی هەندێك نووسەری چەپ و مارکسیەوەو، نەبوونی بانگخوازو بیرمەندی موسڵمانیش بۆشاییەکی دروست کردبوو کەمارکسیەکان سوودیان لێوەرگرتبوو ، پاشان زۆربەی زانایانیان پیاوی دەسەلاّت بوون و دەچەمینەوە دەستی مەلیکیان ماچ دەکرد بەحساب لەنەوەی پێغەمبەرە صلی الله علیە وسلم.

یەکێ لەوانەی کە رووبەڕووی مارکسیەکان وەستابۆوە ، دکتۆری فەیلەسوف مەهدی بن عەبود بوو ، کەبەداخەوە نەیاندەهێشت

وتاربدات، ئەم پزیشکە زۆر زیرەك بوو ، یەکێ بوو لەبەرهەڵستکارانی داگیرکاری فەڕەنسا ،تەنانەت سەرەتای پەنجاکان مەلیك موحەممەدی پێنجەم لە مەنفاکەیەوە ئەمی ناردبۆلای مەلیك فەیسەڵی دووەم و سەرۆك وەزیران نوری سەعید کەهاوکاریان بکات لە بەرەنگاربوونەوەی فەڕەنسیەکاندا ، ئەوەبوو مەلیك فەیسەڵ نامەکەی مەلیك موحەممەدی نایە سەرچاوی و وتی:مەلیك موحەممەد ئەمردەکات ، ئەوەبوو نیوملیۆن دیناری عێراقی ئەوکاتە کەدەیکردە حەوت سەدو پەنجا هەزار دۆلار هاوکاری کردن ..

هەژاری و نەداری مەغریبیەکانیش هۆکاربوون کە گوێ بۆ مارکسیەکان بگرن کەخۆیان وەك فریادڕەسی چینی چەوساوە دەناساند.

بەداخەوە بێئاگایی رۆشنبیران لەسیستەمی ئیسلامی بووبووە هۆی پەرەسەندنی ئەو بیرە چەوتە ، کەدڵنیام ئەگەر بەجوانی ئیسلامیان پێبگەیشتایە دوای هیچ بەرنامەیەکی دیکە نەدەکەوتن، جارێك بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆرمامۆستاوقوتابی وتارێکم دا لەبارەی ( منهج التغيير الإجتماعی فی الإسلام ) پاش وتارەکەو پرسیارو وەڵام

مامۆستایەکی مارکسی هاتە سەرمەنەصەکە وچرپاندی بەگوێماو وتی:مامۆستا ئەگەر بیست ساڵ لەمەوبەرگوێم لەوقسانەی تۆ بوایە هەرگیز نەدەبوومە مارکسی.

من لەو کێشمەکێشی مارکسی و ئیسلامەدا کاری خۆم کرد بە بلاوکردنەوەی بابەتی ئیسلامی لە گۆڤاری (دعوة الحق )و (المنهال) و رۆژنامەی (الشرق الأوسط) و چەند پەڕاوێکشم دەرکرد وەك (المذهبية الإسلامية والتغيير الحضاری)و (أزمة المثقفين تجاه الإسلام في العصر الحديث )و(من أئمة التجديد).

سوپاس بۆخوا پەیامەکەم گەیشتە قوتابیەکانم وکاریگەری خۆی هەبوو ،وا ئێستا کەسانی دیارن لەکۆمەڵگادا وەك دکتۆر ئەحمەد رەیسونی کە جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی جیهانیەو لەگەڵ دکتۆر عەلی قەرەداخیدا کاردەکات و دکتۆر فەرید ئەنساری وزۆری دیکە، سوپاس بۆخوا هۆشیاربوونەوەیەکی ئیسلامی سەرتاسەری مەغریبی گرتۆتەوە.

## دکتۆر موحسین و شێخ مەحمود غەریب:

شێخ مەحمود غەریب زانایەکی بلیمەتی میسر بوو ، لەخەویا مزگەوتی بونیەی بەغدای پیشان دەدرێت و پێی دەوترێت کەبێتە بەغدا بۆدەعوەکردن، لەساڵی 1974 ەوە زۆر هەوڵی دا کە ئافرەتانیش بێنە مزگەوت و وانەی ئایینی وەربگرن ، وتاربێژێکی بەتوانابوو ، دوای نوێژی هەینی دەمایەوە بۆ پرسیارو وەڵام ، کاریگەرییەکی باشی هەبوو لەبوژانەوەی ئیسلامیدا ، جا کاتێك بچوایەتەوە بۆمیسر یان بۆحەج یان بۆسەردان لەجیاتی ئەو دکتۆر موحسین وتاری دەدا..

شێخ مەحمود غەریب بەرەحمەت بێت وانەی دووشەممانی دانا بۆ پیاوان و پێنج شەممانیش بۆ ئافرەتان،پاش حەوت ساڵێك بەعس کەزانیان ناتوانن بەتەرغیب و تەرهیب شێخ دەستەمۆ بکەن، پیلانێکی گڵاویان بۆدانا و سەرەتای ساڵی 1982 سەیارەیەکی ئەمن هات و شێخیان برد دەرمانی بێهۆشیان دایەو لەگەڵ ئافرەتی خراپدا وێنەیان گرت و پاشان کەشێخ دێننەوەو تەواودێتەوە هۆش خۆی و دەزانێت چیان پێکردووە ودەستبەرداری نابن ، بە حاجی رەشید هەجۆی هاوەڵو قوتابی وت: بەسەیارەکەت بەخێرایی بمگەیەنە سنووری کوەیت ،

ئەوەبوو چووەکوەیتەوەو دوایش نزیکەی سی ساڵێك لەشاری صلالەی عومان دەعوەی کردو پاش حەفتاو دووساڵ تەمەن گەڕایەوە بەربارەگای رەحمەتی خوا.. خوای گەورە لەویش و لەمردووی گشت موسڵمانان خۆش بێت ..ئامین.

شێخ مەحمود غەریب ئەم بەسەرهاتەی بۆ دکتۆرموحسین ناردبوو لەنامەیەکدا بۆمەغریب کەدکتۆر لەوکاتەدا لەمەغریب مامۆستا بوو.جەنابی دکتۆریش لەیادەوەریەکانیدا ئاماژەی بۆکردووە.



**(3)یادەوەریەکانی دکتۆر عبدالحمید القضاة**

ئەم پزیشکە بەڕێزە ساڵی 1946 لەئەردەن لەدایکبووە ،ساڵی 1982 دکتۆرای هێناوەلەدەستنیشانکردنی نەخۆشیە (جرثوم)یەکاندا لەکۆلیژی پزیشکی زانکۆی مانشستەر لەبەریتانیا ، ناوبراو چەند ساڵ مامۆستای زانکۆو بەڕێوەبەری تاقیگە و بەڕێوەبەری تەنفیزی پرۆژەی پاراستنی گەنجانە لەنەخۆشیە جنسیە گواستراوەکان.

چەند پەڕاوی نووسیوە وەك:مایکرۆبات و کەرامەتی شەهیدەکان، کەهەندێ لەشەهیدەکان لاشەیان بۆسەدەها ساڵ لەقەبرا وەك خۆی دەمێنێتەوەو نموونەش لەسەرئەوانە باسدەکات وەك شەهیدەکانی ئوحودو ئەومناڵەی پاشاکە لەزەمانی پێش سەروەرماندا صلی الله علیە وسلم بەتیروکەوانەکەی خۆی شەهیدی کردو شەهیدەکانی فەلەستین وزۆری دیکە.

ئەوەی کەرامدەگرێ و پێی سەرسامم کەئەم زانا گەورەیە سەرباقی کاری پزیشکیەکەی دەرکی بەوەکردووە کەکاری دەستەجەمعی خزمەتی زیاتر بەئیسلام دەکات وچۆتە ڕێکخستنی برایانەوە

هەرلەتافی لاویەوە بەهۆی خالیدی براگەورەیەوە کە ئەندازیاری کشتوکاڵیەو ئەویش یەکێ بووە لەبرایان و تائێستاش دکتۆرعبدالحمید بەردەوامەو دوا پۆستی بووە جێگری چاودێری گشتی برایانی ئەردەن.

ئاوبوەستێ ئەم پیاوە باشە کە تەمەنی 75 ساڵێکە ناوەستێ ، لەکاتێکدا کە لەبواری کاری پزیشکی و دەعوەشدا ئاستەنگی زۆری بۆدانراوە..جا پشت بەخوا هەندێ ئەزموون و یادەوەری هەیە بەناوی (محطات وعبر) دەیخەمە خزمەتتان .



## وێستگەکان و پەندەکان: یەکەم

دکتۆر عبدالحمید (القضاة) لەیادەوەریەکانیدا بەناوی وێستگەکان و پەندەکان دەڵێت: لەبەرئەوەی لەبەرتەمەنەکەم لەقوتابخانەی حکومی وەرنەگیرام بۆیە باوکم کەحەزی دەکرد زوو بچمە بەرخوێندن ناردمیە قوتابخانەیەکی مژدەدەران و وەرگیرام، کە پۆلەکانی لەتەنیشت کەنیسەیەکەوە بوون لەشاری عەجلون لەئەردەن.

رۆژی یەکەم پەڕاوی خوێندنمان وەرگرت ، رۆژی دووەم نازانم چی بوو مامۆستایەك بەتووڕەیی هاتە ژوورەوەو لەقوتابییەکەی دا ، مامۆستا خوری لەوە دەچێت مودیر بووبێت بەدەم گریانی منداڵەکەوە هات و لێدانەکە کۆتایی هات، ئەوەم بۆماڵەوە گێڕایەوە ئیتر بڕیاریان دا نەچمەوە ، ئەوەش قەدەرێکی خێربوو لەو قوتابخانەیە بمامایاتەوە خوا دەیزانی سەرم لەچیەوە دەردەچوو.

دوایی چوومە قوتابخانەی حکومی و لەناوەڕاستی ساڵانی شەستەکان لەئامادەیی بووم ، خالیدی برام کە لەبرایان بوو ناردمی بۆ بەشداری لە چادرگەیەکی برایاندا کە لەسەرشاخێك ناوبەناو دەیانکردەوە ،

که هۆکارێکی باش بوو بۆپەروەردەکردن و رێزگرتن لەکات و جدیەت لەژیانداو پەرستش بەکۆمەڵ.

شەوانە پاسەوانیان دادەنا ، یەکەم شەو بەرمن کەوت لەسەعات دووی شەوەوە بۆچواری شەو وشەی نهێنیان داینێ و دارێکیشیان دایە دەستمان ، بەقەدەری خوا چاودێری گشتی برایان (محمد عبدالرحمان خەلیفە)بەو نیوەشەوە سەری داو منیش دەمناسی کردمە ژوورەوە ، بۆبەیانی لەکاتی نمایشی بەیانیاندا بەرپرسی چادرگەکە وتی: ئەمشەو لەوکاتەدا کێ پاسەوان بوو بەشانازیەوە وتم:من ،وتی: کێ هات؟وتم : جەنابی چاودێری گشتی ، وتی: ئەی وشەی نهێنیت لێپرسی ؟وتم:دەمناسی وەمزانی پێویست ناکات ، وتی:جا بەشکم کەسێك بوایە لەو بچوایەو ئەو نەبوایە ؟

ئنجاوتی: چونکە نەتزانیوە سزاکەت سوك دەکەین دەبێ بەو سەتڵە ئاومان بۆبهێنی لەکانیەکەی خوارەوە ، راستە ماندووبووم بەئاوهێنانەکە بەڵام وازیاتر لە پەنجا ساڵە پەندێکی باشم لێوەرگرت کە لەهەمووکەس بپرسمەوەو لەروودا دانەمێنم ..

## وێستگەکان و پەندەکان:دووەم

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت: دوای تەواو کردنی سانەوی حەزم دەکرد ئەندازیاری بخوێنم ، ساڵی 1968 هەوڵی چەند زانکۆیەکم دا سوودی نەبوو ، هاتمە سەرئەوەی بچم بۆ پاکستان .

کۆتایی 1968هاتم بەرەو بەصرە بە پاصێك ، زۆر ماندووبووم جانتاوشتەکەم زۆر قورس بوو ، من نەمزانیبوو پاصەکە کەبۆ کوەیت دەچوو ناچێتە ناوبەصرەوە ، لەچوار رێیانێك دایبەزاندم، خوایە وا ئێوارەیە من چیبکەم، دوعاکانی دایکم بیرکەوتەوە کەبۆمن وبراکانمی دەکرد ، کاتێکم زانی سەیارەیەکی خسوسی سپی وەستا بۆم ، منیش چونکە غەریب بووم زۆر دەترسام ، پرسیاری دەکردو وەڵامم دەدایەوە ، زۆر موجامەلەی کردم ، کەبەسرەم لێدەرکەوت ئاهێکم پیاهاتەوە ، بردمیە ئوتێلێك و بەکارمەندەکەشی وت: ئاگایان لێم بێت و خزمەتم بکەن..ویستم پارەی بدەمێ پێکەنی و وتی:سبەیش دێمەوە بۆلات .

بۆبەیانی سەری لێدامەوە ،وتم: بۆ پارەت لێوەرنەگرتم ، وتی: من و ماڵ و منالّم خەڵکی کوەیتین جارێك لەبەغداوە دەهاتینەوە بەرەو کوەیت سەیارەکەمان لەکارکەوت، کەس بۆمان نەوەستا سەیارەیەکی بچووك نەبێت کە چەند لاوێکی ئەردەنی تیابوو ، سەیارەکەیان بۆچاکردین و لەدواشمانەوە رۆیشتن بۆئەوەی زیاتر دڵنیامان بکەن ئەگەر پەکمان کەوتەوە فریامان بکەون..ئەوە وای لێکردم کەمنیش بەسەیارەکەم خزمەتی ئەوانە بکەم کە پەکیان دەکەوێ لەو رێگاوبانە..جا منیش لەکوەیتەوە هاتووم سەردانی بەسرە بکەم لەرێگا کەتۆم بینی هەڵمگرتیت..

ئنجا کەزانی دەچم بۆخوێندن بۆپاکستان دڵسۆزانە چەند ئامۆژگارییەکی کردم کەتائێستا بەسوودن بۆم ، وتی:تۆ ئێستا سەرەتای ژیانتەو دووریت لەچاوی دایکوباوکت ، لەبیرت بێت کەخوا لەهەموو شوێنێك دەتبینێت ، پابەند بە بەشەرعەکەیەوە ، هاوەڵی باش هەڵبژێرەو ،چەند دەتوانی هەوڵبدەو سەعی خۆت بکەو سوود لەکاتەکانت وەربگرە ،کات ژیانە ، بەزانستێکی بەسوودەوە

بگەڕێرەوە بۆلای دایکوباوکت ،ڕەزامەندی ئەوان بەدەست دێنیت ، کە ڕەزامەندی ئەوانیش ڕەزامەندی خوایە )..

کۆمەڵێ وشەی نوورین بوون، خوا ئەم پیاوە نەناسراوەی بۆناردم ئەو ئامۆژگاریانەی کردم زۆرحەزم دەکرد بمناسیایە ، جا خۆنەشی ناسم خوا دەیناسێ ، خوا پاداشتی بداتەوە ، من هەردوعام لەدەست دێ بۆی بکەم ،وە ئەوە وای لێکردم چاکە بکەم لەگەڵ ناسیاوو نەناسیاوداوهەوڵی ڕازیکردنی دڵی دایك وباوکیشم بدەم..

## وێستگەکان و پەندەکان:سێیەم

بەکەشتی لەبەصرەوە چووم بۆکەراتشی لەپاکستان کە 18 ملیۆن کەسی تیادەژیا ،هەشت شەوو هەشت ڕۆژم پێچوو ، حەڤدە دینارم دابوو بۆ گەشتەکەو نانخواردن، خواردنەکەش پڕبوو لەبەهارات چونکە زۆربەیان هیندی بوون، ناچاربووم ڕابێم ،نەزمان دەزانم و نەکەس دەناسم ،بەلاّم ئەوەی پشت بەخوا ببەستێ خوای بەسە.

چووم بۆزانکۆی کەراتشی بە ئینگلیزی بەوبەرپرسەی کە کاری بۆوەرگرتنی قوتابی دەکردوناوی جەمال بوو داوای خوێندنی پزیشکی یان ئەندازیاریم کرد ئەوەی لام سەیربوو داوای بەرتیلی کرد تومەز فێرە لەقوتابیە عەرەبەکان بەرتیل دەسێنێ ، نەمداو چوومەوە ماڵەوە بۆ بەیانی چووم بۆکۆلێژی زانستی ئیسلامی لەکەراتشی و لە کۆلێژی زانستی بەشی (جرثوم) وەرگیرام، بەئاسانی بەکالۆریۆسم هێناو پاشان لەزانکۆی کەراتشی ماستەرم تەواوکرد، جارێك ئەحواڵی جەمالەکەم پرسی وتیان:خۆی وماڵومناڵی تیاچوون بەوەی شەمەندەفەر دابووی لەسەیارەکەیان ،وتم: خۆزگە پێش مردنی تەوبەی کردبێت..

بەڕاستی قەدەرێکی خێربوو ،خوا پاراستمی لەبەرتیل دان، ئنجا خوا رێی خستم لەزانستی (جراثیم) کە ونبووی خۆمم تیادۆزیەوەو تێگەیشتم کە خوا چی خێربێت ئەوەمان بۆدەکات.

جالەبەرئەوەی لەماڵێکی ئیماندارو لە مەدرەسەی ئیخواندا گەورە بووبووم، یەکێتی قوتابیانمان دامەزراندو چالاکیمان زۆربوو ، لەخوێندنەکەشمدا سەرکەوتووبووم وماستەرەکەم بەپلەی ئیمتیاز

تەواوکردلـەساڵی 1972داو ساڵی 1978 یش ماستەرێکی دیکەم هێنا لـەفەلـسەفەی زانستی پزیشکی هەربەپلـەی ئیمتیاز.

لـەماوەی خوێندنمدا لـەیەك موحازەرە دوانەکەوتم، تەنها ئەوەنەبێت برایەك بەنیازبوو بێت بۆخوێندن پێش نوێژی بەیانی بەسەعاتێك دەبوایە بچوومایە بەدوایا لـە فرۆکەخانە کە دووربوو ، کاتەکەی وابوو نەمتوانی بخەوم، کەچووشم زۆرچاوەڕێم کرد تومەز خوێندنەکەی گۆڕیبوو بۆشوێنێکی دیکەو منیان ئاگادارنەکردبوو ، کەهاتمەوە نووستم :کەخەبەرم بۆوە چەند موحازەرەیەکم لـەکیس چوو ، کەچوومە زانکۆ مامۆستایەکمان پێی وتم: بەهۆی ئەوەی هەرگیز دوانەکەوتوویت ویستمان ئەم هەفتەیە خەڵاتت بکەین بەداخەوە لـەدەستت چوو .پێم ناخۆش بوو دەسەڵاتیش نەبوو ، ئیشەکە وای لێهات..

## وێستگەکان و پەندەکان :چوارەم

لـەو بینایەی تیادەژیام زۆرجار سەردەکەوتمە سەربان تادیمەنی سرووشتی جوانی ناوچەکە ببینم ، بەتایبەت کەمن فێری دەشت و

دەرو شاخەکانی عەجلۆن بووم لـەئەردەن، بەهۆی جەنگی هیندستان وپاکستانیش زۆرجارناچاردەبووین دابەزینە خوارەوە بۆحەشارگە لـەترسی بۆردومانی فرۆکە .

دراوسێیەکی نابیناشم هەبوو زۆر وریاو بلیمەت و هەست ناسك بوو ، خەڵکی کشمیربوو ماستەری لـەئادابدا دەخوێند، زۆر ڕێزم لێدەگرت و ئەویش منی بەحەزرەت بانگ دەکرد وەك ڕێزگرتنێك.

کاتی تاقیکردنەوە هات کەس نەبوو وانەکانی بۆبخوێنێتەوە کچێك نەبێت ودەبوایە ئەم بچوایە بۆ بەشی ناوخۆیی کچان کە دوو کیلۆمەتر دووربوو لێمانەوە ، بەونابینایيە زۆر لـەکەسێکی چاوساغ خێراتر دەڕۆیشت و دەهاتەوە و تەنانەت ڕێی کورت کراوەشی دەگرتە بەر بەناودڕك ودالّدا.

ڕۆژێکیان هاتەوە دەمووچاوی شکابوو ، زۆر لامان سەیربوو ، دوایی چوومە لای وتم:بۆچی وات لێهاتووە؟وتی: خۆشەویستی ئەو کچە چۆتە دڵمەوە لـەگەڕانەوەدا سەرم دای بە عەمودێکداو ئاوا کۆڵـەواربووم. جا سبحان الله ئەو نووری بەسیرەتەی هەیبوو بەو عاشقبوونەی نەماو خۆی دا بەو عەموودەدا ..

ساڵی 1973 کەماستەرم تەواو کرد گەڕامەوە ئەردەن و ئەویش دوای من چووبۆوە بۆ کشمیر ، پاش چەند ساڵێك کەچوومەوە بۆخوێندنی ماستەر لەفەلسەفەی پزیشکیدا کەسێکم بینی لەگەڵ چەند کەسێکدا وەستابوو ،زۆر لێی وردبوومەوە ئەوبێت ئەو نەبێت ، بانگم کرد یەکسەر ناسیمیەوە، سبحان الله من چاوم ساغ بوو بەزەحمەت ناسیمەوە ئەو پاش چەند ساڵ تەنها یەکجار گوێی لەدەنگم بوو ناسیمیەوە.

## وێستگەکان و پەندەکان: پێنجەم

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت: پاش ئەوەی دووساڵ لەئەردەن کارم کرد وەك ئەفسەر لە خەستەخانەیەکی سوپادا گەڕامەوە بۆخوێندن بۆ ماستەر لە فەلسەفەی پزیشکیدا ، مامۆستایەکمان هەبوو نموونەی دینداری و جدیەت بەناوی پرۆفیسۆر مصباح ، جارێك یەکێك دەیبینێت لە تەلارێك کەسینەمایەکی تیابوو ، وەتەلارەکە یەك دەرگای چوونە ژوورەوەی هەبوو ، بۆی بوو بەدەنگوباس گوایە پرۆفیسۆر چووە بۆسینەماو ئەو دینداریەی پیشانی دەدات وانیە.

جارێكیان لەگەڵ هاوەڵێكم چووم بۆ نووسینگەی زاواكەی كەلەو تەلارە بوو ، پرۆفیسۆرم بینی لەنووسینگەی كورەكەی بوو ، ئنجا بۆم دەركەوت كەئەو خەڵكە لەخۆیانەوە تۆمەت بڵاودەكەنەوەو هیچ وردنابنەوەو ناگەڕێن بەدوای راستیدا .كەئەمەش قورئان جەختی كردۆتە سەر كەگومان بەكەس نەبەین چونكە هەندێكی گوناهن ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ – الحجرات﴾.

**وێستگەكان و پەندەكان:شەشەم**

دكتۆر عبدالحمید دەڵێت: ساڵی 1962 زانكۆی ئەردەن دامەزرا كەمایەی دڵخۆشیمان بوو ، پاشان زانكۆی یەرموك ساڵی 1976 دامەزرا ،منیش داوام كرد كەدووماستەرم هەیەوبمنێرن بۆخوێندنی دكتۆرا، قایل بوون ومەرجێكیان بۆدانام گوایە دەبێت قبوڵ بێنمەوە لەزانكۆیەكی ئەمەریكی ، كەوتمە پەیوەندی كردن كەئەوسەردەمە وەك ئێستا نەبوو پەیوەندیكردنی وڵاتان زۆر قورس بوو ، ساڵی 1978 چەند قبوڵێكم دەستكەوت لەزانكۆكانی ئەمەریكاو بەریتانیا ، كاتێك بردم بۆیان سەرۆكی زانكۆ رووی گرژومۆن بوو، بەریتانیا

**هەربەهیچ جۆرێك نابێ و،بەئەمەریکاکەش قایل نەدەبوو دەستی دەستی پێدەکردم.**

**زۆر بێتاقەت بووم چونکە دەمویست نەبم بەئەرك بۆبراکانم کە بۆخوێدن زۆرهاوکاریان کردبووم ودەمویست حکومەت لەسەر حسابی خۆی بمنێرێت،برایەکم بینی فەرمانبەری زانکۆبوو دیاربوو ئیخوان بوو وەخۆی دەرنەخستبوو ،کە ئەحواڵی کارەکەی لێپرسیم وتی:لەدۆسیەکەتدا ئاماژەکراوە کەلەبرایانی ولەبەرئەوە بۆت ناکەن.**

**ساڵێکم لەکیس چوو ، پاشان لەسەر حسابی خۆم چووم بۆمانشستەر بۆخوێندن ،دوایی بۆم دەرکەوت ئەوە قەدەرێکی خەیربوو بۆم ، بەریتانیاکە بۆمن زۆر باشتر بوو لەئەمەریکا** (وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ (216)البقرة ).

**جا دەبێ ئەوەمان بیرنەچێت کەژیان هەمووی تاقیکردنەوەیە**(وَنَبْلُوكُمْ بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (35) الأنبياء) **هەروەها مرۆڤ وەك قەڵەم وایەتاتەواو دەبێت بەردەوام دا دەدرێت تاجوانتر بنووسێت .**

## وێستگەکان و پەندەکان:حەوتەم

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت:10ی 8ی 1979 مانگێك پێش دەستپێکردنی دەوام خۆم و هاوسەرم چووینە مانشستەر بۆخوێندنی دکتۆرا، خانوویەکم دەویست لـەگەڵ پیرێژنێکدا نەخواتەوەو سەگی نەبێت ، باش بوو دەستمکەوت.

دەبوایە لـەپێشدا دبلۆمی پێشکەوتوو بهێنم لـەزانستی ڤایرۆسات و بەرگریدا کەئەوەش قورسترین بوو لـەهەموو قۆناغەکانی خوێندنمدا. حەڤدە قوتابی چواردە دەوڵـەت بووین ، سەرۆك بەشی بەکتیریا پرۆفیسۆرێکی ئینگلیز بوو بەهۆی ئەوەی لـەعێراق وفەلـەستین خزمەتی کردبوو عەرەبیشی دەزانی و ناوی باتریك کۆلارد بوو ،کاتی موحازەرەکەی کاتی نوێژی هەینی بوو ، یەکەم هەینی نەچووم ، دواتر بەهاوەڵـێکم وت : بابچین قسەی لـەگەڵ بکەین ، نەهات لـەگەڵـمداو ترسا رقی لـێهەڵـبگرێت ، من پشت بەخوا چووم ، بەدەستی بەدەستنوێژەوە چی دوعام دەزانی خوێندم ، سەلامم لـێکردو وتم:ئەو وانەیەی پێمان دەڵـێی بەڕاستی وانەیەکی خۆشە (کەکتێبێکی دانراوی خۆی پێدەوتین و هەربەڕاستم بوو وانەکەی خۆش بوو)،وەمن هەموو

کتێبەکەتم خوێندۆتەوە پێش دەستپێکردنی دەوام، زۆر بەچاکی گوێی بۆگرتبووم، وتم: بەڵام من کێشەیەکم هەیە ، وتی:کێشەکەت چیە؟ وتم:موحازەرە نایابەکەت دەکەوێتەکاتی نوێژی هەینیەوە کە ئێمە وەك موسڵمان لامان گرنگەوناتوانین نەچین ،قسەم دەکردو سەیری دەموچاویم دەکرد کەچۆن قسەکانم کاریگەری هەبوو لەسەری ، کەقسەکانم تەواوکرد بەعەرەبی وتی: (ئەوەی کە لێپرسینەوەی قیامەتی گرنگترە لەلێپرسینەوەی رۆژی تاقیکردنەوە ).

سوپاسم کردو چووم بۆنوێژو ئەویش چوو بۆ موحازەرەکەی ،کەهاتمەوە قوتابیەکان سەیریان دەکردم ، وتم:چیە؟

وتیان : مامۆستا هات و وتی:کاتی موحازەرەکە ناگونجێ لەگەڵ ئیشێکی گرنگی هاوەڵێکتان و خستیە پێنج شەممان ، کەتۆش نەهاتبووی زانیمان لەبەرتۆیە..جا ئەوەی سەیرە ئەو هاوەڵەم کە دەترسا بێت بۆلای پرۆفیسۆرەکە نەك رقی لێهەڵبگرێت لەسەر نوێژ دەرنەچوو وەفەسڵ کرا بیری چووبوو کە (وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا (2) وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا (3) الطلاق ).

**وێستگەکان و پەندەکان :هەشت**

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت:پڕۆفیسۆر باتریك کۆلارد زۆر حەزی بەگفتوگۆ بوو، لەوەوە فێربووم کە بەبێ دەنگی گوێ لەڕای جیاواز بگرم ، ئەو هەفتانە لەگەڵ مامۆستاکانی دیکەدا دووشەممان کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ قوتابیەکانی دیبلۆمدا دەکردو پرسیار دەکرا لەبارەی ئەوانەی کەلەو هەفتەیەدا خوێنرابوون، ئێمەش خۆمان باش ئامادە دەکرد نەباوەکو پرسیارێك بکەن و ئیحراج ببین.

بیرمە جارێکیان لەکۆتایی موحازەرەکەیدا دکتۆر وتی: هیچ تەفسیرێکی زانستیمان نیە بۆئەوەی کە کەسێك کاری بەدڕەوشتی دەکات و تووشی نەخۆشی جنسی دەبێت و بەداوودەرمان چارەسەردەکرێت ،کاتێك دەگەڕێتەوە سەرخراپە جیهازی بەرگری لەشی بەرگری لێناکات و تووش دەبێتەوە ، منیش وتم: من تەفسیرێکم لایە ، وتی:فەرموو ، وتم:خوا کەجەستەی مرۆڤ و ئەندامەکانی دروست کردووە ، خۆی ئەو بەرنامەیەی بۆداناوە وەك سزایەکی ئیلاهی کە فاحیشە لەهەموو ئاینەکاندا یاساغەو ئەوکەسە بەئیرادەی خۆی دەیکات ..

دوای تاقیکردنەوەی نووسینەکی تاقیکردنەوەی زارەکیمان هەبوو ، پێنج کەس کەیەکێکیان لـەدەرەوەی کۆلـێژەکەمانەوە دەهات و بە ئارەزووی خۆیان پرسیاریان دەکرد، لـەنۆرەی مندا دووئەوەندەی قوتابیەکانی دیکە پرسیاریان لـێکردم ، زۆردەترسام کە هەقی خۆمم نەدەنیٚ لـەبەر بۆچوونە ئیسلامیەکانم.

سوپاس بۆخوا کە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان دەرچوون ئیمتیازم هێناو یەکەم بووم، ئەو پرۆفیسۆرە لـەپشت خۆمەوە بەچاك باسی دەکردم و هەرقوتابیەکی ئەردەنی بدیایە هەواڵی دەپرسیم،ناوڕاستی هەشتاکانیش لـەئەردەن سەردانی کردم..بەڕاستی ئەگەر ویستت رێزت بگیرێت پابەندبە بەبیروڕاو بەرنامەی ژیانتەوە فەرمانەکانی خواپارێزە خوا بۆخۆی دەتپارێزێت.

## وێستگەکان و پەندەکان :نۆیەم

خواکردی ئەوخانووەی دەمانوویست دەستمان کەوت ، پیرێژنێك بوو نەیدەخواردەوەو سەگیشی رانەگرتبوو ، ئەو لەقاتی سەرەوە بوو ئێمەش لەخوارەوە ، سالّی یەکەم مامەلّەی فەرمیمان لەگەلّ دەکردو جاروبارخواردنمان بۆدەنارد حەزی لێی بوو ،کچێکی هەبوو هەرچەند لەبەریتانیاش بوو سیّ سالّ لەویّ بووین سەرێکی لیّ نەدا.

مالّەکەمان چوارکیلۆمەتر لەزانکۆوە دووربوو بەیەك پاص کە لەکاتی خۆیدا دەهات هاتوچۆم دەکرد، ئەوەی لەرێگا رۆژانە دەمبینی ریستۆرانتێك بوو لێی نووسرابوو شانازی دەکەین باشترین خواردنی عەرەبی پێشکەش دەکەین ، پێمناخۆش بوو ئەوە کەی شانازییە ، ئێمە بۆشانازی نەکەین بەبەها بالاّکانی ئیسلامەوە.

ئەوپیرەژنە دواتر وای لێهات لوتفی زۆری دەنواندوبەسەیارەکەی دەیگەیاندین بەتایبەت هاوسەرم، وامان لێهات تەماعمان بوو موسلّمان بێت وهاوسەرم هەندیّ پەڕاویشی دایە ، بەلاّم موسلّمان نەبوو، رۆژانە خزمەتی باخەکەو گولّەکانی دەکرد، رۆژێکی هەتاوی

خۆش بوو لەباخەکە کورسی بۆدانایین و دانیشتین ، هەندێ پرسیارو دەردەدڵی لاکردین و وتی: ئەرێ جاری واهەیە رۆژێکی تەواو گوێم لەدەنگتان نابێت ، وەزانم لەماڵەوە نین ، ئێوە وەك ژن ومێردی دیکە شەڕتان نابێت ؟ پێکەنین وەمانزانی سوعبەت دەکات ، تومەز بەراستیێتی ، وتمان: شەڕی بۆچیە هەرکەسەمان هەقی خۆی وئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت.

وتی: ئەردەنیەکانیش ئاوان؟وتم: بەڵێ .

وتی:دەی ئەگەر وابێت ئەوا لەداهاتوودا موسڵمانان حوکمی دونیا دەکەن.

بەراستی ئافرەتی ئێوەنازدارن وئەمیرەن چیان بۆێ بۆیان دێنن و بۆکوێیان بوێت بەسەیارە دەیانبەن.تۆدەزانی ئێمە بۆچی لەماڵ دەچینە دەرەوە؟ئێمە دەچین کاربکەین چونکە کەس نیە بمانژێنێت ، ئەگەر نیوەی ئەوەی ئێوەمان بۆبکرایە لەماڵ نەدەچووینە دەرەوە.تۆدەزانی پیرەکانمان بۆسەگ رادەگرن بۆئەوەی پارێزگاریمان لێبکەن و کەمردین بەمردنەکەمان بزانرێت.

منیش دەڵێم خۆزگە ئافرەتانی خۆمان بەحاڵی ئافرەتانی ڕۆژئاوایان دەزانی ، لەچ ڕاکەڕاك و ماندووبوون و ونبوونێکدان ، لای ئێمە ژێرپێی دایکمان بەهەشتەو دەست و قاچی ماچدەکرێت ، کچەکانمان پەردەن بۆمان و لەقیامەتدا لەئاگری دۆزەخ دەمانپارێزن، خوشکە بەڕێزەو پوروخوشکی گەورەش لەجێی دایکن ، هاوسەریشە چاکترینمان ئەوەیە کەچاکترین بێت لەگەڵیاندا.

## وێستگەکان و پەندەکان :دەیەم

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت:(پێشتر باسم کرد کە لەبەرئەوەی لەبرایان بووم زانکۆی ئەردەن نەیانهێشت لەسەر حسابی حکومەت بخوێنم ولەسەر حسابی خۆم چوومە مانشستەر) لەمانشستەر خوا بەرەحمی خۆی دەرگای زۆری لێکردمەوە ، پاش ئەوەی یەکەم بووم لە بەدەستهێنانی دبلۆمی پێشکەوتوو ، هەریەك لەمامۆستاکانم پێشنیاری دەکرد دکتۆراکەم لای ئەو بێت ، منیش مامۆستایەکی ئافرەتم هەڵبژارد شەستساڵێك تەمەنی بوو بەناوی (ئان مستراتس) کەبەرنامەیەکی وای بۆدانام بتوانم وانەبە قوتابیانی بەکالۆریۆس

بلێمەوە کەمووچەیەکی باشم لێی دەستدەکەوت، ئنجا کۆلیژەکەمان منی پالأوت بۆ خەلأتی مەجلیسی بەریتانی تایبەت بەقوتابیە بیانیە سەرکەوتووەکان کە بڕی (1500) جونەیھ بوو کەبوو بەنسیبی من ،کەبۆئەو رۆژە پارەیەکی زۆربوو.

من ئەندام بووم لە یەکێتی قوتابیانی موسڵمان لەمانشستەر کە دبلۆمەکەم هێنا بوومە بەرپرسی یەکیەتیەکە.مزگەوتی دیسبری کاتی خۆی کەنیسە بوو دەوڵەمەندە سووریەکان کڕیبوویانەوەو کردبوویان بەمزگەوت ،من ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی بووم، بەردەوام خێرخوازان دەستیان پێوەی بوو بەتایبەت لەرەمەزاندا کە دەتووت پوورەی هەنگەو بەردەوام چالاکی برایان و خوشکان و منالأنی تیابوو، وەبووبوو بەنموونەیەکی جوانی برایەتی بۆشوێنەکانی دیکە.

خوێندنی دکتۆرا ئاسان تر بوو کاتم هەبوو بۆ وتاری هەینی و چالاکی ئیسلامی ، رۆژێك دووبرای عێراقی هاتن داوای بڕوانامەکەیان کردم و وتیان : ئیمارات یارمەتی ماددی هەندێ قوتابی سەرکەوتوودەدات ، ئەوەبوو خوا ئەوەشی بۆکردم و لەوەوە کەبە پارەیەکی کەمی هاوکاری براکانم دەژیام خوا دەرگای رزقی لێکردمەوە.

کاتی دەوام هەمووی سەرقاڵی خوێندن بووم ورۆژەکانی پشووش کاروچالاکی ئیسلامیم تیادەکردو هەقی ماڵ ومنداڵم دەدا ، سوپاس بۆخوا دوو بەرائەتی داهێنانم وەرگرت لە دەستنیشان کردنی نەخۆشی زوهری بەتایبەت کە لەپلەی سێدا بێت ، وە نامەی دکتۆراکەشم ئەوەندە گرنگ بوو زانکۆکەم سێ ساڵ نەیانهێشت کەس بیبینێت تابەکاری بێنن بۆ لایەنی بازرگانی کەشتی داهێنانی تیابوو.

ئنجا نیزامیان وابوو بەدووساڵ دکتۆرا بەدەست بێت بۆمن کردیانە هەژدەمانگ .دوومامۆستامان هەبوو جوولەکەبوون وزۆر جدی بوون ، یەکێکیان پرۆفیسۆر بوو لەزانستی بەرگری لەشدا ، ئەوەی سەیر بوو بەپاسکیل دەهات و دەچوو زۆرخەمی لیاقەتی خۆی بوو ، دوایی زانیم کە هاوینان دەچێتەوە بۆئیسرائیل و مەشق دەکات ، ئەوان ئاوا خەمی خوێندن و خەمی ئیسرائیلیانە ئەی ئێمەی موسڵمان دەبێت چۆن بین؟؟

**وێستگەکان و پەندەکان : یانزە**

لە17ی8ی 1980خوا کوڕی یەکەمم (محمد)ی داینیٚ پاش ماوەیەك هەستمان کرد پەنجەیەکی ناتوانیٚ تەواو بیکاتەوە،کەپزیشکی جەڕاح بینی وتی دەبێت نەشتەگەری بۆبکەین ،مەوعیدێکیان بۆنەشتەرگەری بۆدانایین کەهاتمەوە ماڵەوە زانیم لەهەمان مەوعیدا وتارێکی ئیسلامیم هەیە بۆقوتابیە موسڵمانەکانی زانکۆی سالفۆرد ، لەمەوعیدەکەدا کوڕەکەمان برد بۆخەستەخانە دەگریا ، چووم بۆ وتارەکەم و بەسەر دایکیا بەجێم هێشت ودامنە دەست خوا ..

لەکاتی وتارەکەدا برایەك لەسەرروەرقەیەك شتێکی دەستاودەست بۆناردم کەگەیشتە دەستم و سەیرم کرد نووسیبووی مژدەت لێبێت کوڕەکەت بەبیٚ بەنجی عام نەشتەرگەریەکەی بۆکراوەو بەسەلامەتی چوونەتەوە ماڵەوە..هەناسەیەکی خۆشیم هەڵکێشاو سوپاسی خوامکرد (راستە وتوویانە خەڵکی لەمزگەوتن وخواکارەکانیان بۆ فەراهەمدێنیٚ ).دوای وتارەکەم ئەو برادەرەی وەرەقەکەی ناردبۆم بەئامادەبووانی راگەیاند کەمن لەبەرخوا سۆزی باوکایەتیم خستۆتە لاوەو هاتووم وتارم بۆداون، بوو بەچەپڵەو منیش دڵم پڕبوو لەگریان

وزانیم کەئەو وانە کرداریە لەوتارەکەم زیاتر کاریگەری هەبوو لەسەر ئامادەبوان.ئەوەش وێنەی محمدە کەبووە بەدکتۆروپسپۆڕە لەزانستی نەخۆشی و تاقیگەکان یاریدەدەری عەمیدی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی زانست و تەکنۆلۆجیای ئەردەنیە.



**وێستگەکان و پەندەکان:دوانزە**

لێکۆڵینەوەکانی من و ئەوانە کەوەك هی من بوون وای کرد کە هەرلەزانکۆدا کۆمپانیایەك بەناوی برۆتیس دابمەزرێت و دکتۆرە ئان کۆڵەکەیەکی گرنگی ئەو کۆمپانیایە بێت و ئەو دۆزینەوە

پزیشکیانەی هەمانبوون بەرهەمدەهێنران و دەستکەوتێکی باش بوو بۆزانکۆو بۆئەوەی کەلێکۆڵینەوەکەی کردووە لەزانکۆی مانشستەر.

ئیغرائات و مووچەیەکی باشیان دەدامێ کەلەو کۆمپانیایەدا ئیش بکەم نەمکرد.

لەبواری دەعوەکردنیشدا گەیشتەمە ئەندامی شورای یەکێتی قوتابیانی هەموو بەریتانیاو وتارم دەدا لەبارەی نەخۆشیەجنسیە گواستراوەکانەوەو هەرلەکاتی خوێندنمدا پەڕاوی (نەخۆشیە جنسیەکان سزای خوایین)م نووسی دەزگایەکی بلاّوکردنەوەی بەریتانیش چاپی دووەمی بلاّوکردەوە.

لەگەڵ ئەو ژیانە خۆشەی هەم بوو لەبەریتانیاو لەگەڵ ئەو هەموو دەستکەوتەی کەدەمبوو ، بڕیارم دا بگەڕێمەوە ئەردەن خزمەت بکەم، بەلاّم لەبەرئەوەی لەبرایان بووم لەلایەن هەندێ لەبەرپرسانەوە ئاستەنگم بۆدروست دەکرا ، ئەوەبوو بەهەرحاڵێك بێت لەکۆلێژی زانستی پزیشکی زانکۆی یەرموك کارم دەستکەوت ساڵی 1982. یەکەم کەس دەچووم بۆزانکۆو دواهەمین کەسیش دەهاتمە دەرەوە.

بەوەش پەیوەندیەکی باشم بۆدرووست بوو لـەگەڵ قوتابیەکانمدا کەشانازی پێوەدەکەم.

بەهۆی هەڵسوکەوتی سەرۆکایەتی زانکۆوە وازم لـەزانکۆهێناو لـە کەرتی تایبەت کارم کردو تاقیگەم دانا لـەشاری ئیربدو خەڵکێکی زۆر رووی تێدەکردین.لـەبەر پێداگری قوتابیان زانکۆ داوای لـێکردم کە بەشێوەیەکی جوزئیش بێت پێیان لـێنەبڕم ئەمەش ماوەیەکی کەم بەردەوام بوو بۆم نەکرا ، دوایی زانیم قوتابیەکانم کە هەیانبوو مەسیحیش بوون مانیان گرتووە لـەخوێندن.

## وێستگەکان و پەندەکان :سیانزە

لـەگەڵ ئەوەدا وازم لـەزانکۆهێنابوو لـەهەمولایەکەوە داوای وتاریان لـێدەکردم ،منیش هەموو کاتم تەرخان کردبوو بۆکارەکەم و خوێندنەوەو نووسین ،کۆمەڵێك پەڕاوم نووسی کەچواردە کتێبێك دەبن و بەدیاری دەدران بەخوێنەران کە هەموویان

بۆهۆشیارکردنەوەی  کۆمەڵگا بوون بەگشتی و لاوان بەتایبەتی لە بارەی نەخۆشیە جنسیە گواستراوەکانەوەوەك  :

1–الطب الوقائی فی الإسلام

2–الإيدز حقائق وأرقام.

3–عجائب الميكروبات السبع

4–الميكروبات وكرامات الشهداء

5–قوم لوط فی ثوب جديد...

6–نيران الإيدز تحرق العام ،فمن المسؤول...هتد،ئامۆژگاريم بۆگەنجان ئەوەيە کەهەروەك خۆشەويستمان صلی اللە عليە وسلم  رێنماييمان دەکات هەقی هەمووڵايەنەکانی ژيان بدەين ، کە دەفەرمويێت : ان لربك عليك حقا ،وان لنفسك عليك حقا ،ولأهلك عليك حقا، فاعط کل ذی حق حقه).بەڕاستی من لەسەرقاڵی زۆرمەوە هەقیماڵومناڵم زۆرخواردووە کە تازە ناتوانم هەقيشيان بۆبکەمەوە چونکەوەك وتراوە ميوە لەوەرزی خۆيدا خۆشە..

## وێستگەکان و پەندەکان: چواردە

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت:سەرپەرشتیاری دکتۆراکەم پرۆفیسۆر ئان لەساڵی 1984 سەردانی کردین بۆئەردەن، هەرچەندزانکۆ جێگای مانەوەی بۆدابین کرد حەزی کرد لەماڵی ئێمە بمێنێتەوە ، کەدووژووری نووستنمان هەبوو یەکێکی هی منداڵەکان بوو لەوێ ئەومایەوەوئێمەش پێنج سەرخێزان لەژووری نووستنەکەی دیکە دەخەوتین.

وەك رێزێك و عادەتی خۆمان چێشتێکی زۆرمان کردبوو پێی سەیربوو ، وتی:چەند کەس میوانن وتمان هەرتۆیت ، جا بەڕاستی ئەوەی ئێمە دەیکەین زیادەڕۆییە . لەئەردەن ئەو هەموو خانووە گرانبەهایانەی دەبینی پێی سەیربوو ،وتی:ئێوە پارەدەکەنە خۆڵەوە ، ئەوەشی هەر راست بوو بەڕاستی دیکۆراتی زۆر و پارەی زیادەخەرج کردن زیادەڕۆییە کەئیسلام رێگری لێکردووە.

زۆر هەوڵی لەگەڵ دام کەبچمەوە بەریتانیا و لەکۆمپانیاکەیان کاربکەم، کە وتم:نایەم ،وتی: بۆچی ؟وتم: من پاشەبەرەم و دایکم

پیربووە و دەمەوێ خزمەتی بکەم چونکە بەهەشت وا لەژێر پێیدا ،وتی: دایکیشت بهێنەو ئێمە هەموو تێچووی هاتنەکەی دەدەین.

من قەناعەتم وابوو کەولاٚتەکەم پێویستی پێمەو ناکرێت هەریەکەو بەبیانوویەك بەجێی بهێڵین ، ئنجا مانەوە لەم ولاٚتانەدا بەخزمەت دەزانم و خوای گەورەش بۆی قەرەبوو کردمەوە.

بۆجاری دووەم سەردانی کردینەوە لەئەردەن و داوای کردەوە بچمەوە بۆ مانشستەر ، ئیتر کەمنیش نەچووم رێکەوتین کەسێ قوتابی کەماستەریان لای خۆم هێنابوو بچنە مانشستەرو لەکۆمپانیاکەشیان کاربکەن و زانکۆ تێچووی خوێندنی دکتۆراکەیان بگرێتە ئەستۆ.ئیتر ئەو سیانە خزمەتێکی باشیان بەوان کردو رووسووریان کردین و دکتۆراشیان هێنا.

ساڵی نەوەدەکان ئان لەرێی سووریاوە هاتە ئەردەن و زۆر سەرسام بوو بە شوێنەوارەکانی سووریا، پێی وتم:سەردانی سووریات کردووە ؟ وتم: نەخێر ، بەلایەوە سەیر بوو وتی: بۆچی خۆنزیکە لە ئیربدەوە ؟ وتم: من وخێزانم لای دەسەلاٚتی سووری لە لیستی تیرۆردابن ، پێی سەیربوو چۆن شتی وادەبێت ، ئیتر بۆم باسکرد کە حافز ئەسەد چی

بەشاری حمص و حەماو ئەوانی دیکە کردووەو چەندی لەموسڵمانان شەهید کردووەو چۆن ئیخوان هەموو بەتیرۆریست لەقەڵەم دەدات..

**وێستگەکان و پەندەکان: پانزە**

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت : ساڵی 1987 لەگەڵ قافڵەی خەستەخانەی ئیسلامیدا چووم بۆحەج ، ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لەگەڵمان بوون هەرکەسەو لەپسپۆڕی خۆیدا وتاری دەداومنیش باسی سوودەکانی سیواکم بۆکردن ، پەرلەمانتاری ئیسلامی (یوسف العظم) لەگەڵمان بوو لەوتارەکەیدا باسی دانیشتنی خێزانی کرد کەچەندگرنگە ، کەهەفتەی یەك سەعات تەرخان بکرێ بۆدانیشتنی خێزانی ، کەهاتمەوە لەحەج جێبەجێم کردو هەمووهەینیەك لە دووسەعات پێش نوێژەوە دادەنیشتین و سورەتی کەهف و یاسین وهەندێ فەرموودەو دوعاکانی بەیانیانمان دەخوێند، ئنجا باسی کێشەکانی ماڵ ومناڵ دەکراو خوێندنیان و چارەسەرکردنی کەموکورییەکان ، کەئەمەش سوودی زۆرمان لێبینی کەکوڕەکان وکچەکانمان بتوانن دانووستان بکەن ، وە کە چوونە ماڵی خۆشیان

بەردەوام بن لەسەر ئەو دانیشتنە خێزانیە..ئای چەند دڵخۆش دەبووم کە پاش ئەوەی چوونە ماڵ و حاڵی خۆیان وسەردانم دەکردن بەردەوام بوون لەسەر ئەودانیشتنە گرنگە.

بەڕاستی چی بچێنین ئەوە دەدروینەوە ، گرنگی دان بەماڵ ومنداڵ پێویستە ئەگینا لەدەستیان دەدەین ،برایەکمان پێش پەنجا ساڵ کۆچی کرد بۆ ولاّتێکی دیکەو بووەملیۆنەرو ژنی هێناو دووکچی بوو ، نەیپەرژایە سەر پەروەردەی منالّەکانی و سەرەنجام کچەکانی بەجێیان هێشت ، جا ئەوبرایە دەیووت: خۆزگە هیچم نەبوایەو دووکچەکەم لەدەست نەدایە.وێنەی یوسف العظم



## وێستگەکان و پەندەکان: شانزە

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت : ( سەرەتای نەوەدەکان لەگەڵ چەند پسپۆڕێکی ئەردەنیدا کۆمپانیای ئەرقەممان دامەزراند بۆ بەرهەمهێنانی مەوادی پشکنینی تاقیگە بەنرخێکی گونجاو ، سەرکەوتنی باشمان بەدەستهێنا چونکە مەوادی سەرەتاییمان ئەردەنی بوو ، ئنجا من دوو داهێنانم لەبەریتانیا تۆمارکردبوو ، وەئەوانی دیکەش لەگەڵما کاریان دەکرد زانا بوون، لە گروپی کۆمپانیاکانی راجحیەوە لەسعودیەوە هاتن کە لقێکی کۆمپانیاکەمان لای ئەوان بکەینەوەو ئەوانەی بەرهەممان هێنابوو بردیانە تاقیگەی وڵاتان دەرکەوت کە کوالیێتی بەرزە.

بەداخەوە کاتێك هاتنەوە بۆلامان پەساپۆرتەکانیان لێسەندن و ناردیاننەوە سعودیە ، ئەمەش ئەو جەنگەیە کە ئەردەن و گشت وڵاتان دەیکەن بەرامبەرمان، ئێمە سێ زانای پسپۆڕبووین کە دەمانتوانی لەرێی ئەو کۆمپانیایەوە خزمەتێکی باش بەئەردەن و مرۆڤایەتی بکەین ، بەداخەوە چونکە لەبرایان بووین دژایەتی زۆریان کردین و من لەبەرکاری سەرکردایەتی برایان پشکەکانم فرۆشت و

ئەو دوانەی دیکەش دوای چەند ساڵێك پشكەكانیان بە زەرەر فرۆشت) ..

بەڵێ ئەگەر سەیری مێژووی سەد ساڵەی برایان بكەین پاش ئەوەی لەشەڕی فەلەستیندا گورزی گەورەیان لەئیسرائیل وەشاند ، بەهەمووشێوەیەك دژایەتی دەكرێن ، بەسەدان هەزاریان لێ بەند كراوەو بەهەزارانیان لێ شەهید كراوەو موڵك و ماڵیان دەستی بەسەردا گیراوە ، كچی خەیرەت شاطر دەڵێت هەرجارێك بەلای سوپەرماركێتەكەی باوكمدا گوزەردەكەم داگیركراوە كۆڵێ خەفەت دەخۆم.

برایانی میسر دەڵێن:حسابێكمان كردووە لەماوەی حوكمی ناموبارەكدا پانزە هەزار ئەندامان بەندكراون كۆی بەندكردنی هەموویان پانزەهەزار ساڵە ، زۆربەیان مامۆستای زانكۆو ئەندازیارو پسپۆڕو زانابوون.

بەو هەموو دژایەتیەشەوە دەملیۆن ئەندام ولایەنگریان لەمیسر هەیەو لەهەرحەوت كیشوەرەكەهەن و زیاد لەسەد ملیۆنن ، لەهەڵبژاردنی میسرداهاتنە سەرحوكم كودەتایان بەسەرداكردن ، والە جەزائیریش

که پێشتر لە هەڵبژاردن سەرکەوتن و نەیانهێشت جارێکی دیکە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانیان بەدەستهێنایەوە ئەمجارەش خوا رەحم بکات بزانین ناحەزانی پڕۆژەی ئیسلامی چی دەکەن بەرامبەریان.

ئەوەی کەجێی داخە کەسانێکی بەناو ئیسلامی دێن پاساو بۆحکومەتی سعودی دێننەوە کە بەسەدان زانای بەندکردووە گوایە ئەوانە خەڵکیان هانداوە بچنە سوریا ، ئنجا ئەوانەی دیکە کە نەگیراون گوایە پیاوی سوڵتەو وەلی ئەمر نین و حکومەتی سعودی گوایە تاکە حکومەتە حوکمی ئیسلام پەیڕەو دەکات ، کەبەداخەوە وانیە لەگەڵ ئیماراتدا گەورەترین دوژمنی رابوونی ئیسلامین و پیاوی جوولەکەن..

ئەوەتا لەدەنگوباسەکاندا هاتووە ئیمارات جنسیەی داوە بەپێنج هەزارجوولەکە..

**وێستگەکان و پەندەکان:حەقدە**

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت: لەبواری کاری بەکۆمەڵدا ، براکەم ئەندازیاری کشتوکاڵی بوو وەیەکێ بوو لەبرایان هەرلەناوەندیەوە لە چادرگەیاندا بەشداریم کردو، لەحەفتاکاندا لەپاکستان چالاکیم

هەبوو ،لەهەشتاکانیش لە بەریتانیا بەردەوام بووم لە چالاکیدا و بوومە ئەندامی شورای قوتابیانی موسڵمانی بەریتانیا و کەهاتیشمەوە ئەردەن سەرباقی کارەکانم چەند جار هەڵبژێردراوم وەك نوێنەری ئیربد لەشورای برایان ، لەسەرکردایەتیدا زۆرکارم کردووەو لە 2008 تا 2012 ئەندامی سەرکردایەتی بووم و دواتر بوومەجێگری چاودێری گشتی برایانی ئەردەن  و کۆدەنگیەك هەبوو ببمە چاودێری گشتی و نەمکرد، بەڕاستی من زیاتر پێم باش بوو لەبواری پسپۆڕیەکەی خۆمدا کاربکەم ، ئەوانەی لەسەرکردایەتیان بەڕاستی دەبێت دەست بەتاڵ بن تابتوانن هەقی کارەکەیان بدەن.

کۆمەڵەی برایان لەسەرتاسەری دونیادا لەگەڵ ئەوەدا دوژمنی دەرەکیان زۆرە ، وەك کاری مرۆڤیش تووشی هەڵەو کەموکورتی دەبن ، جاری واهەیە برامان هەیە راوبۆچوونی جیاوازی هەیەو بۆ سەرخستنی بۆچوونەکەی خۆی برایەتیەکەی بیردەچێتەوە ، ساڵی 1999کاتێك حەماس لەئەردەن دەرکران وداوایان کرد پەیوەندی رێکخستنیان بەئێمەوە نەمێنێت ،کێشەمان بۆدروست بوو ، تا دواتر بەوە چارەسەرکرا مەکتەبی ئیرشاد فەرمانی دا ئەوان سەربەخۆکاری

خۆیان بکەن لەبەرئەوەی پێویستیان بەبڕیاری خێرای خۆیانەو زرووفی تایبەتی خۆیان هەیە.

دکتۆر لەناوەڕاستی شەستەکانەوە تائێستا لەسەر ئەو عەهدو پەیمانە ماوە کەداویەتی بە برایان کەزیاترە لە 56ساڵ ، وە دەڵێت: برایان مەعصوم نین بەلاَم سوورنین لەسەرهەڵەو لەهەرکوێ هەقیان بۆدەرکەوێ شوێنی دەکەون، وەمن لە دەعوەوە ئەوە فێربووم کەخزمەتکاری خەڵکین لەوەدا کەرەزامەندی خوایەو ئامادەین قوربانی بدەین بەسەروماڵمان بەبێ منەتکردن و بێ دوودڵی و، بەبێ دەنگی و لەسەرخۆیی ، وەئێمە لەهەمووکەس زیاتر پێویستمان بەپاداشتی خواییە،جاوەك شێخ عەلی تەنتاوی کە ساڵی 1954 ئەمەی وتووە منیش دەڵێم:( ڕۆژگار سەلماندوویەتی کە برایان سەردەستەی موسڵمانانی ئەم سەردەمەن و وەك ئاڵتونی عەیار 24 وان کە ئاگر زیاتر جوانی دەکات ) من زۆر لەبرایانەوە فێربووم ودڵم بەکارەکان و هەوڵ و تێکۆشانیان خۆشە. ئەگەر بزانم کەسانێك هەن لەبرایان چاکتر لەئیسلام تێگەیشتوون وزیاتر لەوان کاردەکەن بۆئیسلام بێ دوودڵی دەچم لەگەڵ ئەوان کاردەکەم ..

## وێستگەکان و پەندەکان :هەژدە

ساڵی 2011 زستان بوو خولێکمان هەبوو بۆ راهێنەرانی پرۆژەی پاراستنی گەنجان لەنەخۆشیە جنسیەکان و ئایدز، لەسەرکردایەتی برایانەوە داواکرام بچم بۆ ئێوارە خوانێك لەگەڵ شای ئەردەندا ، تالەنزیکەوە پرسی چاکسازیو رووبینای برایان باس بکرێت لەگەڵ بەرێزیاندا ، منیش عوزرم هێنایەوەو وتم: خولێکم هەیە ناکرێت نەچم ، چونکە مەوعید زۆرگرنگە بەلامەوە ، لە مەرکەزی برایان نانی وشك و فەلافلم خوارد وپێم باشتر بوو لەسفرەوخوانی شاهانە، دوای تەواوبوونی خولەکە پێشکەشکاری ئاهەنگەکە ، باسی ئەو هەڵوێستەی منی کردو کاریگەری زۆری لەسەریان هەبوو، جا من کاتێك لەزانکۆش وانەم دەووتەوە لەبەریتانیاو لای خۆشمان لەکاتی خۆیدا دەستم پێدەکردو دەرگام دادەخست تائەوەی درەنگ دێت بگەرێتەوە ، رۆژێك کەسێك کەئەم حاڵەتەی منی بینی وتی: تۆ ئینگلیزیت ؟وتم: نەخێر موسڵمانم.

بەراستی ئێمەی موسڵمان پێویستە لەهەموکەس زیاتر پابەندی مەعید و وەعدمان بین قورئان باسی سیفەتی حەزرەتی ئیسماعیل دەکات

**سەلامی خوای لێبێت** ﴿ وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَبِيًّا (54)مريم﴾**وە خۆشەویستمان بەیەکێك لەنیشانەکانی دوورِوویی دادەنێت کەسێك وەعد بداو نەیباتەسەر .**

## وێستگەکان و پەندەکان: نۆزدە

**دکتۆر عبدالحمید دەڵێت:لەدرەنگ شەوێکی زستانی باراناوی تەلفونێکم بۆکرا ، زۆر داوای لێبوردنی کرد کە درەنگ وەختەو ناچاربووە بۆیە کردویەتی، وتم :فەرموو جەنابت کێیت و چیت دەوێت لەخزمەتتام ؟ قەشەیەکی ناسیاوم بوو زۆر بەئەدەبو خۆش مامەڵەبوو ، وتی:کورِەکەم لەزانکۆیە لای ئێوەو ناهەقیەکی لێکراوە ، مەسەلەکەی بۆباس کردم،وتم: باشە چی بەمن دەکرێت؟**

**وتی: بەڵکو قسەیەك لەگەڵ سەرۆکی زانکۆبکەیت هەقەکەی بۆبگێرِنەوە ، وتم: تۆ دەزانیت من لەبرایانی موسڵمانم و سەرۆکی زانکۆش حەزی بەئێمەنیە ،بەخەڵکی تر بڵێیت تەکلیفی لێبکەن باشترە بۆئەوەی دەست نەنێت بەرِوومانەوە ،وتی: بەخوا هەربەتۆ**

دەکرێ. وتم: باشە بەیانی قسەی لەگەڵ دەکەم پشت بەخوا خێر دەبێت.ئەوشەوە هەربیرم لێدەکردەوە ئەو قەشەیەکەو هانای بۆمن هێناوە ودەزانیێ لەبرایانم و چاوەڕێی زۆرە لەئێمە .

بۆ بەیانی چوومە لای سەرۆکی زانکۆو سەلامم کرد، باش بوو گەرم وگوڕبوو لەگەڵمدا ،وتم: شێخێك هاتووە شەفاعەت بۆقەشەیەك دەکات ،وتی: سەیرە زیاتر بۆم روون بکەرەوە ، مەسەلەکەم بۆباس کردو وتی: مادام تۆهاتوویت شتێکی بۆدەکەین ، سوپاس بۆخوا تائێوارە کێشەکە چارەسەربوو.

بەڕاستی ئێمە لەئەردەندا پێکەوە ژیانێکی جوانمان هەیە ، ئەگەر هەندێك مافیاو نابەرپرس نەبونایە ئەردەن هەرچەند مەواریدی کەمە دەبووە نموونە بۆ وڵاتانی دراوسێ ، ئێمەی برایانیش خۆمان بەخزمەتکاری خەڵکی دەزانین ، کاتی خۆی پێشەوا بەننا بە براکانی دەووت: ئێوە ئامادەن ببنە پردو خەڵکی بەسەرتاندا بپەڕنەوە بەرەو ئاسوودەیی ، ئەوانەی لەگەڵی بوون قوربانی زۆریان داو ئەوەش کە بەڕاستی قوتابی ئەو قوتابخانەیە بێت ئەوەتا لەسەرتاسەری دونیادا بێدەنگ بۆخوا کاردەکەن وخزمەت بەخەڵکی دەکەن، هەرچەند بە

داخەوە تائێستا خەڵکی وەك خۆیان نایانناسن و بەناهەق دژایەتیان دەکەن.

**وێستگەکان و پەندەکان : بیست**

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت: سەردانی دەرمانخانەیەکی دراوسێم کرد ، هەندێ دەرمانم پێویست بوو ، سڵاوم کردو زۆر بەگەرمی پێشوازی کردم، برایەك دانیشتبوو گرژوو مۆن لەشوێنی خۆی نەجولاَ ودەستیشی نەهێنا بۆتەوقەکردن ، تووشی شۆك بووم بەڵام بەسەر خۆم نەهێنا ..ئەو برایە هەرچەند بووەیەو خوا ماڵ وسامانی داوەتێ بەڵام گوێ بەخۆی و جلو بەرگی نادات ، لەکاتێکدا خۆشەویستمان صلی الله علیەوسلم دەفەرموێت:خوا پێی خۆشە کاریگەری نیعمەتەکانی ببینێ بەبەندەکەیەوە ، ئنجا ئەو برادەرە لەوە دەچێت نەیبیستبێت کە خۆشەویست دەفەرموێت: هیچ لەچاکە بەکەم مەزانن ئەگەر زەردەخەنەیەکیش بێت ..خۆشەویستمان صلی الله علیە وسلم جارێك لەسەفەر دەهاتنەوە بەهاوەڵانی فەرموو خۆیان رێك وپێك و خاوێن بکەنەوە تا کە دەچنە ناوشارەوە وەکو خاڵ لەناوخەڵکدا دیاربن..

جابری کوڕی عەبدولاّ خوالێی رازی بێت دەڵێت :خۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم سەردانی کردین پیاوێکی بینی جلەکانی خاوێن نیە ، فەرمووی :ئەریّ ئەمە ئەوەندەی نیە بتوانیّ جلەکانی بشوات؟؟

من بۆخۆم هەمیشە حەزم کردووە سپۆرت بم، تەنانەت لەبەر سەرقاڵی کەنەمتوانیوە بۆیانباخی ئاسایی ببەستم جۆرە بۆینباخێکم دەبەست کە بەتەرەقە دادەنرا بۆئەوەی کاتم لێنەگرێت..

## وێستگەکان و پەندەکان :بیست و یەک

خەڵکی ئەردەن حەزیان بەخێرە بەتایبەت کە بۆفەلەستین و حەماس بێت و لەرێی کەسێکیشەوە بێت کەمتمانەیان پێی بێت،منیش بەحوکمی ئیسلامەتیەکەم هەرچی هاوکاریم بۆهاتبیّ دەمگەیاندە دەستیان ، لە ئاسایشەوە چاویان خستبووە سەرم تابزانن خەریکی چیم ، بهاتنایەتە لای خۆم هەرچی هەبوو بەئاشکرا پێمدەوتن، ئەوەبوو کارمەندێکمیان بانگ کردو سیّ سەعات سین وجیمیان لەگەڵ کردبوو لەبارەی منەوە ، پاشان بەیانی یەکی پێنجی 2007 بەدزیەوە

چووبوونە ناو تاقیگەکەمەوەو کۆمپیوتەرەکەمیان بردبوو ، هەرچیان کردبوو شتێکیان تیانەدۆزیبۆوە تاوانبارم بکەن.

ساڵی 2004یش سەردانێکم هەبوو بۆبەرتانیاوفڕۆکە گۆڕینم هەبوو لە فەڕەنسا سەعاتێك گەشتەکە دواکەوت ، تومەز پەیوەندیان کردووە بە ئاسایشی ئەردەنەوەو ئەوانیش پەیوەندیان کردبوو بەکوڕەکەمەوەو هەواڵی منیان لێپرسیبوو ئەویش وتبووی چووە بۆبەریتانیا ، تومەز گومانیان لەمن کردووە گوایە حەماسم ، دوایش کە جانتاکانم وەرگرتەوە هەستم کرد کردویانەتەوەو تەفتیش کراوە.

ساڵی 2004 کە پەڕاوی میکرۆبات وکەراماتی شەهیدەکانم دەرکرد کەهەندێ شەهیدمان میکرۆبات ناچێت بەلايانداو زەوی لاشەیان ناخوات، سەدوپەنجا هەزارنووسخەمان بەدیاری دابەش کرد، خەڵکی لەهەموو لایەکەوە پارەیان دەبەخشی ، نامەیەکی هەڕەشەی کوشتنم بۆهات لەسەر ئەو پەڕاوە پیشانی سەرکردایەتی برایانم داو فەرامۆشمان کرد وخۆم دایە دەست خوا.

هەرگیز دووکەسم بیرناچێت لەوانەی کە پارەیان بەخشی ،یەکێکیان پزیشکێکی مەسیحی بوو هەرچەند زۆرنەبوو بەلاّم مانایەکی گەورەی

هەبوو ،خوایە ئەم خەڵکەی ئێمە چەندچاکن و دەست ودڵ کراوەن.

دووەمیان : داپیرەیەك بوو کە یارمەتی مانگانەی حکومەتی هەبوو، لەبەرئەوەی شووی نەکردبوو لەگەڵ ماڵی براکەیدا دەژیا ، هەر کە مووچەکەی وەردەگرت یەك لەسەرسێی دەهێنا بۆمن بۆیارمەتی حەماس ، رۆژێکیان بەگریان هات وزەرفێکی پێبوو ، وتی:ئەو برە پارەیەم کۆکردۆتەوە لەمووچەکەم تائەگەرمردم نەبمە ئەرك بەسەر براکەمەوەو کفن ودفن و پرسەکەمی پێبەرێ بکات..بەلاّم ئەمشەو خەوم لێنەکەوتووە یانی چی من خەمی دوای مردنمەو غەزە ئابلّوقە دراوە ، بەم هەلّوێستەی دلّم پڕبوو لەگریان وبەزۆرخۆم زەبت دەکرد، دوایی ئەمەم بۆبرایانی سەرەوە باسکرد ، پەیمانیان داهەرکات کۆچی دوایی کرد هەموو کارەکانی مەراسیمەکەی لەسەرحسابی خۆیان بۆی ئەنجام بدەن...

## وێستگەکان و پەندەکان : بیست ودوو

ساڵی 2002 لەگەڵ هاوسەرمدا سەردانی بەریتانیامان کردبۆ بینینی زاواکەم کە دەیخوێند لەوێ وکچەکەشم لەگەڵی چووبوو ، زۆر

دەترساین بەهۆی رووداوی سێبتەمبەرەوە پەلاماربدرێین ، بەتایبەت کەمن لـەسەرکردەکانی برایان بووم.

بۆ نوێژی جەژنی قوربان چوومە مزگەوتی دیسبری کە بیست ساڵ لـەوەوبەر نوێژم تیادەکرد پڕنەدەبوو ، کەچی لـەگەڵ ئەوەدا بەفریش باری بوو سێ جار نوێژی جەژنی تیاکرا چونکە جێ نەدەبۆوە، کەئەوەم بینی وتم:ئیسلام دێتەوە ، ئیسلام دێتەوەو تەنها پێویستی بەکاتە..کەئەوەش هاتنەدی فەرمایشتەکەی سەروەرە کەئیسلام بەسەرتاسەری دونیادا بڵاودەبێتەوە.

ئەوەی داوایە لـە موسڵمانانی ئەورووپا ئەوەیە کەنموونەیەکی جوانی ئیسلامەتی بن و یاسا شکێنی نەکەن.

کە گەڕاینەوە لـەفڕۆکەخانە لـەکاتی خواحافیزیدا هاوسەرم گریا لـەبەرئەوەی کچەکەی جێدەهێڵێت ، کاتیش مابوو ، وتم: با هەندێ دیاری بکڕین لـەناو مارکێتی فڕۆکەخانە ، تا ئەو گریانەی بیربەرمەوە ، تومەز جانتاکەی بیرچووە ، کاتێکم زانی ناوم خوێنرایەوەو کەچووم وتم: دیارە شتێك روویداوە ، سوپاس بۆخوا هیچ نەبوو جانتاکەیان داینەوە، کەهاتیشمەوە ئەردەن زۆرماندووبووم ، هەینیش بوو چوومە

مزگەوتێكی نزیك ماڵمان ، هەموو سەیریان دەكردم تومەز وتاربێژەكە نەهاتبوو ، بۆیە ناچار وتارم بۆدان و باسی موسڵمانانی ئەوروپام بۆكردن ، پابەندیان بەئیسلامەوەو بلاّوبوونەوەی ئیسلام لەرۆژئاوا كە تەسدیقی فەرمایشتەكەی خۆشەویستمانە صلی الله علیه وسلم..

## وێستگەكان و پەندەكان: بیست وسێ

### پرۆژەی پاراستنی لاوان:

دكتۆر عبدالحمید دەڵێت: ساڵی 2005 لەقوتابخانەیەكی گەورەی ئەردەن وتارێكم دا بۆ مامۆستایان و قوتابیان بەناوی (پاراستنی گەنجان لەنەخۆشییە گواستراوەكان)،دكتۆر ئەحمەد ئەلكوفحی ئامادەبوو كەیەكێكە لە زانایانی برایان ، سەرسام بوو بەكاریگەری بابەتەكە لەسەر قوتابیەكان و وتی: ئەمە كارێكەو جەنابیشتان پسپۆڕن لەم بوارەداو فەرزی عەینە لەسەرت و پێش هەموو ئیشێكی دیكەیە ، دواتر بەیەكەوە بیرمان كردەوە لە پرۆژەیەك وكارێكی بەكۆمەڵ ،

وەفەتوای بۆدام کەبەشێك لەپارەی خێروزەکاتی بۆتەرخان بکەین ، منیش داوام لێکرد ببێتە راوێژکاری شەرعی پڕۆژەکە.

ئەم پڕۆژەیە کارکردنە بۆپاراستنی لاوان لەپەیوەندی ناشەرعی و تێگەیشتن لەنەخۆشیە جنسیە گواستراوەکان کەبەڕاستی بەلاّی سەردەمەو دوژمنان کاری بۆدەکەن ، هەرزوو فرۆید ئاوی بۆ ڕشتووەو وتوویەتی:( مرۆڤ زاتیەتی خۆی بەدیناهێنیّ تا ئارەزووی جنسی تێرنەکات، وەهەموو سنوورێك لەدین و رەوشت وکلتوور سنووری باتلّن وتواناکانی مرۆڤ تێکدەشکێنن ) ..ئەمەش ئەو پیلانەیە کەلەپرۆتۆکۆلاتی حوکەمای صەهیۆندا بەرنامەی بۆدارێژراوە کەدەلّێت : ( پێویستە کاربکەین بۆنەمانی رەوشت لەهەمووشوێنێك تا بەئاسانی دەستی بەسەردابگرین،فرۆید لەئێمەیەو بەرۆژی رووناك وبیّ پەردە باسی پەیوەندیە جنسیەکان دەکات،تاهیچ پیرۆزیەك لای لاوان نەمێنێت وهەموو هەولّی ببێت بەتێرکردنی ئارەزووە جنسیەکانی و بەوەش رەوشتی نامێنێت).

کەنالّە ئاسمانیەکان و مالّپەڕەکان گەنجان رادەکێشن بەرەو خۆیان و وایان لێدەکەن ئالودەبن لەسەر ئەو مالّپەڕە بەدرەوشتیانە ،

کەھەریەکێ لەو ماڵپەڕانە بەملیۆنەها لاو لەسەرتاسەری دونیادا سەردانیان دەکەن لە ساڵێکدا . ئەمەش زیناو هاوڕەگەزبازی لایان دەکاتە کارێکی ئاسایی و بەوەش تووشی نەخۆشیە جنسیەکان دەبن کە بەهۆی ئەو پەیوەندیە ناشەرعیەوە دەگوێزرێتەوە بەهۆی میکرۆباتی جۆراوجۆرەوە،کەئەوەش سزایەکی خواییە بۆئەو تاوانبارو بەد ڕەوشتانە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئاژەلاّن تووشی ئەونەخۆشیە جنسیانە نابن ، چونکە ئەوان موکەلەف نین وخوا ئیرادەو ئیختیاری نەداونەتێ.

## وێستگەکان و پەندەکان: بیست وچوار

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت: نەخۆشیە جنسیە گواستراوەکان ژیانی تووش بوو تاڵ دەکەن و مەترسین بۆسەر ژیانی و تواناکانی دەپوکێننەوەو بۆ دەوڵەتیش تێچووی زۆری هەیە لەچارەسەرکردندا ، ئەمەش هەندێ ئاماری نێودەوڵەتی :

1-ئەم نەخۆشیانە زیاتر لەولاّتانی رۆژئاوا بلاّون کەبەناوی ئازادی تاکەکەسیەوە هیچ سنوورێك نەماوە لەبواری جنسیدا ، رێکخراوی

تەندروستی جیهانی دەڵێت: ساڵانە لەسەدا دەی دانیشتوانی زەوی (بەسەدان ملیۆن کەس)تووشی یەکێ لەو نەخۆشیانە دەبن ، جا یاچارەسەردەکرێن ، یان خراپتر دەبن.

2-ساڵی 1989 دانیمارك بەیاسا ڕێی دا بەهاوڕەگەزبازی ولە2012 ش باراك ئۆباما لەئەمەریکا ڕێی پێدا، کەزۆرترین بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیانە لای ئەو هاوڕەگەزبازانەیە . لەدیراسەیەکی سی دی سی ئەمەریکیدا ساڵی 2002 دەڵێت : نەخۆشی سفلس کەساڵی 2000بەرەو نەمان دەچوو جارێکی دیکە سەری هەڵداوەتەوە.بەتایبەت لەناو شازەکاندا کە لەبەریتانیا ساڵی 2005بۆتە پێنج هێندەی جاران.ئەوەی جێی داخە ئەمەریکای نامووبارەك ساڵی 2011 یاسایەکی دەرکردووە کەبەمەرجێك یارمەتی وڵاتە هەژارەکان دەدەن کەرێبدەن بەشازەکان.

3-ئەوانەی تووش دەبن بەزۆری تەمەنیان لەنێوان پانزە تا بیست و پێنج ساڵدایە .

4–سالأنه نزیکەی سەدوپەنجا ملیار دۆلار خەرج دەکرێت بۆچارەسەری ئەو نەخۆشیانە کەئەگەر ئەوە نەبێت دەتوانرێت برسێتی و هەژاری ونەخوێندەواری لەهەموودونیادا پیٚ چارەسەر بکرێت.

5–پێشتر ئەو نەخۆشیانە پێنج جۆربوون ئێستا بۆتە دەهێندە،بۆنموونە دکتۆر کینگ هۆلٚمز لەکتێبەکەیدا بەناوی ( نەخۆشیە جنسیە گواستراوەکان ) سالٚی 1975لەچاپی یەکەم دا باسی جۆرەکانی ئەو نەخۆشیەی کردووە ولەسالٚی1999 کەچاپی سێیەمی دەکات دەلٚێت :دوانزە جۆری دیکەی ئەو نەخۆشیانە سەری هەلٚداوە .

ئەوەش تەسدیقی مامۆستای مرۆڤایەتیەصلی الله علیه وسلم کە دەفەرموێت: لەهەرگەلێکدا بەئاشکرا فاحیشە کرا نەخۆشی وا سەرهەلٚدەدات تیایاندا کەپێشتر نەبووە.ئەوەتا قورئانیش پێش چواردە سەدە زیاتر لەسورەتی ئیسرا دا جلٚەو گیری دەکات لەزیناودەفەرموێت ( وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا (32) الإسراء ).

## وێستگەکان و پەندەکان :بیست وپێنج

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت: پڕۆژەی پاراستنی لاوان لەنەخۆشیەجنسیە گواستراوەکان پڕۆژەیەکی جیهانیە خولی بەردەوامی هەیە لەسەر تاسەری جیهانداو کادری چالاك وشارەزا دروستدەکات ، مەبەست لێی رەزامەندی خوایەو هیوادارە ساڵی ملیۆنێك خول بکاتەوە.

بەداخەوە کەئێمە لە دیدی ئیسلامەوە چارەسەری کێشەکە دەکەین ئاستەنگمان بۆدروست دەکەن، بۆنموونە من شارەزای ئایدزم لە یەکێتی جیهانی رێکخراوەکانی پزیشکی ئیسلامی ،وەمن یەکەم کەسم بەزمانی عەرەبی کتێبێکم ساڵی 1986 لەسەر ئایدز نووسی، وەلەسەرتاسەری دونیاداوتاردەدەم لەبارەی مەترسی ئایدزەوە کەچی ناهێڵن لەلیژنەی بالآی نەهێشتنی ئایدزدابم لەئەردەن.

ئێمە موجامەلەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ناکەین ، ئەوان هانی زینا دەدەن بەوەی کە با کۆندۆم بەکاربهێنن ، لای ئێمە بەهەموو شێوەیەك حەرامە لای ئەوان نەخێر

ڕێپێدراوە.دوژمنان هێدی هێدی کاردەکەن وپیلانیان هەیە بۆجەنگی لەناوبردنمان بەفەسادوبەرەڵایی.

ئەوەی ئێمە توانیومانە بیکەین تانووسینی ئەم وێستگانە:

یەکەم:سەدوسیوسێ خولمان کردۆتەوە لەتورکیاو سیدنی ئوستورالیا ومالیزیاوئەندونوسیاو ولاتە عەرەبی وئەفەریقەکاندا.

دووەم: راهێنانمان کردووە بە دە هەزارکەسی خۆبەخش لەهەردوو رەگەز کەلەسی نەتەوەی جیاوازبوون.

سێیەم:ملیۆنێك پەڕاوی تایبەت بەنەخۆشیە گواستراوەکان بەبێ بەرامبەر دابەش کراوە.

چوارەم:دەیان هەزارسیدی دەنگ ورەنگمان دابەش کردووە.

پێنجەم :شەش چیرۆك بۆرۆشنبیرکردن لەسەرئەو بابەتە بلاو کراونەتەوە لەعومانەوە.

شەشەم: پێنج پەڕاوم نووسیوە بۆئەوانەی کارلەم پرۆژەیەدا دەکەن.

حەوتەم: لەگەڵ زانکۆی ئاسیادا ڕێکەوتووین کەخولی تایبەت بکەنەوە بەئۆنلاین و بڕوانامە بدەن بەبەشداربووان،ئەمەبێجگە لەوەی لەگەڵ زۆربەی ڕێکخراوە ئیسلامیەکاندا هەمئاهەنگیمان هەیە بۆ پڕۆژەکەمان..

## وێستگەکان و پەندەکان : بیست وشەش

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت:چالاکی خۆبەخشەکانمان کەپێمان گەیشتۆتەوە :

یەکەم:زیاتر لەیەك ملیۆن وتاریان داوە لەمزگەوت و قوتابخانەو پەیمانگاو ڕێکخراوە ئیسلامیەکان و ملیۆنەها گەنج ولاو لێیان سوودمەندبوون.

دووەم:چوارپەیجیان داناوە بۆ ئەم پڕۆژەیە .

سێیەم:دەیان چاوپێکەوتن و بەرنامەی ڕادیۆو تەلەفیزیۆنیان پێشکەش کردووە.

**چوارەم:هەندێك لەبڵاوكراوەكانمان بەزمانەكانی دیكەش بڵاو كراونەتەوە وەك زمانی ئیندۆنیسی و زمانی كوردی و ئینگلیزی و ..هتد.**

**پێنجەم:سەدان بابەت لەگۆڤارو رۆژنامەكاندا لەبارەی پڕۆژەكەوە بڵاوكراونەتەوە.**

**شەشەم:چەندەها شانۆگەری بۆهۆشیاركردنەوە نمایش كراون.**

**حەوتەم:لەبەحرەینەوە خولی ئۆن لاین پێشكەش كراوە.**

**هەشتەم:لەچەند زانكۆدا كاركراوە بۆ نووسینی نامەی ماستەرو دكتۆرا لەسەر هۆشیاری ورۆشنبیری جنسی لەئیسلامدا .. لەبەرنامەماندایە بەهاوكاری خێرخوازان سەدهەزاركەس پێبگەیەنین وخولیان بۆبكەینەوە وئەگەر هەریەك لەوانەش دە موحازەرە بدات لەو بارەیەوە دەكاتە ملیۆنێك موحازەرە لەساڵێكدا ..**

## وێستگەکان و پەندەکان :بیست وحەوت

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت:بەڕاستی موعجیزەیە،ئەوەتا پێشبینیەکی سەروەرمان هاتۆتە دی (صلى الله علیه وسلم) ،شەیتانەکانی ئینس وجن بۆ لەخشتە بردنی خەڵك بەگشتی وموسڵمانان بەتایبەتی ،ناوی (الربا) یان کردوە بە(فائدە) واتەسوود، مەی و هاوشێوەکانیان کردووە بە خواردنەوە ڕۆحیەکان ، زیناشیان کردووە بە (هاوبەشەکانی جنس)و ئەوانەی شازن ناویان کردوون بە هاوڕەگەزباز ، جەهالەتی هەندێ لەموسڵمانانیش وەزعەکەی خراپتر کردووە ، بۆنموونە لەولاتێکی عەرەبی ژنێك پرسیاری کرد دۆستەکانی پیاویش نەخۆشی دەگوێزنەوە ، وتم: هاوسەرەکانی ؟ وتی:نەخێر ئافرەتێك لای ئێمە بۆئەوەی ژنی بەسەرنەیەت مێردەکەی ئازاد دەکات دۆستی هەبێت ، وتم:ئەوە زینایەو ئەوەیە کەنەخۆشی دەگوێزێتەوە.

جەهالەتێکی تریش کەسەیری راپۆرتێکی ولاتێکی باکوری ئەفەریقام کرد ، بینیم کە وایان تێگەیاندوون کە پێش هاوسەرگیری پەیوەندی جنسی ئازادی تاکەکەسیە بەلام دوای هاوسەرگیری ناپاکیە.

قوتابیەکی ئیندۆنیسی شەکوای حاڵی خۆی بۆکردم کە کەسو کارەکەی هانی دەدەن بەرەوفاحیشە ، بەداخەوە شەیتانەکانی ئینس

وجین لەڕێی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کار بۆ بەرەڵایی دەکەن لەژێرناوی دیکەدا ، بۆنموونە پێناسەی خێزانیان گۆڕیوە بۆئەوەی کەدووکەس پێکەوەبژین ئەوە خێزانە ، ئەمەش بۆئەوەی زیناو هاورەگەزبازی بکەنە کارێکی یاسایی.ولاّتە زلهێزەکان لەرێی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەخۆشی بێت یان بەزۆر ولاّتانیان والێکردووە پابەندی رێکەوتنی سیداو بن کە پیرۆزی وبەها بالاّکان ناهێڵێت وناهێڵن رێگیری بکرێت لەزیناو شازێتی.

لەشاری فاسی مەغریب لەدوای بەشی یەکەمی وتارەکەم چووین نوێژی ئێوارەمان کرد وکەهاتینەوە کەسێك کەبەرپرسی نزیکەی دووسەدوپەنجا هەزار لاو بوو ، دانی نا بەوەدا کەتائێستا ئەوەیەکەمجارە بزانێ کە کۆندۆم ئایدز ناگێڕێتەوە ، گلەیی زۆری لەپزیشکەکانیان کرد کەبۆلەو راستیە ئاگاداریان نەکردوون.پەیمانی دا کەلەمەودوا بەجدی کاربکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی فاحیشە بەهەموو جۆرەکانیەوە.

جارێکیش زۆر ماندووبووم لەنووسینگەکەم، پیاوێکی سیما سالّح هات و وتی: هەرچەند تۆمن ناناسی بەڵاّم من تۆ دەناسم و لەبەرخوا تۆم خۆش دەوێت ، پێش پانزە ساڵ من لەسەر کارێکی فاحیشە بەندکرابووم لەئەردەن ، تۆش لەهاوینی 1988 هاتی وتارێکت

بۆداین و بەوێنە نەخۆشیە گواستراوە جنسیەکانت پیشان داین ، ئەوە کاری تێکردم هەرئەوشەوە تەوبەم کردو لەوساوە تائێستا پابەندم بەفەرمانەکانی خواوە.منیش سوپاسی خوام کردکەهەوڵەکانمان خوا بەرەکەتداری کردووەو کاریگەریان دەبێت.

## وێستگەکان وپەندەکان: بیست وهەشت

دکتۆر عبدالحمید دەڵێت: دایك وباوك دەبێت شتێك لە زمانی سەردەم بزانن کەزمانی ئەنتەرنێتە ،تابتوانن ئاگایان لەمناڵەکانیان بێت و رێنماییان بکەن نەکەونە هەڵەوە ، بەداخەوە ئەوانەی تووشی نەخۆشیە گواستراوە جنسیەکان دەبن زۆربەی زۆریان لاوانن لە 17 ساڵەوە تا 25 ساڵ وزۆریان بەهۆی کەم ئەزموونی و نەبوونی پەروەردەی چاك تێدەکەون.

رۆشنبیری جنسی زەرووڕەتەو مناڵیش هەرلەسەرەتاوە پرسیاردەکات ، دەبێ بزانیت چۆن پرسیارەکانی بەپێی ئاستی تێگەیشتنی بەڕاستی وەلاّم دەدەیتەوە ، بۆنموونە مناڵێك بەدایکی وتبوو :من چۆن دروست بووم ؟ ئەویش وتبووی من و باوکت دەنکە خورمایەکمان هێناو خستمانە ژێر سەرینەکەمانەوەو گەورە بوو بوو بەتۆ ، مناڵە لێی دەبێت بەڕاست چونکە گومان نابات دایکی درۆبکات، پاش ماوەیەك

**دایکەماڵ پاك دەكاتەوە دەبینێ چەند دەنکە خورمایەك لەژێر سەرینی منالّەكەیدایە و مێروولە تێی داوە ، مێروولەكان دەكوژێت ،منالّە هاواردەكاو دەگری ودەلّێ :بۆمنالّەكانم دەكوژی .**

**ئافرەتێکی بانگخوازم بینی کەسەرقاڵی بانگەوازە و تاقە کوڕێکی هەیەو مێردەكەشی سەرقاڵی بازرگانیەو کۆشکێکی شاهانەیان هەیەو خزمەتکار خزمەت دەكات ، لە بێئاگایی دایکەوباوکەوە کوڕە ئالوودەی ئەنتەرنێت بوو ، رێی کەوتبوو لەکەسانێك کەدانیان بۆڕۆ کردبوو ، فیزاو بیتاقەی فڕۆکەیان بۆناردبوو کەلەگەڵ هاوەڵەكەیدا گەشت بکەن بۆلایان ، سەرەنجام کەچووبوون بێهۆشیان کردبوون ودەستدرێژیان کردبوونە سەریان و وێنەیان گرتبوون کە ئەگەرکارنەکەن لەگەڵیاندا بلاّوی دەكەنەوە ، کەدێتەوەو دایکە هەست دەكا کوڕەكەی خەریکە تووشی خەمۆکی دەبێت ، ئنجا دەیدوێنێت و بەحالّەكەی دەزانێت ، بەلاّم پاش چی؟؟**

**تکایە شەیاتینی ئینس و جین خۆیان بۆمەلاّس داون وهاتوونەتە مالّەكانتانەوە لەرێی کەنالّە ئاسمانیەكان و ئەنتەرنێتەوە ئاگاتان لەمنالّەكانتان بێت ، کەلەدەستان دەرچوون زەحمەتە بۆتان بگیرێنەوە.**

## نامەیەک لەدکتۆر عبدالحمیدەوە بۆبەندە:

کاك بیلال محمد لـەئەکاونتی خۆیەوە جەنابی دکتۆر عبدالحمیدی ئاگادارکردبوو لـەئەردەن کە بەندە پوختەیەکی ژیاننامەکەی بەکوردی لـەئەکاونت و پەیجی خۆم بلأودەکەمەوە ، دکتۆر خۆی سەیری پۆستەکانی کردبوو ،دوعای خێری بۆکردبووم و کارەکەی بەرز نرخاند بووکەکار بۆهۆشیارکردنەوەی گەنجان دەکەین، بەتایبەت لـەم سەردەمەدا کەکاری زۆر دەکرێ بۆ بلأوکردنەوەی فاحیشەو بەلارێبردنی گەنجان .وێنەی کاك بیلال و دکتۆر عبدالحمید دیارە ئەوکاتەیە کەسەردانی کوردوستانی کردوەو کۆمەلێك وتاری داو خولی تایبەتیشی بۆهۆشیارکردنەوە کردەوە..





سوپاس بۆخوا کاك بیلال محمد ئاگاداری کردم کە کاك هیدایەت هەورامی شەش کتێبی دکتۆر عبدالحمید (القضاة) ی وەرگێڕاوە بۆزمانی کوردی ، دەستخۆشی لەبرای خۆشەویستم کاك هیدایەت دەکەم و هیوادارم کە کتێبەکانی دیکەی دکتۆریشمان بۆبکات بەکوردی کەخێرێکی گەورەیە.



## (4)یادەوەرییەکانی دکتۆر عەبدلاْ نفێسی

### لەرۆژانی عومری رابردووم:

بەم ناونیشانە دکتۆر عەبدولا نفێسی باسی ژیانی خۆی دەکات ، خۆزگە کوردی زانێك دەیکرد بەکوردی کەدیارە ئەزموونی زۆری تیایە ، من بۆخۆم سوودم لێوەرگرت و بەپێی تواناش چەند شتێکتان بۆ باس دەکەم.

ناوبراو کەسیاسەتمەدارێکی کوەیتی ناسراوە ساڵی 1945 لەکوەیت لەدایکبووە ، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە ئەسکەندەریە بووە لەکۆلێژی ڤیکتۆریا لەساڵی 1951 تا ساڵی 1961،کە خێزانە دەوڵەمەندەکانی سعودیەو کەنداو مناڵەکانیان دەنارده ئەو کۆلێژە بۆخوێندن .

ساڵی 1962 حکومەتی کوەیتی ناردی بۆمانشستەر لەبەریتانیا بۆخوێندنی کۆلێژی پزیشکی پاش ساڵێك دەگەڕێتەوە بۆکوەیت ودەکەوێتە دیراسەی ئیسلام (هۆکارەکەی دواتر باس دەکەم)، ساڵی 1963 حکومەت دەینێرێت بۆخوێندن لەکۆلێژی رامیاری زانکۆی

ئەمەریکی لەبەیروت. ساڵی 1967 کۆلێژی رامیاری تەواودەکات و دەگەڕێتەوە کوەیت ، ساڵی 1968 دەچێتەکۆلێژی چەرچلْ لە بەریتانیاو ساڵی 1972 دکتۆرا دێنێت .

ساڵی 1972 تا ساڵی 1978 مامۆستاو سەرۆك بەشی کۆلێژی زانستی سیاسی بووە لەزانکۆی کوەیت .کە ئەمیری کوەیت مەجلیسی ئومەی هەڵوەشاندەوە وئەمیش کتێبێکی وەك نارەزاییەك بلاَوکردەوە ، بەفەرمانی ئەمیری کوەیت لەزانکۆ فەسلْ کراو پەساپۆرتەکەی لێسەندرایەوە..

ساڵی 1980 پەساپۆرتەکەی وەرگرتەوەو لەزانکۆی ئیکستەر لەبەرتانیا بووە مامۆستا ، پاشان ساڵی1981 تاساڵی 1984 چووە ئیمارات و بووە مامۆستای زانکۆ.

ساڵی 1985هەڵبژێردرا بۆ ئەندامێتی مەجلیسی ئومەی کوەیتی ، ساڵی 1986 مەجلیسی ئومە هەڵوەشێنرایەوەو هەندێ لەئەندامانیش دەستگیرکران و ئازادیەکان پێشێل کران یەکێ لەوانەش کە دەستگیر کرا دکتۆر نفیّسی بوو.لەساڵی 1988 و1989 یەکێ بوو لەوانەی کە داوای گەڕانەوەی مەجلیسی ئومەی دەکردو هەمووشەش مانگ

جارێك لەبەرنامەی (بلاحدود) شیکاری سیاسی ناوچەکەی بڵاو دەکردەوەو راشکاوانە بیروبۆچوونەکانی خۆی دووت.ناوبراو سەرۆکی پێشووی موئتەمەری شەعبی ئاسایی نەکردنەوەی پەیوەندی بوو لەگەڵ ئیسرائیلدا لەوڵاتانی کەنداودا..



**خاڵی وەرچەرخان :**

سبحان الله هەندێ کەس بەقەدەری رب العالمین بەهۆکارێکی چاوەڕوان نەکراو سەدوهەشتا پلە ژیانیان دەگۆڕێت ، دکتۆر عەبدولڵ نفێسی ساڵی 1962 حکومەتی کوەیتی دەینێرێت بۆمانشستەر

لەبەریتانیا تا کۆلێژی پزیشکی بخوێنێت کە زۆر حەزی پێی بوو ، ناوبراودەڵێت: لەکتێبخانەیەك نامیلکەیەکم بینی کەلەسەری نووسرابوو ، بۆچی من مەسیحی نیم ، کە برتراند رسل نووسیبووی ، کاتێك خوێندمەوە وای لێکردم لەخۆم بپرسم پیرەمێردێکی وا بێباوەڕی خۆی رابگەیەنێت ، باشە من وەك عەبدوڵا دەزانم بۆچی موسڵمانم ،ئەمە وای لێکردم بچمەوە سەفارەت و داوای گەڕانەوە بکەم بۆکوەیت ، هەرچەند وتیان : نەڕۆیت باشەو لێرەبیت دەتوانی لەگەڵ پزیشکیەکەشدا شارەزای ئیسلام ببیت ، قایل نەبووم و گەڕامەوە کوەیت ، هەرچەند باوکیشم زۆری پێناخۆش بوو ساڵێك لەبارەی ئیسلامەوە خوێندمەوە ، ئیتر پێم باش بوو ساڵی 1963 بچم بۆ کۆلێژی رامیاری لەزانکۆی ئەمەریکی لەبەیروت و لەوێ درێژە بەخوێندن بدەم و بەو جۆرەش بوومە پسپۆڕ لەو بوارەدا ..

دکتۆر عەبدوڵا نفێسی بۆچوون و شیکاری وردی هەیە ئیتر چەند پێکابێتی یان نا ئەوە باسێکی دیکەیە ، بەڵام ئەم قسەیەی زۆر ئازایانەیە وجەرگی ئیماراتی بڕیوە کەدەڵێت:ئیمارات ئیسرائیلی عەرەبەو قەرزی داوە بە صربیا تا لەئیفلاس بوون رزگاری بکات ،

لەکاتێکدا صربیەکان بۆسنەیان کاول کردوەودەستدرێژیان کردۆتە سەرناموسی دوانزە ئافرەتی رووسووری بۆسنە ..

**نۆرەی ئێمەیە :**

دکتۆر عەبدولاّ نفیسی دەڵێت: لەزانکۆبووین مامۆستا مەودودی هات وتارمان بۆبدات ، ئەوەی پێشکەشی دەکرد پاش ناساندنی وتی: لەبەرئەوەی کاتی کەمە بۆئەوەی سوودی لێوەربگرین هەموو چاك گوێی بۆبگرین وکەمترین پرسیار بکەین، منیش دەستم بەرزکردەوەو هەرچۆنێك بوو فرسەتم دەستکەوت قسەبکەم ، پێمووت: قوربان جەنابتان چەند ساڵە قسەی خۆتان کردووە لەکتێبەکانتاندا و ، ئێمەش چەند ساڵە کتێبەکانتمان خوێندۆتەوە ، پێمباشە مۆڵەتی ئێمەش بدەن قسەبکەین و فرسەتە هەرچیمان لا دروست بووە بپرسین ، مامۆستا مەودودی ڕاکەمی بەلاوە پەسەند بوو کاتەکە هەمووی بوو بەپرسیارو وەڵاّم و سوودی زۆرمان وەرگرت. (شایانی باسە مەودودی ساڵی 1903 لە هیندستان لەدایکبووەو ساڵی 1979 کۆچی دوایی کردووە).خوا لێی خۆش بێت ..

جا بەڕاستی وایە هەموو نووسەرێك خوێنەری خۆی هەیەو لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکانیدا پرسیاریان لا دروست دەبێت ،فرسەت ببێت وەڵامیان بدرێتەوە خزمەتێکی گەورەیە ، ئنجا نووسەریش لەو پرسیارانەوە زۆر شتی لا روون دەبێتەوەو بۆداهاتووی نووسینی خۆی سوودی دەبێت ..

**شەللاتی و شەقاوە:**

دکتۆر عەبدولاّ نفێسی دەڵێت : سەرەتای پەنجاکان کەلەقوتابخانەی ڤیکتۆریا لەئەسکەندەریە دەمانخوێند ، ئەوەی چوارشانەو بەهێز بووایە گەڕی بەلاوازەکان دەکردو دەبووە شەقاوە، یەکێ لەوانە کە لەبیللی یاریزانی بەڕازیلی دەکرد شەڕی بەخزمێکی من فرۆشت و زۆری لێداو پێی وت:ئێوەی دەشتەکی چین ئەوەنەبێ پارەتان هەیە. زۆر بەوە ئیهانەبووم ، نیوەڕۆ لەداخا نانم پێنەخورا هەرچەند برسیشم بوو ، دەمویست ئەو هەقەی لێبکەمەوە ، لەگەڵ دووهاوەڵی دیکەمدا پلانمان دانا لەکاتی قەرەباڵغی سەعات دەونیودا یەکێکمان هەردوودەستی بگرێت و یەکێکیش پەلاماری قاچی بدات و بیدەن بەزەویدا منیش بەبوتڵێکی ساردی سواری سەری ببم و لوتی بشکێنم

، ئەوەبوو کاتی خۆی هات و لەراڕەوی کتێبخانەی قوتابخانە رێی بەم وبەو دەگرت ، وتم:دەکرێت بێیتە حەوشە ، بەگاڵتە پێکردنەوە وتی: پێشم کەوە فەرموو، هەرکە هاتە حەوشەکە وتم: تۆ واو وات بەخزمەکەم وتووە؟

وتی: بەڵێ ، چیم لەوکردووە لەتۆشی دەکەم، لەوەدابوو یەکێکمان هەردوودەستی گرت و ئەوی دیکەمان باوەشی کرد بەقاچیاو خستی و منیش چوومە سەرسەری و لوتیم شکاند ، خوێن فیچقەی کردو ، بردیان بۆژووری فریاکەوتنی خێراو هەواڵیان دا بەکەسوکاری و دایکی وشوفێرەکەیان هاتن بردیانەوەو دەموچاووی هەمووی پێچرابوو..

بەڕێوەبەر بانگی کردم هەرچیم وت: لایەنی ئەو شەللاتیەی دەگرت و بۆچەند هەفتەیەك فەسڵ کرام ، ئەو ماوەیە چوومە لای ئامۆزایەکم کەقوتابی زانکۆی ئەزهەربوو.

دوایی وەرگیرامەوە بەڵام گرنگ ئەوەبوو ئەو شەللاتیە بووە ماستی مەیو ..من نەمزانی کەرۆژێك دێت شەللاتی و شەقاوەکان حوکممان دەکەن و عیبادو بیلاد گیردەخۆن بەدەستیانەوە..

وێنەی کۆلێژی ڤیکتۆریا کە ئینگلیز دەیویست کاربەدەست و حوکمڕان و پیاوی خۆی لێدرووست بکات وەك زانکۆ ئەمەریکی و بیانیەکانی ئەمڕۆ لەولاّته ئیسلامیەکان..

**ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل :**

دکتۆر نفێسی بەدەنگێکی دلێر هاواردەکات و خەڵکی و دەسەلاّتداران ئاگاداردەکاتەوە لە مەترسی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل و دەڵێت:ئیسرائیل بۆچوارئامانج ئەوەدەکات،

یەکەم:تا نەوتی هەرزان ونزیکی کەنداوی دەستبکەوێت ،

دووەم:تا بتوانێت لەنزیکەوە دەستبخاتە ناو کاروباری ولاّتانی کەنداوەو فیتنەو ئاژاوە بنێتەوە،

سێیەم:چاوی لەسەر بازاڕی کەنداوە کە خەڵکەکەی بەکاربەرێکی چاکن و بەوەش بازاڕێکی باشی دەبێت بۆساغکردنەوەی کالاّکانی .
چوارەم: ئنجا هەوڵدەدات بەو پەیوەندییەی کەدەیبێت: سێ ملیۆن فەلەستینی لەبیابانی ولاّتانی کەنداودا نیشتەجێ بکەن، کەئەمەش تا ئێستا رێگرە لەرێکەوتنی ئیسرائیل و فەلەستین کەئەوانە داوای

گەڕانەوە دەکەن لەئاوارەیی و چادرگەکانیانەوە بۆ زێدی باووباپیرانیان لە فەلەستین .

ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە بەلای ئیسرائیل وئەمەریکاوە ، دکتۆر نفێسی دەڵێت :کاتێك لەمەجلیسی ئوممەی کوەیتی ئەندام بووم شاندێکی کۆنگریسی ئەمەریکی هاتن بۆئەومەبەستە گوایە کوەیت هاوکاریان بکات، منیش پێم وتن:نەك هاوکارتان نابین بەڵکو ڕێگریشی لێدەکەین ، چونکە ئەوە مەسەلەی فەلەستینی لەباردەبات.

لەدوا وتارەکانی ساڵی 2021 دا بەئاشکرا دەڵێت:ئەوەی پەیوەندی یەکجاری لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی بکاتەوە لەدین دەرچووەوخیانەتی لەئیسلام وموسڵمانان کردووە، ئەمەش دەسەڵاتدارانی ئیماراتی هەراسان کردووەو تەنانەت چەندجار هەوڵی تیرۆرکردنیان داوە ، دواهەمینیان رۆژی 14ی حەوتی 2021 لەکوەیت تەقەیان لەئوتومبیلەکەی کرد خوا رزگاری کردوسەلامەت دەرچوو.



## (5) یادەوەرییەکانی باوکی بیلال :بەشی یەکەم

یەکێ لەو مرۆڤە مەزنانەی بەقەدەری خوا بەخزمەتی گەیشتم باوکی بیلال بوو ، کە لەوێستگەکانی ژیانیەوە تێدەگەیت کەسێکی چەند بۆ خوا سوڵحاوو گەورەیە ،بەڵام سەرەتا چۆن ناسیم؟

خێزانم چەندساڵ بەر لەئێستا کەلەکۆلێژی شەریعەی بەغدا دەیخوێند ، سوپاس بۆخوا لەبەرئەوەی زۆربەی وانەکانی نمرەی تەواوی دەهێنا مامۆستاکانی ئومێدی خێریان پێی بوو کەتا دکتۆرا نەوەستێت ، پاش ئەو چەند ساڵە دکتۆرێکیان بە باوکی بیلالی وتبوومادام لەهەڵەبجەیت مامۆستا بەدریە بدۆزەرەوەو لەجیاتی من دەعوەتێکی بۆبکە..



باوکی بیلالیش کەرێکخراوی نەمارقی هەیە ولەهەڵەبجە وئەفەریقیا کاری خێرخوازی دەکات لەرێی مامۆستا عبدالدائم ەوە من و هاوسەرمی دۆزیەوەو سفرەوخوانێکیشی بۆسازکردین و هەر لەسەر نانەکە پەیوەندی کرد بەدکتۆرەکەی بەغداوەو وتی:وا سوپاس بۆخوا مامۆستا بەدریەو مێردەکەیم دۆزیەوەو لەجیاتی تۆ دەعوەتم بۆکردن . پاش گفتوگۆ وباسی خۆیو کاروچالاکیەکانی کەتەمەنی 75 ساڵێك دەبێت سەرسام بووم بەهیممەتی بەرزی..

ناوی وەلید عبدالحافز یونس ە کە باوکی خەڵکی دهۆکەو کوردەو لەموسڵ ئامادەیی تەواوکردووەو لەشاری بەغدا کاتی خۆی کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە ، لەگەڵ ئافرەتێکی هاشمی هاوسەرگیری کردووە وسێ کوڕوسێ کچی لێی بووە ، ساڵی 1968 باوکی کۆچی دوایی دەکات ، لەساڵی 1947 دا بۆماوەی شەش مانگ باوکی لەکەرکوك دەبێت ، وەلید لەقەڵای کەرکوك لەدایك دەبێت ، باوکی دەگەڕێتەوە بەغداو ئەمیش کۆلێژی سەربازی لەوێ تەواودەکات وبەپلەی مولازم دەست بەکاردەبێت لەساڵی 1963 داو23 ساڵ لەسوپادا خزمەت دەکات و بەبیانووی سەوەفانی

ئەژنۆی ساڵی 1988خۆی خانەنشین دەکات لەدوای جەنگی عێراق ئێران.





## بەشی دووەم:

ساڵی 1963 بووە مولازم و پاشان کچی پاریزەرێکی هێنا کەلەسەر ستایلی رۆژئاوا دەژیان و سەگیان رادەگرت و مینی جۆبیان لەبەر دەکرد ، دووکچی لێی بوو ، لەو ماوەیەدا ژیاننامەی ماوتسی تۆنگ و جیڤاراو لەم بابەتانەی دەخوێندەوەو دووربوو لەدین ، بەقەدەری خوا کتێبی فەتحی ئیسلامی بۆعیراق ی کەوتە بەردەست و ژیانی گۆڕی ، زەویەکی وەرگرتبوو فرۆشتی و بۆساڵی داهاتوو چوو بۆحەج، تا هاوەڵی خراپ لێی دووربکەونەوە ، زۆرهەوڵی دا لەگەڵ هاوسەریدا کە پابەندبێت بەشەرعەوەو خۆی داپۆشێت ، نەی کردو تامردیش لەم دواییەدا سفوربوو، ناچار لێی جیابۆوە .

ئەو سەردەمەش سەرەتای حەفتاکان لەمزگەوتێکی زەیونەدا 15 کەسێك نوێژی تەراویحیان دەکرد ئەویش پیرو پەککەوتەکان، مەحمود غەریب هاتە بەغداو (کەوتمان بەخەو عێراق و مزگەوتی بونییەیان پیشان داو داوای لێکرابێتە بەغدا ، هاتە بەغداو دوای مانگێك مزگەوتەکە تەواوبوو ، رابوون وبێدارییەکی باش دەستی پێکردو هەزاران لاووئافرەت روویان کردە دەرس ودەوری مزگەوت ).

ناوبراوچووە لای مەحمود غەریب و ئەویش سێ ئافرەتی چاکی قوتابی خۆی بۆدەسنیشان کرد کە یەکێکیان بووە نسیبی بانگخوازو بۆخوا سوڵحاو بوو ، سێ کچ وپێنج کوڕی لێی بوو ، کاتێك بانگی دەدا بەگوێی هەریەکێکیاندا بەرزی دەکردەوەو دوعای دەکرد خوا لەپێناوی خۆیدا شەهیدی بکات بەنسیبی و دایکیشیان ئامینی بۆدەکرد ، ئەوەبوو سیانیان لەشەڕی بەرگریکردن لەفەلوجە شەهیدبوون ودوعاکەی هاتەدی..

## بەشی سێیەم:

عەقید وەلید دەڵێت:کەلەفەلوجە بووم ساڵی 1987 هەواڵگری هاتبوونە سەرماڵەکەم وبەدوامدا دەگەڕان ، منیش خۆم ئاشکرا نەکرد تا برادەرێکی مناڵیم کە لەدەزگای هەواڵگری سەربازی بوو لەوەزارەتی بەرگری وتی: برۆ خۆت بدە بەدەستەوە لە هەواڵگری رۆژئاوا لە رومادی بەختت باشە لێبووردنێك دەرچووەو راوەدونان وگرتن وەستاوە ،منیش چووم خۆم دابەدەستەوە پاش ئەوەی حەوت سەعات لەژوورێکی تایبەتدا بەندیان کردم ،بەریان دام وداوای لێبوردنیان لێکردم گوایە ئەوان ناوەکەیان لێتێکچووە ، سوپاسی

خوام کردو گەڕامەوە ماڵەوە لەفەلوجە، دەرودراوسێ هەموو بەچاوی گومانەوە سەیریان دەکردم و لایان سەیربوو چۆن رزگارم بووەوهەموو دەترسان لەژێرچاودێریدابم.

لەم سەروبەندەدا پەنجا کەس لەسەرکردایەتی برایان گیرابوون لە27-1-1987 وهەندێکیان بەربوون وهەندێکیان مانەوە ،برایانی ئیخوان هاتنە لام و وتیان فەرمانی گرتن بۆ دکتۆر عەبدول مەجید سامەڕائی دەرچووە کەبەرپرسێکی گەورەی حیزبی ئیسلامی بوو لەبەغدا ، کەبەڵکو بیگەیەنمە موصل و لەوێوە دەربازبێت ، بەڕاستی دوودڵ بووم ،کارەکە زۆرقورس بوو ، ژیان و مردن بوو ، وێنەی دکتۆر درابوو بەهەموو خاڵەکانی پشکنین و خاڵەسنووریەکان ، منیش ئەوە حاڵی خۆم بوو لەسوپادا ، کوردبووم، بەعسی نەبووم، بیانگرتمایە لەسێدارەیان دەدام..

جا باهەڵوێستەیەك بکەم من وەك بەندەی خوا ئەندازیارعوسمان دەڵێم :زۆرئاسایی بوو کە باوکی بیلال ئەو کارەنەکات ، چونکەئەو هەرچەند دۆست وبرادەری ئیخوانی هەبوو بەڵام بێلایەن بوو، ئیسلامی خۆش دەویست و، دەیویست دەسباربێت ئەگەرسەری

خۆشی داناوە، کەئەوەش وای کردووە کەسێکی مەزن بێت لای خواو خەڵکی ، ئاسانە وشەی نا ، هەقم نیە ، بەلاًم ئەوە لەقاموسی باوکی بیلالدا نەبوو ، هاوسەریشی کە بانگخوازێکی خواناسی پلە یەك بوو هانی دا ئەوەبکات لەبەرخواو دیارە رزگارکردنی کەسێك لەمردن لای خوا وەك رزگارکردنی هەموو مرۆڤایەتیە...وێنەی دکتۆر عبدالمجید کەسەردانی دکتۆر عبدالکریم زێدانی کردووەو شایانی باسە دکتۆر عبدالمجید لە30-3 -2020 لەلەندەن کۆچی دوایی کرد..



## بەشی چوارەم:

عەقید وەلید دەڵێت :بەرگی سەربازیم پۆشی ودەمانچەکەم ودووشانەی پڕگولەم هەڵگرت و بەسەیارە بەرازیلیە سپیەکەم چووم بۆبەغدا لەوێ دووبرا بەبەرازیلیەك لەگەڵما هاتن بۆ باکوری بەغدا لەناوچەی تارمیە لەناو داروباخەکان دونیا تاریك بوو دکتۆر عبدالمجیدم هەڵگرت و وتم: خەمت نەبێت بشمکوژن تەسلیمت ناکەم ودەتگەیەنم بەئیزنی خوا ، دکتۆریش شێوازی خۆی گۆڕیبوو جامانەیەکی سووری دابوو بەسەریا ، پاش نیوەشەو بەرەوسامەڕاو دۆرەو کەرکوك وهەولێرو پاش پشوویەکی کەم گەیاندمە موسڵ ، لەموسڵ بردمە نۆرینگەی پزیشکێکی چاوی برایان ،هەرچەند من بۆخوام کردبوو زۆر سوپاسیان کردم، وتیان : بچۆرەوە بۆ یەکەی سەربازیەکەت(کەئەوکاتە لای هەولێربووم) پێویستمان پێت بوو پەیوەندیت پێوە دەکەین .ئیترئەوەبوو دەرچووبوو بۆ دەرەوەی وڵات.

لەم لاشەوە ئەندازیار فاتیمەی خێزانی بەعس سێ مانگ گرتی کەبووە مایەی هیدایەت وخێروبەرەکەت بۆبەندکراوەکان ، کەبەربوو خێزانم سەردانی دەکرد ، بڕیاربوو ئەویش دەرکەم، بەڵام دیاربوو دوای

دوومانگ برایان لەرێگای دیکەوە گەیاندبوویانە پاکستان بۆلای دکتۆر عبدالمجید..

بەشی پێنجەم:

دوای جەنگی عێراق ئێران خۆم خانەنشین کرد و لەساڵی 1996 هەندێك لەسەرکردایەتی برایان رێکخستنەکەیان ئاشکرابوو دەستگیرکران ، کە دکتۆر موحسین عبدالحمید یەکێ بوو لەوان ، ئنجا برایان لەبەغدا هاتنە ماڵمان کە کارێکیان بۆبکەم و وتیان لەتۆ زیاتر کەسی دیکە ناناسین ئەم کارە گرنگ وئەستەمانە بکات،هیچ هۆکاری پەیوەندی نیە بیکەین بەدەرەوەی عێراق .

ئەو کاتە لەکوردوستانەوەو لەزاخۆوە تەلەفونی نێودەوڵەتی هەبوو ، تەلەفونی دکتۆر عبدالمجید وهەندێ پارەوناونیشانی دیکەیان دامێ ، منیش پلانێکم دانا کەلەکوردوستان پەساپۆرتێك بکرم و پاشان بچمە تورکیاوسۆدان و لەندەن ، بۆبەیانی سەعات شەش چوومە گەراج و شەرواڵێکی کۆنم لەبەرکردبوو عەینەکم کردە چاوم وخاولیەکم کردە ملم وهەرچیم پێبوو لە شەرواڵەکەمدا لەژێر پشتێنەکەمدا

شاردبوومەوە، گەیشتمە موصل و سەردانی دکتۆر ئیدریس حاجی داوودم کرد لـەنۆرینگەکەی کەلـەبرایان بوو هەندێ ژمارەی تەلـەفونی تورکیاشم لێوەرگرت ، ئنجا لـە گەراجی باکور سواری تەکسی بووم گەیشتینە بازگەی فایدە .

کێشەکە ئەوەبوو لـەفایدە ماوەیەك ئەفسەربووم دەیانناسیم ، فەرمانی گرتنیشم هەبوو گوایە لـەگەڵ موعارەزەی عێراقیم بیانگرتمایە سێدارەکەم مسۆگەربوو ، کە گەیشتمە بازگەکە بەرێوەبەری ئاسایشی موسڵ و بەرێوەبەری دەزگای هەواڵگری باکوروئەفسەرێك لـەهەواڵگری و حیزبیەکان چاودێری پشکنینەکەیان دەکرد ، نەفەرەکان دابەزین بۆپشکنین ، گۆرەوی پێلاویشیان دەپشکنین ، ئنجا پرسیاریان دەکرد بۆچی دەچیت بۆدهۆك و ناونیشانی ئەو شوێنەیان دەویست کەبۆی دەچیت.

منیش خۆم خستە دواوەو زۆردوعام کرد کەئەی خوای فریادرەس من ئەمە لـەبەرتۆدەکەم بمگرن منیش و برایانیش لـەسێدارە دەدرێین.

سوێند بەخوا پارانەوەکەم تەواو نەکرد گوێم لـەدەنگی تەقینەوەیەکی گەورەبوو ، ئەفسەرەکە ترساو وتی: حاجی برۆ ، لای کردەوە بەلای

ئەفسەرە بەرپرسەکەیداو وپێی وت: گەورەم ئەوە فڕۆکەیەکی ئەمریکی بوو دای لەسەکۆیەکی مووشەك لەشیوەکەدا.

منیش بەپەلە تێپەڕیم وفرمێسك زایە چاوم، وتم:ئەمە یەکەم بەرەکەتی خوابوو رژاندی بەسەرما ، هی ئەوکارەی بۆئازادکردنی دکتۆر موحسین عبدالحمیدی بەڕێزو و هاوەڵەکانی ئەنجامم دا.

پاشان لە بازگەی کوردوستان سەلامەت تێپەڕیم، پەیوەندیم کرد بەدکتۆر عبدالمجیدەوە لەلەندەن و هەموویم بۆباس کرد ، ئەویش لەرێی خۆیەوە پەیوەندی بەئەربەکان و عومەربەشیری سەرۆکی سۆدانەوە کردبوو کە داوا لەسەدام بکەن ئازادیان بکات.

بۆبەیانی پەیوەندیم کردەوە دکتۆر عبدالمجید وتی: مەچۆ بۆتورکیا پشت بەخوابەردەبن ، ئەوەبووپاش چەند رۆژێك هەموو بەربوون دکتۆرموحسین نەبێت لەگەڵ چەند برایەکدا ، جارێکی دیکە بەشەوو بەبەلەم وبەقاچاخی خۆم گەیاندە قەزای سیمێل و ودهۆك وپەیوەندیم کرد بەدکتۆر عبدالمجیدەوە وئەویش جەختی کردەوە کەپاش لێکۆڵینەوەکان بەردەبن ، گەڕامەوە بەغداو پاش دوومانگ دکتۆر موحسین و براکانی دیکە کەمابوون بەربوون.

**بەشی شەشەم :**

باوکی بیلال دەڵێت:لەکاتی شالأوی هاوپەیمانان لە 16-1-1991 لەناوچەی دۆمێزی ناحیەی فایدە دەژیام ماڵەکەم لەلایەن شرەخۆرەوە تالأن کرا ، لەفەلوجە نیشتەجێ بووم و پیاوماقوڵێکی هۆزی زەوبەعم ناسی بەناوی شاکر فەزەع شتێنەر کەئەفسەری خانەنشین بوو ، پەیوەندیمان زۆرپتەو بوو سوێندمان بۆیەك خوارد کە پلانێك دابنێین بۆ رووخانی رژێم ، کارەکە پڕمەترسی بوو بۆیە لەگەڵ چەند کەسی متمانە پێکراوباسمان کرد بۆماوەی دوومانگ 25کەس قایل بوون هاوکارمان بن.

شاکر سەردانی عەمید روکنی فڕۆکەوان محمد مەزڵوم دلێمی کردبوولەساڵی 1993 دا کە پیاوێکی دڵسۆزوخواناس بوو، کە ئەویش منی دەناسی ومتمانەی پێم بوو ، ئەو زۆر دڵگەرم بوو وتی:کەی کودەتاکە دەکرێت ؟ وتیان : مانگی حەوتی 1994 ، ئەویش وتی: پشت بەخوا شەست فڕۆکەی جەنگی لەژێر دەستماندا دەبێت ، فڕۆکەوانەکانیان متمانەم پێدەکەن. لەوماوەیەدا

ئەفسەرێکیش لە موعارەزە بەڵێنی پارەیەکی باشی دابوو بۆجێبەجێکردنی کودەتاکە.

داروودەستەی سەدام پلانەکەیان پێگەیشتەوەو هاتنەسەرماڵەوەم لەفەلوجە باش بوو لەوێ نەبووم،سەیارەیەکی مالیبۆم هەبوو فرۆشتم وناردم بۆماڵ ومناڵم پێی بژین ومنیش بەقاچاغ گەیشتمە گوێر ئەفسەرێکی برادەرم کە یەکەکەی لەوناوەبوو چاوەڕێی دەکردم بە ڕەبایەکانی وتبوو تەقەم لێنەکن گوایا دەچم بۆ سەردانی قەبری کچەکەم، دووسەعات بەپێ ڕۆیشتم ناوچەکە گورگی لێبوومنیش چەکم پێنەبوو ، بە هەزارفەلاکەت گەیشتمە سنووری کوردوستان و پێشمەرگە ، بردیانمە لای پاراستن و پاش 3سەعات گفتوگۆ وتیان :حەزدەکەیت لەکوێ دانیشی ؟

وتم: کەسوکارم لەدهۆکە ، گەیاندیانمە دهۆك ، کە لەدهۆك مامەوە لیوا بابەکر زێباری داوای لێکردم ببمە فەرماندەی هێزی پاراستنی دهۆك ، نەمکرد چونکە ماڵ ومناڵم لە بەغدا بوون.

پاشان ئەفسەرێکی تەجەموعی نیشتمانی عێراقم بینی لەشەقلاوە گریانم دەهات کە ئێمە لەعێراق نان نەبوو بیخۆین و ئەوانیش لەچ نازونیعمەتێکدا بوون.

ئەو وتی: ئەگەر پرسیارت لێکرا بڵێ ئێوەسەربەمن بوون، چونکە من بووم بەڵێنی ملیۆنێك دۆلارم دابوونێ ، دەیوویست خۆی پێبەرێتە پێشەوە ،منیش وتم: من تۆناناسم ئەی کوا بۆچوارمانگە نەتنارد.

زۆرهەوڵیاندا لەگەڵ موعارەزەدا کاربکەم متمانەم پێیان نەبوو نەمکردو راویژم بەزانایان کرد پێیان باش نەبوو.

ئەوەبوو برادەرەکانم گیران و لەسێدارە دران ..منیش پاش پێنج مانگ بەسەیارەیەکی بارهەڵگرگەڕامەوە بەغداو بەناسنامەی تەزویر لەگەڵ ماڵ ومناڵمدابووم.

## بەشی حەوتەم :

عەقید وەلید دەڵێت:جەنگی عێراق ئێران هەڵگیرسابوو ، چونکەمن بەعسی نەبووم هەڵیاندام بۆکەرتی مێرگەسوور کەناودەبرا بەسێگۆشەی دوورخستنەوە لەلایەن ئەفسەرەکانەوە.

لە2ی10ی 1984 ڕێگای پردێ لەلایەن پێشمەرگەی یەکیەتیەوە بەسەرکردایەتی صابر ڕەسول گیرابوو ، 250 پێشمەرگەیەك دەبوون ، شوێنی کردەکەشیان لەناودێی دۆڵەبەکرەبوو کەژن و منالْ و پیروپەککەوتەی تیابوو ، فەرمان بەمن درا بەهێزێکی زۆرەوە ڕێگاکە بکەمەوەو دێیەکە بسووتێنم پێشمەرگەکانیش بکوژم ، کەئەمەش بەلای منەوە نەدەبوو ڕوویدات، ڕاوێژم لەگەڵ ئەفسەرەکانی بەردەستمدا کرد وپلانێکم دانا کەخوێن نەڕژێت کەسیان پشتگیریان نەکردم ، منیش وتم: بشکوژرێم شەهیدم هەردەیکەم، لەتەنیشت شوفێرەکەمەوە دانیشتم و پەڕۆیەکی سپیم دەرهێنا لەپەنجەرەکەوەو بەسایەقەکەم وت بڕوات بەرەو ناودێ کە 700 مەترێك بەجادەی خۆڵدا لێمان دووربوو ، سێ فیشەکیان نا بەسەیارەکەمانەوە نەوەستاین تانزیك بووینەوەو پێشمەرگەکان هاتن وتم :

–بۆگفتوگۆهاتووم.

لەوکاتەدا پێشمەرگەیەك ڕووی خۆی ئاشکراکرد بە ڕاکردن و بەپێکەنینەوە هات باوەشی پیاماکردو منیش باوەشم پیاکرد تومەز کەلە کەرتی کردەی بەسرە بوو لالْبوو بەزەییم پیاهاتەوەو

زۆرهاوکاریم کرد ئەویش بەوەفابوو ، ئەمە لای ئەوانی تر سەیربوو هێوری کردنەوە ، چووینە ماڵێك کاتی نیوەڕۆ بوو بانگدرا منیان خستە پێشەوەو نوێژمان کرد، دوایی قسەم لەگەڵ فەرماندەکەیان کرد وتم: من هێزێکی زۆرم لەگەڵەو فەرمانم پێیە دێیەکەو هەرچی تیایە بیسوتێنم وبەهێز ڕێگاکە بکەمەوە ئەوە بێجگە لەئەهلی دێ لەهەردوولامان کوژراوو بینداردەبێت ،منیش نامەوێ خوێن لەلوتی کەس بێت ، بۆیە تکات لێدەکەم بکشێنەوە، صابر ڕەسوڵ وتی:موقەدەم وەلید تەنها لەبەرخاتری تۆو ڕەوشتەجوانەکەت و ڕاستگۆییەکەت دەکشێمەوە ، منیش تەلەفونی خۆم دایە وتم: هەرکارێکت بوو بەناوی خوازراوەوە پەیوەندیم پێوەبکە.

بەوجۆرە هەردوولام پاراست لەبەرخواوکەگەڕاینەوە سەربازگە ئەفسەری هەواڵگری لای سەیربوو بەبێ شەڕوهیچ زیانێك ڕێگەکەم کردەوە ، بەڵام کەس سوپاسی نەکردم ،من بۆخۆم چوومە سوژدەوەو زۆر سوپاسی خوام کرد کە هەردوولام پاراست..

## بەشی هەشتەم:

ساڵی 1973 کەجەنگی تشرین هەڵگیرسا لەوشکانی ودەریایی و ئاسمانیەوە لەبەرەی سوریاو زایۆنیەوە من لەوکاتەدا فەرماندەی سریەی مغاویر بووم بەپلەی مولازیمی یەکەم، کاری سریەکەم بریتی بوو لەگرتنی تەپۆڵکەی مال لەناوچەی سەنەمین کەیەکێك بوو لەبەرە جەنگیەکانی نزیك جۆلان.

بەچاوی خۆم بینیم زیاتر لەسی فڕۆکەی زایۆنی کەوتنە خوارەوە بە چەکی سامی رووسی کەچەکێکی تازەبوو ، شوێن فڕۆکەکەدەکەوت تادەیخستەخوارەوە، فڕۆکەوانەکانیش کە بە پەڕەشووت خۆیان هەڵدەدایە خوارەوە کەدەیانگرتن دەلەرزین وکەدەیانپشکنین تەورات لەگیرفانیانا بوو .

لەکاتی موشەك باراندا دەکەسمان شەهیدبوون بردمن بۆکەرتەکانی دواوە ، کاتێك رۆیشتم بۆلای فەرماندەی هێزەکانی موغاویر کەپلەکەی نەقیب بوو بینیم لە چادرەکەیدا دەخواتەوە .

ئەم جەنگە چەند مانگێکی خایاندو وەستاو مۆڵەت دەدرا بەئەفسەرو سەربازەکان ، ئەوانەی ئێمە زۆربەیان لەبازاڕی ئازاد ویسکیان دەکڕی کە نرخی یەك قتوو لەوێ دینارێك ولەعێراق دینارونیوێك بوو، ئنجا یان بۆئەوەی بیفرۆشن وشتێك قازانج بکەن یان بەدیاری بیدەنە دۆستانیان یان خۆیانی پێمەست بکەن وئاهەنگ بگێڕن کەنەمردوون ورزگاریان بووە .

دوژمنان لەوە تێگەیشتوون کە تەنها لەوکاتەدا دەتوانن سەرکەون بەسەرماندا کە دووربین لەئایینەکەمان وبەداخەوە کاربەدەستانی خۆشمان ئاسانکاری بۆ بێ دینی دەکەن، تارۆژی ئوممەتی ئیسلامی گەیشت بەم رۆژە ..وێنەی باوکی بیلال لەمەلاوی لەئەفەریقیا.



## بەشی نۆیەم:

ساڵی 1991 دوای ڕاپەڕین کەبەملیۆنەها کەس ئاوارەی تورکیابوون ، ڕۆژێك لەزاخۆوە دەهاتم بەرەو دهۆك پێش سیمێل ماڵەکان هەمووی چۆڵ بوون و بینیم کە عەسکەری بەریتانی دەچنە ناو مزگەوتێك ودێنە دەرەوەو کردوویانە بەمۆڵگەی سەربازی ، بە برادەرەکەم وت: دەڵێی چی بابچین داوایان لێبکەین چۆڵی بکەن ، چی دەبێت بابێت؟ ئەویش وتی:منیش دێم لەگەڵتا وسوێند بەخوا ئامادەم گیانی خۆم بکەمە فیدای خوا.

لەدەم دەرگاکە رایان گرتین و چاوەڕێ بووم تەقەمان لێبکەن یان بەندمان بکەن، بە پاسەوانەکەم وت:من عەقیدم لەسوپای عێراقیداو ئێوە لەماڵێکی خوادان کەنەهی سەدامەو نەهی کوردەو لای موسڵمانان پیرۆزە داوادەکەم لەسێ ڕۆژدا چۆڵی بکەن، ڕێیان داین چووینە ژوورەوە دوورکات نوێژی تەحیەتول مەسجیدمان کرد ، هەمووسەیریان دەکردین ،نزیکەی پەنجا سەربازێك لەناومزگەوتەکەدا دانیشتبوون ئامرەکەیان شتی بۆ شەرح دەکردن ، دوای نوێژەکە بەرپرسێك و وەرگێڕێکی میسری هاتن ، من چەند تووڕەبووم ئەوان

کەعادەتی بەریتانی لەسەرخۆ وەلامیان دەدامەوە،بە وەرگێڕەکەم وت:
تۆلای خۆت موسڵمانی کوا غیرەتت بەرامبەر ئاینەکەت؟

چۆن بۆت ڕوون نەکردوونەتەوە نابێ لەم شوێنە دابەزن و خاچ هەڵواسن و پیسی بکەن؟ فەرماندەکەیان وتی: چاوەڕێ بکە تا پەیوەندی دەکەم بەسەروخۆمەوە چونکە ئەوان لەرێی مانگە دەستکردەکانەوە ئەم شوێنەیان بۆئێمە دیاری کردووە و نەمانزانیوە مزگەوتە.

پاش نیو کاتژمێر سوپاس بۆخوا فەرمانیان بۆهات کەمزگەوت وکەنیسەو شوێنەپیرۆزەکان لەپانزە رۆژدا چۆڵ بکەن، من و برادەرەکەم دڵخۆش بووین وباوەشمان کرد بەیەکدا کەهەوڵەکەمان بۆپاراستنی مزگەوتەکە بەرهەمی بوو..

**بەشی دەیەم :**

باوکی بیلال دەڵێت:لەجەنگی عێراق ئێراندا بەسەدان هەزارکەس لەهەردولا بەناهەق کوژران وهەردوو ولات کاول بوون ، ساڵی1983 لەکەرتی کردەسەربازییەکانی بەسرە بووم بەپلەی

موقەدەم، دانرام بەسەرۆکی مەجلیسێکی تەحقیقی لەلایەن سەرکردایەتی فیرقەی زرێپۆشی سێیەم ودووکەسیشم لەگەڵدا دانران کەپلەیان رائیدبوو، ئەنجامی لیژنەکە گرنگ بوو لە سێ ڕۆژدا دەیانوویست ، نەقیبێکی بەرەگەز سووری پێی ڕاگەیاندم لە هەواڵگری فیرقە کە ئەم ئەنجوومەنە شتێکی ڕۆتینەو بڕیارمانداوە کارمەندە ناپاکەکانی دەبابەکان و فەرماندەکەیان لەسێدارەبدرێن (کە 25 سەربازو ئەفسەرێك بوون)..

ئەمەش لەبەرئەوەی کە فەرمانی کشانەوەی کەتیبەی دەبابەکان دراوە ڕێگاکە بەهۆی ئاوو گڵەوە یەك دەبابەی پیارۆیشتووەو ئەوەش پەکی کەوتووەوئێران فرسەتی هێنابوو هەموو دەبابەکانی سووتاندبوو، بڕیاردان قورس بوو چونکە ئەگەری ئەوەهەبوو منیشی پێوە لەسێدارە بدەن، وتم:سوێند بەخوا بڕیارێك دەدەم خوا پێی رازی بێت وچی دەبێت بابێت .

لێکۆڵینەوەی تەواومان کردو دەرکەوت دەبابەکەی بووبووەرێگر لەکارکەوتووەونەیتوانیوە دەربازبێت ، بڕیاری لیژنەکەمان نووسی کەبێتاوانن ،کەسیان نەیانوێرا ئیمزای لەسەربکەن، چوومە لای سەرکردایەتی فیرقەو ئەفسەرە روکنەکانی وخواو قەبرو قیامەتم بیرخستنەوەو وتم:من لەدونیاوقیامەتدا بەرپرسیارم لەم بڕیارە.

ئەوەبوو خواکردی دڵیان نەرم بوو قایل بوون، کەهەواڵەکەم گەیاندە 25 سەربازو ئامرەکەیان کەوتنە ماچ کردنم و وتیان :تۆئێمەت لەمردنی لەسەداسەد رزگارکرد..

بەشی یانزەیەم :

عەقید وەلید دەڵێت: کاتێك ئەفسەری حەرەکات بووم لەهەولێر لەساڵی 1985 فەرمانێك دەرچوو لەسەرکردایەتی فەیلەقی یەکەوە بۆپاراستنی رێگا سەرەکیەکانی هەولێر لەوەی کە پێشمەرگە کەبەزمانی ئەوان تێکدەربوون دزەنەکەنە ناوشارەوە ، بۆئەمەش سریەیەکی مغاویر ودووکۆپتەری ئێم ئی هەشت و دووکۆپتەری سەمتی ئالوت یان خستە ژێردەستمەوە ، بەیانیان هەشت بۆدوانزەو عەسران لەسەعات سێوە بۆ پێنج چاودێری جادەکانمان دەکرد لەئاسمانەوە، رۆژانە پیش ئەوەی بچمە کۆپتەرەکەوە دوورکات نوێژم دەکرد نەبمە مایەی کوشتنی کەس ، ئەو ئەفسەرانەی لەگەڵمابوون خواخوایان بوو کەسێك ببینن و تەقەی لێبکەن.

لەجارێکی فرینماندا چوارکۆپتەربووین ئەفسەرێکی نەقیب وتی: بائەو گوندەی نزیك هەولێر کاول بکەین ، وتم: بۆچی ؟وتی: وا دوومانگە

هیچ کردەیەکمان ئەنجام نەداوە ، بەڵکو بەوە نەوتی شوجاعەیەك وەربگرین ، زۆرلێی توورەبووم.

سوپاسی خوام کرد کەدوای دوومانگ دووریان خستمەوە بۆکەرتی مێرگەسوور ، دوای چەندرۆژێك هەواڵم بیست دوولەو سەمتیانە داویانە بەیەکدا ئەو ئەفسەرە نەقیبەش تیاچووەو هەرزوو خوا تۆڵەی لێسەند..

بەڕاستی بۆمن زۆرقورس بوو لەسوپادا ئەفسەربم و کوردبم و سوننی بم و نوێژخوێن بم ونەشبمە بەعسی ،زۆرهەوڵیان لەگەڵمدا ببمە بەعسی سوودی نەبوو ، بۆیە لەزەوی دابەشکردندا بەشی منیان نەدا ، لەو دیاریانەی بەهۆی چالاکیەکانمەوە بۆم دادەنرا نەیان دەدامێ وەك سەعاتی ئاڵتون و دەمانچەی ئاڵتون و شتی دیکە ، بەتایبەت من یەکەم کەسم کەجەربەزەبووم، سەعات ونیوێك بە گوریسێك بەهەلیکۆپتەردا خۆم هەڵدەواسی و لەئاسماندا لەکاتی بۆنەکاندا دەمامەوە ..من هەرچەند ناهەقیشیان لێکردبم ویژدانم ئاسوودەیەو چاوەڕێی پاداشتم لای خوا..

**بەشی دوانزەیەم :**

عەقید وەلید دەڵێت:لەکۆتایی هەشتاکاندا کەخۆم خانەنشین کرد خانووم نەبوو ، برادەرێکم لەرومادیەوە بردمی بۆدیالە بۆ بینینی خزمێکی کەپلەداربوو لەبەعسداو تکای لێکرد پارچە زەویەکم بدەنێ ئەویش تەلەفونی بۆپارێزگاری دهۆك و بەرپرسێکی تری بەعسی دهۆك کرد کەئەو کارەم بۆبکەن ، رازی بوون سێ دۆنم زەویم بدەنێ لەنێوان دهۆك بۆسیمێل کە دەدرا بەئەفسەرەکان ، زۆردڵم خۆش بوو ، بەهەقی خۆم دەزانی کەمن هیچ سوودمەند نەبووبووم لەدەوڵەت، بەتایبەت کە پێشینەیەکی باشیشیان دەدا بۆبیری ئیرتیوازی ، چووم بەرەو دهۆك و نامەم پێبوو بۆبەرپرسان ،دڵم زۆر خۆش بوو چوومە لای مامۆستا رەشید تاها سگیری و بۆم باسکرد، توورەبوو ،وتی: ئەوە زەوی زاری خەڵکەو حەرامە چۆن وەری دەگریت ، راستە ئێستا ئەوانە لەجێ وڕێی خۆیان ئاوارەبوون ، بەڵام رۆژێك دەبێت بێنەوەو تاپۆی رەشیان هەیە ، منیش نامەکانم پارچەپارچەکردو وتم:مادام حەرام بێ وەری ناگرم ،مامۆستا هەستاو ماچی کردم.

هەرواش دەرچوو دوای راپەڕین خاوەن زەویەکان هاتنەوە داوای زەویەکانیان دەکردەوەو تاپۆشیان پێبوو.بەوجۆرە خوا پاراستمی لەماڵی حەرام.مامۆستا ئەوەی وەبیرهێنامەوە منیش ئەوم ماچکرد. وێنەی مامۆستا شێخ رەشید تاها سگیری..



**بەشی سیانزەیەم :**

ساڵی 1998 سەدام ویستی ئەفسەرە خانەنشینەکان لەژێرچاودێری خۆیدابن ، نەك سەربکەن بەیەکداو کۆمەڵەیەك پێکبهێنن وببنە مەترسی بۆسەر رژێم کە ئەوکاتە باری ئابوری خراپ بوو ، ئابلۆقە لەسەرعێراق بوو ، حکومەت لاوازبوو، بۆئەمە داوای لەئەفسەرە خانەنشینەکان کرد بگەڕێنەوە ناوسوپاو مەشق بە سوپای میللی

بکەن، لەسەدا نەوەدیان گەڕانەوە لەترسا بێت یان لەبەرتەماحی دونیایی ، ئەوەبوو هەموان زەوی نایابیان وەرگرت لەشوێنی نیشتەجیٚ بوونیان ، لەبەرخوا نەفسم نەیهێنا بچمەوە ژێربالّی ئەو ستەمکارانە تامنیش سوودمەندبم لەکاتێکدا کەزۆر پێویسستم بوو.چونکە دلّنیام کەلەقیامەتدا رادەگیرێین و لێپرسینەوە هەیە ( فَوَرَبِّكَ لَنَسْأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ، عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ (93)الحجر ).

من دەلّێم: قورئانی پیرۆز ئەوەندە چیرۆکی بۆباسکردوین کەیەك لەسەر سێی هەموو قورئانە، ئەمەش بۆئەوەی وامان لێبکات پەندوەربگرین (هُوَ الَّذِي أَخْرَجَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِنْ دِيَارِهِمْ لِأَوَّلِ الْحَشْرِ مَا ظَنَنْتُمْ أَنْ يَخْرُجُوا وَظَنُّوا أَنَّهُمْ مَانِعَتُهُمْ حُصُونُهُمْ مِنَ اللَّهِ فَأَتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُمْ بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ (2)الحشر ).واتە: خودا ئەو زاتیە، کافرانی ئەهلی کتێبی (بەنی نەزیری)لە زێد و ولاّتانی خۆیان لە یەکەمین کۆبوونەوە (و لەشکر کێشی موسلّمانان و شەڕ کردن لەگەلّیان لە دەوروبەری مەدینەی) وەدەر نا (و خستنیٚ خەیبەریٚ). ئێوە گومانتان نەدەبرد ئەوان وەدەرکەون، وە ئەوانیش وایان گومان دەبرد قەلاّکانیان لەخوا دەیانپارێزیٚ (و لە عەزابی خودایان ڕەها ورزگار دەکا). جا خودا لە شوێنێکەوە بۆ لایان چوو

که بیریان لیێ نەکردەوە (لە ئەو شوێنەوە هێرشیان بۆ بهێندریێ). وە ترسی خستە دڵیانەوە. بەجۆرێك بە دەستانی خۆیان و بە دەستانی موسڵمانان ماڵەکانی خۆیان دەڕووخاند و وێرانیان دەکرد. جا ئەی چاوداران (جوان تەماشاکەن و دەسەڵات و قودرەتی خودا و حەقیەقەتی کاران وجێگای پەند و عیبرەت وەرگرتن ببینن، وە ئەی خاوەن ئاوەزان) دەرسی عیبرەت وەرگرن.

جائەوانەی کەمێژوو ناخوێننەوە و نازانن لەکۆن وتازەدا چی رووی داوەولەسەری ناوەستن و پەندی لێوەرناگرن هەتامردن هەرمناڵن و گەورەنابن.

بەشی چواردەیەم :

عەقید وەلید پاش خانەنشین بوون لەسەر داوای هەندێ دڵسۆز لەرێی رێکخراوی نەماریقەوە خزمەت بە مناڵی بێباوك ونەداران دەکات و مزگەوت وبنکەی فێرکردنی قورئان دروست دەکات لەعێراق و مالاوی وتۆگۆ.

لەهەڵەبجە خزمەتی بەبێباوکان کردووەو بنکەیەکی قورئانی گەورەی بنیات ناوە ، لەم دواییەش دا چوو بۆ مەلاوی لەبەر پێویستی زۆری خەڵکی ناوچەکە ، بەتایبەت کەئەوەی دکتۆر عەبدورەحمان سمێت

بەچەند سالّ كردویەتی مژدەدەرەكان لـەهەولّی هەلّوەشاندنەوەیدان، بەمەرجی بوونە مەسیحی نان دەدەن بەهەژاران وهاوكاریان دەكەن.

لـە سەدو دەرۆژدا رێكخراوی نەماریق سەدبیری ئاوی بۆلـێدان و سی مزگەوتی دروست كردو چەندبنكەی قورئانی بنیات نا.




كە عەقید وەلید چووە فڕۆكەخانە ولـەهۆلّی چاوەڕوانی بوو چوارسەدكەس چاوەڕێی فڕۆكەیان دەكردبۆمەلاوی، لـەوسەری هۆلّەكەوە یەكێك بەدوای جێگادا دەگەڕا ، ئەمیش بانگی كرد چونكە یەك جێگا بەرامبەری چۆلّ بوو ، كابرا كەدانیشت وتی: السلام علیكم ، ئەمیش وەلاّمی دایەوەو وتی: جەنابت موسلّمانی ؟

وتی: بەڵێ بەرپرسی کۆمەڵەی موسڵمانانی مالاویم ، ئەم پیاوە لەپلەی وەزیردایە خوا هێنایە بەردەمی عەقید وەلید تا لەرێی ئەوەوە کارەخێرەکانی بکات ، ئەگەر لەوێ نەیبینیایە ئەوە لەمالاوی بەدوومانگیش بەردەستی نەدەکەوت، خوا ئاوا کارئاسانی بۆ کردو هەر لەفڕۆکەخانەوە هێنایە بەردەستی.

## بەشی پانزەیەم :

پێش چەند ساڵێك باوکی بیلال کە بەڕێوەبەری رێکخراوی نەمارقە دەیەوێت لەهەڵەبجەی شەهید خزمەتێك بکات ، برادەرێك دەناسێ ئەویش ژمارەی برادەرێکی دیکەی دەداتێ لەهەڵەبجە، کاتێ دێتە هەڵەبجە چی پەیوەندیان پێوەدەکات وەڵامیان نیە ، ئەمیش کەس ناناسێت ، بۆیە دەچێتەمزگەوتی شێخ عیزەدین ، دوای ئێوارە مامۆستا عبدالدائم ویردەکانی دەخوێنێ و ئەم پیاوە غەریبەدەبینێت ، خولکی دەکات و دەیباتەوە ماڵەوە چی تکاورجای لێدەکات نان بخوات دەڵێت لای ئەو برادەرەم میوانم ونان ناخۆم ، بەهەرحاڵ سەعات دەی شەو برادەرەکانی تەلەفون دەکەن و داوای لێبووردن دەکەن و کەهەردوکیان لەدەرەوەی هەڵەبجەبوون و سەیارەیان پەکی کەوتووەو

شەحنیشیان پێنەماوە ..دوای سەعات دە برادەرەکەی دێت بەشوێنیاو لەخزمەتیادەبێت..

ئەمە قەدەرێکی خێربوو خوای گەورە رێی خست لەمامۆستا عبدالدائم کە ببێتە هاوکاری و عەقید وەلید لای من زۆر وەسفی مامۆستا عبدالدائمی کرد.خوا هەموولایەك سەلامەت بکات.. (سەرچاوە :نهێنیەکان بۆمێژوو ئاشکرا دەکرێن نووسینی عەقید ولید عبدالحافظ یونس –چاپی یەکەم 2010)..



## 6-یادەوەری دکتۆرە مونا حەداد یەکن:

**بەشی یەکەم:**ناوبراو ساڵی 1943 لەتەرابلوس لەلوبنان لەدایك بووە ، باوکی پیاوێکی هوشیاروچالاك بووەو موختاری ناوچەکەبووەو دایکیشی دەوڵەمەندبووەوسەرەوکاری موڵکەکانی خۆی کردووە.

ئەم دوای چواربرا لەدایکبووەوزۆرگرنگیان پێداوە تەنانەت دوایی کەگەورەش دەبێت براگەورەکەی ئەوەندە ریزی لێدەگرێت دەستی ماچ دەکات.

لەسانەوی لەبەشی زانستی دەبێت دکتۆری بانگخواز فەتحی یەکن دەیخوازێت کەئەم تەمەنی 17 ساڵ بووەو دکتۆریش 27 ساڵ .

دواتر درێژە بەخوێندنی دەدات و بەقەدەری خوا تاقیکردنەوەی بەشی زانستی دەدات و لەسوریا سانەوی تەواودەکات و ئنجا لەزانکۆی بەیروت بەشی عەرەبی و لەزاکۆی سۆربۆنی فەڕەنسیش ماستەرو دکتۆرا لەفەلسەفەی ئیسلامیدا بەدەست دەهێنێت.

لەقوتابخانەدا ئەوسا وەك ئێستا گرنگی بەوانەی ئایین نەدەدەرا ،ئەم و چەند قوتابیەکی دیکە دەهاتنە ریزی پێشەوە تاماموستاکە چی دەڵێت سوودی لێببینن وبینووسن.

رۆژنامەو گۆڤاری ئیسلامی لەپانزەساڵیەوە دەخوێندەوە بەتایبەت گۆڤاری (المجتمع) کەکۆمەڵەی عبادالرحمان دەریان دەکرد، ئنجا ئەم بابەتی بۆدەناردن بەناوی خوازراوەوە کەبۆئەوکاتە شتی واکەم بوو ئافرەت بابەت بلاۆبکاتەوە ، پاشان کە دەپرسن ودەزانن ئەمە شت بلاۆدەکاتەوە داوای لێدەکەن لەگەڵ کۆمەڵەکەدا کاربکات لەبەشی ئافرەتان بەوەش دەرس ودەوردادەنێن ساڵی 1958.

دکتۆرە مونا دەڵێت: لەژیانمدا زۆر گرنگیم بەکات داوە چونکە لەقیامەتدا خوا پرسیاری تەمەن وگەنجیم لێدەکات تاوەلاۆمم پێبێت، بۆیە دەست بەتاڵی وفەراغ لەژیانمدا نەبووەو دروشمێکیشم هەبووە لەژیانمدا (من سخر نفسه لله سخر الله له الدنيا ) هەرچی خۆی بۆخوا یەکلایی بکاتەوە،خوا دونیای بۆرام دەکات..



## بەشی دووەم

دکتۆرە مونا دەڵێت:ئەگەر کارنەکەم وهەوڵنەدەم خۆم بە هیچ دەزانم، لەپەروەردەی دایك وباوکم وهاوکاری براکانمەوەو پشتگیری هاوسەرمەوە متمانەی زۆرم بەتواناکانی خۆم بووە ، ئنجا من دڵنیام ئافرەت توانای زۆری هەیەو ئیسلامیش دەیەوێت ئەو توانایانەی بخاتەکار.ئەوەش کەئافرەت لەئیسلامدا لەرێزو بەرزی وگەورەیی و ماف دەستی دەکەوێت لەهیچ شوێنێکی دیکە دەستی ناکەوێت، ئەوەندە بەسە کە بەهەشت لەژێرپێی دایکاندایە وهەرچیشم کردووە بۆخوا کردوومە.

دکتۆرە لە سەرەتای شەستەکانەوە لەبواری پەروەدەدا کاری کرد وچەند ساڵێك مامۆستا بوو پاشان لە باخچەوە دایمەزراند هەتا زانکۆی جینان ، کەبەهەزارەها قوتابی پێگەیاندووە ، ساڵێکیان بایی یەك ملیۆن دۆلار مینحەی خوێندنی دا بەقوتابیانی سانەوی لەزانکۆی جینان دا کەبێ بەرامبەر بخوێنن.

لەرێی خوێندنگاکانیەوە هەزارانیان رۆشنبیرکردو ژیانیان بەرەوباشە گۆڕین لەشارو لەلادێکاندا وکاری لەسەر ئەوەکردووە کەئافرەتان بەهاوگەورەیی خۆیان بزانن .

بۆخۆی دەڵێت:زیاتر لەدووسەدو پەنجا خێزان لەدەزگاکانی ئێمە سوودمەنددەبن و بواری کاریان بۆرەخساوە.

دکتۆرە مونا چەند رێکخراوی ژنانی دروست کردووەو لە هەندێکیشدا ئەندام بووە ، وەك یەکێتی جیهانی ئافرەتان ، کە کۆنفرانسی ساڵی دووهەزاریان لە بەیروت بەست ، بە ناوی (ئافرەت و روانین بۆ داهاتوو) ئەمیان هەڵبژارد وەك ئافرەتی نموونەیی ساڵ.

دکتۆرە لەگەڵ ئەوەداکە پێنج منداڵی بەخێوکردووەو کابانێکی باشی ماڵ بووە حەوت پەڕاوی نووسیوەو چاپ کراون و سەرەو کاری دەزگا پەروەردەیەکانی خۆی کردووەو ئاو وەستا بێت ئەم نەوەستاوە.

## مرۆڤە مەزنەکان :بەشی سێیەم:

دکتۆرە مونا دەڵێت: ناخۆشترین رۆژی ژیانم ئەوەبوو کە هاوسەرمیان رفاند، وەخۆشترین کاتیشم ئەوەبوو کەدوای حەڤدە رۆژ ئازادکراو هاتەوە ناومان ، من زۆر سودمەندبووم لەکتێبەکانی (محمد رەشید رەزاوعەلی تەنتاوی و کتێبەکانی هاوسەرم کەپێش چاپ کردنیان پیادەچوومەوە) .وەقورئانیش لە سەروو هەموو کتێبەکانەوە لێی سوودمەندبووم ودڵ ودەروونمی ئاوداوە.

ئێمە بەرەکەت و هاوکاری و تەوفیقی خوامان بینیوە لەکارەکانماندا ، هەرچەند ئاستەنگی زۆریش دەهاتنە رێمان.

هاوسەرم ساڵی 1933 لەتەرابلوس لەدایکبووە، دبلۆمی هەیە لەئەندازیاری کارەباداو دکتۆرای فەخریشی هەیە لەدیراساتی ئیسلامی و زمانی عەرەبیداو یەکێکە لەدامەزرێنەرانی جەماعەی ئیسلامی لەلوبنان وتا ساڵی 1992 ئەمینداربووە.دواتر لەبەرکاری پەرلەمانی دەستی لەئەمینداری کێشایەوە تاساڵی 1996 وتا ساڵی 2009 کەکۆچی دوایی کرد 35 پەڕاوی نووسیوە.

بەڵێ ...فەرمانی خوایەکە دەبێت هەموو تامی مردن بچێژین ئەم دونیا کورتە کەمە کەوێستگەیەکە بەرەو ئاخیرەت بەجێی بهێڵین ، دکتۆرە موناش دوای حەفتا ساڵێك تەمەن بنەوبارگەی پێچایەوە بەرەو لای خواو ساڵی 2013 کۆچی دوایی کرد.




## دوا وتە

### فوئاد هەجرەسیش نموونەیەکی جوانی خواناسی بوو:

خۆشەویستمان دەفەرموێت : ئیسلام بەغەریبی دەستی پێکردو غەریب دەبێتەوە ،خۆشبەختی بۆغەریبەکان..

لەهەمووسەردەمێکدا موسڵمانانی راستەقینە نموونەی جوان پێشکەش دەکەن ، تالەو زەمەنی غوربەتەشدا ببنە سەرمەشق و پیشانی بدەن کە دەکرێت پابەندبین بەفەرمانەکانی خواوەوهەوڵی بۆبدەین.

یەکێ لەوانە فوئاد هەجرەسیە کەساڵی 1930 لەمیسر لەدایکبووەو ساڵی 1950 سانەوی ئەزهەر تەواودەکات و دەبێتە مامۆستا تاساڵی 1965 کەلەوساڵەدا بەندکرا لەگەڵ برایاندا.دواتر تاساڵی 1985 لەوانەوتنەوە لەدواناوەندیدا بەردەوام دەبێت و ئنجا خانەنشینی دەکەن.

ناوبراو دەڵێت: خوا خزمێکی خۆمی کردبەنسیبم کچێکم لێی بوو کە کۆلیژی پەروەردەی تەواوکردووەو ئێستا پێنج منالی هەیە ، ساڵی 1965 کەگیرام خێزانم زۆرچالاك بوو لەگەیاندنی نامە

بۆماڵی براگیراوەکان و بەداخەوە ساڵی1971 کۆچی دوایی کردو خوا هاوسەرێکی چاکی دیکەی کرد بەنسیبم.

لەپانزەساڵیەوە کەلەسانەوی ئەزهەربووم چوومە ریزی برایانەوەوپاش ئەوەش کەساڵی1971 ئازادبووم لەگەڵ هەندێ برای دیکەدا هەوڵمان دا رێکخستنی برایان زیندووبکەینەوە ..

بەڵێ ئەم برایە تاساڵی 2017 کەکۆچی دوایی کرد بەوەفابوو بۆ بانگەوازەکەی وبەرزونزمی ژیان و ئاستەنگەکانی نەیانتوانی ساردی بکەنەوە ، ئاخر هەربەدەم خۆشە حەفتاودووساڵ تێبکۆشیت و کۆڵنەدەیت ، لەکاتێکدا ئەوەی بەسەر برایانی میسرداهاتووە زەحمەتە هاوشێوەی هەبێت لەدونیادا .



لەبانقی ئەهلی مەنصورەدا سی هەزار جونەیهی دەبێت ، دەچێت پێنج هەزار رادەکێشێت ، تومەز حیجز خراوەتە سەر پارەکانی ونەیزانیوە چونکە ئەندامی شورای برایان بوو ، فەرمانبەرەکەش نەیزانیبوو ، کاتێك کە دەزانێ حیجزی لەسەرەو ئەو بڕەپارەیە لەوفەرمانبەرە داماوە دەسێننەوە ، پارەکە دەباتەوە بۆ بانق تا بەفەرمانبەرەکەی نەبژێرن ، کەبەوەش نموونەیەکی بەرزی جوانی ئیسلامەتی پێشکەش کرد، جابەڕاستی ئەم رەوشتە بەرزەیانە وای کردووە لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتیەی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی میسردا بتوانن پەیامی خوا بلاّوبکەنەوەو نزیکەی دەملیۆن ئەندام ولایەنگریان بۆدروست ببێت.

ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی سعودیەو وڵاتانی دیکەش گروپ و کۆمەڵیان دروست کردووە سەری زمان و بنی زمانیان قسە وتنە بەبرایان ، لەکاتێکدا گومانی باش وسەتری موسڵمانان واجیبە ، ئنجا ئەوە عەرزو ئەوەگەز،ئەوە یادەوەری و هەوڵ وکۆششی ئەوان و ئەوەش غەیری ئەوان ، هەروەك خوابیەوێ راستیەکان دەربخات ، ئەوەتا لەم ماوەیەدا بانگخوازێکی وەك شێخ محمد حەسان و محمد حسێن یەعقوب وهاوشێوەکانیان لەدادگادا بانگ کراون بۆشایەتی ، بینیمان چەند لاوازن بەرامبەرستەمکاران ، نەك هەرئەوەندە بەڵکو بەگشتی ئەوان و هاوشێوەکانیان ملکەچی وەلی ئەمرن هەرچۆنێك بن

**ودەستیان گرتووە بەکڵاوی خۆیانەوە بانەیبات ، لەکاتێکدا محمد بەڵتاجی وسەفوەت حیجازی وبراکانی دیکەش رووبەڕووی مەرگ و سێدارە دەبنەوە سەرو ماڵیان کردووە بەقوربانی دینی خواو لەرووی ستەمکاراندا وەستاونەتەوە ، بەوەش بەئیزنی خوا دەبنە گەورەی شەهیدان**( أَحَبُّ الجهادِ إلى اللهِ كلمةُ الحقِّ تُقالُ لإمامٍ جائرٍ)صحيح الجامع _الألباني (سيِّدُ الشُّهداءِ : حمزةُ ، ورجلٌ قامَ إلى إمامٍ جائر فأمرَهُ ونهاهُ ، فقتلَهُ. )..

**بەداخەوە هۆکارەکانی راگەیاندن لەهەموولایەکەوە بەرنامەیان هەیە بۆدژایەتی برایان ، لەم رۆژانەدا رادیۆی سەیارەکەم لەسەر ئیستگەی سەوا بوو کەلەئەمەریکاوە هاوکاری دەکرێت ، بەرنامەیەکیان هەبوو بەحساب شرۆڤەی سیاسی دەکات، هەرچی خراپ بوو کردی بەئیخوان و هەرچی تیرۆری دونیایە کردی بەخەتای ئەوان ، لەکاتێکدا ئەگەر تیرۆریست بوونایە بەدەملیۆن کەسەوە دەیانتوانی میسر هەڵبگێڕنەوە ، کەئەوەش ئاواتی دوژمنانیانەو دەیانەوێت کێشیان بکەنە مەیدانی رووبەڕووبوونەوەی چەکداریەوە ، کەئەمانیش نایانەوێ بەناهەق دڵۆپێك خوێن بڕژێت ..**

## ناوەرۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 5 | پێشەکی |
| 6 | یادەوەرییەکانی د. فازیل سولـەیمان |
| 220 | یادەوەرییەکانی د.موحسین عبدالحمید |
| 244 | یادەوەرییەکانی د. عبدالحمید القضاة |
| 304 | یادەوەریەکانی د.عەبدولاّ نفیّسی |
| 315 | یادەوەرییەکانی عەقید وەلـید |
| 345 | یادەوەرییەکانی دکتۆرە مونا حەداد یەکن |
| 350 | دواوتە |
| 354 | ناوەرۆك |